# عێراقی مۆزایک و ناهۆمۆجین

پانۆرامای مێژووی سیاسیی نوێی عێراق

٢٠٠٣ -٢٠١٠

# عێراقی مۆزایک و ناهۆمۆجین

پانۆرامای مێژووی سیاسیی نوێی عێراق

٢٠٠٣– ٢٠١٠

ئەنوەر حسێن "بازگر"

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

ئەنوەر حسێن "بازگر"
عێراقی مۆزایک و ناهۆمۆجین
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٢١٢
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٢٤١٤ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل

## پێشەکی

ئەم کتێبە لە سێ فەسڵی سەرەکی پێکهاتووە. مێژووی سیاسیی ساڵانی رابردووی عێراق دەگێڕێتەوە. کە تێیدا سەرەڕای چەندین بەڵگە و سەرچاوەی گرینگ خوێندنەوەی رووداوە سیاسییەکانی عێراق لەکات و ساتی خۆیدا. کە زۆربەیان لەکات و شوێنی خۆیدا بڵاو کراونەتەوە.

بەڵام ئەوی گرینگە، ئەم کتێبە قسەکردنە لەسەر عێراقێکی ناهۆمۆجین کە لە ماوەی نەوەد ساڵی رابردوودا هەمیشە دۆخێکی ناجێگیر و پڕ ئاشووبی هەبووە. بەهۆی سیستمە سیاسییە یەک لە دوا یەکەکانی عێراق. کە هەمیشە هەوڵیان داوە عێراق وەکو ئوردویەکی سەربازی نەخشە بکەن و کردوویانەتە تاقیگەی قەتڵ و عامی گەلانی عێراق تا رووخانی بەعس لە ساڵی (٢٠٠٣)دا.

جیا لەوەی گرفتی پێکهاتەی مۆزایکی ئیتنی و مەزهەبی و تائیفی عێراق گەورەترین گرفتی ئەم سنوورە جوگرافیەیە دیاریکراوەیە کە پێی دەڵێن عێراق.

پانۆرامای مێژووی دوو دەیەی رابردووی کورد و عێراق، قسەکردنە لەسەر مێژووی پڕ قەیران و گرفتی عێراق. کە سەرەڕای مێژووی پڕ جینایەت و تۆتالیتاری بەعسە، لەمێژووی جەنگی کەنداو و دەرپەڕاندنی سوپای عێراقە لەکوێت.

لە فەسڵی یەکەمدا (٢٠٠٣-٢٠٠٧) قسەکردن و پێشبینییە لەسەر پەلاماردان و رووخانی بەعس لەلایەن ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی کە دواجار بەرووخانی بەعس بەشێکی تر لەهاوکێشە سیاسییەکانی عێراق و کوردستان و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ئاڵوگۆڕیان بەسەرداهات. هەر لەو فەسڵەدا باس لە بە بەڵقانەکردنی عێراق کراوە، باس لەرۆڵی نێگەتیڤی مەزهەب و فیتراتیڤەکردنی عێراق و ریفراندۆم دەکرێت.

لە فەسڵی دووەمدا (٢٠٠٧- ٢٠٠٩) قسەکردنە لەسەر کۆتایی بەعس و

کاریگەری جەنگی سارد لەسەر ناوچەکە و عێراق و ئاڵوگۆڕە تازەکانی دنیا و دەستپێکردنی ململانێی نوێ لەنێوان ئەمەریکا و ئێران لە عێراق. قسەکردن لەسەر رۆڵی شیعە و مەترسییەکانی قووڵبوونەوەی قەیرانەکان.

جیا لەوەی لەم فەسڵەدا مەترسی پەراوێزخستنی سوننە دەکرێت لە عێراقدا.

سەرەڕای لەم فەسڵەدا. باس لە ستراتیجی نوێی ئەمەریکا لە عێراق دەکرێت و باس لە ململانێی و بەرژەوەندییەکان و ئاماژەکانی پارچە پارچەبوونی عێراق دەکرێت.

لە فەسڵی سێیەمدا (٢٠٠٩-٢٠١٠) باس لەکێشە و گرفتەکانی عێراقی نوێ دەکرێت لەپاش هەڵبژاردنەکانی ئازاری (٢٠١٠) و گرفتی لیستە سەرەکییە براوەکان وەڕۆڵی ولاتانی ناوچەکە دەکات.

لەم فەسڵەدا. بەوردی رۆڵی دەستێوەردانی دەرەکی کراوە کە چۆن دەستیان هەیە لەکێشە و گرفتەکانی ناوخۆیی عێراق و بەتایبەتی لەنێوان شیعە و سوننەدا.

# بەشی یەکەم

# ٢٠٠٧-٢٠٠٣

# ١

گرفتی عێراق کۆتایی نایەت سەرەتا با بە باسێک لە دروستبوونی عێراقەوە دەست پێبکەین و دواتر دەچینە سەر پێکهاتەی سیاسی عێراق و ناهۆمۆجینی و مۆزایکی دانیشتوانی عێراق و پاشان باس لە دەسەڵاتی بەعس دەکەین. هەموو باش دەزانین بەعس یەکێک بوو لەو سیستمە تۆتالیتارییانەی کە بە درێژایی نزیکەی (٤٠) ساڵ حوکمی عێراقی کردووە و سیاسەتێکی چەوتی بەرامبەر بەگەلانی عێراق بەتایبەتی کورد پیادە کردووە، لێرەدا باسی کۆمەڵە کێشەیەک دەکەین کە پێشوەخت بەهۆی ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە ڕوویانداوە لە عێراق و کاریگەری خراپیان لەسەر خەڵکی عێراق بەتایبەتی کورد هەبووە، دواتریش باسی ئەو ئاڵوگۆڕانە دەکەین کە لەدوای رژێمی بەعس روویان داوە، ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە هەموو ئەو شیمانانەی بەتاڵ کردەوە کە پێمان وابوو دوای رووخانی رژێمی تۆتالیتاری بەعس عێراقێکی بێ کێشەو گرفت دروست دەبێت، کورد دەتوانێ بەمافەکانی خۆی بگات، بەڵام بینیمان ئەو گریمانانە وا دەرنەچوو، ئێستا کورد لەبەردەم کۆمەڵێک گریمانی مەترسیداردایە کە بەڕاستی پێویستی بەکارکردنی سیاسی و سەرکردایەتییەکی سیاسی بەتوانا هەیە، بۆئەوەی کورد لانی کەم لەم دەرفەتەدا بتوانێت بەمافەکانی خۆی بگات، پێموایە ئەمە دوا دەرفەت بێ بۆ گەلی کورد کە بتوانێ سوودی لێ وەربگرێ تا بەمافە سیاسییەکانی خۆی بگات. ئەو مەترسییانەش وای دەبینمەوە کە چۆن لەماوەی نۆ دەیەی رابردوودا کەمینە حوکمی کردووە لە عێراقدا وەشیعەش رەنگە بۆ خۆی لەئێستادا هەمان مەترسی هەبێ لەسەر عێراق.

دواتر باسی ستراتیجی ئەمەریکا دەکەین لە ناوچەکەدا کە سیاسەتێکی روونی نییە هەروەها سیاسەتی وڵاتانی ناوچەکەش لە عێراق بەتایبەتی بەرامبەر کورد، وەک ئاشکرایە لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی و نەمان و ڕووخانی و پێشتر دەسەڵاتی عوسمانییەکان بۆ ماوەی (٤٠٠) ساڵ حوکمی عێراقیان کرد، لە ١٢ی

ئازاری (١٩٢٠)دا لە قاهیرە کۆنگرەیەک دەستی پێ کرد (تیایدا مەلیک فەیسەڵ بەمەلیکی عێراق دانرا. ئەوەش بەراپرسییەک بوو لە عێراقدا کە تیادا ناوبراو کرا بە شای عێراق، هەرچەندە خەڵکی سلێمانی بەشدارییان لەو راپرسییەدا نەکرد و خەڵکی مووسڵیش بەمەرجەوە بەشدارییان کرد. بەڵام شا فەیسەڵ لەو ساڵەدا بووە شای عێراق و لەناوچەکەدا وڵاتێکی نوێ دروست بوو ولایەتی مووسڵیش خرایە سەر ئەو وڵاتە کە پێشتر لەژێر رکێفی عوسمانییەکاندا بوو، لێرەوە ئەو پێکهاتە سیاسییە بەناوی عێراقەوە دروست دەبێت و مەلیک فەیسەڵیش بەپشتیوانی ئینگلیزەکان کرایە حاکمی عێراق. دوای ئەو عەبدولکەریم قاسم و دواتر عەبدولسەلام و پاشانیش عەبدولڕەحمانی برای حوکم دەگرنە دەست. دواترو لە ساڵی (١٩٦٨) کە بەعس هاتە سەر کار و لەو ساڵەوە تا حوکمی عێراق دەگرنە دەست، گەورەترین تەنگ و چەڵەمە لەم کاتەوە دەست پێ دەکات. لە ساڵی (١٩٢١) بۆ (١٩٦٨) تا (٢٠٠٣/٤/٩) کە بەعس کۆتایی هات، تەنیا یەک جار شیعەکان و ئەویش لە ساڵی ١٩٤٧دا (بە سەرۆکایەتی ساڵح جەبر) حوکمیان گرتە دەست، ئەمیش لەماوەیەکی کەمدا ناچار دەبێ دەست لە کار بکێشێتەوە. واتە لە ساڵی (١٩٢١) تاڕووخانی بەعس کەمینەی سوننی حوکمی کردووە و مافەکانی کورد و شیعەی پێشێل کردووە، لەو کاتەدا کەمینەی سوننە هەموو ئیمتیازێک دەدات بەخۆی و بەپێچەوانەوە هەموو ئیمتیازەکانی تر لەو پێکهاتانەی کە لە شیعە و کوردەکان پێکهاتووە دەسێنێتەوە. گەر ئەوەش بزانین یەکێک لە سیاسەتەکانی حوکمی کەمینە ئەوەیە کە پشت بەهێز دەبەستێت بۆمانەوەی ئیمتیازەکانی خۆی، هەمیشە ئەو سیستمە دەسەڵاتدارانەی لە عێراقدا هاتوونەتە سەرکار بەم میتۆدە کاریان کردووە، واتە چەوسانەوە، هێز، ئەوانە فاکتەری سەرەکی دەسەڵاتەکانیان بووە تاوەکو دەسەڵاتیان لەدەست نەدەن، هیچ کام لەوانە مافیان بەکورد نەبەخشیوەو هەمیشە کوردیان بەدوژمن و هاووڵاتی پلە دوو حساب کردووە. هەروەها شیعەش بەهەمان شێوە چەوسانەوەی مەزهەبی لەسەر بووە، بەڵام هیچیان لەو پێکهاتانەی عێراق بەهێندەی کورد غەدری لێ نەکراوەو وەکو کورد نەبوونەتە قوربانی سیاسەتی کەمینە لە عێراقدا، ئەنفال و جینۆسایدو کیمیابارانی هەڵەبجەو کوشت و کوشتاری خەڵکی کوردستان هەموو ئەو رەفتارانە بووە کە لە دژی کەمینەی نەتەوەیی کورد پیادە کراوە لە عێراقدا و

کوردیش بووەتە قوربانی ئەو سیاسەتانە.

مەترسیدارترین سیاسەت کە دژی کەمینەی کورد کراوە لەناو سیستمی سیاسی بەعسدا بووە، بەعس لە ساڵی ١٩٦٨ دا کە دەسەڵات دەگرێتە دەست، دەست دەکات بەپاکتاوکردنی نەیارانی خۆی، ئەگەر لە سەرەتاوە سیاسەتێکی نەرمونیانی بەرامبەر بەکورد هەبووبێ، ئەوە تاکتیکانە رەفتاری کردووە، دواتر بینیمان، کە چۆن دەکەوێتە وێزەی کوردو سیاسەتی بەرامبەر بەکورد چۆن بووە، بەعس کارێزمایەک پێکدەهێنێ کە دواتر هەموو شتەکان لەودا کۆدەکاتەوە، مرۆڤێکی وا دەخولقێنێت کە تاسەر شەرانی، سەربازی وا دەخولقێنێت کە پێویستە ئەوسادیانە بژی و ماسۆشیانە بمرێت. بەشەرەکانی تر ناوەستێت، بەڵکو پرۆسەی راگواستنی دێهات و کۆکردنەوەیان ل دەئۆردوگاو دواتریش ئەنفال دەست پێ دەکات. سیاسەتی وەها پیادە دەکات کە هەوڵی ئەوەی داوە کورد لەسەر نەخشە بسرێتەوە.

بەعس وەک کەمینەیەک ویستوویەتی مەسەلە سیاسییەکە بقۆزێتەوەو کەڵکی لێ وەربگرێت بەو بیانووەی یەکێتی خاکی عێراق دەپارێزی و کوردی وەک ناسیۆنالیزم یان شۆڤێنی ناسیوە، کە مەترسی لەسەر خاکی عێراق هەیە و هەروەها شیعەشی بەوە ناسیوە کە دروستکراوی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

بەڵام پاش راپەرینی خەڵکی کوردستان لە بەهاری ١٩٩١ دا کورد لە بەشێکی ئەو سیاسەتانەی بەعس دێتە دەرەوەو ناوچەیەکی ئازاد لەژێر سایەی ئەمەریکاو بەریتانیاو فەرەنسا پێکدێنێت و دەتوانێ ئاڵوگۆرێکی نوێ لەماوەی ٨٣ ساڵی رابردوودا لە عێراقدا پێک بهێنێت. ئەمە خاڵێکە پێویستە لەسەری بوەستین، کورد لە رابردوودا ئەمەی دەست کەوتووە کە ناتوانێت جارێکی تر هەلی وای دەست کەوێت کە حوکمرانی خۆی بکات. هەردوو حوکمی شێخ مەحمود و کۆمارەکەی قازی نەیانتوانیوە ماوەیەکی کورت تێپەڕ بکەن، کە حکومەتی کوردستان لە ئێستادا لە چوارچێوەی ناوچەیەکی ئارامدا حوکمی خۆی کردووە، لەگەڵ هەموو ئەو ئیمتیازو دەستکەوتانەی لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا بەدەستمان هێناوە، بەڵام کۆمەڵێ فاکتەری سلبی و نێگەتیڤ کاریگەرییان لەسەرمەسەلەی کورد داناوە، کە دوایی باسیان دەکەین.

دوابەدوای کۆتاییهاتنی جەنگی ساردو تێکشکانی بلۆکی ڕۆژهەڵات، کە یەکێتی سۆڤیەت ڕابەری دەکرد کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕی جدی لەناوچەکەدا رووی دا .پاش ئەوەی یەکێتی سۆڤیەت هەڵوەشایەوەو دوابەدوای ئەمە، سیستەمێکی تازە ڕێبەرایەتی جیهانی دەکرد، کە ئەو سیستەمە فرانسیس فۆکۆیاما ناوی نا (لیبرالیزمی نوێ). ئەو پێی وایە پاش نەمانی سیستمی فیۆدالی (دەرەبەگایەتی) و جەنگی ساردو دوای ئەمانە سیستمی لیبرالیزمی خۆرئاوا دەتوانێت هەموو مافەکانی مرۆڤ لەژێر سایەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا USA دابین بکات، کۆتاییهاتنی جەنگی سارد یەکێک بوو لەو خاڵانەی کە توانی مافێکی زۆر بۆ گەلان بگێڕێتەوە، ئاشکرایە لەدوای ڕووخانی سۆڤیەت نزیکەی (١٥) کۆماری سەربەخۆ دروست بوو، دوابەدوای ئەمە چیکۆسلۆڤاکیا و کۆمارەکانی بەڵقان هەڵدەوەشێتەوە و کۆمەڵێک کۆماری تازە لە یوگسلاڤیا دروست دەبێت، پاش ئەو کێشەو ململانێیانە کۆمەڵێ وڵاتی تازە دروست دەبێ و هەریەک لەوانە قەوارەیەک بۆخۆی پێک دێنێت، لەدوای ئەوانەش (تیمووری خۆرهەڵات) سەربەخۆیی وەردەگرێ و ئەریتریاش لە ئەسیوبیا جیا دەبێتەوە، ئەمانە هەموو ئەو دەستکەوتانەن کە بۆ نەتەوەکان گەڕانەوە، کە پێشتر مافەکانیان لەژێر سایەی سیستمێکی تۆتالیتاریدا پێشێل کرابوون و خرابوونە ژێر ئەو سیستمەوە.

هەر لەم نێوانەدا کورد لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا ئەو هەلەی بۆ خۆی دەست کەوت، بەڵام لێرەدا سیاسەتی USA کە یەکێک بووە لە پشتیوانانی گەلی کورد، بەجدی لەم نێوانەدا کە سیاسەتێک و ستراتیجییەکی ڕوونی نەبووە دەربارەی مەسەلەی کورد، لەماوەی زیاد لە٣٠-٣٥ ساڵی ڕابردوودا، شاهیدی ئەو باروودۆخەین کە USA لە ناوچەکەدا خولقاندوویەتی، بەتایبەت لەسەر مەسەلەی کورد، هێشتا لای ئێمە ستراتیجی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا ڕوون نەبووەتەوە بەوەی ئێمە شاهیدی ئەو قوربانیانەین کە لە ساڵی ١٩٧٤دا بینیمان، نسکۆی ئەو شۆڕشە لەسەر دەستی USA و پیلانگێڕییەکەی جەزائیر، دوابەدوای ئەوەش ئەو پیلانە بوو کە لە ساڵی ١٩٩١دا و لەمانگی ئازاردا دەستی دەسەڵاتی بەعس واڵا دەکات بۆ شکست پێهێنانی ڕاپەڕینی کوردو شیعەکانی خواروو، تازەترین کارەسات، کارەساتی ٣١ی ئابی ١٩٩٦بوو کە ئەمەریکا عێراق دەست واڵا دەکات بۆ هێزەکانی ئەو ناوچانە داگیر بکەنەوە، بۆیە دەڵێین سیاسەتی ئەمەریکا

لەناوچەکەدا روون نییەو ئەوەی کە لە ساڵی ١٩٧٤دا رووی دا گەر بەڵگەی تایبەتی هەبوویێ و پێش کۆتاییهاتنی جەنگی سارد بوویێ، بەڵام دوو کارەساتی ئازاری ١٩٩١، ٣١ی ئاب بۆ خۆی مایەی سەرسوڕمانە و دەبێت خوێندنەوەی بۆ بکرێت، لەم خاڵەوە دەڵێین ستراتیجی ئەمەریکا روون نییە.

کاتێ کە بەعس دەڕووخێت، ناوچەکەو جیهانیش لەیەکێک لە دیکتاتۆرترین کەسی جیهان لەدەسەڵات دوور دەخرێتەوە و ناوچەکەش ئاسوودەیی و ئارامی بەخۆیەوە دەبینێ.

سەدام یەکێک بوو لەو دەسەڵاتە تۆتالیتارییانەی لە سەرتاسەری جیهاندا، نموونەکانی هیتلەرو پۆڵ پۆت و چاوچیشکۆ هاوشێوەی سەدام بووبن، بەتایبەتی ئەوەمان لەبیر نەچێ هیتلەر بەو هەموو کوشتارەی کە لەسەری بووەتە ماڵ، ئەو هیچ رۆژێک بۆ خەڵکی ئەڵمانیا خراپ نەبووە، ئەو وەکو کاریزمایەک ویستوویەتی رەفتار بکات، بەحسابی خۆی ئەو کارانەی کە کردوویەتی لەخزمەت ئەڵمانیادا بووە، کەمال ئەتاتورک بەو کوشتارو جینۆسایدەوە کە کردوویەتی لەدواییدا دەڵێت: (ئەو کەسە بەختەوەرە کە دەڵێت من تورکم)، بەڵام بەپێچەوانەوە سەدام هەموو ئەو کارانەی کە کردوویەتی یەکەم کەس خەڵکی وڵاتەکەو گەلانی عێراق بوونە قوربانی پێش ئەوەی شەڕەنگێزییەکانی بنێرێتە دەرەوە، شەڕی لەدژی هاوڵاتیانی وڵاتەکەی (کوردو شیعە) بە رێوە بردووە، بۆیە سەدام یەکێکە لەو دیکتاتۆرانەی کە وێنەی نەبووە.

بەم جۆرە کە سەدام لە دەسەڵات دوور دەخرێتەوەو دواتریش دەبینین کەسایەتییەکی چەند زەلیلە، بە واتای ئەوەی ناوچەکەو جیهان لەدەست دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری رزگاری بووە. ئێمە ناتوانین ئەوە لەبەرچاو نەگرین کە ئەمەریکا لەم ئاڵوگۆڕانەدا رۆڵی جدی هەبووە، بەڵکو توانیویێتی ئەو ئاڵوگۆڕانە پێک بهێنێت کە ئەمەش سەرەتای یەکێکە لەو ئاڵوگۆڕانەی کە پێویستە خەڵکی عێراق و کوردستان بەقازانجی خۆیانی بزانن. ئەگەر ئەمەریکاو هاوپەیمانەکان نەبوونایە رەنگ بوو مانەوەی دەسەڵاتی سەدام کاتێکی زۆرتری بخایەنایە و جینۆسایدێکی زیاتری بەرهەم بهێنایە، دووریش نەبوو ئەنفالێکی تر رووی نەدابایەو کورد لەسەر نەخشەی جوگرافیا بسڕێتەوە و ئەو ئامانجانەی تری کە

بەنیاز بووە لە داهاتوودا ئەنجامی بدات بێتە دی.

بۆیە توانیومانە بەکۆتاییهاتنی سەدام، کۆمەڵێک ئیمتیاز و دەستکەوتی نوێ بەدەست بهێنن و کورد بتوانی مافەکانی لەماوەی رابردوودا لێی سەنراوەتەوە بەدەستی بهێنێتەوە، بەڵام لەو کاتەی بەجدییانە قسە نەلەسەر پێکهاتەی تازەی مافەکانی خەڵکی عێراق و کوردستان کراوە ئەو لایانانەی کە تەنانەت تا دوێنێ لەگۆڕەپانی کوردستاندا بوون، لە بارەگاکانی ئێمەدا خەوتوون و رۆژیان کردووەتەوە، ئێستا لەدژی مافەکانی خەڵکی کوردستانن، تەنگ و چەڵمەکان لە ویوەوە دەست پێ دەکات کە هیچ پرۆتۆکۆلێکی سیاسیمان لەگەڵ ئەو لایانەدا نەبووە، ئەو کاتانەی کە ئەوان هاوکارییان لەئۆپۆزیسیۆنی کوردی وەرگرتووە لەناو دەسەڵاتی کوردیدا توانیویانە کاری سیاسی خۆیان بکەن، لەئێستادا زۆر لەئەوانە دژی ئەوەن کە تەنانەت مافی چارەی خۆنووسین بدرێت بەخەڵکی کوردستان، بەڵکو لەدژی فیدراتیڤەکردنی کوردستانیشن، یەکێک لە رۆژنامەکانی (ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی) باس لەوە دەکات کە فیدراڵی بۆ کوردستان قابیلی قبووڵە، بەڵام لە کۆبوونەوەکەی سەلاحەدین لە ساڵی (٢٠٠٤) ئامادە نەبوو، تەنانەت ئیمزایەک لەسەر ئەو رێکەوتنە بکات، کە فیدراڵیەت بدرێ بەکورد.

تائێستا هیچ پرۆتۆکۆلێکی رەسمی نییە کە ئەوان رازی بن بەمافەکانی خەڵکی کوردستان، کێشەکان لێرەوە دەست پێدەکات، ئەمەوێت بڵێم لەوکاتەی سیاسەتی کەمینەی نەتەوەیی لە عێراقدا دەست پێ ئەکات، ئێمە ئەبینە قوربانی یەکەم و دوژمنی پلە یەک بۆ عێراق بەلای بەعس و دەسەڵاتە کەمینەکان، بەهەمان شێوە ئێستا پێ دەچێت لەسایەی سیستمی زۆرینەدا هەمان چەوسانەوە، چارەنووسمان بێ، دیقەت بدەن، شیعە پێی وایە دیموکراسیەت زۆرینەی ئەوێ و دیموکراسی بەلای ئەوەوە ئەو زۆرینەیەو لەهەموو هەڵبژادنێکدا دەیباتەوە، ئەمە قسەی لەسەر نییە، مەسەلەی مافی چارەی خۆنووسین و ئەو پێکهاتە تازەیەی بۆ عێراق دائەرێژرێ، لە هەڵبژاردنێکدا یەکلا بکرێتەوە. لەهەڵبژاردنێکدا کە دەزانین لە (٥٣٪-٦٠٪)ی دانیشتوانی عێراق شیعەن، لە (١٨٪) سوننەیە و لە (٢٠٪) کوردە، ئەوی تریش تورکمان و ئاشوورییە. ئەگەر لە (٦٠٪) عێراق شیعەبێ، ئاخۆ دان بەفیدراڵی بۆ کوردستانی عێراقدا دەنێت، لەکاتێکدا ئاشکرایە کە سیستمی

فیدراڵی ئەوە نییە کە زۆرینە بۆ کەمینە ڕازی بێ، بەڵکو خواستی خەڵکێکە کە ئەوان بە کەمینە ناوی ئەبەن، لەکاتێکدا کە خەڵکی کوردستانی عێراق لەئێستادا (٦) ملیۆنە ئەوان ئەبێ بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن، ئەوە هەرێمی (کیوبک)ە لە کەنەدا بڕیار لەسەرئەوە ئەدا کە لە (کەنەدا) جیابێتەوە، زمانی ڕەسمی چی بێ و هەرێمەکەی چۆن بێ، ئەوە خەڵکی (تیمۆری ڕۆژهەڵات)ن بڕیارو قسە لەسەر چارەنووسی خەڵکی تیمۆری ڕۆژهەڵات دەکەن بەبۆچوونی من شیعە یەکێکە لەو مەترسییانەی کە لەداهاتوودا ڕووبەڕووی کورد دەبێتەوە، شیعە وەک مەرجەعێکی ئاینی هەمیشە لەسەر ڕابردوو کارئەکات، ئەوەندەی پابەندە بەمەسەلەی ڕابردووەوە پابەند نییە بەمەسەلەی داهاتووەوە، ئەوان تائێستاش لەسەر خەیاڵی مەرجەعیەتی ئاینی و پیرۆزی ئیمامی عەلی بیر ئەکەنەوە، ئێستا ئەوان نەجەف و کەربەلا و کازمینە و سامەڕا بەچوار شوێنی پیرۆزی خۆیان دەزانن و هێشتا خۆیان وادەبینن کە لە کورد چەوساوەترن، وەک چۆن کورد لەماوەی ڕابردوودا، بووەتە کەمینە بەعس و حوکمی عێراقی کردووە، ئەوانیش وای بۆ دەچن کە لەماوەی (٨٣) ساڵی داهاتوودا حوکمی عێراق بکەن و مافی خەڵکی عێراق ئەوان بەڕێوەی بەرن. ئەگەر نا ئەو کاتەی کە لەسەردەمی عەبدولعەزیز حەکیم دا ڕۆژی (٨)ی مارس کە ڕۆژی ژنانی جیهانییە، دەکرێت بە (١٨)ی ئاب، ئەمە سەرەتایەکە بۆ ئەوەی کە شیعە چۆن بیر ئەکاتەوە، (٨)ی مارس دەکات بە (١٨)ی ئاب ڕۆژی لەدایکبوونی (فاطمة الزهراء) ئەوان وەک مەسەلە ئاینییەکە ئەڕوانن بۆ ئاڵوگۆڕەکانی عێراق، ئەوەندەی بەدیوە مەزهەبییەکەدا بیر ئەکەنەوە، شیعە لەزۆربەی ڕاگەیاندنەکانیاندا باس لەعەرەبی، عێراق ناکەن، باسی شیعەی عێراق دەکەن کە لە (٦٠٪) عێراق پێکدێن و باسی مەسەلەی ئاین و مەزهەب ئەکەن، ئەوان ئەو ڕۆژە ئەگۆڕن بۆ (١٨)ی ئاب بەبێ ئەوەی خواستی خەڵکی عێراقی لەسەر بێ و بەبێ ئەوەی تەنانەت بخرێتە ڕاپرسییەکەوە کە ئاخۆ خەڵکی عێراق بەوە ڕازین؟ دوابەدوای ئەوەی ئەو خۆپیشاندانانەی کە لەشارەکانی کوردستان ئەکرێ بۆ فیدراڵیەتی کوردستان، بەچەند هەفتە دوای ئەوە ئەوان خۆپیشاندانیان کرد کە نابێ خەڵکی کوردستان فیدراڵیەتیان پێ بدرێ.

(سیستانی) بەبێ ئەوەی لە (پێگەیەکی سیاسیدا بێ) بڕیار لەسەر ئەوە دەدات کە پێش وەخت هەڵبژاردن بکرێ، خەڵکی عێراق پێویستییان بەوە نییە سیستمی

مـەزهـەب و خێڵ حوکـمـیـان بکات، وەک ئەوەی (مـوقـتـەدا سـەدر) بڕیار دەرکـا و لەخـۆیەوە شت بڵـێ، خـەڵکی عێـراق پێـویسـتـیـان بەوەیە کـە لە سـیـسـتـمـێکی دیموکراسیـدا مـافـەکانی خـۆیان وەچنگ بخـەن، لێرەدا کورد بەمـافـەکانی خـۆی بگات، بەڵام شیعە لەئێستاوە نمایشی هێز دەکات کە (٨)ی مارسی گۆڕی و ئەگەر ئەوەی بۆ چووە سـەر ئەوە بەدڵنیـاییـیـەوە هەمـوو بڕیارەکانـیش لە هەڵبـژاردنێکدا دەگەڕێتەوە بۆ خۆی کە فیدراڵیەت بۆ کورد قبوڵ نییە. دواجار لەژێر ئەو بڕیارانەی کە لە لایەنی سـەرکردایەتیی کوردەوە لەسـەر ئەوان دروست بوو، بەهەڵپەسـاردنی چەند ئەنـدامـانی کـورد لە ئەنجـوومـەنی حـوکمـدا کـار گـەیشـتـە ئەوەی کـە ئەوان بکشـێنەوە (نوێنەری کوردەکان) نـاچاربوون لە سـەلاحـەدین هـێزە عێراقـیـیـەکان لەگـەڵ سـەرکردەکـان کـۆببنەوە و دان بنێن بەفـیـدراڵی بـۆ کـوردسـتـان و بۆ سێ پارێزگـای (هـەولێـر-سـلێـمـانی-دهـۆک) کـەرکـووکـیش بۆ دوای هەڵبـژاردنەکـان بمێنێتەوە، ئەمـەش فڕوفێڵێکی سیـاسییە، دوای هەڵبژاردن و دانانی دەسـتـوور چ قسـەیەک لەسـەرکەرکووک ئەکرێ؟ قسـەی ئەوە لەسـەر کەرکووک ئەکرێ با خـەڵکی عێراق دەنگ بدەن یان خـەڵکی کـەرکـووک دەنگ بـدەن لەسـەر چارەنووسی خـۆیان، لەکـاتێکدا و بەپێی ئـەو ئامـارانـەی لەبەردەسـتـدان زیاد لـە(٢٠٠) هـەزار خـەڵکی عـەرەب لـەسـایەی ڕژێمـی بەعـسـدا ڕەوانـەی کـەرکـووک کـراوە و بەپێـچـەوانـەشـەوە ئەوەندە کـورد لە شـارەکـەی خۆی دەرکراوە، لەحـاڵەتێکی ئاوادا خـەڵکی کـەرکـووک دەتوانن بڕیار لەسـەر چارەنووسی خـۆیان بدەن؟ بەگەڕانەوەی خەڵکە ڕەسـەنەکـەی کـەرکـووک بۆ شـوێنی خـۆیـان کێشـەیان بۆ دروست ئەکرێ، تەقینەوەکـانی (دوز)ی یەکێک بوو لەو قەیرانانەی کە دروست کرابوو بۆئەوەی کورد وەک ناسیۆنالیستێک یان شـۆڤینییـەک بداتە قەڵەم و ئەوان ئەو کارەیان بۆیە کـرد کـە شیـعـە و تورکمـان لـەکـــورد هـان بـدەن، تـەنانـەت کـــار گـــەیشـــتــــووەتـە ئەوەی ئـەوان ئـەیانـەوێ تورکمانەکانیش وەک مەسـەلەی سیاسـی و ناسـیـۆنالیستی نەتەوەیی لەدژی کورد بەکار بێنن. گوایا ئـەوان ئەیانەوێت کەرکووک داگیربکەن و بەپێی هـەموو بەڵگەنامە مێژووییـیـەکان کەرکووک ناکرێ لەچوارچێوەی فیدراڵیـەتی کوردستـان نەبێ و لە جـوگـرافیـای هـەرێمی کـوردسـتان دەربـهێنرێت، بەڵام ئەوە شیـعـەکانن پێش ئەوەی تورکیـا هـانی تورکـمـانەکان بدەن بەو شێوەیە ڕەفتـار بکەن، ئەگـەرچی تورکیـا بۆ خـۆی دەورێکی نێگەتیـڤی هەیە لەناوچەکەدا و ئێسـتـاش خـەو بە ولایەتی مـووسڵ و

کەرکووکەوە دەبینێ و دەڵێت شارێکی تورکمانییە.

بەم پێیە شیعە دەیەوێت هەمان سیستمی کەمینە پیادە بکات وەئەگەر وانەبوایە لەسەرەتاوە دەبوایە رازی بوایە بەبچووکترین مافی خەڵکی کوردستان کە فیدراڵیەتە و تائێستاش داوای جیابوونەوەی نەکردووە کە هەموو خەسڵەتەکانی جیابوونەوەی وڵاتێکی سەربەخۆی هەیە، ئەوە خاکە، زمانە، بەرژەوەندی، لایەنی کەم داوای دەوڵەتی سەربەخۆ بکات، بەڵام سەرکردایەتی سیاسی کورد بەبیانووی ئەوەی کە هێشتا بارودۆخ لەبار نییە بۆ دروستبوونی دەوڵەتی کوردی هێشتا وڵاتان و ناوچەکە و ئەمەریکا و جیهان لەدژی ئەو دەوڵەتەن دواخراوە. جگە لەوەی بەڕاستی ئینتیمای شەخسی کورد بۆ خاک و نیشتمان بێ هێزە و قسەی جدی نییە لەسەر سیاسەتی سەرکردایەتی کورد، برادەرێکی رۆژنامەنووس پێی وتم؛ گەر لێت بپرسم دەوڵەتی کوردی دروست بێت چی دەکەیت و چی دەبێ؟ بەڕاستی پرسیارێکی، جوانە ئەگەر ئەو دەوڵەتە دروست بێت، ئێمە وای بۆ دەچووین ئەگەر لەسەر کتابەکانی (هەرێمی کوردستانی عێراق) ناو بەین، تورکیا و ئێران و سووریا پەلامار ئەدەن، بەڵام ئەوان نەیانتوانی ئەو کارە بکەن و بەسێ مانگ جارێ لە پایەتەختەکانی تاران و ئەنقەرە، دیمەشق کۆدەبوونەوە بۆ قسەکردن لەسەر هەرێمی کوردستان، دواجار ئەوە ئەڵێم ئەوان کێشە و قەیرانەکانی ناوخۆیان زۆرە ناتوانن قسە لەسەر خەڵکی کوردستان بکەن، هەریەکە لەو وڵاتانەی کە سنووری کوردستان و کوردیان بەسەردا دابەش کراوە ئەوەندە کێشە و قەیرانیان هەیە ناپەرژێنە سەر تەنانەت لەگەڵ یەکتریشدا رێک بن و تەنیا لەسەر دژایەتی خەڵکی کوردستان و مەسەلەی دژایەتیکردنی کوردستان کۆکن، جگە لەوە ئەوان دژایەتی یەکتر دەکەن، هیچ خاڵێک نییە لەسەری کۆک بن، وتمان ئەگەر حکوومەت و پەرلەمان پێک بهێنین ئەوان پێیان ناخۆشە. ئەوەشمان ئەنجام دا و ئەوان نەیانتوانی، وتمان ئەگەر ئاڵای کوردستان هەڵکەین ئەوان پێیان ناخۆشە و ئەوەشمان کرد نەیانتوانی، ئەوە ناڵێم لەورەی توانای کوردەوەیە، بەڵام پێویستە قسەمان لەسەر ئەم کارانە هەبێ، پێویستە ئێمە گوتارێکی هاوبەشمان هەبێ، ئەوان وتیان با ئاڵای عێراقی لەگەڵدا بێت، ئەگەر ئەم تاکتیکانە بێ، ئێمە پێویستمان بەوەیە مافی سەربەخۆیی بەدەست بێنین، فیدراڵی شێوازێک نییە کە هەموو مافەکانی خەڵکی لێوەی بەدەست بێنین و (١٠٠٪) مافەکان دەستەبەر



ئەنوەر حسێن (٢)

ناکات، نموونەمان لەو جۆرە زۆرە، ئەو کاتەی ئەریتریا ویستی مافی فیدراڵی لەسەر دەستی ئەسیوبیا بەدەست بێنێت لەگەڵ ئاڵوگۆڕی یەک لەدوای یەکی رژێمەکان، ئاڵای ئەریتری هێنرایە خوارێ و زمانی ئەسیوبی کرایەوە بەزمانی رەسمی، دین هەمان دینی ئەسیوبیایەو ئەچەسپێنرێت و فیدراڵی هەڵدەوەشێنرێنێتەوە، لە سودانیش لەکاتێکدا فیدراڵی بۆ مەسیحییەکان دەستەبەر دەکرێ، بەڵام لەوکاتەی (جعفر نومێری) دێتە سەرحوکم، لە ساڵی حەفتاکاندا ئەو فیدراڵیەتە هەڵدەوەشێنرێتەوە، دینی ئیسلام ئەکات بەدینی رەسمی باشووری سودان و مافەکانی پێشتریش کە پێیان دراوە هەڵدەوەشێنرێتەوە، هەروەها زمانی عەرەبیش ئەکات بەزمانی رەسمی مەسیحییەکان. ئەبینین ئەمساڵ سودان و بەرەی باشوور لە کینیا دەگەنە رێککەوتنی، (ماشاکۆس) لەگەڵ باشوورییەکان، لەکاتێکدا سودان سیستمێکی تۆتالیتاری مەزهەبییە، ئامادەیە لەگەڵ باشوورییەکانی سودان رێکەوێت کە (٣٠٠) هەزار بۆشکە نەوت بۆ خەڵکی باشووری و باکوری سودان کە موسڵمانن و سەرف بکرێت لە (٢٪)ی بۆ خەرجی، رازین بەوەی کە فیدراڵی بۆ مەسیحییەکانی باشوور دەستەبەر بکرێت و تا لەچەند ساڵی داهاتوودا باشوورییەکان لەسەر خواستی خۆیان و لەدەنگدانێکدا جیاببنەوە، دیقەت بدەن سودان بەو سیستمەوە، هەستی بەوە کردووە کە پێویستە باشووری سودان فیدراڵی بدرێتێ. ئێمەی کورد وەک سودان نین کە مەسیحی بین و عەرەبەکانیش ئیسلام بن، یان ئێمە (جوو) بین و ئەوان موسڵمان، تەنیا کێشەی رووبەڕووبوونەوەمان هەموو ئەو چەوسانەوەو کوشتارانە بووە بەرامبەرمان کراوەو تەنیا ئێمە ئەوە بوو کە کورد بووین. هیچ جیاوازییەک و ناکۆکییەکمان لەگەڵ خەڵکی عێراقدا نەبووە، هیچ کاتێکیش مایەی مەترسی و هەڕەشە نەبووین بۆسەر خەڵکی عێراق و یەک پارچەیی خاکی عێراق، وە بەپێچەوانەوە ئەوەندەی نەرمونیانی لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی کوردو حزبی کوردییەوە هەبووە، نیو ئەوەندە لەلایەن دەسەڵاتەکانی عێراقدا نەبووە، هەمیشە ئەوەیان وتووە کە ئەمانە داردەستی دەرەکین، لەکاتێکدا بەپێچەوانەی هەموو ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی و بەپێچەوانەی هەموو میللەتانی ناوچەکە تەنیا کوردە پشتیوانی نییە، ئەوە تورکمانەکان، تورکیا بەرگرییان لێ دەکات، تەنانەت لەکاتی دروستبوونی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا، داوای جێگری حکوومەتی هەرێم و داوای

وەزارەتی ناوخۆیان بۆ دەکات! ئەوە مەجلیسی ئەعلایە، کۆماری ئیسلامی ئێران زۆرترین پیشتوانی لێ کردووە، ئەوە حزبە ئیسلامییەکانە کە ئاشکرایە ئێران چۆن بەهێزی کردن و ئەم حزبانە کێشەیان بۆ حکوومەتی هەرێم و خەڵکی کوردستان ناوەتەوە بەوەی ئەو حکوومەتە عیلمانییە، ئەوە ناسرییەکانە کە چۆن سووریا یارمەتی تەواو و داڵدەی داون، ئەوە حزبەکەی عەلاوییە کە چۆن ئەردەن یارمەتی ئەدا، ئەوە وەهابییەکان کە سعودیە چۆن یارمەتییان ئەدا و دۆلاریان بۆ ئەنێرێت.

ئەوە خەڵکی کوردستانە کە کام وڵات یارمەتی لەکاتی لێقەوماندا ئەنێرێت کە مەسەلەیەکی مرۆڤایەتییە و چووەتە مەسەلەی نەتەوەییەوە و قابیلی قسەو گفتوگۆ نەبووە، بەڵام ئێستا ئەبێ ئەوان دەرک بەو مەسەلەیە بکەن، ئەگەر تورکیا بەنموونە وەربگرین لەو کاتەوەی کە ئەتاتورک دەوڵەتی تورکیای نوێی دروست ئەکات و لەسەر سیستمی کەمالیزم ئیش ئەکاو پێشی وایە نابێ دەست بخرێتە ناو کێشە دەرەکییەکانەوە و پێشی وایە ئاشتی لە ناوخۆدا ئاشتییە لەدەرەوە، بەڵام لەوکاتەوە کە (تورکوت ئۆزال) کە یەکێکە لەو رێبەرە تورکانەی کە زۆر واقیعانە بیری کردووەتەوە ویستی مەسەلەی سیاسی خەڵکی کوردستانی تورکیا چارەسەر بکات، هەر ئەوەش بوو وای لێ کرد لەپلانێکی نهێنیدا کوژرا، ئەو بەپێچەوانەوە باس لەتیۆری عوسمانی نوێ ئەکات دەڵێ: ئێمە پێویستە لەدەرەوە دەوری سەرەکیمان هەبێ وە رۆڵی تایبەتیمان هەبێ، دوای کوشتنی ئەو، پیلانەکان دەست پێ دەکاتەوە بەتایبەتی لەماوەی ١٣ ساڵی حوکمی خەڵکی کوردستاندا، تورکیا زۆرترین پیلانی هەیە. ئەوە تورکیایە کە تورکمانەکان هان دەدات بەوەی کە هەر شوێنێک قەڵایەکی تیا بوو ئەوە تورکمانستانە، بەوەی کە کەرکووک شارێکی تورکمانە، بەزۆر ئەیەوێت کۆمەڵێک ئیمتیاز بۆ ئەوان ببچڕێت، لەکاتێکدا من ئەڵێم، بۆچی تورکیا لەسەردەمی بەعسدا نەهات بەدەم داخوازی تورکمانەکانی عێراقەوە؟ لەکاتێکدا یەک حزبی تورکمانی پێش رووخانی بەعس نەبووە، هەتا پێش ساڵی ١٩٩١ یەک حزبی تورکمان نەبووە بەئاشکرا ئیش بکات و خەبات بکات، تەنانەت ئەو حزبە تورکمانانەی کە لەدوای راپەڕین دروست بوون حزبە کوردییەکان یارمەتییان داون، لەکەناڵی کوردسات یارمەتی دراون بە پەخشکردنی بەرنامە، ئێستا ئەبینن چۆن وەڵامی خەڵکی کەرکووک وکورد دەدەنەوە. یەکێک لە

سیاسـەتەکانی تورکیا ئەوەیە کە ئەو قـەیران و کێشـانەی لـە وڵاتەکەیدا بنێرێتە دەرەوە، ئەگـەر خـۆمـان ئـیـرادەیەکـمـان هـەبێ و قـسـەیەکی جـدی بکەین لەسـەر مافەکانی خۆمان، گەر تورکیا بەنموونە وەربگرین وەک وڵاتێکی دراوسێی عێراق و کوردسـتـان، سنوورێکی پان و پۆڕی هەیە لەگەڵ کوردسـتـاندا، تورکیـا لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە هاوسنوورە جگە لەگەڵ جۆرجیا لەگەڵ ئەوانی تردا کێشەی سنووری هەیە، لەگەڵ ئەرمینیا کێشەیەکی لەمێژینەی هەیە کە یەک ملیۆن و نیو ئەرمەنی لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا قەتڵ و عام کرد ئێستا لەسەر هەرێمی (ناگارنۆ کاراباخ) پشتگیری لە ئازەربیجان دەکات؟! لەگەڵ (قوبرس)دا کە لە ساڵی ١٩٧٤ باکوری ئەو وڵاتە داگیر دەکات و تا ئێستا لێی دەرنەچووە، لێرەدا لەسەر ئەو خاڵە دەوەستین کە ئەگەر بێتو کەرکوک وەکو قوبرس داگیر بکات، سبەینێ هیچ گریمانەیەکی و ئەگەرێکی نییە کە تورکیا لە کەرکووک دەربکات، دیقەت بدەن باکوری قوبرس لەوساڵەی کە داگیری دەکات و دەیکات بەتورک نشین و (رەئوف دنکتاش) دەکات بەسەرۆکی و ناڕازییە لەسەرئەوەی فیدراسیۆنێک پێک بهێنرێت لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا، ساڵانە مەسرووفی زیاد لە چەند هەزار سەربازێکی تورک دەکات و ناکشێتە دواوە لەو وڵاتە. لەگەڵ یۆنان لەسەر دەریای (ئیجە)و قوبرس کێشەی هەیە، لەگەڵ ئێران لەسەر مەسەلەی مەزهەبی کێشەی هەیە، لەسەر ئەوەی کە ئێران دەیەوێت ئیسلامی سیاسی لەناوچەکە تقویە بکات و پێشتر هاوکاری حزب ڵڵای تورکیای دەکرد. لەسەر ناوچەی بەڵقان و ئەودیوی قەفقاس کێشەو قەیرانی گەورەی هەیە، کە ساڵانە تورکیا زیاد لە (١٠) هەزار خوێندکاری ئەوان وەردەگرێت تەنیا بۆ ئەوەی فێری زمانی فارسی نەبن و ئێران نەتوانێت رایانکێشێت بۆلای خۆی، هەروەها ئێران تاوانبار دەکات بەوەی کە داڵدەی P.K.K داوە، لەگەڵ سووریا لەسەر هەرێمی ئەسکەندەروونە کێشەی هەیە. کێشەی P.K.K قەیرانێکی قووڵ و گەورەی هەیە، ئەمە بارودۆخی تورکیایەو بەهەمان شێوە ئێران لەگەڵ ئەفغانستان و وڵاتانی ناوچەکە کێشەو قەیرانێکی زۆری هەیەو سووریاش بەهەمان شێوە، جگە لەوەی لەگەڵ تورکیا و عێراق کێشەی P.K.K و کۆمەڵێک کێشەی لەگەڵ ئیسرائیلدا هەیە لەسەر بەرزاییەکانی جۆلان و کێشەی باشووری لبنان، وڵاتانی ئەردەن و سعودیە خاوەنی کێشەی زۆرن ئەگەر چی ئەوان سنووریان بەکوردستانەوە نییە، بەڵام ئەوان لەو پیلانانەی لەدژی

خـەڵكی كـوردسـتـان و هەرێمـی كـوردسـتـان و عـێـراق دەگـێـڕدرێن بەشـدارن وەبەتایبـەتی میسر وەک وڵاتێكی زلهێزی عـەرەب ڕۆڵی نێگەتیڤ لـەسـەر ڕەوشـی عێراق دەگـێڕێت، تەنیـا كـوێت ڕەنگە بەپێـچەوانەی وڵاتەكانی ترەوە بێ نەک پێی خـۆشـە عـێـراق ببـێت بە سێ هەرێم، بەڵكو ببێ بە دە هەرێم لەبەرئەوەی خـۆی قوربانی سیاسەتەكانی بەعس بووە.

من بەش بەحـاڵی خۆم دەڵێم خـۆزگە بەعس لەمـاوەی ئەو چەند ساڵەی حـوكمـیدا هەرچەند سـاڵ جـارێک پلانێكی دارشـتـایە لەدژی سـعـودیە و ئێـران و كـوێت تا بیانزانیبایە سیاسەتی بەعس چەند دڕندانە بوو، ئەوە واقیعەت و سیاسەتی كوێت نییە كە رازییە بەلایەنی كەم فیدراڵیەت بدرێت بەكوردستـان، بەڵام لەئاست خەڵكی عێراق و كوردستاندا ئەوان هیچ قسـەیەكی جدییان نییە. لەبەرئەوە پێویستـە ئێمە خوێندنەوە بۆئەو كـێشـانە بكەین كـە وڵاتانی دراوسـێی عێـراق هەیانە و قـسـەی جدییان لەسەرخواستی خەڵكی كوردستان هەبێت. ئێستاكە باس لەسەر مەسەلەی فیدراڵی بۆ كوردستـان و مافەكانی خەڵكی كوردستان دەكرێ، كۆمـەڵێ گریمانە و ئەگەری بێ بناغە دێننەوە كە گوایا كـورد دەیەوێت جیابێتەوە و بەپیلانی دەرەكی ئەمە بكات، نـاوی دەنێن بەئیسرائیلـی دووەم، لەكاتێكدا كە خـەڵكی كوردسـتان ئەم خـواستـە داوا دەكات نایەوێ بگـەڕێتەوە بۆ ژێر سیسـتـمێكی هاوشـێوەی سـەدام و نایەوێت بـچـەوسـێنرێتـەوە و ببێـتـە هاووڵاتی پلە دوو وەنایەوێت ببـێت بەقـوربانی سـیاسـەتی شیعـەو سیاسـەتی ئەو ڕژێمەی كە دێتە سەرحـوكم لە عێراقدا، بەڵكو دەیەوێت خـۆی لەهەرێمێكی ئازادا بژی و خەریكی ئاوەدانكردنەوەی وڵاتەكەی بێ، بەڵام ئەمە بەڕەوا نابینن و پێشموایە ئەمە لەچەند خاڵێكەوە سەر هەڵئەدات.

١- لە عـێـراقـدا كـورد بـەدوژمن سـەیر كـراوە و هـیچ خـوێندنەوەیەكـی واقـیـعـی سـیاسـیـیانـە نەبووە بۆ مـەسـەلەی كورد، تەنانەت بۆ ئەو ڕۆحی لێبوردنەی كە تیایەتی.

٢- ناواقیـعی سیستـمیی سیاسـی وڵاتان و ناوچەكەش فـاكتـەرێكی سـەرەكییە لەو نێوەندەدا كە هـەمیشـە لایەنەكانی ناوخـۆیان داڵدەی داوەو هـەمیشـە بەهێـزیان كردوون كە لەدژی خەڵكی كوردستان بن و ناڕازی بن بەم مەسەلەیە.

بەڵام ئێـمـە چۆن دەتوانین ئەم مـافـە بـەدەست بێنـین؟ ئەو ئاڵوگـۆڕانە بەسـەر

عێراقدا دێت کە کورد چی بکات باشەو چۆن کورد دەتوانێ مافەکانی خۆی بەدەست بێنێت؟ لەم بارەیەوە قسەیەکی (گراهام ئی فولەر) سەرۆکی دەزگای (راند)ی لێکۆڵینەوە سەربە وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا دەهێنمەوە لەشوێنێکدا دەڵێ: (ئیتر کەس ناتوانێ مەسەلەی کورد لە رۆژهەلاتی ناوەراست پشتگوێ بخات، چونکە ئەو مەسەلەیە بەزۆر خۆی سەپاندووە بەسەر مەسەلەسیاسییەکانی ئەو ناوچەیەدا) دەڵێت: (لەدەست ولاتانی ناوچەکەشدا نەماوە. کە بریار لەسەر ئەوە بدەن کە مافی خەڵکی کوردستان ئەوە نییە کە داوای سەربەخۆیی بکات، کورد چوارەمین و گەورەترین نەتەوەیی رۆژهەلاتی ناوەراستە کە لەدەرگای دان پیانانەو مافی چارەی خۆنووسیندایە، دیارە ئەمەش بۆ ئەو ولاتانەی کە کوردی تیایە جێگای مەترسییە) ناوبراو کەسایەتییەکی ناسراوی ئەمریکییە و نوسین و بۆچوونەکانی دەورو نەخشی تایبەتیان هەیە لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا. ئەو قسانەی ناوبراو خاڵی واقیع بین لەسەر مەسەلەی کورد، گومان لەوەدا نییە کە کورد (٤٠) ملیۆنە و ئەگەر ئەم ژمارەیە بەکەم و زۆر حساب بکرێت، لایەنی کەم (٣٥-٤٠) ملیۆنە، لە کاتێکدا کورد پێش ئەو ولاتانە بگەنە سەربەخۆییان بەمافی خۆی گەیشتووە. ئەو ئاڵوگۆرەی کە بەسەر ناوچەکەدا هاتووە ئەو چانسەی لێ سەندووەتەوە.

بەم جۆرە دەتوانین داهاتووی کورد جێگەیەکی تایبەتی لە عێراقی داهاتوودا هەبێ و ئێمە بتوانین مافەکانی خەڵکی کوردستان دەستەبەر بکەین، پێویستە چی بکەین؟ ئەو رێوشوێنانە چین بیانگرینە بەر، ئەو مەترسییانە چییە کە رووبەروومان دەبێتەوە وەپێویستە چۆن مامەڵە لەگەڵ سیاسەتی ناوچەکەو لەگەڵ ئەمەریکادا بکەین وەک زلهێزێکی جیهان و پێکهێنەرێکی ئاڵوگۆرەکانی عێراق و ناوچەکە، هەروەها چەندین ئاڵوگۆری تر لەلایەن ئەمەریکاوە لەناوچەکەدا لەئایندەدا. پێکدێنێت و ئەم سیستمە تۆتالیتارییانە کە لە ناوچەکەدا حوکم دەکەن قابیلی ئەوە نین بمێننەوە.

هەریەکە لە کۆریای باکورو ئێران و سووریا و عێراق کە ئەوانە چوونەتە ئەو لیستەیەوە کە ئەمەریکا دژایەتییان دەکات و پێویستە ئەو سیستمانە بگۆرێت کە لە ناوچەکەدان کە ئەمەش خاڵێکە لە قازانجی خەڵکی کوردستانە، تەنیا سووریا لە ناوچەکەدا نییە لە دژی خەڵکی کوردستانە کە چەندین پیلانی لە دژی کورد هەیە،

بەڵکو چەند وڵاتێکی دیکەی ناوچەکە لە دژی خەڵکی کوردستانن، لەبەر ئەوە ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە روو دەدەن لە قازانجی خەڵکی کوردستانەو دەتوانێت دەرفەتیان بۆ لێ وەربگرێت. (کارل مارکس) قسەیەکی جوانی هەیە دەڵێت: (دەکرێت گەورەترین گۆڕانکاری لە رێگای شۆڕشەوە بێت). قسە لەسەر ئەوە نییە کە ئەم شۆڕشە شۆڕشێکی چەکداری یان کۆمەڵایەتی یان رۆشنبیری بێت، هەرکامێکیان بێت، ئێمە توانیومانە لە خەباتی شاخەوە بگەینە ئەم قۆناغەی ئێستا، توانیومانە خەباتی چەکداری لە شاخەوە بگوێزینەوە بۆ شار، بەڵام قسە لەسەر ئەوەیە لە ماوەی (١٢) ساڵی رابردوودا لەم ماوەیەدا نەمانتوانی حوکمێکی نموونەیی جوان بدەین بەجیهانی دەرەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک دەستکەوتی گەورەمان بە دەست هێناوە، شەڕی ناوخۆ زۆربەی دەستکەوت و ئیمتیازەکانی ئێمەی لە دەست دا، زۆربەی مافەکانی خەڵکی کوردستانی گەڕانەوە دواوە، تەنانەت ئەو بڕوایانەی کە لەلایەن وڵاتانی جیهانەوە بە ئێمەیان هەبوو نەماوە، سەرەتا مامەڵەیەکی تر لەگەڵ ئێمەدا هەبوو، بەڵام دواتر ئەو مامەڵەیە گۆڕا بۆ شێوەیەکی تر، کە ئێمە نەتوانین لە ناو خۆماندا حوکمی خۆمان بکەین، کەواتە چۆن دەتوانین حوکمی خەڵکی کوردستان بکەین و چۆن دەتوانین داوای هەرێمی فیدراڵی و سەربەخۆیی بکەین.

لە دانیشتنەکانی چەند مانگی رابردوودا و لەو کاتەی ئەمەریکا و ئەنجوومەنی حوکم باس لە فیدراڵی پارێزگاکان دەکەن بۆ خەڵکی عێراق، سەرکردایەتی کورد داوا دەکات ئەو مافە (فیدراڵی) حەقی خەڵکی کوردستانە و (پۆل بریمەر) پێیان دەڵێت: ئێوە ئێستاش لەم شێوازەدان، پارێزگایەک بە دەست (ی.ن.ک) و پارێزگایەک بە دەست (پ.د.ک)ە، ئێوە خۆتان هەرێمی پارێزگاکانتان هەیە و ئێوە بچن خۆتان یەک خەنەوە.

ئەوە قسەیەکی جوانە کە ئێمە نەمانتوانیوە لە ماوەی ئەو (١٢) ساڵەدا ئەو کەلێن و خاڵە نێگەتیڤەی کە لەسەر رەوشی سیاسی کورد هەیە یەکی بخەینەوە، وەزعی سیاسی کورد لە ماوەی ئەو (١٢) ساڵەدا دەستکەوتی گەورەی بە دەست هێناوە، دوا بە دوای ئەوانەش هێشتا کورد لە هەرێمەکانی دیکەی عێراق زۆر باشترە و لە هەموو پارچەکانی تر بارودۆخی باشترە، بەڵام پێویستی بەکارکردن هەیە. ئەگەر جاران کورد لە زەڵێ و گرگاشێ وە خەباتی ئەکرد، ئێستا لەناو

پایەتەختی عێراقدا خەبات ئەکات، جاران بە چەند رۆژێک دەیتوانی بگاتە ولاتێکی ئەوروپی یان بە چەندین ساڵ بتوانێ بچێتە ناو کۆشکی سپییەوە، بەڵام رەنگە لە ئێستادا زۆر، ئاسان بێ کە بە بۆینگی ٧٤٧ بچێتە ناو کۆشکی سپییەوەو، هەر ئەو مەترسییانەش دەبن کە وا لە ولاتانی ناوچەکە و گەلانی عێراق سوننە و شیعە دەکات دژایەتی خەڵکی کوردستان بکەن، خەڵکانی ولاتانی ناوچەکە پێیان ناخۆشە ئەوان لەگەڵ فەرمانگەیەک یان حکوومەتێکی فیدراڵی کوردستان مامەڵە بکات و بە ژێر ئالای کوردستاندا رەت بن، ئەوان فیزەو پاسپۆرتی کوردستان لە پاسپۆرتەکانیان بدەن، ئەوان ئەوەیان پێ هەرس ناکرێ. لە ئایندەی عێراقدا ئەوان سنوورەکانیان لەگەڵ کوردستانە، سێ ولاتی سووریا، تورکیا، ئێران سنوورێکی پان و پاپۆڕیان لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا هەیە و ئێمە پێویستیمان بە چی هەیە بۆ ئەوەی بەو مافانە بگەین و لەو ئاڵوگۆڕانەی داهاتووی عێراقدا شوێن و پێگەی تایبەتیمان هەبێ و بتوانین مافەکانی خۆمان دەستەبەر بکەین؟ نموونەیەکتان بۆ دێنمەوە، لەوکاتەی دەوڵەتی جوولەکە دروست دەبێ لە ساڵی (١٩٤٨)دا، پێشتر هیچ شوێنێکی نەبوو کە فەڵەستین ببێتە شوێن و دەوڵەتی جوولەکە، وەکو (هێرتزل لە کتێبەکەیدا (نیشتمانێکی پەرت)دا باسی دەکات، ئۆگەنداو ئەرجەنتین دوو ولاتی تر بوون کە بکرێتە دەوڵەتی جوولەکە، خۆتان دەزانن فەڵەستین خاکی بنەڕەتی جوولەکەیە، دوای (١٩٠٠) ساڵ توانییان ئەوە بەدەست بهێننەوە، بەڵام ئێمە لەدوای رووخانی میدیاوە بە (٢٦٠٠) ساڵ نەمانتوانیوە ئەوە بە دەست بهێنینەوە، ناوبراو لەو کتێبەیدا باسی ئەوە دەکات لەو کاتەی ئەو کتێبەم نووسی داوای دەوڵەتێکم کرد بۆ جوولەکە، رۆژێک کتێبەکەم دا بە هاوڕێیەکم، هاوڕێکەم گریا کە پێشتر دەوڵەتێکمان هەبووەو ئێستا هیچ مافێکمان نییە، ئێمەی خەڵکی کوردستان هیچ رۆژێک بۆ خۆمان نەگریاوین کە ئەو دەوڵەتەمان لە دەست چووەو خەریکی کێشەی لاوەکی بووین، ئێمە پێویستمان بەهێرتزلێک هەیە بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی کوردی دروست بکات. تەنانەت لە کۆنگرەیەک لە ساڵی (١٨٩٨)دا لە شاری (بازل) لە سویسرا بەسترا لەوێدا قسە لەسەر ئەوە کراوە کە دەوڵەتی جوولەکە دروست دەبێ، مارشێک و ئاڕمێک بۆ جوولەکە دروست دەبێ، ئێمە ئێستا خاوەنی ئاڕمێک و خاوەنی دروشمێکی تایبەتی نین، لەملا مەشخەڵان و لەولا سروودێکی بارزانییە کە دوو دروشمن، ئێمە نەمانتوانیوە سروودی ئەی

رەقیب بکەینە مارشێکی خۆمان، ئەوانە هەموو کەم و کورین و دەبێت مارشێکی تایبەتیمان هەبێ، وتارێکی یەکگرتووی کوردیمان هەبێ لەسەر مەسەلەی بە کوردستانی بوون، یەکێک دەڵێت کەرکوک دڵی کوردستانەو ئەوی تریان دەڵێ قودسی کوردستانە، ئێمە پێویستمان بەوەیە کەرکوک یەکلا بکەینەوە، دەست لە کوردستانی بوونی کەرکووک هەڵنەگرین.

چەندین سەرچاوە باس لە کوردستانی بوونی کەرکووک دەکات کە لە ساڵی (١٩٧٧)دا چاپ کراوە، دیقەت بدەن رێژەی عەرەب لە (٤٤٪)ە دیارە ئەمە زۆر کراوەو کورد لە (٣٧٪)ە، تورکمان لە (١٦٪)ە، سەرژمێری ئەو سێ نەتەوەیە لە ناوەندی کەرکوک لە ساڵی (١٩٩٧)دا بەم جۆرەیە. عەرەب (١٤٧,١٧١)، هەزار کورد (١٣٩,٧٥٤)، تورکمان (٨,٠٠٠)، رێژەی کورد لەو ساڵەدا ئەو ژمارەیەیە کە دەگاتە رێژەی (٦٢ر٣٧٪) لە کاتێکدا لەو ساڵەی کە بەعس دێتە سەرحوکم (١٩٦٨) تاوەکو رووخانی لە ساڵی (٢٠٠٣) دا لە هەوڵی تەعریبکردنی کەرکووک دابووە، هێشتا کورد رێژەکەی (٣٧٪) بەرامبەر بەعەرەب (٣٩٪) ئەمە قسە هەڵناگرێ کەرکووک تورکمانییە یان عەرەب یان کوردە، زۆرجار لەبەر خاتری تورکیاو شیعەو تورکمانەکان دەڵێین کەرکووک شاری هەمووانە، بەڵێ شاری هەمووانە بەو پێیەی کورد خاوەنی ئەسڵی کەرکووکە، کەرکووک لەسەر هەرێمی کوردستانەو پێویستە ئەم شارە لە چوارچێوەی جوگرافی و هەرێمی دانیشتوانی کوردستاندا بێت.

بەڵام ئەوانە بەو رێژە کەمەشەوە کە لە (٢٢٪)ی ساڵی (١٩٩٧) هێشتا دەڵێن کەرکووک تورکمانە، ئەمە پێویستی بە وەڵامدانەوەیەکی جدی هەیە کە ئەم سەرچاوانە وەڵامی ئەو قسە بێ سەروبەرانەی تورکیا و تورکمانەکان دەداتەوە. بەپێی ئەم ئامارە ئەگەر ساڵی (٢٠٠٠) بە نموونە وەربگیرێت (٢٢٨١) خێزانی عەرەب هێنراوەتە کەرکووکەوە لە ساڵی (١٩٨١ تا ٢٠٠٢) (٢٠٨ر٧٥٠) عەرەب هێنراوەتە کەرکووک. بەعس لە سیاسەتی تەعریب و تەرحیل و تەبعیث دا لە کەرکووک دەوری هەبووە. بە دڵنیاییەوە هێندەی ئەو ژمارەیە کوردی لەو شارە دەرکردووە، ئەوانە لە هەڵبژاردنێکدا یەکلا نابێتەوە کە کەرکووک کوردستانە بەوەی کە تا ئێستا کوردی کەرکووکی بە تەواوی نەگەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان جا بەهەر هۆیەک بێ، لێرە (سلێمانی) یان لە (هەولێر) کۆمەڵێک ئیمتیازی لە دەست دایە،

بەوەی حوکمی ئارامی هەبێ لە ناوچەکەدا بە حوکمی ئەوەی جێگاو ڕێگای نییە، چاوەڕێی ئیمتیازێک دەکات لە حزبەوە بیدرێتێ و چاوەڕێی ئیمتیازێک دەکا لە ئەمەریکاوە بیدرێتێ کە ئەمەش کێشەیەکە. ئێمە هەست بە لێپرسراوی ناکەین و لەولاوە تورکیا ساڵانە ملیۆنان دۆلار سەرف دەکات بۆ ئەوەی ژمارەی تورکمانەکان لە کەرکووک زیاد بکات و. هەمان شێوە شیعەکان هەوڵی ئەوە دەدەن، دەبێ ئەوەش بزانین لە عێراقدا سێ پارێزگا ڕۆڵی گرینگیان هەیە لەسەر جیۆپۆلیتیکی عێراق بە خاڵێکی گەورە حسیاب دەکرێت، ئەوانیش (بەغدا وەکو پایەتەخت) و گردبوونەوەی داوودەزگاکان حیساب دەکرێ کە دڵی دەوڵەتە، (کەرکووک) وەکو شادەماری ئابووری عێراق حیساب دەکرێ (بەسرە) تاکە ڕێگایە بۆ سەر دەریا، لەدەستدانی هەریەکە لەو پارێزگایانە بە هەر ڕێگایەک بێت کاریگەریەکی سلبی (نێگەتیڤی) دەبێ لەسەر ڕەوشی سیاسی هەرێمەکە. لەبەرئەوەی کەرکووک شادەماری ئابووری عێراقە پێویست نییە لەسەر کوردستانی بوونی شاری کەرکووکی موناقەشە بکرێ، کە ئێستا بۆ هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥ دواخراوە. پێموایە، لەسبەینێدا هیچ کام لەو هێزە سیاسیانە ڕازی نین بە کوردستانیبوونی کەرکووک، نە لە هەڵبژاردنێکی سەرجەم خەڵکی عێراقدا ئەوە دەستەبەر دەکرێ، نەلەوەش کە ئێستا خەڵکی کوردستان لەسەر ئەوە دەنگ بدەن. ئێستا کوردی کەرکووک مەترسی ئەوە بکەن کە لە ئێستادا بەشی زۆری کەرکووک کورد نییە بە هۆی ئەو تەعریبەوە کە بە سەری هاتووەو زۆری کوردی کەرکووک ئێستا لە هەندەرانە لە دەرەوەو خەڵکێکی زۆریشی تا ئێستا نەگەڕاوەتەوە. تا ئێستا وتارێکی یەکگرتووی کوردی نییەو ئەگەر وتارێکی لەو جۆرە بەبێ مارشێک و سروودێک دەست پێ نەکات ئەوا ئاسان نییە بۆ هەموو سیاسییەکان و خوێندنەوەکانی تر بۆ کوردستان ئێمە ڕێک بکەوین، خاڵێکی تر ئەوەیە کە لە سیستمی تاکە حزبی دوورکەوینەوە، بەو جۆرەی کە تاکە حزبێک خەباتی کردووەو خاوەنی هەموو ئیمتیازەکانە. پێویستمان بە کۆمەڵگایەکی مۆدێرن و پلورالیزم هەیە کە سیستمێکی فرە حزب کە سیستمێکی نوێی تیایە بەرقەراربێ و مافی هاووڵاتی بوون بدرێ بە خەڵک. ئەو گۆڕانکارییانەی باسمان کردن کە بەسەر جیهان و ناوچەکەدا هاتووە بەسەر عێراقیشدا هاتووە، قابیلی ئەوە نییە خەڵکی بخرێتە ژێر سایەی حزبێکەوەو بچەوسێنرێتەوە، قابیلی ئەوەیە زۆرترین ماف و

ئازادییەکانی بۆ دەستەبەر بکرێت، پێویستی بەوەیە کە بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ دابین بکرێ و پێویستی بەوەیە بەرگری لە مافەکانی بکرێت، ئێمە پێویستیمان بە کارێکی دیپلۆماسیی چڕوپڕ هەیە بۆ ئەوەی بتوانین لە ئاڵوگۆڕەکانی، داهاتووی عێراقدا کورد پێگەی مەحکەمتری هەبێ. پێش شەڕی ناوخۆ کارمان بۆ ئەم چەمکە دەکرد و پێوەندییەکی قووڵ و پتەومان هەبوو لەگەڵ دەرەوەدا، تەنانەت وەزیری دەرەوەو چەندین وەفدی بیانی و رێکخراوەیی راستەوخۆ مامەڵەیان لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا کرد، بەڵام دوای شەڕی ناوخۆ لەو بارودۆخە کشانەوە. ئێمە جالیەیەکی گەورەمان لە دەرەوە هەیە بە پێچەوانەی هەموو وڵاتانی جیهانەوە نەمانتوانیوە ئاڕاستەیان بکەین و سوودێکی گەورەیان لێ وەربگرین. ئەوکاتەی (لاتڤیا) سەربەخۆیی خۆی لە یەکێتی سۆڤیەت بە دەست هێنا، جالییەکانی ئەو وڵاتە لە ئەورووپا بوون، ئەو وڵاتەیان گەشاندەوە. بە تەنیا وڵاتێکی هەژاری وەکو (سۆماڵ) ساڵانە (٩٠٠) ملیۆن دۆلار داهاتی ئەو هاوکارییەیە کە خەڵکی سۆماڵ لە دەرەوەی وڵات بۆی دەنێرێت، تەنانەت ئێمە ئەو رێکخراو و ئینستیتۆ و دەزگا کوردییانەی کە لە ئەورووپا دروست بوون پاشکۆی حزبەکانن، p.k.k. رێکخراوێکی تایبەتی هەیە، ی٠ن٠ک و پ٠د٠ک و حزبی دیموکراتی ئێران رێکخراوێکی تایبەت بەخۆیان هەیە کەحزب ئاڕاستەیان دەکات، نەک بەرگری بێت لە مافی خەڵکی کوردستان، نەک بەرگری بێ لەمافە سەرەتاییەکانی خەڵکی کوردستان.

خۆتان دەزانن کە کوردستان وڵاتێکی کیشوەرییە، واقیعەتی سروشتی ئەوەی پێ نەدراوە کە لەسەر دەریا بێ، یەکێک لەو خاڵانەی کە پێویستە لەسەر ئێمە لەو ئاڵو گۆڕانەی لەداهاتووی عێراقدا و لەسەربەخۆیی کوردستانیشدا پێک دێت پێویستمان بەمافی ترانزێت هەیە بۆئەوەی بپەڕینەوە، تەنانەت لەئێستادا پێویستمان بەمافی ترانزێتی ئاسمان هەیە لە تورکیاو شوێنی دیکەوە، دوای دروستکردنی ئەو بوارانەو دروستبوونی ئەو کێشانە تورکیا وتی من رێ نادەم فڕۆکەکانی کوردستان، بەئاسمانی تورکیادا تێبپەڕن، چ ئەوەی دەریامان بداتێ، ئەوە یەکێکە لەو گریمانانەی کە دێتە بەردەم ئایندەی خەڵکی کوردستان، مافی مرۆڤ یەکێکە لەو چەمکانەی کە پێویستە قسەی لەسەر بکرێت و دەسەڵاتی سیاسی کوردی بەگرینگییەوە لێی بڕوانی، وەمافەکانی مرۆڤ یەکێکە لەو چەمکانەی کە لە جیهانی نوێ و سیستمی نوێدا (لیبرالیزم) کە باسی دەکەین

جێگەو پێگەیەکی تایبەتی هەبێ، پێویستە ئێمە زۆر بەجدییەوە ڕێز لە مافی مرۆڤ بگرین، ئەمە ئەتوانێ ببێتە فاکتەرێک لە رەوشی سیاسی کورد، پێویستە لەسەرمان کە تاکی مرۆڤی کورد بگێڕینەوە بۆئەوەی ئینتیمایەکی تایبەتی بۆ خاک و نیشتمان هەبێ. شەخسیەت و فەردی کوردی زۆر بێ موبالاتە بەرامبەر بەمەسەلەی ئینتیمابوون، ئینتیمابوون یەکێکە لەو خاڵە جەوهەرییانەی کە پێویستە لەمرۆڤدا هەبێ بەلایەنی کەم بەمافە کەسایەتییەکانیش، ئەگەر لەدەرەوەی لۆجیک (المنطق) قسە بکەین، واتە ئینتیمایەکی نەماوە، پێم وایە ئەوەش تاکە حزب ئەوەی دروست کردووە، رەنگە حزبی کوردی ئینتیمای تاکی کوردی بێ هێز کردبێت لەبەرامبەر مەسەلە نیشتمانی و نەتەوەییەکانەوە، بەڵام جوولەکە بەهۆی ئینتیمابوونیان و بەهۆی بیرکردنەوەیان بەوەی دەوڵەتیان لەدەست داوە لەماوەی (١٩٠٠)ساڵی رابردوودا ئەوەیان لادروست بوو کە (هێرتزل)ێک دروست بێت و نیشتمانێک بنووسێت و دواتر حکوومەتێکی جوولەکە لەسەر خاکی فەلەستین دروست بێت. پێویستە ئینتیمایەکی جدیمان هەبێ بۆ خاک و مەسەلە سیاسییەکان تا بەمافەکانی خۆمان بگەین. بەستنی کۆنگرەیەک پێویستە بۆ حزب و لایەنە سیاسییەکان لە هەر چوار پارچەکەی کوردستاندا. پێشتر کۆنگرەی نەتەوەیی لە مەنفا ئیشی دەکرد، بەڵام دواجار نەیتوانی وەڵام بێ بۆ داخوازییەکانی حزب و لایەنە سیاسییەکان، ئێستا کۆنگرە پێویستە بۆئەوەی ئەو حزبانە پرۆژەیەکیان هەبێ کە بیخەنە ڕوو، تا ئێستا نەمانتوانیوە پێوەندیی لەگەڵ حزب و لایەنە سیاسییەکانی پارچەکانی تردا هەبێ و تا ئێستاش دژایەتیی P.K.K و حزبی دیموکراتی ئێران دەکرێ، بەحوکمی ئەوەی تورکیا و ئێران قبوڵی ناکەن، پێویستە قسەمان لەسەر ئەوە هەبێت، پێویستە ڕێوشوێنی ئەمنیمان هەبێ.

## ٢

پاش كۆتاييـهاتنی جـەنگی ساردو شكسـتی خۆرهـەلأت و هـاتنە كايـەی گلاسنۆست و پيـترۆسـويكای، يەكێتی سـۆڤيـەت و ناوچـەی بەڵقـان كۆمـەڵێک ئاڵوگۆڕی زۆری بەخۆوە بينی و زياتر لە (١٥ كۆمار) لە يەكێتی سۆڤيـەت و هـەڵوەشاندنەوەی چيكۆ سلۆڤاكـيا- يۆگسـلافـياشی لە بەڵقـان لـێ كـەوتەوەو ئاكـام چەند دەوڵەتی تازە لە يۆگۆسلافيا دروست بوو، كە پێشتر بەزۆری زۆردارەكی لەلايەن ديكتاتۆرەكانەوە خرابوونە ناو چوارچێوەی يەک قەوارەی سياسی تۆتاليتارەوە.

لەكاتێكدا پێكهاتە ئيـتنی و تايفی و مـەزهـەبيـيـەكان لەنێوان گـەلانی (بۆسنی، صرب، كروات، مۆنتينيگرۆ...) لێک جودا بوو، ئاكاميش ئەوەی بەدەستيـان هێنا، گەڕانەوەی مافە زەوتكراوەكانی چەند ساڵەی خۆيان بوو.

ئەگەرچی مێژووی خوێناوی ڕووداوەكانی بەڵقـان لەسـەر دەستی صربە شـۆڤێنی و دەمارگيرەكـان، بەتايبەتی لەسـايـەی كەسايـەتييە ميليتـاريـيەكانی وەک (رادۆڤان كارازيچ و سلۆبۆدان ميلۆسـۆڤيچ) كە قەتڵو عامی بۆسنـەو كرواتەكانيـان كرد و دواتر ئەم جينايـەتانە بەسـەر ميليـتاريـيەكانی وەک (صـربەكان لە پێشـەوەشيـان مـيلۆسـۆڤـيچ بووەو دواتر هێـزەكـانی (K-FOR)ی نێـو دەوڵـەتی بڵاوبـوونەوەو سـەروەرييـان بـۆ قـوربانيـيـەكـانيـان گـەڕاندەوەو سنوورێكيـان بۆ قـەتڵـو عـامی صربەكان داناو ئەوەيشی كە دەيبينين ئەوەيە بەڵقانێكی ئارام جێگير بووە.

لە سـەرەتاوە با بپرسين بۆچی ئەگەری ئەوە هـەيە سـيناريۆی (ئەفغـانسـتـان) لە (سـێگۆشـەی سـوننی) و سـيناريۆی (لبنان) لە (باشـووری عێـراق) و سـيناريۆی (بەڵقـان) لە (كوردسـتانی عێراق) دووبارە دەبێتـەوە..؟ ئەوە كـام مەترسـييـە لە پاڵ (بەئەڵقەنەكردنی كوردستانی عێراق؟).

ئەو دوو دێڕەی سـەرەوە، بەقسـەی (سـەعيد قـەيسـی) نووسـەری شۆڤێنی عەرەب، مـەترسی و ڕەشـبينی ديپلۆمـاتێكی بەريتـانييە سـەبارەت بە عێـراق و كوردسـتـان،

گەرچی من پێمـوایە ئەوە خودی بۆچوونی (سـەعـید قـەیس)یە و ئەم نووسـینەش شـیکردنەوەو بەدرۆخـسـتنەوەی نووسـینەکـەی ناوبـراوە کـە بەم نـزیکانە لە ژمـارە (١٤٢٦)ی گۆڤاری (الوطن العربـــی) لەژێر ناوی (مـەترسـییـەکانی نەخشـەی بە بەڵقـانکردنی عێراق لەلایەن کوردەکانەوە) و (مووسـادی ئیسرائیلی لە کوردسـتان چی دەکەن..؟) بڵاوکراوەتەوە.

نووسینەکە پڕیەتی لە هـەستی شۆڤێنی و راسیزمانە دژی کورد و دروستکردنی قسەو نەخشەی بێ مایەو پڕوپووچ، کە کورد ئاگای لێی نییەو خودی نووسینەکەش جگەلەوەی دەیەوێت بڵێت کوردەکان بەهاوکاری واشنتۆن بەتایبەتی باڵی (هەڵۆ) کـانی کـۆنگرێس و حکوومـەتی بوش و بەتـایبـەتی پۆل وۆلفـۆویتـزو مـووسـادی ئیـسرائیل دەیانەوێت دەوڵەتی کوردسـتـان دروست بکەن و کـەرکووک بخـەنە ژێر رکێفی خۆیـانەوە و دەڵێ. تائێستا زیاتر لە (١٠٠٠٠) هـەزار عەرەب لە کەرکووک دەرکراون و پێی وایە ئەوە کەرکووکە دەبێتە سەرچاوەی سیناریۆی سـەراییڤۆ لە عێراق و بەڵگەشی ئەوەیە دەڵێ.، لە پاش بڕیاری (١٤٥٦)ی ئەنجـوومەنی ئاسایش، نەخـشـەیەکی نهـێنی هەبووە لەنێـوان هەڵۆکـانی پێنتـاگـۆن و کـوردەکـان و فـراوانکردنی نفـوزی کوردەکـان لەکەرکـووک بۆ فـراوانکردنی زەوی کوردەکـان و دەرکردنی عـەرەبەکان و نـووسـەری شـۆڤێنی پێی وایە ئەم کارانـە ئاکامی خـراپی دەبێت و سـەرئەنجـام شـەڕێکی ناوخـۆیی و پێکدادا نی نێـوان رەگـەزو ئیـتنیک و مەزهەبە جۆرەوجۆرەکانی لێ دەکەوێتەوە.

دواتر دەڵێ: دواین راپۆرت ئەوە ئاشکرا دەکات، کە کوردەکان خەریکی گۆڕینی دیموگرافیای شاری کەرکووکن بەدوو شێوە یان دوو سیناریۆ، یەکەم بەڕاگواستن و دەرکـردنی عـەرەبەکـان و کـردەوەی تیـرۆرسـتی و دووەم بەسـەرنج راکـێشـانی کۆمـەڵگای نێودەوڵەتی و هاتنەناوەوەی هێزە نێودەوڵەتییـەکان وەکو سـیناریۆی سەراییڤۆ.

ئەو دەڵێ: کوردەکان ئێستا لەگەڵ باڵی هەڵۆکانی پێنتاگۆن. پرۆژەیەکیان هەیە. بەگەڕانەوەی کوردەکان و دواتر سەرژمێرییەکی گشتی.

ئەگــەر چی ئەم ســەرنج و بۆچوونانە بـۆ کــورد تازە نین و دوژمـنایـەتیــیــەکی سـەیریش نییـە، بەڵام باش وایە بپرسـین، سیناریۆی ئەفغانسـتان لە سێگۆشـەی

سوننی باشتره یان ئەو تیرۆرو قەتلو عامەی تیرۆرستەکان فەللوجەو سێکوچکەی سوننیان کردووتە جێگەی تەراتێنی خۆیان و نائارامی عێراق، ئاخۆ ئەفغانستانی ئێستا باشترە یان سەردەمی تالیبان و ئەلقاعیدە..؟

ئاخۆ سیستمی پێکهاتەو هەیکەلەی دامەزراوەی لبنان لەنێوان (مەسیحی و شیعەو سوننە) باشترە، یان حوکمێکی تاکڕەو و خۆسەپێن لەباشووری عێراق؟

ئاخۆ ناوچەی بەلقان لەسەردەمی شەڕو قەتڵ و عامی میلۆسۆڤیچ باشتر بووە یان ئێستا، کە ئارامی باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشاوەو بۆسنی و کرواتەکانیش لەدەست شۆڤێنزمی سربەکان رزگارییان بووەو ناوچەیەکی ئاسوودە لەئەورووپای خۆرهەڵات دروست بووە...؟

پاشان سەبارەت بە بارودۆخی سیاسی و دیموگرافی و ئیداری شاری کەرکووک، حەق وایە بپرسین: ئاخۆ بەڕاستی کورد ئەو کارانەی کردووە لەکەرکووک؟ خۆ گەر کردبێتی کارێکی ئەخلاقی و نەتەوەیی کردووەو هیچ پاساو و گومانێکیش ناتوانێ خۆ لەو ڕاستییە لابدات کە کەرکووک شارێکی مێژوویی کوردستانەو خاکی کوردەکانە، لای عەرەبە شۆڤێنییەکان و دوژمنانی کورد سیناریۆیەک هەیە هەموویان دووبارەی دەکەنەوە، ئەویش ئەوەیە، کەی زانییان ناتوانن بە شێوەی مەنتیقی و دیالۆگ لەگەڵ کورد قسە بکەن، ناوی ئەمەریکاو ئیسرائیل، CIA و مووساد، دێننە ناو گەمەکانەوە، تا هەستی ناسیۆنالیزمی جیهانی عەرەبیو ئیسلامی بجووڵێنن بۆ دژایەتی گەلی کورد.

هەر بۆیە نووسەر ناونیشانی بابەتەکەی دەکاتە "مووساد چی دەکات لە کوردستان؟".

دیسان لێرە ئیستێک دەکەین و دەپرسین:

بۆچی بۆ ئوردن شەرمەزاری نییە، سەفارەتی تەلئەبیب هەبێت و دژایەتی فەلەستینییەکان بکات، کە تەنیا چەند کیلۆمەترێک دوورە؟

بۆچی بۆ سۆماڵ و ئەریتریا هیچ مایەی گومان نییە، پێوەندیی سیاسی، دیبلۆماسی و بازرگانی لەنێوانیاندا هەبێت؟

بۆچی بۆ یەمەن و عەلی عەبدوڵڵا ساڵح عەیب نییە، لەکاتی یەکگرتنەوەی هەردوو بەشی باکورو باشوور و شەڕەکانی لەگەڵ عەلی سالم ئەلبەیز، داوای هاوکاری لە

هێزی ئاسمانی ئیسرائیلی و کۆماندۆ بکات، بۆ کۆتایی هاتن بەو جەنگە؟

بۆچی بۆ پاکستانی ئیسلامی نەنگی نییە، نوێترین چەک و بەرنامەی چەکسازی ئیسرائیلی بکڕێت لە دژی ڕەقیبەکەی (هیندستان)؟

بۆچی بۆ دانیـــال ئارامــــبــــۆی عــــادییـــە، هـاوکــاری ئیـــســــرائیل بکات بۆ دەستگیرکردنی ئۆچ ئالان ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستـان و تەسلیـمی تورکیای بکەنەوە..؟

بۆچی بۆ تورکیای عەلمانی لە سایەی (پارتی عەدالەت و گەشەپێدانی ئیسلامی تورکیا)دا شــەرمـەزاری نیـیـە، ئاســمـانـی تورکـیـا ئاوا لێ بکات بۆ ڕاهێنانی فرۆکەوانە ئیسرائیلییەکان و ساڵانەش نوێترین چەکی ئیسرائیلی دەکڕێت بۆ کوشتاری خەڵکی موسڵمانی کورد؟

ئەم پرسیارانە تا ئێستا سەدان جار لە جیهانی عەرەب و ئیسلام کراون، بەڵام ئەمەیە چەمکی "بانێکە و دوو هەوا"و ئەوەی بۆ ئەوان حەڵاڵە بۆ کورد حەرامە.

هەرچی دەمێنێتەوە سەر هاوکاری کوردو واشنتۆن، هێشتا جگە لەوەی کورد، گلەیی لەپشتگوێ خستنی زۆربەی داواکارییەکانی کورد هەیە. لەبەرئەوەی تاکە هاوپەیمانی ڕاستەقینەی واشنتۆن لە ناوچەکەدا کوردە و زۆریش ئاساییە، گەر واشنتۆن لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسی کورد، هاوکاری و هەماهەنگی بکات.

لەکاتێکدا هێشتا واشنتۆن قەرزاری کوردە بۆ ئەو هاوکاریو پشتیوانییەی کردوویەتی لە پرۆسەی ئازادی عێراق و ئاشتی و ئارامی لە هەرێمی کوردستاندا.

لەکاتێکدا کورد تەحدای گشت لایەک دەکات لەماوەی یەک ساڵ و سێ مانگی ڕابردووی پاش ڕووخانی ڕژێمی تۆتالیتاری بەعسدا. تاکە یەک سەربازی ئەمریکی لە هەرێمی کوردستـان کوژرابێت. یا تیرۆر کرابێت. ڕێک بەپێچەوانەی ناوچە عەرەب و موسڵمانەکانی باشوورو ناوەڕاستی عەرەبی. کە زیاتر لە (١٠٠٠) سەربازی ئەمریکی تیرۆر کراون؟.

کەچی لەهەموو کاتێکدا لە کوردستان گوڵباران کراون و لە عێراق گوللەباران کراون..

لەکاتێکدا ئێمە دەتوانین هێشتا گلەیی ئەوە بکەین لەواشنتۆن. کە ئاخۆ کورد بەقەدەر ئەریتیریا هەقی بەسەریەوە نییەو هاوپەیمانی نییە، داوای هاوکاری

زیاترو سەربەخۆی لێ بکات.؟

ئاخۆ بەقەدەر تەیموری خۆرهەلآت و زیاتریش مافمان نییە هاوکاریمان بکرێت و دەوڵەتی سەربەخۆمان هەبێت و سەرکردەکانی ئێمەش وەکو (شاناناگۆسماو) خەلآتی ئاشتی وەرگرن و گوێ لە داوای گەلەکەیان بگیرێت..؟

ئاخۆ بەقەدەر بۆسنییەکان، مافمان نییەو خەباتمان نەکردووەو قوربانیمان نەداوە، تا شایانی هاوکاری و پرۆژەی دەوڵەتی سەربەخۆ بین؟

ئێمە باش لەم هاوکێشە سیاسییانە دەگەین و دەتوانین ڕەهەندە جیاوازەکانی بخوێنینەوە، بەلآم هێشتا پێمان وایە کورد نایەوێت ببێتە فاکتەری سەرەکی قەیران و بەم شێوەیە لە عێراق و پارچەپارچەکردنی ئەم ولآتە و هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆو شکستی پرۆژەکانی واشنتۆن لە عێراق و ناوچەکەو تێکدانی ئارامی ناوچەکەو ڕاست دەرچوونی درۆو چەواشەکارییەکانی سەعید قەیسی و هاوڕاو هاوشێوەکانی.

گەر کاتی خۆیشی هات بێ گومان مەسەلەکە حەقێکی مەشرووعی گەلی کوردە سەبارەت بەشاری کەرکووک و کوردستانیبوونی ئەو شارە گومانێک نییەو ئەوەش کە دەڵێ تائێستا نەک دە هەزار بەڵکو پێویستە هەموو عەرەبە هاوردەکان کە بە (عەرەبی دە هەزاری) ناسراون کەرکووک جێبهێڵن و بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، کە لەکاتی حوکمی بەعسدا بۆ تەعریب و تەرحیلی ئەم شارە لە کوردەکان هێنرابوون و خاکی کوردەکانیان داگیرکردبوو، ئەوەشی کە بەڕەسەن خەڵکی شارەکەیە بەکوردو تورکمان و عەرەب و کلدان و ئاشوورییەوە مافی خۆیەتی لە کەرکووک دابنیشێت بەلآم کەرکووکێک کە دوارۆژ دەخرێتە ژێر سایەی هەرێمی فیدراڵی کوردستانەوە ئەو پێکهاتەو ئیتنیک و رەگەزە جۆرەوجۆرانە، گشت مافێکی سیاسی، کلتووری، فەرهەنگی و ئیدارییان دەبێت و وەکو هاولآتییەکی کوردی پلە یەک سەیر دەکرێن.

بۆ ڕاستی وەلآمی سەعید قەیسیش دەکرێت چەند ئامارێک بێنینەوە کە ڕاستی کوردبوونی کەرکووک و تەعریبی بەعس دەکات. بەعس بۆ گۆڕینی سیمای دیموگرافی و دانیشتوانی کەرکووک، هەمیشە لە هەوڵی سڕینەوەی ئاسەواری کورد بووە لەم شارە. بۆیە دەکرێت بڵێین.، بەپێی سەرچاوەکانی ئامار:

ساڵی (١٩٨١)، (٤٥٩٠) خێزان کە دەکاتە (٣٠٠٠٦) کەسی عەرەبی هێناوەتە کەرکووک و ئەم ژمارەیە لە ساڵی (١٩٨٨) دا دەگاتە (٥٣٤٦) خێزان و (٢٤٥٣٦) کەس و ساڵی (٢٠٠٢) (١٦٠٠) خێزان و(٩٧٠٠) کەس.

بەپێی ئامارەکان کۆی هاوردەی عەرەب لە ساڵی (١٩٨٠–٢٠٠٢) گەیشتووەتە (٣٦٩١٢) خێزانی عەرەب کە کردوویەتییە (٢٠٨٧٥٠) کەس و ئەمیش ڕێژەیەکی خەیاڵییە. بەڵام بەعس هەر بەوەوە نەوەستاوە، بەڵکو لە پاڵ هێنانی عەرەب و پێدانی پارە و ئیمتیازی تایبەت و دروستکردنی خانوو بۆیان، چەکداری کردوون و هەڕەشەیان لە کوردە ڕەسەنەکان دەکردو گوندەکانیان پێ چۆڵ دەکرا. بەواتایەکی تر. بەعس چۆن خەریکی هێنانی عەرەب بوو بۆ تەعریبکردنی کەرکووک. لە هەمان کاتدا بەهەمان شێوە لە هەوڵی دەرکردنی کورد بوو.

لە بارەیەوە دەکرێت بڵێین بەعس لانی کەم بەو پێیەی چەند ئامارێک لە بەر دەستدان (١١٥٩٧٢) هەزار کوردی لە کەرکووک دەرکردووەو عەرەبی خستووتە شوێنیان.

بۆ ڕاستی ئەم قسانە خوێنەر دەتوانێت سەرنج لە قسەکانی بەختیار ئەمین وەزیری مافەکانی مرۆڤی عێراق بدات. سەبارەت بە کەرکووک دەڵێ:

(شەمسەدین سامی لە قاموسی ئیعلامی عوسمانیدا) دەڵێت: (٧٨ ٪) ی دانیشتوانی کەرکووک کوردن و نووسراوێکی نهێنی ئەمنی عامی بەعسیش لە ساڵی (١٩٧٧)دا دەڵێت (٩٨٪)ی شاری کەرکووک کوردن و پێویستی سیاسەتی تەعریب زیاد بکرێت و بەختیار دەڵێ لانی کەم لەو (١٨٢٠٠٠) کەسەی بەعس ئەنفالی کردن (١٥٠٠٠٠) کەسیان خەڵکی کەرکووک بوون و سنووری جوگرافی کەرکووک بەشێوەیەک بەر تەسک کرایەوە لە (١٩٠٠٠) کم. بەدابڕینی قەزاو ناحییەکان کرایە (٩٠٠٠) کم و ئەو دەڵێ: سەرژمێری ساڵی (١٩٥٧) بەبەڵگەوە باس لەوە دەکات کەرکووک شارێکی کوردستانییە و عەرەب ساڵی (١٩٣٧) هاتوونەتە ئەو شارە.

نووسەری شۆڤێنی (سەعید قەیسی) تەنیا بەکوردستانی عێراق ناوەستێ و دەڵێ: ئەوان هەوڵی تێکدانی ئێران و سووریاو تورکیاش دەدەن و ئەم پێوەندییانەی کوردو ئیسرائیل ئاکامی مەترسیداری هەیەو هەڕەشە لە یەکپارچەیی خاکی

عێراق و جیابوونەوەی کوردەکان دەکات و ئاکامیش دەوڵەتی کوردستان پێکدێت و بەمەش (ئیسرائیلی دووەم) لە ناوچەکەدا دروست دەبێت لەسەر سنووری نێوان عێراق، ئێران، تورکیا، سووریا.

نووسەر هەستی شۆڤێنی خۆی ناشارێتەوەو دەڵێ: پێ دەچێت ئاکام شەڕێکی ناوخۆ لە نێوان کوردەکان و عەرەبە شیعەو سوننەکان و کەمینە نەتەوەییەکانی تر بەرپا ببێت و ئەم نەخشەو پیلانانەی کە کوردەکان بەهاوکاری باڵی هەڵۆکان لەکۆشکی سپی جێبەجێ دەکەن، ئارامی ناوچەکە تێکدەدات و نەخشەی سەرلەنوێی ناوچەکە دەگۆڕێت و ئەمەش کارتێکە بەدەستی واشنتۆنەوە بۆ کۆتاییهاتن بە ڕژێمەکانی ئێران و سووریا بەهاوکاریکردنی گرووپە ئۆپۆزسیۆنە کوردییەکانی ئەو دوو وڵاتە.

بەم شێوەیە، نووسەر چەندین سیناریۆ دروست دەکات کە کورد لێیان بێ ئاگایە، بەڵام ئەوە بۆچوون و سەرنجی بەتەنیا نووسەرێک و گۆڤارێکی عەرەبی نییە، بەڵکو ئەمە هەمان بۆچوونی زۆربەی وڵاتانی ناوچەکەو عەرەبە دژی گەلی کورد.

بەڵام مێژووی سیاسی گەلی کورد. پڕیەتی لە کارەسات و قوربانی و هەزاران سیناریۆی دوژمنکارانەی وا کە ناتوانێ لە بەدیهێنانی مافەکانی پاشگەزی بکاتەوەو ئاکامیش دەبێت بە ئامانجەکانی بگات و ئەم سیاسەتە چەواشەکارییە بەر پێ بگرێت و ڕیسوای بکات. بەڵام ئەوەی گرینگە بوونی ئیرادەیەکی پتەو و خوێندنەوەیەکی واقیعییە بۆ ڕووداو و ڕەهەندە سیاسییەکانی جیهان و ناوچەکە.

٣

چەند بۆچوونێکی سیاسی هەبوو پێیوابوو بەکۆتاییهاتنی دەسەڵاتی تۆتالیتاری بەعس، کێشەو قەیرانە ئەتنیکی و تایفی و مەزهەبی و سیاسییەکانی عێراق کۆتاییان هاتووەو عێراق ئەتوانێت ئەزموونێکی نوێ دەست پێ بکات و خۆی ڕێک بخاتەوە. گەر ئەم شێوەیە تا ڕادەیەکی زۆر گەشبینانە بێت و هەوڵێک بێت بۆ مۆدێرنیزەکردنی عێراق و پێکهاتنی مۆدێلێکی نوێ لە ناوچەکەدا، کە چەمکی دیموکراسیزم پلورالیزم جێگە بە چەمکە تۆتالیتاریی و تاکڕەوەکان لەق بکات، بەڵام خودی پێکهاتەی ناهۆمۆجینی دابەشبوونی عێراق هێشتا گریمانەیەکە هەڕەشە لەو ئەگەرەی سەرەوە دەکات وەکو چۆن لە ماوەی (٨٣) ساڵی ڕابردوودا، حوکمی کەمینەی سوننەی عێراقی کۆنترۆڵ کردو گشت ئەتنیک و تایفەکانی تری لەهەموو مافە سیاسی و ئینسانییەکان بێبەری کردو بۆ پاراستنی ئیمتیازەکانی هەموو شێوازەکانی ئاپارتایدی سیاسی، جینۆسایدو تراجیدیای بێ وێنەی گرتەبەر، ئێستاش هەمان ترس ڕەنگە خۆی دووبارە بکاتەوە بەڵام ئەمجارە بە فۆرمی دینی مەزهەبییەوە لەسەر دەستی زۆرینەی (شیعە)، لە ئێستادا بە بۆچوونی من گەورەترین مەترسی لەسەر دروستبوونی عێراقی نوێ و بەدیهێنانی مافەکانی گەلانی عێراق لە ئێستادا شیعەیە، ناکرێت ئەو واقیعە لەبەرچاو نەگیرێت و قبوڵ نەکرێت کە شیعە وەکو پێکهاتەی نەتەوەیی و مەزهەبی زۆرینەی پێکهاتەی عێراقە بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە هەموو مافەکان بدات بەخۆی و وەکو ئێستای بیر بکاتەوە. با بپرسین شیعە چ تیۆرێکی بۆ عێراق هەیە..؟

شیعە دەیەوێت وڵاتێکی ئیسلامی شیعە مەزهەب بێت لەسەر مۆدێلی هاوشێوە شیعە ئێرانییەکەی سیستماتیزە بکات و هەمان مۆدێل بگوازێتەوە ناو پێکهاتەی سیاسی عێراق، شیعە دەیەوێت دیموکراسی و هەڵبژاردن لە عێراقدا هەبێت بەڵام لەگەڵ مەفهوم و ناوەڕۆکی ئەم دوو چەمکەی سەرەوە نییە بەڵکو دەیەوێت ئەم چەمکە وا ئاڕاستە بکات کە لەبەرژەوەندی خۆیدایە، دیموکراسی و هەڵبژاردن

ببێته یەکلاکردنەوەی زۆرینەو کەمینەی بۆچوونەکان بەڵام ئامادە نییە سیستمێکی عەلمانی مەدەنی پلورالیست قبوڵ بکات.

بێگومانیشم گەر شیعە زۆرینە نەبێت هەرگیز گەمەی دیموکراسی و هەڵبژاردن قبوڵ ناکات، چونکە شیعە وەکو مەزهەب و ڕوانینی بەدیوە مەزهەبییەکەیدا، هەمیشە لەسەر ڕابردوو دەژی و زیاد لەسنوور پەیوەستە بە عادات و تەقالید و سرووتە دینییەکانەوە. هەر لەچیرۆکی ئیمامی عەلییەوە تا دەگاتە حسن و حسێن و چیرۆکەکانی تری وەک پیرۆزکردنی نەجەف و کەربەلاو کازمیە.. وەکو سیمبولی ڕابردوو ئێستاو داهاتووی شیعە، بۆیە گەر شیعەیەک ئامادە نەبێت دەستبەرداری هەموو ئەم سیناریۆ و بیرکردنەوانە بێت ئیتر چۆن دەتوانرێت عێراق لەسەر دەستی زۆرینەی شیعە ئاسوودە بێت؟ پاشان بابپرسین شیعە بەچ مافێک ڕازییە بۆ سوننە، بۆ کورد بۆ ئیتنیک و ئاینزاکانی تری عێراق؟ ئاخۆ ئامادەیە فیدراڵی بۆ کورد قبوڵ بکات؟ لەم بارەیەوە دەمەوێت سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە ڕابکێشم هەر لە کۆبوونەوەی سەلاحەدینەوە تا ئێستا شیعە و باڵەکانیان فیدراڵییان ڕەت کردووەتەوە یان بیانوویان بۆ هێناوەتەوەو تا ئێستاش بۆچوونی ڕوون و ئاشکرایان نییە لەسەر مەسەلەی کورد و فیدراڵی شیعە لەڕووی ئیتنیکەوە مامەڵە لەگەڵ کورد دەکات و دەیەوێ خۆی بە خاوەنی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و عێراقی بزانێت بە پێچەوانەوە لەگەڵ سوننە و دینەکانی تر لەسەر ئەساسی مەزهەبی مامەڵە دەکات و هەموو ئیمتیازەکان بۆ شیعە دەگێڕێتەوە، بابپرسین: شیعە ئامادەیە وەزارەتی کاروباری ئیسلامی بگۆڕێت بۆ کاروباری دینی بەواتایەکی تر وەزارەت جێگەی ئاین و مەزهەبەکانی تری تیادا بێتەوە گەرچی ئەم مەسەلەیە تا ئێستاش یەکلا نەبووەتەوە بەڵام هەرگیز شیعە ئامادە نییە دەستبەرداری ئەم مافە بێت پاشان شیعە و باڵی ئیسلامی دێن ڕۆژی (٨ مارس) ڕۆژی جیهانی ژن زەوت دەکەن و (١٨)ی ئاب ڕۆژی لەدایکبوونی فاتیمەی زەهرا دەکەنە ئەڵتەرناتیف لە کاتێکدا (٨ مارس) ڕۆژی ژنانی نێو دەوڵەتییە مەسەلەیەکی ئینتەرناسیۆناڵە بەڵام شیعە ئەم مەسەلەیە بەرتەسک دەکاتەوەو بۆ تەقسێکی دینی بەرتەسک، بۆیە گەر مەسەلەکە بەدیوی دیموکراسیدا سەیر بکەین شیعە بۆ فەراهەمکردنی بە دەستهێنانی زۆرینە دیموکراسی قبوڵە بەڵام هەرگیز لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەم چەمکە تەبا نییە، لەم نێوەندەدا شیعە دەیەوێت زۆرجار تاکتیکانە ڕەفتار بکات بەڵام

لەسەر هاوکێشەیەکی بەرژەوەند خوازانە بە واتایەکی تر شیعە دەیەوێت لەگەڵ سوننە بلۆکێک بێت بە دژی ناسیۆنالیزمی کوردی. بەهەمان شێوە ئەم تاکتیکە لەگەڵ تورکمانە شیعەکانیش پیادە بکات وەکو چۆن لەچەند مانگ لەوە پێش لە ڕووداوەکانی تەقاندنەوەی مەرجەعێکی شیعە لە دوزو ناوچەکانی کەرکووک ئەم هاوکێشەیەی بە قازانجی خۆی بردە پێش و ڕووکەشێکی سیاسی تاکتیکانەی مەزهەبی دایە قەیرانەکە. بەم شکڵە شیعە تا دوا (کارت) لە هاوکێشەکاندا گەمەی سیاسی تاکتیکانە دەکات بۆ گەیشتن بە ستراتیجی دەسەڵاتی مەزهەبی و نەرمونیان مامەڵە دەکات بەڵام گەر هاوکێشەی بە خواستی ئەو ڕێیان نەکرد زۆر دوور نییە پەنا بباتە بەر توندوتیژی و دەسەڵاتی تاکڕەوییانە. شیعە لە عێراقدا بەهێزترین گرووپی سیاسی و تەنانەت گرووپە مەزهەبییەکانیش لە بابەتی سەندیکا و ڕێکخراوەی دینییەوە لە پاش هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ساڵی (١٩٧٩) خومەینییان وەکو ڕابەرێکی ڕۆحی و کۆماری ئیسلامییان وەکو مەرجعێکی شیعەی دنیایی سەیر کردووە هەر بۆیە لەدوای ئەو مێژووە تاران و مەشهەد و شیراز دەبنە بنکەی گردبوونەوەی گرووپە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراقی شیعەو هەموو هاوکارییەکی بەرچاویان پێشکەش دەکرێت تاروخانی ڕژێمی بەعس. بۆیە دەمەوێت بڵێم: شیعە لە ئێستای عێراقدا ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەری ئێرانی شیعە دایە ئەم خاڵەش بۆ ئێران زۆر گرینگە کە عێراق بکاتە وڵاتێکی مەزهەبی شیعە و نفوزی خۆی تێدا بەرێتە پێش: شیعە دەیەوێت هەمان مۆدێلی ئێران و سیاسەتی لە عێراقدا پراکتیزە بکات و هەمان مەنتیقی خومەینی بەکار بهێنێت، بەڵام ئێستا تاکە فاکتەری بە پلەی یەکەم ئەم ڕێگایە. کە نەیهێشتوە سیناریۆکانی شیعە وەبەر بێت و هەمیشە هەوڵی داوە لەئێرانی دابڕێ و ئەم کاریگەرییە کەم بکاتەوە و لە پەیامێکی سیاسیدا پێی ڕابگەیەنێت، کەئەم مۆدێلەی ئێران لە عێراقدا نەک هەر ئیمکانی پەیرەوکردنی نییە بەڵکو لە ناوچەکەشدا کاتی نەماوە؟ شیعە لە پێش ڕووخانی بەعسدا ئامادەی ئەوەی تیا نەبوو نەرمونیان بێت لە هاوکێشەکاندا و زۆرجار ئامادەی دیالۆگوکانی داهاتووی عێراق نەدەبوو لەسەر مەسەلە چارەنووسسازە نەتەوەیی و دیموکراتییەکان قسە بکات، ئێستاش بەناچاری پێ دەچێت ملی بۆ زۆر لە داواکان دابێت بەڵام هەرگیز لەگەڵ مەسەلە نەتەوەیییەکانی کورد لەبابەتی فیدراڵی و مافی چارەی خۆنووسین

یەک بگرێتەوە. گومانیش لەم خاڵە ئەوەیە شیعە دەیەوێت لەڕووی جوگرافییەوە زۆرترین سنوور، لەڕووی نفووسەوە هەموو لە عێراق بخاتە ژێر کۆنترۆڵی سیاسی دەوڵەتی یۆتۆپی و هەیمەنەی سیاسی خۆیەوە، ئەم خەونەش دەمانگەیەنێتە ئەوەی زۆر بەترسەوە لە خەونی شیعە بڕوانین خەونێک کە دەیەوێت خەلافەتی فەقێهی دابمەزرێنێتەوە. ئەوەش کە قسەی لەسەر نییە ئەوەیە چنینەوەی هەموو ئیمتیازەکان لەلایەن ئەتنیک و گرووپێکەوە بۆ خۆی مەترسییەکە تا ئەو ڕادەیەی کە دوور نییە ئەزموونی تۆتالیتاری و ملیتاری بەعسیزم دووبارە بێتەوە.

پاش ئاڵوگۆڕەکانی عێراق و سەرکەوتنی پرۆسەی رزگاری عێراق و پێکهاتنی ئاڵوگۆڕەکان بۆ فەراهەمکردنی عێراقێکی پلورالیستی و مۆدێرن. بەهەموو لایەنەکان وا خۆیان نیشان داکە دەبێ عێراق لەسەر تەرز و مۆدێلێکی ئەوروپی بونیاد بنرێتەوەو تا ئەوپەڕی ئازادییەکان و مافە مەدەنی دیموکراتییەکان بەرقەرار بێت، بەڵام زۆربەی ئاماژەکان وایان نیشان نادا و هەرکام لەو گرووپ و لایەنانە تێڕوانینی سیاسی و ئیدیۆلۆجی جیاوازیان هەیە بۆ کێشەکان و لەسەر هەموو ئەو قەناعەتانەی پێشوو پاشگەز بوونەتەوە.

هەر لەو کاتەوە لە ساڵی (١٩٢١) کە عێراق دروست بوو، بەبێ گوێدانە مەسەلە رەگەزی و ئێتنییەکان، مەسەلە دینی و تاریخی و مەزهەبییەکان، عێراق بەبێ هیچ پێوانە و پێوەرێک بە دەوڵەتێکی (عەرەبی) و (ئیسلامی) ناوزەد کرا.

گومان نییە لەوەدا کە پێکهاتەی دابەشبوونی دانیشتوانی عێراق و مۆزایکی دانیشتوان، فۆرمێکی ناهۆمۆجینی وەرگرتووە ئەمەش زادەی فاکتەری دەرەکی نییە، ئەوەندەی واقیعەتی مەسەلە ئێتنیکی و تایفی و جوگرافیی عێراقە. ئەم شکڵە ناهۆمۆجینە، کە زادەی واقیعەتی هەشتاو سێ ساڵی عێراقی دروستکراوی ئینگلیزە، تائێستاش فۆرمەڵەیەکی واقیعی نییە بۆ کارکردن لەسەری و سەلماندنی مافەکانی وەک یەکی رەگەز و تایفە جۆرەوجۆرەکانی عێراق، بەڵکو رێک بە پێچەوانەوە، نەبوونی ئەم فۆرمەڵەیە هەمیشە عێراقی سپاردووەتە قەیرانی جۆرەوجۆر و چەوساندنەوەی هەمەلایەنە.

تا ئەوەی هەر لە دروستبوونی عێراقەوە لە ساڵی (١٩٢١) ەوە، کەمینەی تایفی (سوننە) حوکمی عێراق دەکات، لەژێر ناوی مەسەلەی ناسیۆنالیزم و لەم نێوەندەدا سوننە بە هەردوو باردا، دژایەتی گەلانی عێراق دەکات، بەواتایەکی تر لەژێر پەردەی ناسیۆنالیزمدا دەیەوێت لە ئەهمیەتی تایفی (شیعە) کەم بکاتەوە، شیعە

بێنتە سەر ئەو قەناعەتەی کە دەکرێت بێ گوێدانە مەسەلەی تایفی و مەزهەبی لەژێر ناوی (عەرەب و ناسیۆنالیزم) دا کاربکەن، لەکاتێکدا شیعە هەمیشە دژی ئەم فۆرمی کارکردنە بووەو بەبێ ئەهمیەتی زانیوە. لەلایەکی ترەوە سوننە بەرامبەر بە (کورد) یش ئەوەی وا دەرخستووە کە کورد دەیەوێت دژایەتی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بکات، و ویستوویەتی کورد وا حساب بکات، کە هەڕەشە لە عەرەب و مەسەلە رەگەزییەکانی عێراق دەکات، لە کاتێکدا هیچ کام لەو دوو هاوکێشەیەی سوننە راستیش نەبوو، بەڵکو هەموو سیناریۆکان لەپێناو درێژەدان بەدەسەلاتی کەمینە و مانەوەی ئیمتیازەکان بووە، گومانیشی تێدا نییە لەپاڵ ئەم سیناریۆیەی کەمینەی سوننە هەمیشە پەنای بردووەتە بەر زەبرو زەنگ بۆ سەرکوتی (شیعە) ی تایفی و (کوردی رەگەزی سەرەکی عێراق).

لە کاتێکدا سوننە تەنیا (٢٠٪)ی عێراق پێکدێنێت، بەپێچەوانەی شیعە بە هەردوو باری رەگەزی و ئاینیدا زۆرینەی عێراق پێکدەهێنێت، بەلام دەسەلاتی بیرۆکراتی سوننە هەمیشە لە هەوڵی پەراوێز خستنی شیعەدا بووە، واتا لەماوەی هەشتا و سێ ساڵ رابردوودا، لەسایەی سیستمی سیاسی کەمینەدا، سوننە بەپلەی یەکەم، عێراقی وەکو وڵاتێکی عەرەبی ناساندووە، پاشانیش بۆ سیستماتیزەکردنی دەسەلات، تاکتیکانە ئاینی ئیسلامی کردووەتە، ئاینزای بەزۆری سەرجەم عێراقییەکان.

لەم بارەیەوە حەزدەکەم سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە رابکێشم، بەعسی سوننی شۆفێنزم بۆ چەواشەکردنی رای گشتی و تاکتیکی سیاسی لە عێراقدا دێت "الله اکبر" دەخاتە سەر ئالای عێراق، لەکاتێدا بەعس کەمترین بڕوای بەمەسەلە ئاینیەکان هەبوو زۆرترین تراجیدیای بەدژی گەلانی موسڵمان و مەسیحی و ئاینزاکانی تردا، ئەنجام دا، بۆیە لەم رووەو دەبینین عێراقی خزاندووەتە ناو جامیعەی وڵاتانی عەرەبی و کۆنگرەی وڵاتانی ئیسلامی، لەکاتێکدا نە عێراق وڵاتێکی عەرەبییە و بەو مانایەی لە عێراقدا تەنیا عەرەب بژی، لە هەمان کاتدا ئاینی ئیسلامیش ئاینی سەرەکی و گشتی گەلانی عێراق نییە. بەو پێیەی جیا لە ئیسلام چەندین ئاین و ئاینزاو مەزهەبی جۆرەوجۆر هەن، بەلام هیچ جێگایەک بۆ ئەم ئاین و مەزهەبانە لە عێراقدا حسابی بۆ نەکراوە. بەدرێژایی سیستمە سیاسییەکانی عێراق، هەر لەسیستمی پاشایەتی، کۆماری.. جگە لە گۆڕینی

شەش سەرکۆمار. هەمیشە کەمینەی سوننی ناسیۆنالیستی و تاکڕەوە و تۆتالیتار لەژێر ناوی (عـەرەب – ئیـسـلام) دا کـاری کـردووەو خـەریکی چەوسـانـدنەوەی پێکهاتەکانی تری عێراق بووە. گەر دیقەت بدەیت ئەو کاتەی ئینگلیزەکان لە ساڵی (١٩٢١) دا مەلیک فەیسەڵ دەکەنە حاکمی عێراق، قەیرانە تایفی و ڕەگەزییەکانی عـێـراق دەس پـێ دەکـات. تا دواتریش کـە ڕژێمی کـۆمـاری لە (١٤) تەمـوزی (١٩٥٨)دا. بەڕێبـەرایەتی عـەبدولکەریم قـاسم دێـتـە سـەر حـوکم و ڕادەگـەینـێ کە سیستمی کۆماری جێگەی پاشایەتی دەگرێتەوە و لەبەندی (٧)ی دەستووری نوێدا هاتووە کە گەل سەرچاوەی دەسـەڵاتە، دواتریش بە هاتنی ڕژێمەکانی تر. تادەگاتە بەعس ئەم فـۆرمی بـە عـەرەببـوون و ئیـسـلامـیـبـوونە درێژەی دەبێت و وەکـو سـیناریۆیەکی سیـاسی چەواشـە، بە هـەردوو دیوەکـەیدا بەکـاری دەهێنێت. بەڵام دەکرێت بپرسین ئاخۆ لەژێر چ بیانوویەکدا عێراق بە وڵاتێکی عەرەبی و ئیسلامی دابنرێت؟

بۆ قـسـەکـردن لەسـەر ئەم مـەسـەلـەیە، پێـویسـتـە پێـشـتـر ئەو تـایفـە و ڕەگـەزە جۆرەوجـۆرانەی عێراق بناسین و پاشان چەند ئامارێک لەو بارەیەوە بڵاوبکەینەوە، جـا دواتر تێـدەگـەین کـە ناکـرێت عـێـراق بە وڵاتێکی عـەرەبی و ئیـسـلامی تەنیـا بژمێردرێت، بەڵکو دەبێ عێراق بەو ناهۆمـۆجینەیەی هـەیەتی مـۆزایکێکی تری پێدا ببڕێ لە ڕووی ئێتنیکی و ڕەگەزییەوە.

عێـراق لە ڕووی ئیـتنیکییـەوە پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی هـەیە لە بابـەتی (عـەرەب – کورد –ئاشووری –تورکمان – سریانی – ئەرمـەنی – ئێرانی) لە ڕووی مـەزهـەب و ئاینیـشـەوە لە (ئیـسـلام) (سـوننە) کـە ئەمـیش جگە لەوەی چوار پەیڕەوی هـەیە (شـافیـعی، حـەنەفی، مـالیکی و حـەنبەلـی) هـەیە، هـەروەهـا چوار تەریقـەی هـەیە بەم شێوەیە (قـادری، نەقشبەندی، ڕەفـاعی، هـەقە) دواتریش " شیعـە" دێت، پاشانیش " مەسیـحی " لە نەسـتـۆری، یاقوبی، سووریانی، ئەرسەدۆکس) پێکدێت، پاشان ئاینی کلدانی) ئەنجا ئێزیدی و ئەهلی هـەق " کاکەیی" شـەبەک، سارەیی، گۆران ...) هـەن.

ئەمـە جگە لەوەی لە چـەندین سـەرچاوەی تردا باس لە (فـەلە و جـوولەکە) کراوە وەک (بابایی، بەهائی، یارسـانیـزم) بەپێی چەند ئامـارێکیش لە سـاڵی (١٩٧٧)دا فـەلە لـە (٢٥٢٤٧٨) هـەزار بەڕێژەی (٢,١٤٪) ی سـەرجـەم و دانیـشـتـوانی عـێـراق

پێکهـاتووه، ئێـزیدی (١٠٢١٩) هـەزار بەرێژەی (٠,٨٦٪) سـوبـبی (١٥٩٣٧) و جـوولەکە (٣٨١٠٠٠) هەزار لەلایەکی ترەوە بـەپێی ئامـارێکی سـاڵی (١٩٨٧) کورد (٤,٣٨٧,٠٠٠) ملیۆن کەسەو رووبەرەکەشی (١٨٧,١١٧) کم٤ کە دەکاتە نزیکەی (١٨,٣٪) ی سـەرجـەمـی دانیـشـتـوانی عـێـراق و لە (١٦,٢٪) ی سنووری گـشت عێـراقـە. لە کـاتێکدا بە گـوێرەی سـەرژمـێری سـاڵی (١٩٩٠) ئەگەر چی دەسـتی بەعسی تێدابووە، ژمـارەی دانیـشـتـوانی بەم شـێـوەیە کە رێژەی (١٨,١٠٠,٠٠٠) ملێـون کـەسـە. (٧٧٪ عـەرەب- ٥٣٪ -٦٠٪ شـیـعـە)، ١٧٪ سـوننـە) (١٩٪ کـورد)، (١,٤) تورکـمـان، (٠,٨٪ ئاشـووری)، (٠,٨٪ ئێـرانی)، کـەواتا ئەو پێکهـاتە ناهۆمۆجینە رەگەزی و مەزهـەبییەی ناو عێراق، زادەی واقعی کۆمەڵگای عێراقییە، واتا نەدەسـتکردەو نەهاوردەیە، بۆیە پێویسـتـە چاوخشـاندنەوەی ورد بە سیسـتـمی سیـاسـی و ئیداری عێراقدا بکرێت، ئەوەی لە چەند سـاڵی رابردووی عێراقدا رووی دا، ئەوەی لەسـایـەی سیسـتمی تۆتالیـتاری کەمینەی سوننەدا لەژێر نـاو و بیانووی یەکپـارچەیی عێراق و عێراقی ناسیۆنـالیسـتی ... بابەتی تردا ئـەنجامـدرا، سـوننە کەمـینە بە خـاتری مانەوەی ئیمتـیازەکانی خۆی جگە لەوەی هـەمـوو زەبروزەنگێکی بەکارهێناوە، زۆرجـاریش پەنای بردووەتە بەر تاکتـیکی سیـاسـی، بۆ نموونە کورد بەهـەرەشـە، بۆسـەر هـەستی ناسـیۆنالیستی عەرەب و شیعـەشی کردووەتە مۆتەکەی مەزهـەبی و بەهـاوردەی ئێران یان مایەی مەترسی بۆ سـەر ئیسلام ئەژمار کراوە.

وەکو باسمـان کرد پێکهاتەی مۆزایکی عێراق پێکهاتەیەکی ناهۆمـۆجینی هەیە، بۆیە میکانیزمی گونجاو و واقیعی دەوێت بۆ فەراهـەمکردنی مافەکانی هـەموو ئێتنیک و مەزهـەبە جیـاوازەکان، ئەم دۆخە هێشـتا مایەی مـەترسییە، بەتایبـەتـی کە شیـعە خۆی بەمـیراتگری سیـستمی سیـاسـی عێراق دەزانـێت و لانی کەم دەیەوێت ئەویش بۆ خـۆی هـەشـتـاو سـێ سـاڵ ئیمـتـیـازەکـانی (سـوننـە) لە دەسـەڵات بۆ خـۆی پاوان بکـات، ئەم بۆچوونـە نە زادەی هـەسـتـی ناسـیـۆنالیـزمی کـوردییـە، نە شـتـێکی یۆتۆپیایە، بەڵکو زادەی واقیـعی بیرو بۆچونەکانی ئێسـتای شیعەیە، شیـعە چ وەکو باڵی مـەرجـەعی دینی، چ وەکـو رەوتی سـیـاسـی کـۆمـەڵگای عێـراق، لەبـەرامبـەر هەڵوێست و تێروانین و خوێندنەوەی بۆ رەوتی کـارکردنی، ئامـادەگی تێدا نییە واز لەو خەونە یۆتۆپییە بهێنێت، ئەم واقیعەتە بەئاشکرا هەستی پێ دەکرێت کە شیعە دەیەوێت ئەزموونی کۆماری ئیسلامی ئێران لە عێراقدا دووبارە بکاتەوە. بەوەی کە

خومـەینی دەیوت " باشـترین فۆرمـەڵە بـۆیەکخسـتنی توانا و هەوڵەکانـی گـەلانی ئیـران (دین)ە، بە فـعلیش ئێـران ئەم سیاسـەتە ناواقیـعەی لە مـاوەی (٢٥) سـاڵی رابردووی دەسـەڵاتی خـۆیدا بەسـەر پێکهـاتـەی ناهۆمـۆجـینی گـەلانی ئێـراندا سـەپاندووە، لـەکاتێکدا خـراپـترین مـۆدیلی بـەڕێوەبردنی وڵاتە و مـافی هـیچ کام لە گـەلان و ئتنیک و مـەزهـەبـەکان دابـین ناکات، بـەقـەدەر ئـەوەی ئیـمـتـیـاز دەدات بە کەمینە و حوکمی دەسەڵات، لایەکی ترەوە شیعە دەیەوێت بڵێت! باشترین فۆرمەڵە بۆ عـێـراق، فـۆرمـەڵەیـەکی دینـی، شـیـعـەیە، بـۆ چارەسـەرکـردنـی پێکهـاتەی ناهۆمـۆجـینی گەلانـی عێـراق، بەم شکڵـە شـیـعـە دەیـەوێت، ناڕاسـتـەوخـۆ، چەند پەیامـێک ئاڕاسـتـەی عێـراق بکات، پەیامێک ؛ پێـمـان بڵـێت ؛ پێکهـاتەی عـێراق زۆرینەی " شـیـعـە"یـە ئەو ناڵێت زۆرینەی " عـەرەب " ە، واتا دەیەوێت بڵـێت، عێراق وڵاتێکی مـەزهـەبی ئیـسـلامی " شـیـعـە" یە و ئەم مـۆدێلـەش باشـترین مـۆدێلە بۆ ئێـسـتـای عێـراق، یان بۆ عـێـراقی ناهـۆمـۆجین، ئەمـەش واتا: مـەسـەلە ئتنیکی و نەتەوەییەکان دەخاتە پەراوێزەوە، بەم شێوەیە کورد وەکو دووەمین نەتەوەی عێراق دەبێ بەپێی خواستـەکانی شیعە مل بۆ دەوڵەتێکی مەزهەبی بدات، کە لە ئەساسدا قـەناعـەتی پێ نییـە، بەڵکو فۆرمـەڵەی فیـدراڵی ـنەتەوەیی ـجوگرافی بەباشترین فۆرمەڵە دەزانێ وەکو دووەمین نەتەوەی زۆرینەی عێراق. جگە لەوەی خاوەنی سیما و خـەسڵـەت و تایبـەتمەندی نەتەوەیی خـۆیەتی، چونکە یەکـەمین قـوربانی پێکهـاتەی سـیـسـتـمی سـیـاسـی عـێـراقی دەسـتکردی ئینگلیـز بوو، و لەمـاوەی (٨٣) سـاڵی رابردوودا، بەتایبـەتی سیستـمی تۆتالیتـاری بەعس. کورد هەمـیشـە بە دوژمنی پلە یەک و هـاووڵاتـی پلە دوو حـسـاب کـراوە و پێ دەچێت پاش هەشـتـا و سێ سـاڵی رابردوودا لەسـایەی لیـبـرالیـزمی خـۆرئـاوادا، هەمـان سـینـاریۆ دووبارە بێـتـەوە، لەکاتێکدا ئەم فۆرمەی شـیعـە تەرحی دەکات. نەکاتی ماوە و نەقـابیلی قبوڵ. گـەر خـیـارەکانی کـورد وەکو فیـدراڵی قـبـوڵ نـەکرێت. رەنگە کـورد پەنا بۆ خـیـاری تر بەرێت و ئەو کـات پێکهاتەیەکی نوێ بۆ عێـراق دادەڕێژرێت، پاشـان کورد نایەوێت عێراقێکی (عـەرەبی – ناسـیۆنالیسـتی – ئیسـلامی – شـیـعە) بێتـە کایەوە، مـافی ئتنیک و گەل و مەزهەبەکانیتر پێشێل بکرێت. ئەگەر چی ئەم مۆدێلەی شیعە تەنیا کـورد زەرەرمـەند نابێت، بەڵکو سـونـنـە خـۆی، تورکـمـان، ئاشـووری، مـەسـیـحی، جوولەکە ... زەرەرمەندن، بۆیە گەر عێراق بە مۆدێلێکی نوێدا گوزەر بکات و بیەوێت

ببێتە لانی کەم مۆدێلێکی کۆپی ئەوروپی و سیستمی پلۆرالیزم و لیبرال تێیدا جێگیر بێت پێویستی بەسەرلەنوێ سیستماتیزەکردنی دەسەلات هەیە، رەنگە مۆدێلی هەیکەلەی دەسەلات لە لبنان لەنێوان سێ پێکهاتەی جیاوازدا، باشترین مۆدێل بێت بۆ عێراق بۆ دابەشکردنی هەر سێ دەسەلاتەکەی عێراق لە (سەرۆکی دەوڵەت، پەرلەمان، حکوومەت) بۆیە پێویستە عێراقی داهاتوو، عێراقێکی عەرەبی و ئیسلامی نەبێت، جامیعەی عەرەبی و ئەندامبوونی ناتوانێ کێشەکانی عێراق چارەسەر بکات، چونکە هەرکام لەوان خاوەنی سەدان قەیران و کێشەن و کاریگەرییان لەسەر رەوتی هیچ کام لە رووداوەکان نییە، گەر کێشەی " ئیسرائیل –فەلەستین " وەکو نموونە وەربگرین، چونکە هێشتا ئیسلام بۆ خۆی گیرۆدەی ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزمی گرووپە ئیسلامییەکانە، عێراق هێشتا لە سەرەتای دروستکردنەوەدایە، بۆیە گەر هەوڵەکانی بەوردی نەخوێندرێنەوە، دوور نییە بەرەو هەڵدێر و تەنگژەی زۆرتر و زیاتر نەچێت.

٥

بەدرێژایی (٨٣) ساڵی رابردوو، تاکە میکانیزمێک کە رەوتی سیاسی و کۆمەڵگای عێراقی پێ بەڕێوە چووە، سیستمی تاکڕەوانەو تۆتالیتاریتە بووە لەسەر دەستی هەرکام لەپێکهاتە سیاسییەکانی عێراق، گەر ئەمەش بزانین، لەو زەمەنە سیاسییە پڕ قەیرانەدا کەمینەی عەرەبی سوننە گشت ئیمتیازەکانی بۆ خۆی پاوان کردووە و هەمــوو رەهەندێکی نامــەنتــیــقی گــرتووەتە بەر بــەخــاتری بەردەوامی دەســەڵاتی سیاسی و جینۆسایدەکانی.

قسەی لەسـەر نییە، کە دەوڵەتی کەمایەتی (کەمینە) مۆدێلێکە چۆن لەدایکبوونی نائاساییــە، بەهەمان شێوە مانەوەشی موسیبەتە بۆ وڵات و گەلانی ناو ئەو قەوارە سیاسییە جوگرافیەی ناوی، چەندەش درێژە بەحوکمی خۆی بدات ئەوەندەش پێ لەســـەر مــانەوەی خــۆی لە رێگای هێــزەوە دەدات و دەســەڵاتەکــان بەرتەسکتــر دەکاتەوە، تازۆرترین ئیمتیازەکان بە بەردەوامی بچنێتەوە.

تاکە فاکتەر کە چانسی مانەوەی دەوڵەتی کەمایەتی درێژتر بکاتەوە لەهەموو کاتێکدا، سەرکوت و جینۆسایدو تراجیدیا و سەرکوتی نەیارانیەتی.

بەکورتی دەمەوێت بڵێم، عێراقی (٨٣) ساڵی رابردوو ئەو دەوڵەتە کەمینەیییە کە باسم کـردو گەلانی عێـراقـی کـردە قـوربـانی جـەللادبوونی خـۆی و زەرەرمــەندترین پێکهاتەی ناو ئەو سیستمەش بەپلەی یەکەم (کورد) بوو لەبەرئەوەی؛ هەمیشـە وا سـەیر کراوە، یەکەم مەترسییە بۆ سـەر دەسـەڵاتی ناوەندی کەمینەو جوگرافیای دروستکراوی ئینگلیزی (١٩٢١)، بۆیە هەمیشـە بەهاووڵاتی پلە دوو، و دوژمنی پلە یەک ســەیر کـراوە. هەمـوو ئەو میکانیزمـە ســەقەتانە، هیچ چانسـێکی بۆ کـورد نەهێشتەوە لەناو عێراقدا بژی و ئەم دەسەڵاتەی ناوەندی قبوڵ بێت، بۆیە هەمیشە ویســتوویەتی لەناو بازنەی مـەرگدا دەرچێت و زۆر پەنای بـۆ داواکردنی کەمترین مــاف بردووە بەخـاتری رزگاربوون لەو سـیسـتـمـە، بەڵام هەمـوو جـار بەبیـانووی

مەترسی بۆ سەر یەکپارچەیی عێراق و هەستی ناسیۆنالیزمی کوردی تاوانبار کراوە و هەرگیز گوێ لە ماف و خواستەکانی نەگیراوە.

ئەم رەوشە تاڕاپەڕین بەردەوام دەبێت، بەڵام لێرەوە کورد بۆخۆی مێژوویەکی نوێ و پڕبایەخ بەرهەم دێنێت، سەرەڕای خاڵە نێگەتیڤەکانی شەڕی ناوخۆو دوو ئیدارەیی، بەڵام رەوشی جیۆسیاسی و جیۆگرافی ناوچەکە. لەئاست مافەکانی کوردا نەبوو.

بەو پێیەی زۆربەی ناوچەکانی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی بەعسدا مابوون، بەڵام پاش رووخانی سیستمی تۆتالیتاری بەعس، ئەم هاوکێشەیە وەکو خۆی هاتەوەو ناوچەکانی کوردستان ئازاد کران، بەڵام نەک بەو مانایەی کە ماف و خواستەکانی کورد هاتبنە دی، بەڵکو پێ دەچێت سەرەتای قەیرانەکان بەدیوێکی تردا لێرەوە بێت.

پێش راپەڕینی خەڵکی کوردستان، مافەکانی گەلی کورد لە رێگای خەباتی شاخەوە هەوڵی بۆ درا، بەڵام لەماوەی دوانزە ساڵی حوکمی خۆیدا بەهاوکاری هاوپەیمانە نێودەوڵەتییەکانی رێی دەکرد.

بەڵام تا دەگات بەم ساتە، ئەوەی کورد دەیخوازێت نەبووەتە واقیع، کورد بە بەراوردی رەوشی سیاسی عێراق، پاشەکشەی لەمافی سەربەخۆیی خۆی کردووە، کە ئەم مافە دیفاکتۆیەکە قسە هەڵناگرێت. کورد ئەوەی پێشتر گوزەراوەو چەندین قوربانی داوە رووبەڕووی جینۆسایدی ئەتنیکی بووەتەوە وازی لێ هێناوە و دەیەوێت لە رێگای دیالۆگەوە ئەم مافە سەرەتاییانە بەدەرست بخات. ئێستا خواستی کورد فیدراتیڤەکردنی کوردستانە لە عێراقێکی فیدراتیڤدا لەسەر فۆرمی ئەتنیکی _ جوگرافی، بەڵام ئەم خواستە لە سەروبەندی دارشتنەوەی سیستمی سیاسی و دەستووری نوێی عێراقدا، پێ دەچێت، یەکەم بەدحاڵیبوونێک لەلایەنەکانی ترەوە هەبێت سەبارەت بەم خواستە و کورد بەناسیۆنالیست و شۆفێنیست و مەترسی بزانن بۆ عێراق.

دووەم؛ نەگەیشتنە قەناعەت هێنان بەسیستمی پلورالیزمەبوونی عێراق و چەسپاندنی چەمکی دیموکراسی و مافی شارۆمەندبوون، بۆ گەلی کورد لەلایەن پێکهاتە سیاسییەکانی تری عێراقەوە بەتایبەتی شیعە.

سێیەم؛ فاکتەرە دەرەکییەکانیش ڕۆڵی سەبجێکیان هەیە لە بەدیهێنانی ئەم خواستەی کورددا.

خواستی ڤیدراتیڤی کوردستان، جگە لەوەی خواستێکی واقیعییە لەئێستادا، لەهەمان کاتدا، دەرئەنجام و زادەی ئەو واقیعەتە تاڵەشە کە لەماوەی (٨٣) ساڵی رابردوودا. بەدەست سیستەمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراقەوە چەشتوویەتی، بۆیە لەلایەکەوە دەیەوێت لەم ڕێگایەوە دوو گریمانە بداتە دەس بەوەی، یان ئەم سیاسەتە خزمەت بە یەکپارچەیی عێراق دەکات و ئەو گریمانەیەی دوژمنانی کورد بەتاڵ دەکاتەوە کە دەڵێن؛ کورد دەیەوێت دەوڵەتی سەربەخۆ دروست بکات.

یان؛ ئیتر نایەوێت لەداهاتوودا تێکەڵی ئەو جینۆسایدو قەتڵ و عامە بێت کە لەرابردوو رووی داوەو دەیەوێت لە هەرێمێکی جیادا، وڵات بوونیادبنێت و کێشەکانی خۆی چارەسەر بکات و مافی شارۆمەندبوون بۆ تاکەکانی کۆمەڵگاکەی دابین بکات، کە ئەمەش مافێکی سروشتی خۆیەتی.

کەچی سەدان شیمانەی ناواقیعی تر بۆ ئەم خواستەی کورد دەکرێت و سەدان پیلان و نەخشەی دژواری بۆ دەکێشن، بۆیە دەکرێت ئەو واقیعەی گەلی کورد لەماوەی (٨٣) ساڵی رابردوودا لە عێراقدا وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە کە لێرەدا دەیکەم.

ئایە کورد شایەنی ئەوە نییە، یان ئەو مافەی نییە داوای فیدراتیڤەکردنی کوردستان بکات..؟

مەبەست لەم نووسینەو داهاتووی ئەم خواستەش. ئەو مەترسییە جدی و گەورەیەیە کە لەسەر کوردە لە هەمبەر مافەکانی و بەتایبەتی فیدراتیڤەکردنیدا.

زۆر مەترسی خەریکە سەر هەڵدەدەن کە کورد، بەم شکڵە هەستی پێ نەکردبوو یان سەرکردایەتی سیاسی کورد وای هەست دەکرد لە عێراقی پاش سەدام حسێن کورد هەموو مافەکانی وەدەست دەهێنێت، بەڵام دەبینین؛ هەموو مافەکانی گەلی کورد لە کوردستانی باشوور کە بۆ کورد بەڕەوا بینراوە (فیدراتیڤی پارێزگاکانە) ئەمەش تەرەفی نیگەتیڤی واشنتۆنە ئەگەر نا، عێراقییەکان (سوننەو شیعە) دەیانەوێت لەڕێگای دیموکراسیەتێکی عەرەبییەوە (مەبەست لەوەیە کێ زۆرینە بوو عێراق هی ئەوە) کێشەی کورد حەل بکەن.

بەمەش دەکەوینە بەردەم دوو هاوکێشەی ئاڵۆز کە دەکرێ وا خوێندنەوەی بۆ بکەین.

– گەر لایەنەکانی تری عێراق، لە ئێستاوە بەفیدراتیڤەکردنی کوردستان نیگەرانن ئەوە مەسەلەکە روونە، کە ئەوان دیسان دەیانەوێت بچەوسێندرێتەوە، وەکو هاووڵاتی پلە دوو بژمێردرێ، بەواتایەکی تر دەیانەوێت مێژووی تراجیدیایانە بۆ کورد خۆی دووبارە بکاتەوە، بەم خوێندنەوەیەش ئێمە دەگەینە ئەو بۆچوون و شیمانەی هەمانە بەرامبەر رەگەزەکانی تری عێراق، لەبەرامبەر مافەکانی خۆمان ئەمەریکاش لەم بارەیەوە، وەک هەمیشە ستراتیجێکی روونی نییەو ئەمەش ئەوەندەی تر خوێندنەوە بۆ هاوکێشەکان تەمومژاویتر دەکات، بەتایبەتی کە باس لە فیدراتیڤەکردنی پارێزگاکان دەکات بەم شکڵە، مافەکانی کورد بۆ تێگەیشتنی تایبەتی ئەمەریکا دەگەڕێتەوە.

ئەمانە کۆمەڵێک ئەگەرو خوێندنەوەی تایبەتن لەبەرامبەر ئەو رەوشەی کە بۆ کورد هاتووەتە پێشەوە، بەڵام هێشتا ئەگەرەکان زۆرن و هیچ شتێک بەفەرمی بڕیاری لێ نەدراوەو نەچوونەتە قاڵبی دیکۆمێنتی و یاسایی و نێو دەوڵەتییەوە، بۆیە پێویستە هەموو لایەک پێداگری لەسەر ئەم مەسەلەیە بکەین (لە ئێستادا) کە تاکە مافێک لەبەرامبەر داخوازییەکانی کورددا بنێت سەلماندنی فیدراتیڤەکردنی کوردستانە بەشێوەیەکی نەتەوەیی – جوگرافی جگە لەوە لەم کاتەدا هیچ ئەلتەرناتیڤێک ناتوانێ لەئاست ئەم داوایانەی گەلی کورددابن وببێتە خەون ئەگەرچی پێ دەچێت ئەم داخوازییە، کارێکی سانا نەبێت و گەلی کورد بخاتە بەردەم قەیران و کێشەوە، بەڵام دواخستن و کوشتنی کاتیش بەشێوەیەکی تاکتیکی خەتەرێکە کە باجەکەی لە زۆر کێشە و قەیران گەورەترە کە رەنگە چەندین ساڵ کاریگەری نێگەتیڤ جێ بهێڵێت.

ئێمە گەلێک فۆرم و شێوازی جۆرەوجۆرمان لەبەردەستدایە بۆ بەدیهێنانی خواستەکانمان. بەتایبەتی کە لە ئێستادا قسە لە پلورالیزمەبوونی عێراق و کۆمەڵگای مەدەنی دەکەین.

دەکرێت فۆرمی دیالۆگ و مەدەنییانە باشترین شێوازی کارکردن بێت لە ئێستاداو بۆ داهاتووش میکانیزمی تر هەیە..!



ئەنوەر حسێن (٤)

بەڵام سەرەکیترین کاری هەنووکەیی؛ ئاشناکردنی زیاتری خەڵکی کوردستانە بەمافەکانی و چەمکی فیدراتیڤ بەتایبەتی لەلایەکی ترەوە پێمـوایە؛ گەلی کوردستان ئامادەگی ئەوەی تێدایە قوربانی زیاتر بدات و هەنگاوی گەورەتر بنێت لەپێناو بەدیهێنانی ماف و خەونەکانی، چونکە دەیان ساڵە لە خەباتدایە بۆ دەستەبەرکردنی خەونەکانی.

٦

بەدرێژایی (٨٢) ساڵی رابردوو گەلی کورد لە عێراقدا وەکو دوژمنی پلە یەک و هاوڵاتی پلە دوو چاوی لێ کراوە، هەمیشە خراوەتە پەراوێزەوەو لە پێگەی حوکم دوور خراوەتەوە.

لەکاتێکدا بوونی کورد واقیعەتێک بووە کە ناکرێ بەهەر بیانوویەک بێ تەریک بکرێ، بەڵام چونکە خودی پێکهاتەی سیستەمەکانی عێراق لەسەر بنەمای تاکڕەوی و میلیتارییەت دروست بووەو دەستووریش لەلایەن ئەم سیستەمەوە دارێژراوە، بۆیە زۆر سانا بووە، کورد لە هەموو مافەکانی بێبەش بکرێت.

ئەم رەوشە درێژە دەکێشێ تا دەگاتە یەکلابوونەوەی کێشەی دوو بلۆکی خۆرئاوا و خۆرهەڵات لەسەرەتای دەیەی نەوەدەکاندا و راپەڕینی خەڵکی کوردستانیش سەر ئەنجام دەگاتە سەرکەوتن.

بەرزگاربوونی عێراقیش لە دیکتاتۆریەت لە پرۆسەی ئازادی عێراقدا، کورد هەنگاوێکی تر دەچێتە پێش، بەو پێیەی دەیەوێت بەمافەکانی بگات و واقیعانە بیر بکاتەوە لەگەڵ هەلومەرجی نوێی جیهان و سیستمی تازەی نێودەوڵەتی.

بەواتایەکی تر کورد قوربانی زۆری داوە لەپێناو دەستەبەرکردنی مافەکانی، بەڵام ئێستا دەیەوێت لە عێراقێکدا پێکەوە بژی کە هەمیشە کورد مایەی قەیران و تراجیدیا و جینۆساید بووە، عێراق گەر جارێک بۆ عێراقییەکان زیندان بووە، بۆ کورد دوو جار، بەڵام ئێستا قسە ئەوەیە، کورد دەیەوێت لە عێراقدا بژی، بەڵام لەسایەی عێراقێکی پلورالیزم ودیموکراتدا و فۆرمەلەی (فیدرالیزم)یش خواستی واقیعی و حاشا هەڵنەگری هەر ئێستایەتی پاش ئەوەی (ئەنجوومەنی حوکمڕان) لە عێراقدا دروست بوو، ئێستا قسە لەسەر چەمکێکی گرینگ دەکرێت لەپێکهاتەی بونیادێکی نوێی عێراقدا. ئەویش (دەستوور)ە.

تا ئێستا رووننییە، ئەم دەستوورە نوێیە، فۆرمی دارشتنی و ناوەڕۆکەکەی چی

لەخۆ دەگرێت، بەڵام پێ دەچێت پێداگری لەسەر ئەجیندەی پلورالیزم بوونی عێراق و سیستمێکی هۆمۆجینی و مۆدێرن بکات و مافە فەردی و مەدەنییەکان بکاتە دیفاکتۆو مافی شارۆمەندبوون بداتە هەموو عێراقییەک و قەیرانە ئەتنیکی و مەزهەبی و لۆکاڵییەکان چارەسەر بکات. سیستمی پێوەندییەکان دابڕێژێتەوە. پێناسەیەکی نوێی عێراق بکات و قسە لەسەر سیستمی ئاینی، نەتەوەیی، بکات.

بەڵام بۆ کورد خاڵێک کە زۆر گرینگە پێداگری لەسەر بکات مەسەلەی (فیدرالیزم)ە بەپێی فۆرمی نەتەوەیی و سەربەخۆیی ویلایەتی فیدراڵ و جیاکردنەوەی سنووری جوگرافیا و مافە تایبەتییەکانی سیستمی فیدراڵ وەکو هەموو سیستمە فیدراڵە نەتەوەییەکانی جیهان.

بەدەر لەم تێڕوانینە بۆ فیدراڵیەت، کورد دووچاری مێژوویەکی دووبارەی تراجیدی دەبێت لە سایەی سیستمی حوکمی عێراقدا.

گومان لەوەدا نییە (دەستوور) بەروحی دەوڵەت دادەنرێت بەتایبەتی بۆ عێراقێک کە هیچ کات دەستوور مانایەکی سیاسی، یاسایی، نێودەوڵەتی نەبووە.

بەڵکو رەشنووسێکی فریودەرانە بووە، ئینسانی عێراقی مافی شارۆمەندبوونی نەبووە. دادگا خوڵقێنەری تراجیدیا و جینۆساید بووە، سیستمی کۆماری پڕ بووە لە وەحشییەت و شۆڤێنییەت.

دەستوور یان مانایەکی نەبووە، یان پڕاوپڕە لە پشتگیری بەعسیزمی و شۆفێنزمی سەدام حسێن.

بۆیە قسە لەسەر دەستووری نوێ، بەبارتەقای رزگاربوونی عێراق لەدیکتاتۆریەت، ئەهمیەتی خۆی هەیەو هەموو خاڵێک بەهەردوو دیودا، مایەی قسە لەسەرکردن و تێڕامانە، چونکە دەکرێ یەکێک لە رستەکان وا دابڕێژرێت. کۆمەڵێک ماناو مەدلوولی سیاسی مەغزای هەبێت، بۆیە دەستوور هەتا بکرێ گەر کرانەوەی تێدابێت و سنوور بەندییەکانی لابرێت باشترە، بەتایبەتی بۆ کورد کە قوربانی هەموو دەستوورەکانی عێراقە.

دەستووری نوێی عێراقی پەیوەستە بەچەند گریمانەیەک، لەبابەتی ئەوەی تاچەند فراوانە و مافەکان دابین دەکات، تا چەند عێراقێکی نوێ لە عێراقی پێشوو دەخوڵقێنێت، تا چەند عێراق دەکاتە سیستمێکی مۆدێرن لە خۆرهەڵاتی

ناوەڕاست، تاچەند عێراق دەکاتە داینەمۆی ئاڵوگۆڕی سیستمە ئۆلیگارشی و مەزهەبی و سوننەتی و تۆتالیتارییەکانی هاوسێی ناوچەکە..؟!

واتا دەستووری نوێ، دەتوانێ عێراق بکاتە کۆپییەکی بچووکی لانی کەم سیستمی پێشکەوتووی ئەوروپا، یان بەرەو بونیادێکی مەدەنییانەی بەرێت. کە ئاسەواری هەشتاو سێ ساڵی پێشوو بسڕێتەوە.

بەڵام بەبێ جێگیرکردنی بەندێکی یاسایی کە دان بەسیستمی فیدراڵی بۆ کوردستان بنێت. هەرچی رازیبوونێک و دەنگدانێک لەسەر ئەو دەستوورە ئەو لایانەی ناو ئەنجوومەنی حوکمڕانی هەڵگری لێپرسراویەتی مافەکانی کورد دەکەن (مەبەست نوێنەرە کوردەکانە) ئەگەر نا، دەکرێ لەو ئەنجوومەنەی پاشەکشە بکرێ، کە ئامادەگیی تێدا نییە، یەکێک لە مافە سەرەتاییەکانی گەلی کورد بسەلمێنێت.

بەواتایەکی تر. هەرچی نەرمی نواندنێک لە هەمبەر ئەم مەسەلەیە خولقاندنی قەیرانێکی تری نێوخۆی عێراق و دووبارەبوونەوەی تراجیدیایەکی بێ ئامانیترە، چونکە دەکرێت لە سیستمی فیدراڵییەوە هەنگاو بەرەو ریفراندۆم و مافی سەربەخۆیی بنرێت، بەڵام بەبێ ئەمە دەبێ ئێمە سەر لەنوێ خەبات بکەین، بۆ مافە سەرەتاییەکانمان. ئەمەش واتا گەمە لەگەڵ واقیعدا.

دەستووری نوێ، دەتوانێ عێراقێکی مۆدێرن، پلورالیزم، ئارام و ئاسوودە بونیاد بنێت، دەتوانێ مافی شارۆمەندبوون بدات و ئینسان هەست بەئازادی بکات، دەتوانێ پێکهاتەیەکی نوێ لە ناوچەکە بخوڵقێنێت، دەتوانێ ئاڵوگۆڕێکی گشتگیر لەبونیادی فەردی عێراقی و سیستمی حوکم بکات.

بەپێچەوانەشەوە دەتوانێ عێراقێکی پڕ ئاشووب و ناجێگیرو شێوە تۆتالیتاری دروست بکاتەوە...!

بۆیە عێراق بەگشتی و کورد بەتایبەتی لە دووڕیانێکی چارەنووسسازدان، سەبارەت بە بونیادنانەوەی وڵاتەکەیان و بەدیهێنانی مافەکانیان..!

٧

## ئایندە و ئینتیما

شتێکی نەشیاوە بەهەر بیانوویەک قسە لەسەرچارەنووسی گەلی کوردستان دوابخرێت، بەواتایەکی تر زۆر جار فاکتەرە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانمان بەهۆکاری سەرەکی زانیوە، بۆهاتنە مەیدانی مافە هەقخوازەکانی گەلی کورد، کە هەمیشە زەرەری لە مەسەلەی سیاسی گەلی کورد داوەو نەیهێشتووە لانی کەم دەستەبەری کەمترین مافەکانی بکات.

ئێستاش کە قسە لەسەر ریفراندۆم دەکرێت. بە بۆچوونی زۆربەی خەڵکی کوردستان، باشترین فۆرمەڵەیە بۆ قسەکردن لەسەر چارەنووسی خەڵکی کوردستان..!

دەکرێت بپرسین – کورد – شایانی ئەوەیە – لە رێگای ئەم فۆرمەڵەیەوە بەمافەکانی بگات، ئەگەر بەڵێیە...بۆ؟ ئەگەر نا، چۆن..؟

گەلی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان و بەتایبەتی لە باشووری کوردستان رووبەرووی ئاپارتایدی نەتەوەیی، قەتڵ و عام و جینۆسایدو تراجیدیای بێ ئامان بووەتەوە، چەکی کیمیاوی، ئەنفال، زیندان. هەمیشە بووەتە بەشێک لە سیمای ژیانی لەلایەن دوژمنانەوە.

پێکهاتە و سیماو خەسڵەتەکانی نەتەوە لە گەلی کورددا بەرجەستەیە. خاوەنی خاکێکە کە پێش دروستبوونی دەوڵەتی بەناو (عێراق) خاکی خۆی بووە و پەیوەست بووە پێوەی و بەرگری لێ کردووە. خاوەنی زمان و فەرهەنگ و کلتورو مێژوویەکە، لەزۆربەی نەتەوەکانی جیهان رەسەنترو دێرینترو دەوڵەمەندترە. لە رووی ئەتنیک و مەزهەب و جوگرافیا و سیما تایبەتییەکانی ترەوە. دەناسرێتەوە..!

لە رووی ژمارەوە. سەدان هێندەی، دەوڵەتۆچکەی، وەک (بەحرێن، عومان، ڤاتیکان، دوورگەکانی سلێمان، تەیموری خۆرهەلات..)ە.

له رووی ئابوورییەوە دەتوانێ داهاتی ساڵانەی، خۆی لە قەرەی وڵاتێکی وەکو سویسرا بدات و هێزی کاری پێویستی لەبەردەستدایە و دەتوانێ سوود لە هەزاران کەسی شارەزاو پسپۆڕ وەرگرێ، لە رووی زانست و تەکنەلۆجیاوە بۆ پەرەپێدانی پایەو سیستمەکانی ئەم وڵاتە نوێیە.

لەرووی جوگرافی و جیۆپۆلەتیکەوە. سەرەڕای ئەوەی خاوەنی جوگرافیایەکی سنوور دیارکراوە. خاوەنی تۆپۆگرافیایەکی تایبەتە، کە دەتوانرێ وەکو یەکێک لە هێزەکانی دەوڵەت سەیر بکرێ، گەر کێشەی ئەوەی هەبێت کە دەوڵەتێکی کیشوەرییە. دەتوانێ وەکو زۆربەی گەلانی وەک (ئەفغانستان، سویسرا) سوود لە فۆرمەڵەی ترانزێت یان وەدەستخستنی دەروازەو رێگایەکی کراوەوە بدات، یان لەهەوڵی پەیداکردنی دالانێکدا بێت بۆ دەربازبوون لەم قەیرانە. هەرچەندە یەکێکە لەپایە بەهێزەکانی دەوڵەت، بەڵام فاکتەر نییە بۆ دواخستنی پێکهاتنی دەوڵەت و هێزی سەربازی خۆیشی دەتوانێ وەکو یەکەیەکی یاسایی، سنوورەکانی خۆی بپارێزی و بەرگریشی لێ بکات.

ئینتیمای شارۆمەند بۆ خاک و نەتەوە، لە کێرڤێکی هێندە هەڵکشاودایەو هیچ کات شارۆمەندانی (ئەریتریاو تەیموری خۆرهەڵات) ئەوەندە ئینتیمایان بۆ خاکەکەیان نەبووەو ئەوەندەش قوربانییان نەداوەو قەتڵ و عام نەکراون.

گەر قسەش لەسەر بۆچوونی خەڵکی کوردستان بێت. بێ سێ و دوو ٨٠٪ی خەڵک لەگەڵ راگەیاندنی دەستبەجێی دەوڵەتی نەتەوەیین.

## حزبی کوردی و گوتاری یەکگرتوو

خاڵێک کە زۆر گرینگە قسەی لەسەر بکرێت و پێداگیری مەسەلەی ریفراندۆمی لەسەر بکرێت، بوونی گوتارێکی یەکگرتووی (جەماوەری ــــ حزبی)یە لەسەر ریفراندۆم..!

کە ئەم خاڵە تا ئێستا نەک هەر خاوەنی گوتارێکی وەها نییە، بەڵکو حزب نەیتوانیوە. بۆ ئەندامەکانی خۆیشی گوتارێکی یەکگرتوو دەستەبەر بکات، چ جای جەماوەری کوردستان.

راستە جەماوەر لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکان هاودەنگ و هاوهەڵوێستە،

بەڵام ململانێی حزبی کوردی وای کردووە. زۆر بەنامۆ نازانرێ کە تەنیا حزبێک لەبەرئەوەی ئەو فۆرمەی پێ باش نییە، یان تەرحی ئەو نییە، لایەنگرو ئەندامەکانی دژی ئەو فۆرمە ئاڕاستە بکات، یان لانی کەم وای لێ بکات پشتگیری ئەو فۆرمە نەکەن...

خۆ روونیشە، زۆرجار، لایەنگرانی هێندێک حزب لەسەر لادان لە هێڵەکانی ئەمنی قەومی، لە حزبەکەی خۆیان نەپرسیوەتەوەو بگرە داکۆکییان لەو لادانەش کردووەو بیانووی جیاوازیان بۆ داتاشیوە. چ جای ئەوەی بتوانن، وەکو مەسەلەیەکی چارەنووسساز، بێدڵی حزب بکەن..!

رەنگە یەکێکیش لە فاکتەرە سەرەکییەکانی، دواخستنی مەسەلەی سیاسی کوردو نەگەیشتن بەمافەکانی ؛ نەبوونی هەستکردن بەلێپرسراویەتی تاکی کورد بێت لەسەر مەسەلە نیشتمانی و نەتەوەیی و چینایەتییەکان لەدەرەوەی سنووری حزبدا...!

بەش بەحاڵی خۆم، هەست دەکەم حزبی کوردی، تا ئێستا لەسەر هیچ کام لە مەسەلە چارەنووسسازەکان خاوەنی گوتارێکی یەکگرتووی هاوبەش نەبووە ئەگەر چی لە پلاتفۆرمێک ئەم شتەی راگەیاندووە، بەڵام بە عەمەلی کاری بۆ نەکردووە...!

ئەگەر یەکێک لە خەسڵەتە مۆدێرن و مەدەنییەکانی شارستانی کۆمەڵگای نوێ، فرە حزبی بێت بەکۆمەڵگای کوردیشەوە، ئەوا ئەوەندەش بەدیوی دووەمدا و بەڕووە خراپەکەی، بۆ کورد خۆی نمایش کردووە، و نەبووەتە خاوەنی گوتارێکی وەها.

قسە ئەوەیە حزبی کوردی، لەسەر مەسەلەی نیشتمانی، نەتەوەیی گوتارێکی هاوبەشی نییە. لەسەر ئەمنی قەومی، لەسەر پێوەندی دیپلۆماسی، پێوەندیی نیشتمانی، چینایەتی، پێوەندی ناوچەیی و نێودەوڵەتی، پێوەندیی ئایدۆلۆجی، کوردستانی، دروشم، ئاڕم، گوتارێکی هاوبەشی نییە..

دیقەت بدەن. چەندە مەترسیدارە قسە لەسەر پێکانی ئامانجی ریفراندۆم بکرێت. لەکاتێکدا حزبی کوردی تا ئێستا خاوەنی (مارش)ێکی کوردی نییە، خاوەنی رەنگێکی نەتەوەیی نییە.

بەڕاستی کارەساتە، مارشێکی یەکگرتووت نەبێت و قسە لەسەر ریفراندۆمێک بێ مەترسی بێت.

گەر حزبی کوردی دەیەوێت پەردە بەسەر مەسەلە کۆنەکاندا بدات و بۆ ئەم مەسەلە چارەنووسسازە بێتە مەیدان، با بەیاننامەیەکی هاوبەش رابگەیەنێت و ئەم مەسەلەیە بکەنە بونیادنانەوەی سەر لەنوێی گوتارێکی کوردی یەکگرتووی هاوبەش..!

بەبێ دەرککردن بەم مەسەلەیە. مەسەلەی ریفراندۆم. بەهەموو سەرکەوتنەکانی هێشتا تەواو نییەو کێشەی زۆری بۆ دێتە پێش. کاتی خۆی بۆ سەربەخۆبوونی (ئەریتریا لە ئەسیوبیا) رژێمەکەی (مانگستۆ هایلی مریام) لانی کەم هەوڵی دا. حزبێک دروست بکات تابە دژی خواستی خەڵکی ئەریتریا قسە بکات، دژی جیابوونەوە بێت، بەڵام سەرئەنجام، چونکە گوتاری یەکگرتووی حزبەکانی ئەریتریا لە(بەرەی رزگاری گەلی ئەریتریا) بەسەرکردایەتی (ئەسیاس ئفورقی) کۆبووەوە سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەست هێنا، بە ئەندامبوونی لە رێکخراوی (UN)دا وەکو (١٨٢) یەمین ئەندامی ئەو رێکخراوەیە گەیشتە مەنزڵ.

## ناهۆمۆجینی عێراق و پێکهاتنی ئاڵوگۆڕەکان

ئێمە هەر ئێستا قسە لەسەر ریفراندۆمی خەڵکی کوردستانی عێراق دەکەین بۆ دەنگدان بەجیابوونەوە لە عێراق، بۆیە مەسەلەکە پەیوەستە بەعێراقەوە.

عێراق بەوڵاتێکی عەرەبی ناسراوە، زۆرینەشی عێراق عەرەبە، زۆرینەی لە رووی تایفیەوە (شیعە)ن، سنووری جوگرافی جیاو جیاوازی هەیە، کلتوور و عادات و تقالیدو زمان و فەرهەنگ سیمایەکی جیاوازی هەریەکە لەم ناوچانەیە، خاوەنی چەندین ئەتنیکی وەک (کورد، عەرەب، ئاشووری، تورکمان)ن، بەرێژەی (٢٠٪،٥٥٪،٢٠٪ (سوننە) ١٪،١٪...) بەواتایەکی تر عێراق لە رووی دانیشتوانەوە پێکهاتەیەکی ناهۆمۆجینی هەیەو هەر ئەمەشە وای کردووە، ئەم پێکهاتەیە هەمیشە بەدەست (سوننە)وە بێت کوردو شیعە بخرێتە پەراوێزەوە. عێراق بۆ کورد زیندان بووە، عێراق وڵاتی کورد نەبووە. هاووڵاتی ئەم وڵاتە نەبووە دوژمنی پلە یەک بوون یەکەم قوربانی بووە.

بۆیە پێ ناچێت، کورد هەرگیز دڵ بەعێراق خۆش بکات، ئەو قەتڵ و عام و جینۆسایدەی لە دژی ئەنجامدراوە لە زاکیرەی بچێتە دەرەوە، ئاڵوگۆڕەکانی

راپەڕینی (١٩٩١)ی خەڵکی کوردستان و ئازادکردنی عێراق لە (٤/٩) بۆخۆی دوو ڕووداون دەکرێت سەرلەنوێ سیناریۆی سیاسی عێراقی پێ دابڕێژرێتەوەو قسەی لەسەر بکرێت. بەوەی پاش (٨٢) ساڵ. بۆ یەکجاری سیستمەکانی تاکڕەوی و دیکتاتۆری لە عێراق لەکار دەخرێت و قسە لەسەر ئازادی و مافەکانی نەتەوە دەکرێت.

بۆیە بۆ دووبارە نەبوونەوەی، گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن پێکهاتەیەکی کەمینەی سوننی، یان زۆرینەی شیعەو، دروستبوونی سیستمێکی میلیتاری و ئولیگارشی، واباشە قسە لەسەر ئەو فۆرم و دیسپلینانە بکرێت، کە (یۆگسلافیا)یەکی ئەوروپا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەخوڵقێنێت بۆ عێراق.

بەواتایەکی تر ئەزموونی ناهۆمۆجین و بەزۆر خزانە ناو چوارچێوەیەکی سیاسییەوە وای کرد زیاد لەچوار دەوڵەت بێتە کایەوە لەو وڵاتەدا و بەم شێوەیە، هەم گەلانی ناو ئەو سیستمە ئولیگاریشەیە رزگاریان بوو، هەم ئەو پێکهاتە ناهۆمۆجینە هیچ ریشەیەکی نەماوەو قەیرانەکانیشی لەگەڵ خۆیدا راماڵی.

عێراق سەرەڕای ناهۆمۆجین، هەرگیز نەیتوانیوە. بەقەد تنۆکی یوگسلافیا، ئازادانە رێ بکات، بەڵکو سیستمی سیاسی عێراق، دەکرێت هەمیشە بە بەدترین و درندەترین سیستمی سیاسی ملیتاری جیهان دابنرێت و گەلی کوردیش بەیەکەم قوربانی ناو ئەو کایە دابنرێت.

بۆیە باشترین رێگاچارە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکانی ئەم سیستمە سیاسییە لەگرێژ نەچووە ریفراندۆمێکی واقیعییە، بەو شکڵەی هەرکام لەپێکهاتە ناهۆمۆ جینەکان، لە کەمێک لە ئیمتیازەکانیان خۆش بن، بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان.

گەلانی عێراق چەندە لە رابردوودا کراونەتە دوژمنی یەک پێویستە بۆ داهاتوو سەدان هێندە ببنەوە دۆست. بۆ پڕکردنەوەی قەیرانەکانی پێشوو بەدیهێنانی چەندین کیانی جیاواز کە سیماکانی ئازادی، دیموکراسی، مەدەنییەت و پلورالیزم بەواقیعی رەنگ بداتەوە...!

## واقیعیەتی کورد لە کەمینەوە بۆ دیفاکتۆ

بەدرێژایی (٨٣) ساڵی رابردوو. واقیعیەتی کورد چاوپۆشی لێ کراوە بەکەمینە سەیر کراوە هاوڵاتی پلە دوو دوژمنی پلە یەک لە هەموو سەرژمێرەکاندا لە نفووزی کەم کراوەتەوە، پێگەو شوێنە جوگرافییەکانی لێ زەوت کراوەو بەرەو شوێنی تر راگوێزراوە (ئەمە لە رووی سایکۆلۆجییەوە، کاریگەری گەورە دەکاتە سەر روح. بەدامالینی هەست لە خاک و راگوستن لە زێدگایەکی روحییەوە بۆ مەنفایەکی نامۆ..!) ئەم سیاسەتە سیستەماتیزکراوە لەناو پێگەکانی دەسەڵاتی عێراق بەتایبەتی حزبی بەعسدا بەشێوەیەک کە واقیعەتی کورد پۆتۆپیایە. یان گەر زۆریان لەخۆیان کردبێ بەکەمینە و گرووپی بچووک ناویان بردووە.

دیفاکتۆبوونی کورد لە عێراقدا هێندە دەسەڵاتی پەست و نیگەران کردووە، تاهەمیشە بیر لە قەڵاچۆکردنی بکاتەوەو بەواقعیش ئەم کارەی کردووە، تا لانی کەم ئەوەی ئەو ناوی ناوە (دەسەڵات) کەمینە. بکاتە سفر. بێ گومان بەپێی ئەم تێزەی بەعسیش، تۆ کاتێک هەوڵدەدەی ئەتنیکێک بسڕیتەوە ئیتر دەرفەت بۆ هیچ قسە لەسەرکردنێک نامێنێت. تا بپرسی، یان داوا بکەی..!

بۆیە کورد هەرچی خواستووە، بەعس بەکوشتن و مەرگ وەڵامی داواتەوە..! چونکە کورد لانی کەم داوای (ئۆتۆنۆمی-خودموختاری) کردووە، داوای کەرکووکی کردووە...!

لە فەرهەنگی بەعسدا تۆ کە شتێک داوا دەکەی و خەیاڵی بەعس دەشێوێنی، تۆ دوژمنێکی وێنەی.

بۆیە کورد بەدرێژایی (٨٢) ساڵی رابردوو وەکو کەمینە سەیرکراوە و قسەکردن لەسەر ریفراندۆم هێندە موستەحیل بووە. جێگەی قسە نەبووە، بەڵام لەپاش راپەڕینی خەڵکی کوردستان و ئاڵوگۆڕەکانی عێراق لەم ساڵدا ئەم واقیعە تاڵە گۆڕا بۆ دیفاکتۆیەکی وەها کە هەر ئێستا قسە لەسەر دیفاکتۆیەتی ریفراندۆم بکرێت، چونکە خواستی خەڵکی کوردستان و مافی هەقخوازانەی ئەوانە، سیستمی سیاسی نوێی جیهان ئەم مەسەلەیە قبوڵ دەکات.

گومان لەوەدا نییە، کورد زۆر جار قوربانی گەمەو ململانێی نێودەوڵەتییەکان بووە ئەمەش دوو فاکتەری سەرەکی هەبووە یەکەم سەرداریەتی دوژمنانی کوردو خۆ گونجانی زلهێزەکان لەگەڵ ئەم واقیعە. دووەم مەسەلەی بەرژەوەندییە ئابوورییەکان و نەبوونی ستراتیج و تاکتیکی سیاسی کورد لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا.

قوربانییەتی حکومەتەکەی شێخ مەحمود و حکومەتی مەهابادی قازی محەمەد فاکتەری سەرەکی ئەو گەمانە بووە، کە کورد تێدا بووە قوربانی.

کورد لەنێوان گەمەی روسیای سوور و ئەمەریکا و بەریتانیا لە سەردەمی کۆماری مەهابادا، باشترین نموونەیە. کە دەسەڵاتی شا بەرژەوەندی ئابووری وڵاتە زلهێزەکان نەبوونی سیاسەتێکی واقیعی کورد لەو کاتەدا دەرئەنجامەکەی ئەوە بوو کە بینیمان. ئەم رەوشە تا سەرەتای دەیەی نەوەدەکان و شکستی بلۆکی خۆرهەڵات درێژەی هەیە، بەڵام لەوە بەدواوە کورد نەک هەر نابێتە کارت و گەمە، بەڵکو راستەوخۆ لەزۆر بڕیارەکاندا لەگەڵ گەورەترین زلهێزی دوای جەنگی سارد مامەڵە دەکات و دەبێتە دۆست و هاوپەیمان و رەوشی سیاسی کورد دەچێتە فۆرمێکی هێندە نوێ و دەگمەنەوە کە بەدرێژایی دوو سەدەی رابردوو بەخۆیەوە نەبینیوە.

(بوونی ناوچەیەکی ئازادکراو، دروستکردنی پەرلەمان و حکوومەتی ناوچەیی).

-سەرەرای خاڵە ناشرینەکانی و شەڕی ناوخۆیی بۆ ماوەی دوانزە ساڵ کە ئەم ماوەیە لە سەردەمی نوێداو لە ناوچەکەدا درێژترین تەمەنی حکوومەتێکی ناوچەییە لەژێر ئەو هەموو فشار و زەختە زۆرە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەدا ئیدامەی هەبووە.

ئیدامەیەک تا دەگاتە ئەوەی جۆرج بۆش؛ کورد بەهاوپەیمانی ئەمەریکا ناو ببات لەدژی دیکتاتۆریەت و بۆ زۆر مەسەلە بۆچوونی سیاسی کورد وەربگرێ.

من پێموایە دروستکردنی ناوچەی ئازاد، دروستکردنی پەرلەمان و حکوومەتی کوردستان، نەبوونی مەترسی لەسەر هەرێم، پێوەندیی حکوومەت لەگەڵ ناوچەکە و

جیـهان هەڵکردنی ئاڵای کوردسـتـان، مـەسـەلەی کـەرکووک و تەنانەت تـا دەگـات بەقسـەکردن لەسـەر ریفراندۆم لە ئێسـتادا چرای سـەوزی ئەمەریکای تێدا بەشدار بووە و بەشدار دەبێت.

(ئێـوە خـۆتان دەتوانن چـارەنووسـی خـۆتان دیـاری بکەن ئێـمــە پشـتـوانـیـتـان دەکەین) ئەمە قسەی لێپرسراوێکی پایە بەرزی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە لە کوردستان.

ئەم قسـەیـە مـاناو مـەغزای زۆر گـەورەی هـەیە کـە دەکرێت خـوێندنەوەی لەسـەر بکرێت. یـان لانی کـەم ئەمـە قـسـەی دڵی کـورد بێت کـورد ئەمـەی دەوێت بـەدەسـتی خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکات.

مـەبەسـتم ئەوەیە گـەر ئەمـەریکا چرای سـەوزمـان بۆ هەڵکـات یان هەڵکردبێ زۆر ئاسـاییـیە، یەکەم لەبەرئەوەی ئەمـەریکا. گەورەترین وڵاتی ئێسـتـای سیسـتـمی نوێی جیـهانییەو خـاوەنی زۆرترین بڕیاری سیاسـی جیهانییە، خاوەنی گـەورەترین هێزو ئابووری جـیـهـانـیـیـە، خـاوەنـی گـەورەتـرین پێگەو نـفـووزی جـیـهـانـیـیـە لەزۆربەی ناوچەکـانی جیـهـاندا. دۆسـتی زۆربەی وڵاتانی کـەمـینـە و ژێر دەسـتی چەوسـاوەی جیـهـانە، خـاوەنی تـێـزی لیـبـرالیـزمی نوێی خـۆرئاوایی و گـەشـەی دیمـوکراسـی و پلورالیـزم بوونە، خـوێندنەوەیەکی نوێی هـەیە بۆ جیـهـان و خـۆرهـەڵاتی ناوەڕاست و لەناویشیدا کورد، دوو دۆستی ئێستای ناوچەکەن و بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە.

پاشـان بۆ ئاسـاییـیـە، یارمـەتی ئیـسـرائیـل دەدات، یارمـەتی تەیموری خـۆرهـەڵات دەدات، یارمەتی ئەریتریا دەدات. بۆ ئاسایی نییە یارمەتی کورد بدات...!

بۆیە قسـە لەسـەر ئەوەی کـە ئاخـۆ ئەمەریکـا لەم مەسـەلەیە ئاگـادارە. مـەسـەلەی ریفراندۆمی پێ قـبوڵە و چرای سەوزی بۆ هەڵکردووە پێم وایە بەڵێ (کە ئەمـە تەنیا بۆچوونی خۆمە) بەڵام چۆنییەتی قسە لەسـەرکردنی ئەم فۆرمە پێویستی بەگوتاری هاوبەشی کوردی و سیاسەتی کوردی هەیە.

## ڕەهەندەکانی رووەو ریفراندۆم

بەدرێژایی نیو سـەدەی رابردوو کێشـەی سـەرەکیی جیهان جـەنگی سـارد بوو، بەڵام پاش ئەمـە کێشـەی فـەلەسـتین بەرچاوترین کێشـەی هـەشـتـاکان و سـەرەتای دەیەی

نەوەد بوو، بەڵام ئێستا مەسەلەی کێشەی فەلەستین پاشەکشەیەکی بەرچاوی کردووە، بەتایبەتی لەپاش هاتنە سەرکاری حکوومەتی خۆجێی یاسر عەرەفات و زۆربوونی قەیرانەکانی و زیادکردنی گرووپە ئیسلامییە تیرۆریستەکان و بەلادا بردنی کێشەی سەرەکی گەلی فەلەستین، جگە لەدەستێوەردانی وڵاتانی ناوچەی رەقیبی واشنتون لەکێشەی فەلەستیندا ئەم کێشەیەی خستە پەراوێزەوە. کە جاران زۆرکەس پێیان وابوو، بەدوای چارەسەری کێشەی فەلەستین قسە لەسەر چارەنووسی کورد دەکرێت، ئەم سیناریۆیە کە بۆ کاتی خۆی ئەهمیەتی بوو نەک راست دەرنەچوو، بەڵکو ئێستا کێشەی کورد پێش کێشەی فەلەستین کەوتووە و رەهەندەکانی پۆزەتیڤبوونی داهاتووشی بەڕوونی دیارەو لە هەموو رووە ئیداری و سیاسی و نێودەوڵەتیشەوە بەرەو پێشتر چووە لەکاتێکدا فەلەستین خاوەنی پشتگیری (٢٢) دەوڵەتی قەومی عەرەبی ئیسلامییە کە لانی کەم دژایەتی مەسەلەی کوردیان کردووە و هاوکاری بەعسیان کردووە، بۆ قڕکردنی کورد.

خاڵێکی تر تەشەنەکردنی گەرای گرووپە ئیسلامییە تیرۆریستەکان بووە بەتایبەتی پاش رووداوەکانی (١١)ی سێپتەمبەر کە لانی کەم بۆ ماوەیەک زۆرکێشەی سەرەکی جیهانی خستە لاوە، بەڵام بەدیوێکی تردا هاوبەشی نەیارانی ئەو گرووپانە و دۆستایەتی لەگەڵ دەسەڵاتە سەرەکی و لۆکاڵییەکاندا. لەم ناوەشدا کورد بۆخۆی پێگەی کوردی پێش خست و بەڕادەیەک دەسەڵاتێکی لۆکاڵی هاوشێوە نەبوو جگە لە ئیسرائیل بۆ ئەمەریکا و بەم شێوەیە دۆسیەی کورد پێش فەلەستین کەوت بەواتایەکی تر کۆمەڵێک رەهەند کە پەیوەستن بەو ئاڵوگۆڕانە بەقازانجی کورد بوون تا ئەو رادەیەی پێش نیمچە سەربەخۆیی فەلەستین، قسە لەسەر ریفراندۆمی خەڵکی کوردستان بکرێت.

## گرەنتی فیدرالیزم و ئەلتەرناتیڤی ئەم فۆرمە

بە واقیعی سەلمێنراوە. قسەکردن لەسەر هەموو چەمک و فۆرمە مەدەنی و دیموکراسی ئازادەکان، تەنیا و تەنیا لەناو کایەکەدا بەدی دێت کە فەزای ئازادی تێدا خوڵقابێ.

بەواتایەکی تر لەناو کایەکی پلورالیزمدا دەکرێت قسە لەسەر هەموو چەمکێکی

گەورەو بچووک بکرێ، بەڵام لە سیستمێکی تۆتالیتاردا رێک بەپێچەوانەوەیە.

مەبەستمە بڵێم! گەر قسە لەسەر فیدرالیزم دەکرێ بۆ کورد چ گرەنتییەک هەیە. ئەم چەمکە هەڵنەوەشێتەوە کاتی خۆی چەندین جار فیدرالیزم بۆ گەلی ئەریتریا قبوڵ کرا، بەڵام لەگەڵ هاتنە سەرکاری سیستمە تاکرەوەکان تەنانەت مافی قسەکردن بەزمانی دایک قەدەغە دەکرا، بۆیە دوور نییە لە عێراقدا ئەم ئەزموونە دووبارە بێتەوە لەکاتێکدا عێراق لەسەر کەلاوەی گەورەترین دیکتاتۆری سەرزەمین ژیان دەگوزەرێنێ و خاوەنی سەدان قەیران و کێشەی مەزهەب و ئەتنیکی و ئاینی جیاوازە. و وڵاتێکە نقوم لەکێشە و قەیراندا.

بۆیە بە هەرچی شێوەیەک قبوڵمان بێت. هێشتا فیدراڵی ناتوانێ زۆرترین مافەکانی بۆ دەستەبەر بکات و هیچ گرەنتییەکیش نییە ئەم مەسەلەیە پشتراست بکاتەوە.

بۆیە باشترین ئەڵتەرناتیڤ بۆ هەموو فۆرمە سیاسییەکانی تر لەبەردەم کوردا ریفراندۆمە.

لەکاتێکدا ئەم فۆرمە پشت ئەستوورە بەوەی جەماوەر لەگەڵ خستنە گەڕی خودی ئەم مەسەلەیەن...!

## مەترسییەکانی، ئاسۆ و ئایندەکانی

گومانی تێدا نییە. ئەم خواستە هەر لەخۆڕا نایەتە دی. بەقەدەر ئەوەی پێویستی بەکارکردن هەیە. کەم نین ئەو کەسانەی لە ئەریتریاو تەیموری خۆرهەڵات و بیابانی خۆرئاوا بوونە قوربانی ئەم خواستە، بەڵام ئاسۆی ئێستای ئەوان زاڵبوون بوو بەسەر ئەم مەسەلەیەدا بۆیە زۆر دوور نییە کورد تووشی کێشە بێ لەسەر ئەم مەسەلەیە، بەڵام چونکە پەیوەستە بەچارەنووسی گەلێکەوە. قابیلی دواخستن نییە. لەوەش ناچێت مەترسییەکانی هێندە گەورەبن و بەقەدەر ئەوەی پێمان وابوو دروستکردنی پەرلەمان و حکوومەت و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، ئەزموونەکەمان لەناو دەبات. کەچی واش نەبوو بەڵکو ئەو هەوڵانە بوو ئەم خواستەی هێنایە سەر دۆسیەی قسەکردن.

مەترسییەکانی هەرچی بێت ناگاتە ئەو خواستەی کە بۆ ئەبەد کورد لە هەموو

کێشەو قەیرانەکانی بێ کیانی نەجاتی دەبێت ئاسوودە دەبێت.

دڵنیاشم خەڵکی کوردستان. قبوڵی مەترسییەکان دەکەن لەپێناو ئایندەیەکی پڕشنگدار بۆ گەلەکەیان، بەڵام گەر حزبەکان ئەم مەسەلەیە دوابخەن، ئەوا لەبەردەم مێژوودا بەرپرسیارن و هیچ سەروەرییەکیش بۆ خۆیان تۆمار ناکەن.

## هەل، ئیرادە، قۆناغ، ئەزموون، واقیعییەت

قسەیەک هەیە دەڵێت؛ لە سیاسەتدا. دۆست و دوژمن تا سەر نییە بەقەدەر ئەوەی بەرژەوەندی هاوبەشی هەیە کەواتا کورد ئێستا هەلێکی مێژوویی زێرینی لەبەردەمدایە. پێویستە کاری بۆ بکات، چونکە مێژوو زۆرجار گەر بەباش کاری لەسەر نەکەیت دوور نییە تراجیدییانە خۆی دووبارە بکاتەوە.

گەلی کورد خاوەنی ئیرادەیەکە ناکرێت زیاتر قسەی لەسەر بکرێت، بەڵام ئەم مەسەلانە پێویستی بەپێشڕەوی هێزی سیاسی و کەناڵی راگەیاندن و هەماهەنگی و تاکتیکی سیاسی و خاڵی ستراتیج هەیە.

قسە ئەوەیە ئیرادە مەوجوودە، تەنیا پێویستی بە دەستپێکردن هەیە بۆ قۆناغی ئێستای سیاسەتی نێودەوڵەتی، ناوخۆیی. زۆرجار بۆ فەراهەمکردنی ئەم مەسەلەیە را وەرگرتنی خەڵکی کوردستان ئیتر دواخستنی بەهەر بیانوویەک بێت. دواخستنی مەسەلەی چارەنووسی گەلێکە.

ئەزموونی خەڵکی کوردستان لەماوەی چەند ساڵی رابردوو بەتایبەت سیانزە ساڵی رابردوو، ئەوەی سەلماند کە کورد گەر خاوەنی گوتارێکی سیاسی هاوبەش بێت ئیرادەی پتەو بێت، دەتوانێ ئەزموونی نوێ و گەورەتر بخوڵقێنێت. تا ئەو رادەیەی ئیتر ریفراندۆمیش بکاتە سەر دۆسیەی ئەزموونەکانی تری. لەڕووی دەرەکیشەوە هیچمان لە تەیمور، بیابانی خۆرئاوا، ئەریتریا کەمتر نییە.

واقیعیەت و دیفاکتۆی کورد هیچ قابیلی قسە لەسەرکردن نییە. کورد خاوەنی کوردستانە؟ کورد لەسەر خاکی خۆیەتی؟ خاوەنی پێگەو نفووزی خۆیەتی؟ خاوەنی ئیتنیک و رەگەز، زمان، ئاینی خۆیەتی؟ خاوەنی خەبات و قوربانیدانە...؟

هەموو ئەمانە وەڵامەکانیان روونە ئیتر بۆچی واقیعیەتی قبوڵ نییە.

## سیمبوڵی ئەم خەونە...؟

بەدرێژایی مێژوو، کورد خاوەنی کارێزماو سیمبوڵی شۆڕشگێڕانەی خۆی بووەو هەمیشەش شانازی پێوە کردوون. ئەم سیمبولانە هەمیشە لەسەر فۆرمێک کاریان کردووە بۆ خزمەت بەگەل و نەتەوەو چینەکانیان. نموونەی ئەمانە زۆرن (قازی محەمەد، قاسملۆ، د. جەعفەر شەفیعی، ئارام، سەیدا) زۆر کەسایەتیی ترە و ئێستاش ئەم سمبولانە لەناو خەباتی نەتەوەیی و چینایەتیی گەلی کورددا لە هەر چوار پارچەی کوردستان وەکو رەمزی گەل و چینەکانیان چاویان لێ دەکرێت.

بەڵام ئێمە هێشتا پێویستمان بە (ئەسیاس ئفورقی، جۆن گەرەنگ، شانانا گۆسماو، دۆدایف..)ی تر هەیە لەم قۆناغەدا بۆ سەیرکردنیان وەکو سیمبوڵی ئەو خواستەی کە کورد دەگەیەنێتە مەنزڵ و گەل ئاواتیەتی.

من دڵنیام بۆ هەمیشە چۆن (ئاتا تورک بە باوکی تورک، ماوتسی تۆنگ لە چین، لینین لە (رووسیا) دەوری گەورە و کاریگەریان هەبووە چۆن (ئفورقی، گەرەنگ، گۆسماو) بۆ هەمیشە وەکو سیمبوڵی سەربەخۆیی گەلی ئەریتریا و باشووری سوودان و تەیموری رۆهەڵات دەمێنێتەوە کوردیش پێویستی بەم سیمبوڵە هەیە. بۆ پێشرەوی ئەم خەونە...؟

جا کێ دەبێت ئەوە گرینگە، چونکە خەونی گەلێک و خەمی وڵاتێک دەستەبەر دەکات. کە مێژوو ناتوانێ لە یادی بکات.

ئەم خەونە درەنگ یان زوو دێتە دی، بەڵام ماوەتەوە بۆ سیمبوڵێک..؟!

## ٨

(سۆرن ویبک) لە یەکێک لە گۆڤارەکانی سوید بابەتێکی بڵاوکردەوە بەناوی (خەونی وڵاتێکی سەربەخۆ). نووسەر لەم بابەتەدا باس لە دروستبوونی دەوڵەتی جوولەکە دەکات لە مێژوودا.

ئەو دەڵێت:

" هیچ بەڵگەیەک نەبوو کە نیشتمانێکی سەربەخۆ بۆ جوولەکە لە فەلەستین دابمەزرێ بەڵکو ئەرژەنتین و ئۆگەندا دوو بەدیلی بەخەیاڵدا هاتووە بوون..."

جوولەکە گەلێک بوون پاش ئەوەی لە (١٩٠٠) ساڵی رابردوودا، وڵاتەکەیان تێکدراو ئاوارە بوون و کەوتنەبەر قەتڵ و عام و کوشتاری بێ وێنە و هەر بەشێکیان کەوتنە وڵاتێکی جیهانەوەو دەچەوسێندرانەوە، بەڵام خەونی وڵاتێکی سەربەخۆ هەرگیز لەبیر نەچووەوە.

گەرچی رەنگە ئەم نووسینە شتێکی خەتەر بێت قسە لەسەر لێکچوونەکانی کورد و جوولەکە بکەین، بەڵام من کاتێک ئەم بابەتەم خوێندەوە، ناچار بووم ئەم بابەتە بنووسم بۆ بەدیهێنانی خەونەکانی گەلی کورد.

گەلی کوردیش پاش ئەوەی لە ماوەی (٢٧٠٠) ساڵی رابردوودا، کیان و وڵاتی سەربەخۆی خۆی لە دەست دا، ئیدی خەون و خۆزگەکانی نەهاتنەدی و تا دەگات بە ئێستاش بێ کیان و وڵات و پەرتەوازەیە.

نووسەر (سۆرن ویبک) دەڵێ "بیرۆکەی نیشتمانێکی سەربەخۆ لای یەک کەس دروست بوو ئەویش "تێودۆر هێرتزل " ی رۆژنامەنووسی (هەنگاری _ نەمساوی) بوو کە پاش دوو مانگ لە کارکردن لە ساڵی (١٨٩٥) کتێبی (نیشتمانی جوولەکەی) نووسی و بوو بەداینەمۆی بەرهەمهێنانی دەوڵەتی جوولەکە.

هێرتزل دەڵێ؛ کاتێ رەشنووسی کتێبەکەم دایە هاورێکەم بیخوێنێتەوە، دەستی کرد بە گریان.

مەبەستم لەم پێشەکییە، ئەوەیە ئێمەی کوردیش پێویستە بگرین بۆ ئەوەی کە هێشتا ئایندەمان نادیارە و دەوڵەتمان نییە و کەسیش نەهات وەک هێرتزل کتێبی " نیشتمانی کورد " مان بۆ بنووسێت.

ئێمە نیشتمانمان هەیە، بەڵام داگیر کراوە، ئەوان نیشتمانیان هەبوو لێیان زەوت کرابوو، ئێمە خاکمان هەیە، بەڵام خاوەنی وەهمی زۆرین، ئێمە خاوەنی سەدان هەزار قوربانی بەرە بەیانی مێژووی دەستی جەللاد و دیکتاتۆرەکانین.

ئێمە خاوەنی سیما و خەسڵەت و مێژووی تایبەتین و لەسەر خاکی خۆمان دەرکراین، تەنیا لەبەرئەوەی مێژوو وڵاتانی زلهێزی دنیا غەدریان لێ کردین، غەدرێک بەخاتری بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆیان.

لە مێژووی کۆن گەڕێن، مێژووی نوێش پاش شەڕی چاڵدێران و ململانێی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەوی کورد بوو، قوربانی و دابەشکردنی و تا دواجار لەپاش جەنگی جیهانی یەکەم، کوردستان بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەش کرا، بەشێوەیەک کە قەیرانێکی مێژوویی بێ وێنەی خوڵقاند لە رۆژهەڵاتی ناوین، ئیدی گشت خەونەکانی کورد بوونە سەراب.

بەتایبەتی کە پەیمانی لۆزان، سیڤەری هەڵوەشانەوە و خەونی بە دیهێنانی نیشتمانی کوردی کردە یۆتۆپیا، بەم شێوەیە لەسەدەی رابردوودا، خەونی دەوڵەتی کوردی لەبار براو ئەم ئومێدە نەهاتەدی. بەدرێژایی سەدەی پێشوو، کورد بووە یەکەم قوربانی ئەم غەدرەی مێژوو نەبوونی دەوڵەتی، دوژمنەکانی بە هەموو شێوەیەک لە هەوڵی ئەوەدا بوون، بۆ یەکجاری گەلی کورد لەسەر نەخشەی جوگرافیا بسڕنەوە، بەڵام خەبات و قوربانیدان و شۆڕشی بەردەوام ئەم پیلانەی دوژمنی پووچەڵ کردەوە، بەڵام هێشتا هێرتزلێک بۆ کورد پەیدا نەبوو، کە سەرەڕای ئەم هەموو غەدر و نەهامەتییە خەونی کورد بێنێتە دی.

هێرتزل لە کتێبی " نیشتمانی جوولەکە" دا دەنووسێت " دژە سامییزم لە هەموو جێگایەک هەیە، لەو شوێنانەی جوولەکە بەشێوەیەکی بەرچاو بوونیان هەیە "

ئەم رستەیە بۆ کوردیش راستە، چونکە کورد لە گشت جیهاندا، دوژمنی پلە یەکی هەیە و هەمیشە دوژمنەکانی زۆرتر و زیاتر بوون لە دۆستەکانی و دۆستەکانیشی کەی بەرژەوەندییەکانیان لە مەترسیدا بوویێت وازیان لە

دۆستـایەتی کورد هێناوە، دوژمنەکانی زۆر بوون، پیلانەکانیان لەڕادە بە دەربوو، کوشتن و کوشتاریان بێ وێنە بوو، جنێوسـاید و تراجیدیای سـەدەی بیست کورد بوو، تیرۆر و کوشتنی سیاسی سەرکردەکان کاری بەرچاوی داگیرکەران بووە، دوژمنەکـانمان جگە لە دژایەتی کـورد و سـووتمـاکردنی خـاکـەکەی. هـەمـوو کـات لەگەڵ یەک ناتەبا بوون، بـەڵام کاتێک هەست بە مـەترسی کورد دەکەن، هەمـوویان یەکگرتوون و بەواقعیش ئەم سیناریۆیەیان پراکتیزە کردووە.

سـەرەتای هاتنەدی خـەونـەکەی هێـرتزل بە بەسـتنی کۆنگرەیەک لە (١٨٩٧) لە شـاری (بـاسـێل) لە وڵاتـی سـویسـرا بەسـتـرا، و تێدا ئاڵای جـوولەکـە و سـروودی نیشـتمـانی دەستنیشـان کرا، بەڵام هێشـتا ئێمـە ئەزموونێکی لەو بابەتەمان نییە، هێـشـتـا کـەسـێک نەیتـوانیـوە کـۆنگرەیـەک بۆ کـوردەکـانی جـیـهـان ڕێکبـخـات و هەمـوویان ئاشت بکاتەوە، هێشتا حزب و ئیدیۆلۆجیای جیاواز، خـاوەنی پەیام و قسەی جۆرەوجۆرن و هەستی ناسیۆنالیزمی کوردی و ئینتما بۆ خاک و نەتەوە بێ هێزە گەلی کورد نەیتوانیوە ببێتـە خاوەنـی سرووددێکی نیشـتمـانی، "ئەی رەقیب" هێشـتا نەبووەتە مـارشـی نەتەوەیی و ئاڵای کوردسـتان تا ئێسـتا مایەی مـەترسییە لای زۆر حزب و لایەن. کورد خاوەنی گوتارێکی سیاسی نەتەوەیی هاوبەش نییە و میکانیزمی کارکردنی ناوخۆیی و دەرەکی نییە بۆ پێوەندییەکان، کێشە ململانێی سیـاسی تا ئێستا کاریگەری نێگەتیڤی لەسـەر مەسـەلەی نـەتەوەیی هەیە. پێوەندی نهێنی و ژێر بە ژێری تاکتیکی و تـایبەت بەردەوامـە، بۆیە دەبێ کورد لەم بارەیەوە کۆنگرەیەک ببەستێت لە سەرجەم حزب و گرووپ و لایەنە جـۆرەوجۆرەکان و مارش و ئاڵای تایبەتی خۆی هەبێت، چونکە ئەمانە مەرجی سەرەکین بۆ ئینتما بۆ خاک و نەتەوە و نووسـینەوەی (نیشـتمـانی جـوولەکە) نووسـەری باسـەکە دەڵێ ئەمـەریکا و سـەرۆکەکەی (ویڵسن) پشـتیوانییـان لە جوولەکە کرد، هەروەها بەریتانییـەکان ئەم خـاڵە، خاڵێکی وێکچوو هاوبەشـە لە دوو سـەردەمی جیـاوازدا. چونکە ئێسـتا جگە لەوەی ئەمـەریکا گەورەترین زلهێزی جیهـانە، بە بەراورد لەگەڵ ساڵی (١٩١٧) کە پشـتـیوانی لە جـوولـەکە کردووە و لە هەمـان کاتدا کورد یەکـێکە لە دۆسـتـەکانی ئەمەریکا و ڕەنگە کۆمەڵێک بەرژەوەندی تایبەتیشیان هەبێت.

سـەرەڕای ئەوەی لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا. بە جدی ئەمـەریکا هـاوکاری کوردی کردووە و لە ئێستـاشدا خـۆی بە هـاوکاری دەزانێ. بۆیە ئەم خـاڵە زۆر گرینگە، کە

کورد دەتوانێ سوودی لێ وەربگرێت بۆ بەدیهێنانی دەوڵەتی کوردی، ئەگەر چی هەلومەرجی نێودەوڵەتی زۆر لەبارە بۆ ئەم کارە. بەپێچەوانەی سەردەمی جوولەکە. کە بارودۆخ دژوار بووە، بەلام بوونی کارێزمایەکی جوولەکە و هەوڵەکانی جوولەکە و ئینتمایان بۆ خاکی لەدەستچوویان و بەدیهێنانی خەونی سەربەخۆیی و گەڕانەوەی سەروەری بۆیان، ئەو واقعیەتی هێنایە دی کە دەیانخواست، راستە پێکهاتەی جیۆپۆلۆتیکی کوردستان، کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕی گرینگ بەسەر ناوچەکەدا دێنێت، بەلام ئەم خاکی واقیعی خەڵکی کوردستانە و دەستکردنی دەوڵەتی ئینگلیزە چۆن پارچەپارچە کراوە یەکگرتنەوەشی موعجیزە نییە، بەلام کارکردنی دەوێت. بەلام هەنگاوەکانی کورد پێوەرن بۆ سەرکەوتنی ئەم خواستە، من جارێکی تر دەڵێم ؛ ئێمە نیشتمانی کوردمان هەیە، ئێمە هاوکاری نێودەوڵەتیمان لەپشتە، بەلام هێرتزلێکمان پێویستە، پاش (٥٣) ساڵ لەنووسینی کتێبی (نیشتمانی جوولەکە) ی "تیۆدۆر هێرتزل ".

پاش (٤٤) ساڵ بەسەر مردنیدا لە (١٤ ی مارسی ١٩٤٨) دا خەونەکەی بووە راستی و "دێڤید بێن گۆریون" لە مۆزەخانەی تەل ئەبیب سەربەخۆیی دەوڵەتی ئیسرائیلی راگەیاند و بەم شێوەیە لە چەوساندنەوە و قەتڵ و عامی نازیزم و فاشیزم و روسی رزگاریان بوو. ئێستا قسە ئەوەیە. چ کوردێک ئەم خەونەی هێرتزل بۆ جوولەکە، بۆ کورد بەدی دەهێنێت، تا مێژوو بۆ هەمیشە بە نەمری لە دڵی کورددا بیهێڵێتەوە. تاکە چارە بۆ رزگاری کورد لە دەست زوڵم و چەوساندنەوە و قەتڵ و عام و جینۆساید هەر ئەم رێگایەیە...!؟

# بەشی دووەم

# ٢٠٠٧ -٢٠٠٩

١

کێشەی کووره ئەتۆمییەکانی پیۆنگ یانگ و سەپاندنی سزا بەسەر ئەو وڵاتەدا و قەیرانەکانی نێوان ئێران و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ئەگەرەکانی بەردەم ناردنی هێزی ئاشتی پارێز بۆ دارفۆر لە سودان، چەند ئاڵوگۆڕی خێرای جیهانن و واشنتۆن راستەوخۆ چاودێرییان دەکات و بەچەند مەترسی گرینگیان دەزانێت بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی لە ئاسیای رۆژهەڵات و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و کیشوەری ئەفریقادا.

لەلایەکی ترەوە ئەنجامدانی مانۆڕە چاوەڕوانکراوەکەی ئێران بۆ تاقیکردنەوەی مووشەکە (١٠٠٠)کم بڕەکانی، لەپاش مانۆڕەکەی کەنداو کە (٢٥) دەوڵەت، بە سەرپەرشتی واشنتۆن بەشدارییان تێدا کرد، هێندەی تر گرژییەکانی ناوچەکەی زیاتر کرد.

دواترین مەترسیش، کە بەم دوایانە (CIA) پەردەی لەسەر هەڵماڵی، ئەو پیلانە نهێنییە سێ قۆڵییەی (ئێران، سووریا و حزبوڵلای لبنانە) بۆ کۆنترۆڵکردنی حکوومەتی لبنان، لە رێگای کودەتایەکەوە.

کۆبوونەوەکانی مەککەو ئوردنیش، سەبارەت بە وەزعی عێراق، دوو سیناریۆی ترن لە ناوچەکەدا (مەبەست ساڵی ٢٠٠٧)ە.

هەموو ئەو رووداو و پێشهات و قەیرانانە، راستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی واشنتۆن هەیە، واتە هەرکام لەمانەش بە شێوەیەک لە شێوەکان، پێوەندییان بە عێراق و قەیرانەکانی عێراق و ئەمەریکاوە هەیە.

وەزعی عێراق تادێت ئاڵۆز دەبێت و مەترسییەکانی رێگاش رۆژبەڕۆژ زیاد دەکات و هەموو ئاماژەکان باس لەوە دەکەن، واقعیەتی پارچەپارچەبوونی ئەم وڵاتە گەیشتووەتە حاڵەتی تەقینەوە.

گەشتە یەک لەدوایەکەکانی کۆندالیزا رایسی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا و

رامسفێڵد و هادلی و نیگرۆپۆنتی بەرپرسی موخابەراتی ئەمەریکا (CIA) و چەند ژەنەراڵی سەربازی، لەپشت ئەو ئاماژانەوەن، کە عێراق لەبەردەم مەترسیدایە (مەبەست ٢٠٠٧)ە.

ئێستا قسە لەوە دەکرێت، چۆن دەکرێت بەر بەو مەترسییە بگیرێت، کە زۆر لایەن چاوەڕوانی دەکەن،

لەم بارەیەوە جێمس بیکەری وەزیری دەرەوەی پێشووتری ئەمەریکا و سەرۆکی ئەو لیژنەیەی، کەوا بڕیارە ئەلتەرناتیڤێک بدۆزێتەوە بۆ واشنتۆن، تا لەو قەیرانانە رزگاری بێت، کە تێی کەوتووە.

ئەو لەو بارەیەوە ئەلتەرناتیڤی فیدراڵی و دەسەڵاتی زیاتری هەرێمەکان بەڕێگاچارە دەزانێت، بەڵام مەرج نییە ئەم ئەلتەرناتیڤە سەر بگرێت و هەموو لایەنەکان قبوڵی بکەن، یان بەواتایەکی تر، رێگری چییە بۆ ئەو دیفاکتۆیەی خۆی بەسەر عێراقدا دەسەپێنێت، عێراق تاکە چارەسەر کە لە رێگایدا ماوە پەنای بۆ ببرێت، دابەشبوون و پارچە پارچە بوونییەتی.

کورد وەکو کارەکتەری سەرەکی و پێکهاتەی سیستمی سیاسی عێراق، یەکێک لە تەگەرەکان، دەیەوێت لەگەڵ عێراقێکی یەکگرتووی ئارامدا ببێت، کە مافەکانی خۆی تێدا پارێزراو بێت، بەڵام ئەوەش واقعە سەرەڕای دەستبەرداربوونی زۆرێک لە ماف و ئیمتیازەکانی، بەڵام زۆر لایەنی شیعەو سوننە هێشتا، تەنانەت بە مافی فیدراڵیش رازی نین، بۆیە گەر کورد بە کەمترین شتێک رازییەو لایەنەکانی تر ئامادە نین، لەگەڵی رێک بکەون، بۆیە رەنگە دواجار ناچار بکرێت، بە بڕیارێکی تر کە لانی کەم جیابوونەوە بێت.

***

گەر گریمان، کورد راگەیاندنی سەربەخۆیی جاڕدا-بێ گومان کاتێک دەبێتە دیفاکتۆ - کێ رێگری لێ دەکات و چۆن و بۆچی؟

ئەمەریکا کە لە ناوچەکەدا سیناریۆکان دادەڕێژێت، باش دەزانێ کورد لەگەڵ شیعەو سوننە، ناتوانێ وڵاتێک بەڕێوە ببات، کە تا ئێستا بە کەمینە بزانرێ، فیدراڵی پێ، رەوا نەبینرێت، کەرکوک بەکوردستان نەزانن، لەگەڵ هەر هەنگاوێکی پۆزەتیڤ و ئاسایی و یاساییدا، تاوانباری بکەن، بەوەی گوایە فەرموو کورد

خەریکە جیادەبێتەوە.

بۆیە ئەمەریکا ناتوانێ ڕێگری لەوەها کارێک بکات، کە کورد دەیخوازێت، بەو بەڵگەی چۆن واشنتۆن لەپرۆسەی ئازادی عێراقدا، لەباشترین دەروازە، کە کوردستان بوو بێ بەرگری و کێشە هاتە ژوورەوەو بێ گومان لەپاش ئەو هەموو شکست و قەیران و سێ هەزار کوژراوانەی، کە لە باشوورو ناوەڕاست لێیکەوت، تاکە دەروازەش هەر کوردستانە، کە لانی کەم لێیەوە پاشەکشە بکات، یان بتوانێت تێیدا بە ئارامی نیشتەجێ بێ، چونکە شیعەکان هەرگیز ڕازی نین، ئەمەریکا لە ناوچەکانیاندا بمێنێتەوە و حوکمیان بکات و نەوتەکەیان بەرێت و خۆشیان بەدۆستی ئێران دەزانن و داوای ویلایەتی فەقیهی دەکەن، بێ گومان ئەمەریکاش ڕازی نابێت، حوکمێکی ئیسلامی لە باشوور هەبێت، دۆستایەتی ئێران بکات و لە نەوتە زۆر و زەوەندەکەی بەهرەمەند نەبێت و هەموو لایەنەکان لەژێر ڕکێفیدا نەبن.

هەرچی سوننەکانیشە، هەموو ئەو دەردو موسیبەت و کێشانەی بەسەریاندا هاتووە، بەدەستی ئەمەریکای دەزانن و سوننە تیرۆریستەکان و قاعیدەو وڵاتانی سوننە، وەهابی و بە سووریاشەوە، هەموو هەوڵێکیان بۆ شکستی ئەمەریکایە.

خۆ ئەو دوو لێکدانەوەیەی سەرەوە، هیچ گومانێک هەڵناگرێت، ئەی کەواتە ئەمەریکا ڕوو لەکوێ دەکات و لە کوێیەوە سەرپەرشتی عێراق دەکات...هەر لە ناوچەی سەوزەوە؟ بێ گومان دەبێ شوێنێکی وەکو کوردستان بکاتە بنکەیەکی دۆستانە، بێ گۆمان کورد لەم حاڵەتەدا، ئیدی نابێ بەعاتیفە سیاسەت بکات، بەڵکو بەو تێزە کاربکات " لەسیاسەتدا دۆستایەتی و دوژمنایەتی تا سەر نییە، بەرژەوەندی تا سەر هەیە... ئیدی دەبێ واشنتۆن واز لەو دوو پەتپەتێنە بێنێت، نە دڵی کورد عاجز بکات، نە شیعەو تورکیا و سووریا و سعودیەش...!

دەبێ هەست بەو بەرپرسیارێتییە ئەخلاقییە بکات، کە کورد مافێکی ڕەوای خۆیەتی کە دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێت...!

بۆچی ڕەوایە مۆنتینگرۆ لە سربیا جیابێتەوە، لەکاتێکدا نە رووسیا ڕازی بوو، نە سربیاش پێی خۆش بوو، بۆچی دەبێ بۆ کۆسۆڤۆ ڕەوا بێت، مافی داواکردنی سەربەخۆیی هەبێت، بەڵام بۆ کورد حەرام بێت...؟

بۆچی واشنتۆن دەیەوێت دەوڵەتی فەلەستین دروست بکات، لەکاتێکدا بە (٢٢)

دەوڵەتی عەرەبی ناتوانن ئەو کارە بکەن، تەنیا بۆ کورد حەرامە، چونکە تورکیا و ئێران و سووریا نارازین، ئاخر گەر قسە لەسەر رازیبوونی ئەوانە بێت، بێ گومان قەت و قەت رازی نابن...! بەڵام ئەمە کێشە نییە!

کـــاتێک لە بەهاری (١٩٩١) راپەڕین رووی دا و دواتر لە ســـاڵی (١٩٩٢)دا حکوومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان پێکهات و دواتریش بڕیاری فیدراڵی دراو داوودەزگای ئیداری دروست کراو دادگاکان رێکخرانەوەو گومرگ دروست کراو نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێم دانراو مامەڵەو ئاڵوگۆڕی بازرگانی دەستی پێ کردو تەنانەت (شەڕی ناوخۆش رووی دا و ئیدارەکانیشی کردە دوو لەت و دوو حکوومەت) بەڵام دواتر هەڵبژاردن کراو حکوومەت یەک خرایەوەو رێکخراوە مەدەنییەکان گەشەیان کردو ئازادی رۆژنامەگەری پەرەی ساندو دەستوور بە قازانجی کورد بڕایەوەو ئاڵای کوردستان هەڵکراو سەرکۆمار بووە کوردو کوردستانیش سەرۆکێکی هەرێمی دەستنیشان کردو فڕۆکەخانەکانی کەوتنە کارو بیرە نەوتەکانیش بۆ دەرهێنانی نەوت کەوتە گەڕ، سەدا هەڤدەی داهاتی عێراق، درا بە کورد مادەی سەدو چل و گەڕانەوەی کەرکووک بۆ سەر کوردستان خرایە کارەوە...!

***

دەمەوێت بڵێم لە هەموو ئەو پێشهات و رووداو و ئاڵوگۆڕانەی، کە لە کوردستاندا رووی دا تورکیا و سووریا و ئێران و عێراق و تەنانەت ئوردن و سعودیە و میسریش، تەنیا بەیەک رووداو زۆر خۆشحاڵ بوون؛ ئەویش شەڕی ناوخۆ بوو، گومانیشم نییە بە پارەو چەک و فیشەکی ئەوان کرابێت...!؛

بەدەر لەوە بەیەک حاڵ و وەزعی کوردستان خۆشحاڵ نەبوون و بەهەمووشی نیگەران بوون، دڵنیاشم هەرچی و هەرچی چۆنێک بۆیان کرابێت، لە دژایەتی کوردو حکوومەتی کوردستان درێغییان نەکردووە، بەڵام سەرئەنجام نەیانتوانی بە قازانجی خۆیان رەوتی روو لە گەشەی بەدەوڵەتبوونی کوردستان پەک بخەن و شکستی پێ بێنن.

***

بۆیە کاتێک کورد دەوڵەتی کوردستان رادەگەیەنێت، دڵنیام بێ کێشە نابێت، بەڵام هەر هێندەی دەوڵەتی جوولەکەی ساڵی (١٩٤٨) نارەحەت دەبێت، کە جوولەکەکان لەناو ڤێلاو کۆشکە سوورەکانی شوورەوی و ئەورووپاوە گەڕانەوە،

ژێر خێمەکانی تەل ئەبیب، تا ببنە خاوەنی دەوڵەت و سەرئەنجامیش ئەو مافەی کە (٩٠٠) ساڵ و لەسەردەمی بەنی ئیسرائیلەوە لێیان زەوت کرابوو، لە راگەیاندنی دەوڵەتی ئیسرائیل بەدەستیان هێنایەوە، سەرەڕای ناڕازیبوونی (٢٢) دەوڵەتی عەرەبی و چەند دەوڵەتی ترو سێ شەڕی گەورە، بەڵام دەستبەرداری سەربەخۆیی نەبوون.

راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان، هەر هێندەی چاوەڕوانی سەربەخۆیی، ئازربایجان و ئەرمەنستان و تاجیکستان و جۆرجیاو قەرقیزستان و ئیستوانیا، لیتوانیا و لاتیفیا و تورکمانستان پڕکێش دەبێت، کە پاش کۆتایی جەنگی ساردو ستەمی ستالین و هەڕەشەکانی شوورەوی، بێ گوێدانە مەترسی سەربەخۆییان راگەیاند.

تەنانەت هەندێک دەوڵەتی تازە سەربەخۆی، وەکو قەرقیزستان بەهۆی بێ ئیمکانییەتەوە، داوای کرد هاولاتیانی قەرقیزیایی، کە لە ئەوروپا دەژین با کۆمەکی دەوڵەتی سەربەخۆ بکەن...!

ئەو دەوڵەتەی کە زۆر لە مێژە کوردەکان خەونی پێوە دەبینن، هەر هێندەی سەربەخۆیی (چیک و سلۆڤینا، سربستان، کرواتیا، مۆنتینگرۆ و کۆسۆڤۆ....) پاش چەند ساڵ شەڕو کوشتار و قەتڵ و عامی ناوخۆ و دەرەکی پڕ مەترسی دەبێت، کە سەرئەنجام گەیشتنە دەسەلات.

یان لانی کەم چاوەڕوانی سەربەخۆیی کوردستان، هەر هێندەی سەربەخۆیی ئەریتریایەکی کیشوەر رەشی بێ نەوت و بێ دەرامەت و پڕکێشەو هەژاریی و ئایدزو نەخۆشی و مەترسییەکانی ئەسیوبیا پڕ گرفت دەبێت، کە حاڵی حازر ئەندامی (UN)ە.

هەر هێندەی تەیموری خۆرهەلات ئەستەمە کە (شانانانگۆسماو) هەموو جیهانی گەیاندە ئەو قەناعەتەی کە دەبێ، تەیموری خۆرهەلات دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێت.

***

ئەوانەی من باسم کرد، هیچ کامیان لە خۆیانەوە نەبوونەتە دەوڵەت و سەربەخۆییان وەدەست نەهێناوە، دڵنیام زۆر هەڕەشەیان لەسەر بووە، بەڵام سەرکردەی سیاسی و ئیرادەی جەماوەرو جەور و ستەمی رۆژگارو فاکتەرە

سیاسییەکان (چ ناوخۆیی چ دەرەکی) رۆڵی خۆیان هەبووە، بەڵام سەرئەنجام گەل ئیرادەی سەرکەوتووە و گەلان بە مافەکانیان گەیشتوون.

***

کورد سەرکردەی هەیە، گەلیش ئیرادەی بەهێزەو خاوەنی پایەکانی دەوڵەتی کوردستانە، فاکتەری سیاسی دەرەکی هاوسۆزییەکی گەورەیان هەیە، لەگەڵ کورددا، بەڵام باشترین فاکتەر، ئەو فاکتەرەیە، کە ئێستا عێراق خۆڵقاندوویەتی، تا کورد ببێتە دەوڵەت. چونکە فەلەستینییەکان لە دەرئەنجامی شەڕی ناوخۆ سەربەخۆییان وەرگرتەوە، ئەریتریاو تەیمورو مۆنتینگرۆ و کۆسۆڤۆ لە دەرئەنجامی شەڕو قەیرانەکانی ناوخۆوە، گەیشتنە سەربەخۆیی.

ئێستا عێراق وا رسکاوە و لەبارە بۆ جیابوونەوەی نەتەوە و ئیتنیکەکانی ناوی، رەنگە لە سەرەتای دروستبوونییەوە وا نەبووبێ، بۆیە واشنتۆن وەکو داینەمۆی ئاڵوگۆڕەکان لەو بارەیەوە، پێموایە بەرنامەیەکی ناڕۆشنی هەیە، بەڵام کورد خۆی بەرنامەی چییە، چی دەکات و چی بۆ کردووە...؟ ئەمە گرینگە.

***

دەوڵەتی کوردستان (١٩٤)ەمین ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکانە کەی دروست دەبێت؟ چەند ساڵی تر؟ کێیە ئەو یەکەمین دەوڵەتەی، کە راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان پەسەند دەکات، بۆ یەکەم جار دان بەو دەوڵەتەدا دەنێت، کە گەلەکەی باشووری (٥) ملیۆن و کۆی گشتی (٤٠) ملیۆنە....؟

ئاخۆ واشنتۆنە؟ یان تورکیا؟ یان عێراقە...؟

ئاخۆ کێیە ئەو سەرکۆمارە کوردەی، کە دەتوانێت ببێتە (هێرتزلی جوولەکە، شانانا گۆسماوی تێمۆری خۆرهەڵات، کەمال ئەتاتورکی تورکیا)و وێنەکەی لە هەموو ماڵێکی کوردستان و دەزگا و دامەزراوەکان بەڕەسمی بناسرێت، وەکو بونیادنەرو جاڕدەری سەربەخۆیی کوردستان بناسرێت، کەی ئاژانس و میدیاکانی جیهان ئەم هەواڵە گرینگە دەکەن، بەسەردێڕی هەواڵ و باسەکانیان...

کورد لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی گەورەدایە، کە لە رووخانی دەوڵەتی میدیاوە چاوەڕێ دەکات، ئەویش سەربەخۆیی کوردستانە...! دروستبوونی دەوڵەتی کوردستانە!!

## ٢

زۆر کەس بۆچوونیان وابوو، کۆتایی جەنگی ساردو شکستی بلۆکی شوورەوی، سەرتاپای هاوکێشە سیاسییەکانی جیهانی گۆڕی، بێ گومان سەرەتای دەیەی، نەوەدەکان، سەرەتای چەندین ئاڵوگۆڕی جدی و چاوەڕوان نەکرابوون، لەبابەتی شکستی یەکێتی سۆڤیەت و بلۆکی شوورەوی و سەربەخۆبوونی پازدە کۆمارەکەی سۆڤیەت و سەربەخۆبوون و پێکهاتنی پازدە دەوڵەت بۆ گەلانی ژێر دەستەی (ئازەرو ئەرمەن و قەرقیزو تورکمان و گەلانی بەلتیک) جگە لە دروستبوونی چەندین دەوڵەتی نوێی وەکو چیک و سلۆڤاک، سربیاو مۆنتنیگرۆ مەکدۆنیا...)

لەپاڵ ئەوانەدا، چەمکی لیبرالیزم و دیموکراسی و ئازادییەکان گەشەی خێراو بەرچاوی کردو کاریگەری گەورەی لەسەر رەوشی سیاسی جیهان دانا، بەشێوەیەک هێندە کاریگەر بوو گشت پێکهاتە و سیستمی وڵاتێکی وەکو ئەفریقای باشووری گۆڕی، بۆ حوکمێکی رەش پێست و مەدەنی و مۆدێرن و عەدالەتخواز، کە پێشتر گەورەترین سیستم و ئاپارتایدی، لە سەرتاسەری جیهاندا، لەسەر دەستی دیکلێرکدا تێدا پەیڕەو دەکرا، بەڵام ئەو رەوشە تازەیە، ماندێلا لەزیندان دێنێتە دەرێ و دەیکاتە سەرۆکی ئەفریقای باشوورو یەکسەر ئەو سیستمە ئاپار تایدە، دەگۆڕێت بە سیستمێکی وەها، کە تەنیا پاش یەک دەورە لە خولی سەرۆکایەتی وڵات، دەسەڵات تەسلیمی جێگرەکەی دەکات و تائێستاش لەسەر فۆرمی یەکسانیخوازانە لەنێوان سپی و رەش پێستدا، بەڕێوە دەچێت، مەبەستمە بڵێم ئەم رەوشەی ئەفریقای باشوور، زادەی کاریگەری واقیعی ئاڵوگۆڕەکانی دەیەی نەوەدەکان و ئاڵوگۆڕەکانی جەنگی سارد بوو، سەرەڕای سەربەخۆیی ئەریتریا، لە دەست ئەسیوبیا، پاش زیاتر لە پەنجا ساڵ خەبات، لەوانەش گرینگتر بەخۆداچوونەوەی وڵاتێکی وەکو چین، لە سەر پیادەکردنی ریفۆرمی سیاسی و ئابووری. ئەگەرچی هێشتا سیستمێکی کۆمۆنیستی لەسەر کارە، بەڵام ئەو وڵاتە لەو ئاڵوگۆڕانە بێ کاریگەر نەبووە.

ئەوە ســــەرەڕای ملدانی کـــۆریای باکـــورە بۆ دەست هەڵگرتن لەســــەر سـەرەڕۆییـیـەکانی و وازهێنان لەسـەر کورە ئەتۆمـیـیـەکـانی، دواجاریش ملدانی عەرەب بەگشتی و فەلەستینییەکان، بەتایبەتی بۆ دانوستـان و دیالۆگ، لەگەڵ ئیسرائیل و هاتنە کایەی پرۆسەی ئاشتی.

مـەبەسـتـمـە بڵـێم ئەو ئاڵوگـۆڕانەی، کـە مـیـخـائیل گـۆرباشـۆڤ کـردی، کـە بەقەناعەتی من شۆڕشـێکی جیهانی و خزمەتێکی گەورەی مرۆڤایەتی بوو، هیچی کەمتر نەبوو لەو شۆڕش و ڕێنیسانسەی، کە پێشتر کرابوون، ئەگەرچی هەندێک بەخیانەتکاری لەقەڵەم دەدەن، بەرامبەر شوورەوی و ئیدۆلۆجیای مارکسیزم و سـوسیـالیـزم، بەڵام پێشـتـریش بینیـمـان سـتـالین، هەر لەژێر ئەم ناوەدا چی بە مرۆڤایەتی کرد، پاشانیش بینیمان بۆریس یەڵسن چۆن رووی تانکەکانی کردە پەرلەمان، بەڵام سەرئەنجام ئەم ریفۆرم و چەمکە گشتییانە سەرکەوتن.

گـرینگتـرین خـاڵ کـە زادەی ئەو ئاڵوگـۆڕانە بـووە، مـتکردن و سـرکـردنی دیکتاتۆرییەتی بەعس بوو لە عێراقدا، بەعس وێنەی چاوشیشکۆی رۆمانیا نەبوو، کـە هـەر ئەم ئاڵوگـۆڕانە، لەگـەڵ خـۆیان رایانماڵێ، بەعس نموونەی پۆل پۆت و خـەمیـرە سـوورەکانی کـەمـبۆدیا نەبوو، کە وەکو جـەنگیـزخان لە کـەللەسـەری مـرۆڤـەکانی کـەمـبۆدیا، کۆشکی دروست دەکرد. بەعس بەو پێیـەی دیماگـۆیانە رەفتاری دەکردو کارێزمایەک خرابووە سەروو هەموو ئیرادەیەکەوە و ئابووری وڵات تەخـشـان و پـەخشـان دەکراو چەندین نەخـشـەی داڕێژراوی جیـهـانی بەزەرەری خـودی گـەلانی عـێـراق جـێبـەجـێ دەکرد، لەبابەتی جەنگی عـێـراق – ئێـران و کوێت...ئەنفال

تەنیا بـەخـاتری ئەوەی، وەکو سـەرۆکی ئومـەی عـەرەبی و سـەرۆکی فـەرمـاندە و پارێزەری خلیـجی عـەرەبی نـاو ببرێت، بەڵام رەنگە گەورەترین ئاڵوگۆڕە جیـهـانی، لەپاش گـشـت ئەو ئاڵوگـۆڕانە جـەنگی سـارد، ئەو ئیـحـتـوایە بێ، کـە رووبەڕووی عێراق کرایەوە، بەتایبەتی پاش دەرپەڕاندنی لەکوێت و راپەڕینی گەلانی عێراق و بەتایبەتی راپەڕینی بەهاری (١٩٩١)ی خەڵکی کوردستان.

خـاڵی سـەرنج ئەوەیە، عـێـراق یەکـێک لە دۆسـتـەکانی ئـەمـەریکاو رۆژئاوا بوو، شەڕێکی هەشت ساڵەی لەدژی ئێران و شیعەی رەقیبی ئەمەریکا و خۆرئاوا بەرپا

کـرد و بەڕێوە دەبرد، بەڵام کـاتێک ئەم رژێمـە پەلامـاری کـوێت دەدات. ئەمـەریکاو خۆرئاوا دەزانن، ئەم رژێمـە تۆتالیـتـارە، چەنـدە مـایەی مـەترسـییـە لە ناوچەکەدا، بەتـایبـەتی کـە لـە هەوڵی وەدەسـتـخـسـتنی چەکی ئەتۆمـیـدا بوو، هـەوڵی دەسـتـبـەسـەرداگرتنی نەوتی کەنداوی فـارس و دروسـتکردنی پەیمانـی چوارقـۆڵی شۆفێنی عەرەبی و زۆر شتی تری دەدا.

بەڵام سـەرئەنجام ئەمـەریکاو خۆرئاوا، کە داینەمـۆی گشـتی ئاڵوگۆڕەکان بوون، کۆتایهاتنی رژێمی بەعس و عێراقیان، خستە ئەجێندەی پلە یەکی خۆیانەوە، وایان حـسـاب کـرد گـەر شکسـتی بلۆکی شـوورەوی، لە سـەرەتای دەیـەی نەوەدەکـان، ئەجـێندەترین کـارێکی جـدی و پڕبایەخ بووە، بـۆ جـێـبـەجـێکردنی نـەخـشـە پڕ ئاڵوگۆڕەکان، بەهەمـان شـێوە رووخـان و لەناوبـردنی عێـراق، دووەم و گرینگترین دۆسیەی پلە دووی جیهان بۆ ئەمەریکا و خۆرئاوا بوو.

بەو پێیـەی لە عێراقـەوە چەند پەیامێک دەدرێتـە وڵاتانی ترو پێگەی جـوگرافی و جیۆپۆلێتیکی عێراق، دەتوانێ ئەوەندەتری سـتراتیجەکانی ئەمـەریکا مـسۆگەرتر بکات و زۆرتر زووتریش دەست بـە ئاوە گەرمـەکان ڕابگات و کێشـەی گەلێکی چل ملیـۆنیش بخـاتەوە ناو دۆسـیـەی جیـهـانی، کە بەدرێژایی چل سـاڵ بوو جینۆسـاید دەکرا.

گـرینگیی رووخـانی بەعس لەوێوە سـەرچاوە دەگـرێت، تورکـیـای هاوپەیمـانی خۆرئاواو دیوارگری پەڕینەوەی مـارکسیزم لە سـەردەمی جەنگی ساردو بەردەوامی سـیـسـتـمی علمـانی لەدوای جـەنگی سـارد، بەهـۆی کـێـشـەو قـەیرانی ناوخـۆیی و دەرەکـییـەکانەوە، ئەو پێگە سـتـراتیج و جـیـۆپۆلیـتکەیی خـۆی، خـەریکە لەدەست دەدات، ئەمەریکا باش دەزانێ لە تورکیـا کێشـەی گەلێکی بیست ملیۆنی هـەیە، کە واقعە و دەبێ بکرێتـە ئەمری واقع، جیا لەوەش کێشە دەرەکییـەکانی لەگەڵ وڵاتانی ئەرمـینیـا، قوبرس، یۆنان، سـووریا، روسـیا و عـێراقەوە، لەداهـاتوودا تورکیـا لاواز دەکەن.

بۆیە ئەلتـەرناتیـڤی تورکیا عێراق بوو، بەڵام پاش بارودۆخی رووخـانی بەعس لە (٢٠٠٣) و خـراپـی وەزعی ئەمـەریکا لەباشـووری نـاوەڕاست و ئەو ئەلتـەرناتیـڤـە گۆڕاوە بۆ هـەرێمی کوردسـتانـی عێراق، کە خـەریکە پێگەکانی دەوڵەتی سـەربەخـۆ دادەمەزرێنێت.

بەو پێیـەی بەهێـزترین سـیـسـتـمی سـیـاسی لەناو هەرێمی کـوردسـتـان، لە سەرتاسەری عێراقدا بەرێوە دەچێت.

بەو پێیەی بەهێزترین چەمکەکانی ئازادی، دیموکراسی، علمانییەت، کۆمەڵگەی مـەدەنی، ئازادی بەیان و عـەقـیـدە، رۆژنامـەگـەری بەرێوە دەچێت – سـەرەرای رەخنەکانی من لەسەر ئەو مەسەلانە–

بەو پێـیـەی بۆ خـودی واشنتـۆن دەرکـەوت، یەکـەمـین و باشـتـرین دۆست و هاوپەیمان ستراتیجی و راستەقینەی واشنتۆن کوردەکان و هێزە کوردستانییەکان و سەرکۆمارو سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حزبە کوردستـانییـەکان و حکوومـەتی هەرێمی کوردستان و خودی خەڵکی کوردستانە.

بەو پێیەی ئەمریکییەکان لەگەڵ داخڵبوونیان بۆ هەرێمی کوردستان– گوڵباران کران و ئێستاش لەباشوورو ناوەراستی عێراق گوللەباران دەکرێن، بێ گومان کەسیش لە ئەمەریکا، باشتر ماناو مەفهوومی (گوڵباران و گولله باران) تێناگات و حساباتی لەسەر ناکات.

نابێ ئەوەشمان لەیاد بچێت، هەموو کارکردو ئەجێندەو پرۆسە سیاسییەکانی ئەمـەریکا، هێندە خـاو و هێـواش و لەسـەرخـۆ بەرێوە دەچێت، هەرگـیـز گـەلانی خۆرهەڵاتی، تاقەتی ئەوەندە چاوەروانی و سەبرگرتن و کاتەیان نییە، واتە بەئاکام گەیاندنی پرۆسێسی سیاسی ئەمەریکا، بەرامبەر هەر دۆسـیـەک و هەر پەلامـارو هێرش و وڵاتێک، هێندە بە بەرنامە دارێژراو لەسەرخۆو تاقەت پرووکێنە تەحەمولی تاکی خۆرهەڵاتی دەوێت.

مەبەستمە بڵێم تا ئێستاش ئەمەریکا بە عەلەنی لاچاوی ئێمەی کوردی ماچ نەکردووە، لە پاداشتی گوڵبارانکردن و بەهەمان شێوە، تا ئێستاش وەڵامی گولله بارانکردنی باشوور و ناوەراستی عێراقی نەداوەتەوە، ئەمەش مانای ئەوە نییە، لە هەر دووکیان بێ ئاگایە، بەڵام ئەم کارە لەکاتی خۆیدا ئەنجامەکەی دەردەکەوێت.

بەو پێیـەی کوردسـتـان، بووەتە خـاوەنی هێـزی یاسـایی پێشـمـەرگە و خـاوەنی چەندین بیرە نەوتی بەرهەمهـاتووی یەدەگ، بەتایبەتی پاش ئەوەی کە کەرکووک لە رێگای مـادەی (١٤٠) بە دەسـتـپـێـشکەری و هـەوڵی واشنتـۆن دەگـەرێتـەوە سـەر هەرێمی کوردسـتـان و ئـەمـەش گرینگی پێگەو جوگرافـیـا و ئابووری کوردسـتـان،

چەند بەرانبەر دەکات- لەکاتێکدا لە عێراقدا سێ پارێزگا زۆر گرینگن، ئەوانیش بەسرە کە دەروازەی دەریایە، بەغدا دڵی دەوڵەت و گردبوونەوەی حکوومەت و دەزگا ئیدارییەکان، کەرکووکی کوردستانی، شادەماری ئابووری عێراقە-

ئەمــە جگە لـەوەی هـەرێمی کـوردسـتـان، سـەبارەت بە دژایەتی بۆ تیـرۆریزم و گرووپی ئیسلامی توندڕۆ لەگەڵ واشنتۆن، یەک ئەجێندەیان هەیە- سەرەڕای چەند سـەرنج لەسـەر پێناسـەی تیرۆریزم بۆ چەند گرووپی کوردی - بەلام ئەم خـاڵە زۆر گرینگە، بەتایبەت پاش ڕووداوەکانی یانزەی سێبتەمبەر.

بەواتایەکی تر، گەر واشنتۆن بۆ ئیحتیـواکردنی ئێران و سـوریا حسـابی لەسـەر ئەفغـانسـتـان و عێراق کردبێ، پێ دەچێت ئێستـا هـەرێمی کوردستـان لە ئەهمـیەتە پلە یەکـەکان بێت بـۆ واشنتۆن، بەتـایبـەتی واشنـتۆن لەگـەڵ تـاران و دیمەشق هـەر ئێستـا لە کێشەو ملمـلانێیەکی توندداپە و گـەر بارودۆخی نائەمنی بەغدا نەبوایە، ڕەنگە ڕەوشی سیاسی و هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچە جۆرێکی تر بوونایە.

بۆیە هـەر ئەمــەش وا دەکـات، دەسـتـکاری پرۆسـە و نـەخـشــەی خـۆرهـەلاتی ناوەڕاسـتی گـەورە و باکـوری ئـەفـەریقـا بکرێت و پرۆژەی ڕۆژهـەلاتی ناوەڕاسـتی نوێی، بکرێنە ئەلتـەرناتیف و لەسـەر نەخـشـەکـەش دەوڵەتی کوردسـتـانی گـەورە بونیـاد بنرێت و لەچەند ڕۆژی ڕابردووش لە ئیـتاليا، نەخشـەکە تەسلیـمی نوێنەری تورکیـا بکرێت و ئـەوەش نیگەرانی بکات و وای لێ بکات هـۆڵی کۆبوونەوەکان جێ بهێڵێت.

ئەمـە سـەرەڕای بوونی دوو فرۆکەخـانەی نێو دەوڵەتی، کە واشنتۆن بە شکڵێکی ستراتیجی تێیان دەڕوانێ، بۆیە هـەموو ئەم خالانە وادەکات، بلێن ڕووخانی عێراق بۆ واشـنتـۆن، بۆیە لـە ئەجـێندە پلە دووهەمــەکـانی ئەودایە، توانی بیـســەلمێنێ، دەتوانێ دیکتـاتۆرترین، دیکتـاتۆری جیـهـان بڕووخـێنێت و دەسـتگیـری بکات و دادگایی بکات، توانی ڕەگ و ریشـەی تاڵیبان و قـاعیدە وەکو دوو گرووپی گەورەی سـونـنی و ئیسـلامی لەڕەگەوە دەرکـێشـێت، کە دەیانەویست گـەرای ئیسـلامی و سونەگەرایی بگەیەنە پاکستان و دەست بەسەر ئەتۆمییەکانی ئەو وڵاتەدا بگرن و بچنە کشـمیرو بپەڕنەوە بۆ داغسـتـان و چیچـان و هـەیمەنە بکـەنە سـەر ئێران و بەشێکی کوردستـانی عێراق لە هـەورامان و بۆ باشـوورو ناوەڕاستی عێراق و زۆر شوێنی تر.

لە سەروو هەموو ئەوانەوە مامەڵەکردنی PKK بەدرێژایی ئەم چەند ساڵە، وەکو واقعێک و هێزێکی کوردستانی، سەرەڕای ئەو هاوکارییە زۆرو زەوەندەی واشنتۆن بۆ تورکیا.

بۆیە عێراق لەپاش جەنگی سارد، پێگە و شوێنێکی پلە یەکە بۆ ئەمەریکاو خۆرئاوا، کە نەخشە و پلانەکانی خۆیانی تێدا دەبەنە پێش، بەتایبەتی کە پێویستییان بە سەقامگیری و ئارامی هەیە لە عێراقدا، کە پێ ناچێت بکرێت و لەحاڵەتی سەرنەگرتنی ئەم ئەگەرەشدا، تازەترین ئەلتەرناتیڤی واشنتۆن پارچەپارچە بوونی عێراقە بۆ سێ هەرێمی جیاواز، کە کورد بەهێزترین هەرێم و کارەکتەری ئەو دابەشبوونەیە بۆ واشنتۆن و یەکێکە لە ئەگەرە بەهێزەکانی بەردەم واشنتۆن.

گەر بزانین کە ئەمەریکا سەد دەرسەد گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی ئەو پەشێویی و نا ئارامییەی کە لەباشوور و ناوەڕاست هەیە، خودی ئێران و سووریان، بە پلەی یەکەم بەو مەبەستەی واشنتۆن لە عێراقدا بەدەردی ڤێتنام بچێت و نەتوانێ پراکتیزەی ئەو ئەجێندایەی بکات، کە سەبارەت بە ئاڵوگۆڕ لە سیستمی سیاسی تاران و دیمەشقدا دایڕشتووە.

بەڵام ئاخۆ کام ڕێگا واشنتۆن دەگەیەنێتە نەجات؟

ئەوەی کە عێراق بەو بارودۆخە خراپە بهێڵێتەوە؟ یان پارچە پارچەی بکات، وەکو چۆن هەمان پرۆسەی لە یوگسلاڤیای جێبەجێ کردو سەرکەوتوو بوو، لەلایەکەوە کۆتایی بە شەڕی ناوخۆ هێناو لەلایەکیشەوە باشترین دۆست و هاوپەیمانی لە خۆرهەڵاتی ئەورووپا بۆ خۆی دروست کرد، کە تازەترینیان (مۆنتنیگرۆ- چیای ڕەشە- کە دانیشتوانەکەی (٧٥٠) هەزار کەسن.

بەڵام هەموویان پراکتیزەی سیستمی سیاسی ئازادو دیموکراسی و مافی مرۆڤ دەکەن و بوونەتە داینەمۆی دیموکراسی لە ناوچەکەدا.

بێ گومان ئێستا واشنتۆن لە ئەهمیەتی هاوپەیمانییەتی کورد باش تێدەگات، بەڵام هێشتا دوژمنەکانی کورد، کە دۆستی واشنتۆنن، ڕەنگە لە مەترسی بەدەوڵەتبوونی کورد زۆر بترسن، بەڵام واشنتۆن دەیەوێت ئەمەش بکرێتە ئەمری واقع.

بۆیە ناکرێت بڵێین بێ کاریگەرەو ئاڵوگۆڕەکانی عێراق داینەمۆی ئاڵوگۆڕەکانی لیبیایە، لەپاش کێشەی لۆکەربی، مل بۆ داواکانی واشنتۆن و رۆژئاوا دەدات.

ئاڵوگۆڕەکانی بەلتیک و شۆڕشی پرتقاڵی ئۆکرانیا، کاریگەری ئاڵوگۆڕەکانی عێراقە، کە وادەکات دۆستە کۆمۆنیستەکەی رووسیا پەراوێز بخرێت و سیستمێکی مۆدێرن و لیبرال و دۆستی واشنتۆن بێتە سەرکار.

هەڵبژاردنە رواڵەتییەکانی میسر، یەمەن و شارەوانییەکانی سعودیە و بەشداری پێکردنی ژنان لە کوێت و سعودیە و بەهاناوە چوونی گەلانی دارفۆر لە سودان و رەوانەکردنی کێشەکە بۆ ئەنجوومەنی ئاسایش، و پێداگری لەسەر سەلماندنی مافی مەسیحەکانی باشووری سودان، بە سەرکردایەتی جۆن گەرەنگ و فشار خستنە سەر لبنان بۆ دەرپەڕاندنی حزبوڵلاو دوورخستنەوەی لە سنوورەکانی ئیسرائیل و دەرخستنی ئەو هاوکارییەی کە ئێران و سووریا پێشکەشی حزبوڵلای دەکەن (مەبەست ساڵی ٢٠٠٧)ە.

پێشتریش فشار خستنەسەر سووریا، پاش تیرۆرکردنی رەفیق حەریری، تا هێزە سوپایی و ئەمنییەکانی لە بیروت بکێشێتەوەو بردنی کێشەکە بۆ ئەنجوومەنی ئاسایش و ئێستاش لەهەوڵی دانانی سنوورێکی نێودەوڵەتیدایە بۆ نێوان سووریاو لبنان، رێگەگرتن لە بۆریە نەوتییەکانی ئازربایجان بە تێپەڕبوون لە ئێرانەوە و بایکۆتکردنی ئەو کۆمپانیایانەی کە یارمەتی ئێران و سووریا و گرووپە ئیسلامییەکانیان داوە و لەم رۆژانەشدا زیادکردنی بودجەی (٧٠) ملیار دۆلار بۆ کاروباری سەربازی لە ئەفغانستان و عێراق و دانانی بودجەیەکی (٤٨٠) ملیار دۆلاری بۆ کاروباری سەربازی و دژایەتی و بەرگرتن لە کۆنترۆڵی ئیسلامییەکان لە سۆماڵ و شکستی کودەتا سەربازییەکان، لە زۆر وڵاتداو تەرخانکردنی پارەیەکی باش بۆ ریکخراوە (NGO) تان لە کوبا بۆ دژایەتی سیستمی تۆتالیتاری لە کوبا و راکێشانی مەکسیک بۆ نافتاو پەیماننامە نێو دەوڵەتییەکان.

مەبەستمە بڵێم بەشێکی زۆری ئەو ئاڵوگۆڕانە، پاش هاوکێشە سیاسییەکانی عێراق روویان داوەو هەنگاویان بۆ نراوەو لە نەخشە و پلانی واشنتۆن بێ کاریگەر نین.

بەڵام دیسان هێشتا ئەجێندەی عێراق، گەرمترین ئەجێندەیە بۆ واشنتۆن و تاوتوێکردنی گشت فایلەکانی تر، بۆیە کۆتایی جەنگی سار چەندە ئاڵوگۆڕی پۆزەتیڤی بە دوایی خۆیدا هێنا، شکستی عێراق و بەعسیش سەرەڕای، گشت ئەو ئاڵوگۆڕانەی، کە تا ئێستا هێناویانەتە گۆڕێ، کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕی تر بەدوای خۆیدا دەهێنێت، کە باشترینیان رەنگە بەقازانجی کورد بێت و بەدەوڵەتکردنی کوردستان بێت...!

٣

لە ماوەی پازدە ساڵی رابردوودا، هیچ کام لە هاوکێشە سیاسییەکان ئەوەندەی راپۆرتەکەی (بیکەر – هاملتۆن) کوردیان نیگەران نەکردو هیچ کامیشیان ئەو راستییەی نەسەلماند، کە ئەمەریکا تەنیا و تەنیا شتێک لە ئەجێندای کارکردنیدا بەرژەوەندییەکانی خۆیەتی لەگەڵ کورددا.

ئەگەرچی هێشتا زووە قسە لەسەر ئەوە بکەین، کە ئەمەریکا دۆستی کورد نییەو نەبووە، بەڵام ئەم راپۆرتە خاڵێکی گرینگە لە پێوەندیی نێوان (ئەمەریکا – کورد).

بەو واتایەی کورد، ئەمەریکای وەکو فریادرەس و رزگارکەری نەتەوە ژێر دەستەکان سەیر دەکرد، بەڵام خەریکە ئەو تێگەیشتنە کاڵ دەبێتەوە، ئەو بۆچوونە راست دەردەچێت، کە واشنتۆن تاکە لایەنێ کە حسابی دۆستی خۆی بۆ نەکردووە کوردە.

راپۆرتەکەی (بیکەر – هاملتۆن) هەرچەندە بۆ کورد خراپ بێت، بەڵام چەند گرینگییەکی تایبەتی خۆی هەیە بۆ کورد، ئەوەش لانی کەم کورد بە ئاگا دەهێنێتەوە، لەوەی کە سیاسەت بەدۆستایەتی ناکرێت پێویستی بە ئەجێنداو پرۆتۆکۆڵ و دارشتنی تاکتیک و ستراتیج هەیە و پێویستی بە راگرتنی تەرازووی بەرژەوەندی و هاوکێشە سیاسییەکان هەیە.

کوردی بە ئاگا هێنایەوە لەوەی کە ئاخۆ لەماوەی پازدە ساڵی رابردوودا، چ ئەجێندایەکی هەبووە، لەگەڵ ئەمەریکا کاری لەسەر کردووە؟ کامە پرۆتۆکۆڵی بە قازانجی خەڵکی کوردستان ئیمزا کردووە؟ ئاخۆ چ گرەنتییەکی لە واشنتۆن وەرگرتووە، سەبارەت بە ئایندەی کوردستان و پاراستنی هەرێمی کوردستان و ئەگەرەکانی سەربەخۆیی...؟

ئاخۆ کورد لەسەر چ بنەمایەک هاوکاری واشنتۆنی کردووە؟

بۆ وەڵامی هەموو ئەو ئەگەرانەی سەرەوە، بە بۆچوونی من، خەڵکی کوردستان

ناتوانن گەشبین بن بە وەها ئەجێندایەک و ئیمزایەکی مێژوویی، ئەوەش بەو بەڵگەی کەمترین شەفافیەت لە کارکردنی سەرکردایەتیی سیاسیی کورددا بەدی ناکرێت.

لە حاڵەتی ئاساییدا، سەرکردایەتیی کورد، بێدەنگ ومت خەریکی شاردنەوەی شتەکانە و تەنیا لە ژووره داخراوەکان چەند کەس دەیزانن.

کاتێکیش دەگاتە حاڵەتی مەترسیدار، بچووکترین مەترسی، دەکەنە مۆتەکەیەکی گەورە و هەلآیەکی بۆ بەرێ دەخەن، کە خەڵکی کوردستان هێندە دەترسێنێ، سادەترین خەڵکی کوردستان بە (نەهامەتییەکی تر، نسکۆیەکی تر، بەشوودانێکی تر..) ناوی دەبەن.

ئەمە هەڵەترین سیاسەتە لە رەوتی درێژخایەنی مێژووی سیاسیی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورددا، چونکە جگە لەوەی متمانەی جەماوەر لەدەست دەدات، ناکرێت کۆمەڵگاش بڕوا بە راستی ئەو مەترسییانە بکات.

سادەترین شت ئەوەیە، لەماوەی پازدە ساڵی رابردوودا، کەس نازانێت دیالۆگ و دانوستانەکانی نێوان کورد واشنتۆن چی بووە؟

ئاخۆ واشنتۆن بەڵێنی چی بە کورد داوە؟ ئاخۆ لەسەر چ بنەمایەک پێوەندییەکان داڕێژراوە؟

ئێستاش کە دەیبینن تەنیا راپۆرتێک زۆرترین بێ مافی سەبارەت بە کورد تێدا هاتووە، قوربانترین قوربانی لە عێراق و ناوچەکەدا کوردە.

ئاخۆ فاکتەری ئەم غەدرە، خراپی هەڵسوکەوت و رێکردنی هاوکێشە سیاسییەکانە لە عێراق و ناوچەکە و ناوخۆدا؟

بێ گومان بەڵێ ئێستا دەرکەوت هەموو گوێڕایەڵی و ملدان و هەموو داخستنی فەرشێکی سوورو دەست بە سنگەوە گرتن و قوربانیدانێک، راست و شیاو نییە، چونکە ئەمە سیاسەتە و (ئاشی سیاسەتیش بەئاوی بەرژەوەندی دەگەڕێت).

بە کورتی، کورد عاتیفانە مامەڵە لەگەڵ سیاسەت دەکات، نەک بە عەقلآنییەت، ئەمەش خودی گرفتەکەیە.

با بپرسین (جیمس بیکەر- هاملتۆن) بۆچی لە (٧٩) مادەدا، کەمترین مافی بە کورد رەوا نەبینیوە؟

گەر دیقەت بدەین لەو راسپاردەو پێشنیارانەی راپۆرتەکەدا، دەردەکەوێت بیکەر گەڕاوە بە دوای ئەلتەرناتیف بۆ دوژمنەکانی ئەمەریکا و هەموو سازشێکی بەڕەوا زانیوە، لەگەڵ خودی دوژمنە سەرەکییەکانی واشنتۆندا.

بیکەر ئەوە باش دەزانێت (کورد) دوو گرینگی زۆر گەورەی هەیە لە راپۆرتەکەدا"

یەکەم: ئەوەی کە کورد نە دوژمنە و نە دەبێتە دوژمن.

دووەم: باشترین دیارییە پێشکەشی هەموو ئەو لایەنانەی دەکات، کە دژی ئەمەریکان.

هەموو لایەنەکانی عێراق و وڵاتانی ناوچەکە بە (ئێران، سووریا، تورکیا و سعودیە و ئوردن و میسریشە) و (شیعە و سوننە) هەمیشە ترسیان لە کورد هەبووە و بەردەوامیش واشنتۆنیان لە مەترسی کوردو راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی و کوردەکان ئاگادار کردووەتەوە، زۆربەشیان بەتایبەتی قسەیان لەسەر (کەرکووک) کردووە، بەتایبەت تورکیا و شیعەو سوننەکان.

بۆیە چۆن بیکەر گەڕاوە بەدوای ئەلتەرناتیڤەکانی خاوکردنەوەی دوژمنەکانی واشنتۆن، کوردیشی بە یەکێک لەو فاکتەرانە داناوە، کە لانی کەم، دەتوانێت خاڵێکی کاریگەر بێت و ناڕاستەوخۆ بە تورکیا و ئێران و شیعەو سوننەکان بڵێ، یەکێک لەو مەترسییانەی کە پێتان وایە عێراق تووشی لەتبوون و دروستبوونی دەوڵەتی کوردی دەکات، بەتەواوی سڕ کراوە.

گەر ئەوەش بزانین راپۆرتەکە بە تەنیا مەبەستی پەراوێزخستنی (کورد) نییە، بەڵکو پەراوێزخستنی (کورد) واتای چەند شتی گرینگتر دەردەخات، سەبارەت بە کورد.

ئەوەی کە کورد پشتگوێ خراوە، ئەمە لە بواری سیاسی و دەروونییەوە (دوژمنەکانی کوردو ئەمەریکا) خۆشحاڵ دەکات.

ئەوەی کە (کەرکووک و مادەی ١٤٠) دوا بخرێت، دەلالەتە بۆ ئەوەی، کە نابێ تورکیا چیدی نیگەران بێت، لەوەی کە کەرکووک دەبێتە بەشێک لە هەرێمی کوردستان و دۆستەکانی تورکمان پەراوێز ناخرێت و ئەم لێکدانەوەیە بۆ ئارامکردنەوەی سوننە شۆفێنی و ناسیۆنالیستەکان و کۆنە بەعسییەکان و عەرەبە هاوردەکان و شیعە توندڕەو و گرووپی سەدریش راستەو قانع پێکەرە بۆ

ساردکردنەوەی هەراسانبوونی ئەو لایانانە.

جگە لەوەی ئاماژەیەکی ئابووریشی هەیە، بەوەی کە کەرکووک وەکو شا دەماری ئابووری عێراق ناسراوە، ئیتر کورد ناتوانێت ئەم کارتە وەکو کارتێکی ئابووری بەهێز لەدەستیدا بێت و ببێتە فاکتەرێکی سەرەکی بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی و بەهێزکردنی پایە ئابوورییەکانی هەرێمی فیدراڵ و نزیکبوونەوەی وڵاتان و کۆمپانیا سەرمایە گوزارییەکان بۆ وە دەستخستنی پشکی ئابووری لە ژێر دەسەڵاتی کوردەکان.

هەروەها رازیکردنی ئەو لایانانەیە، کە لە مێژە دەیانگوت نابێ مادەی (١٤٠) جێبەجێ بکرێت و کەرکووک بەپێی برگەیەکی دەستوور بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان.

ئەمەش مانای ئەوەیە، ئەو دەستوورە، خواستی گەلانی عێراق بووە وڵاتانی دراوسێی و سوننەکانی نیگەران کردووە، قابیلی ئەوەیە جێبەجێ نەکرێت و یەکەم خاڵێش کە جێبەجێ ناکرێت مادەی (١٤٠)ە.

بە بۆچوونی من، گەر پرۆسەیەکی سیاسی گرینگ لە عێراقدا، لەپاش رووخانی بەعسەوە رووی دابێت (پرۆژەی دەستووری نوێی عێراقە)و گرینگترین خاڵیش لەناو پرۆژەی دەستووردا مادەی (١٤٠)ە و فەعالترین کارەکتەری ناو پرۆسەکەو دەستووریش لە رووی (ئابووری، سیاسی، ئاسایش)ەوە (کوردستانە) واتە بیکەر بە دواخستنی ئەو مادەیە، هەم کوردو هەم مادەکەو هەم دەستووریش پەراوێز دەخات، واتە ئەو داوایەی کە ئێران، سووریا، سعودیە سوننەکان و بەشێک لە شیعەکان و بەعسییەکان داوای دەکەن و ئەمەیش ئەو خاڵەیە کە بیکەر بەتایبەتی ئاماژەی بۆ دەکات، کە دەبێ بەهەرچی نرخێک بێت، لایەنە شەڕکەرەکان، دوژمنەکانی واشنتۆن ئاشت بکرێنەوەو مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

ئەگەر چی ئەم رازیکردنە، نابێتە قەناعەتی تەواوی لایەنەکان و وڵاتانی ناوچەکە، چونکە وڵاتانی ناوچەکەو بەتایبەتی (سووریا و ئێران و سعودیە) کە سەرچاوەی سەرەکی یارمەتیدانی گرووپەکانی عێراق و پەشێویی و نائارامی عێراقن، بەتەنیا کێشەی عێراقیان نییە، بەڵکو کێشەی تریشیان هەیە، کە دەیانەوێت وەکو کارتی گوشار بەکاری بهێنن دژی ئەمەریکا، لەبابەتی دواخستنی

سەپاندنی سزای ئابووری و کێشەی کووره ئەتۆمییەکانی تاران و دەست هەڵگرتن له موجاهیدینی خەڵق و رووخانی کۆماری ئیسلامی ئێران و دەست هەڵگرتن له گەمارۆدانی ئێران له عێراق و ئەفغانستانەوەو دژایەتیکردنی، گرینگترین خاڵن، که ئێران داوایان دەکات، هەرچی سووریاشه فایلی لبنان و بەرزاییەکانی جۆلان و ئیسرائیل و ئیمتیازی زیاتر به سوننەکان گرینگترین داواکانییەتی.

بەم شێوەیه دەتوانین بڵێین، راپۆرتەکه قوربانیبوونی دۆستەکانه، لەپێناو ئاشتبوونەوەی دوژمنەکان و ئەمەش تاکه ئەلتەرناتیڤه بۆ رازیکردنی لایەنه ناوخۆیی و دەرەکییەکانی دژی واشنتۆن، ئەمەش شتێکی سادەیه له سیاسەتی هەمیشەیی واشنتۆندا، که لایەنێک بکاته قوربانی و له رووی ئەخلاقییەوه پێناسەیەکی نییه.

هێشتا راپۆرتەکەی (بیکەر-هاملتۆن) نەچووەته بواری پراکتیزەکردنەوه و چەند ئەگەریش هەن، که ئاخۆ ئێران و سووریا دەست له هاوکاریکردنی سوننەو شیعەکان هەڵدەگرن و رەوشی سیاسی عێراق ئارام دەکەنەوه و دەهێڵن واشنتۆن به ئیسراحەت پیلانێکی نوێ دانێت و دەستکەوتەکان بچنێتەوه، یان بەردەوام دەبن لەسەر فشار خستنه سەر واشنتۆن بۆ کشانەوەو شکستی زیاتر و دروستکردنی ڤێتنامێکی تر بۆی.

ئاخۆ ئەو راپۆرته واقعییه، یان واشنتۆن، تاکتیکانه دایڕشتووەو بۆ ئارامکردنەوەو سووریا و ئێران و شیعه و سوننه و بەعسییەکانه، یان ساغکردنەوەی ئەو قسانەیه که دەڵێ" ئێران و سووریا به پلەی یەکەم بەرپرسن له پەشێوییەکانی عێراق و لێره بەدواوه، ئاخۆ ئێران و سووریا ئەو پەلامارانه رادەگرن و ئەو تۆمەتەیان لەسەر دەبێته ماڵ"

ئەمانه هەمووی چەند ئەگەرن، واشنتۆن کاریان لەسەر دەکات، بەڵام جارێ هیچ کامیانی نەخستووەته بواری پراکتیکەوه، بەڵام دەبێ کورد بزانێت، ئەم راپۆرته سەرەتایەکه بۆ هەر ئەگەرێک، که واشنتۆن بیخوازێت، بەوەشەوه که هەرێمی کوردستان و ئارامی و ئاسایش و حکوومەتەکەش بخاته مەترسییەوه، چونکه ئێمه نموونەی خیانەتی واشنتۆن و ئەوروپامان لایه لەبابەتی (لۆزان) و (رووخانی حکوومەتی شێخ مەحمود) و (قازی محەمەد) و (دەستگیرگردنی عەبدوڵلا ئۆج

ئالان) و (کۆچی خەڵکی کوردستانی باشوور).

بۆیە دەبێت کورد، سـیـاسـەت بکات، نەک دۆسـتـایەتی (چونکە لـە سـیـاسـەتدا دۆست و دوژمنی تا سەر نییە، بەڵکو بەرژەوەندی تا سەر هەیە).

## ٤

کۆمەڵێک کورد، دەیانەوێت بچنە لای ئەفسەرێکی پایەبەرزی وڵاتێکی دراوسێ، تا جاشیەت و خیانەتی خۆیانی بۆ ئاشکرا بکەن؛ بۆ ئەم کارە، دۆستێکی خۆیان رادەسپێرن، تا ئەو چاوپێکەوتنەیان بۆ برەخسێنێت. کاتێک دۆستەکە دەچێتە ژوورەوەو دەڵێ کۆمەڵێ کورد؛ ئەفسەرەکە یەکسەر دەڵێ! ئەوانە خیانەتکاران و دوژمنی ئەم گەل و وڵاتەن؛ قوربان ئەم کوردانە؛ جیاوازییان نییە، هەموویان دوژمنن.

کابرا دەیەوێت بڵێت، ئەفسەری بەڕێز، ئەمانە راستە کوردن، بەڵام دۆستی ئێمەن، بەڵام ئەفسەرەکە هەر کە ناوی کورد دەبیستێ، تووڕە دەبێ و هەڵدەچێت...

مەبەستم لەم چیرۆکە ئەوەیە، دوژمنانی کورد بەتایبەتی وڵاتانی (ئێران و تورکیا و سووریا...) هەر کە ناوی کورد و کوردستان دێت، قەڵس دەبن و یەکسەر دەکەونە پیلان گێڕان و چنینی سیناریۆی دوژمنکارانە.

هێشتا کارەساتی ئازاری (١٩٧٥) و کارەساتی هەکاری و لەسێدارەدانی قازی محەمەدو تیرۆرکردنی قاسملۆ و کمانگرو ئەنفال و هەڵەبجە و قەتلوعامی دەرسیم و سنە و مهاباد و (٣١)ی ئاب و تیرۆری سەیدا ساڵح و قەتڵ و عامی قامیشلۆ و حەسەکەمان بیر نەچووەتەوە.

هێشتا ئەوەمان لەیادە؛ کە لە سەرەتای راپەڕینی خەڵکی کوردستان لە ساڵی (١٩٩١) و دواتر چۆن ئەم وڵاتانە، نەیانهێشت تەنانەت یەک بۆشکە نەوت بگاتە کوردستان و نرخی یەک بۆشکە گەیشتە (٢٠٠٠) دیناری چاپی سویسری و ئەم نرخەش بە درێژایی مێژووی دروستبوونی عێراق رووی نەداوە؛ و بگرە نرخی یەک فەردە ئارد، گەیشتە (١٥٠٠) دینارو یەک تەنەکە رۆن (١٠٠٠) دینار، ئەمە لە کاتێکیدا، داهاتی خەڵکی کوردستان ئەوەندە خراپ و کەم بوو، زۆر خێزان دوو ژەم نانیان دەخوارد، یان بە سەرە چایان دەخواردەوە.

ئەم قـەیرانە جگە لە رۆڵی پاسـیـڤی سـەدام و بەعس، هـەرسێ وڵاتی دراوسـێی کارەکتـەری سەرەکی بوون، چونکە سنوورەکانیـان داخـست و. ئامـادە نەبوون لەو بارودۆخە قورسـەدا، هاوکاری خەڵکی بکەن، بیانووی ئەوان ئەوەبوو. کـە کوردەکان بەنیازن لە کوردستانی عێراقەوە، دەوڵەتی کوردستان دروست بکەن.

کـوردەکـان ئیـدارەو حکوومـەت و پەرلەمــان و کـۆلێـژی سـەربازی و پـالآوتگەی نەوتیـان دروسـت کـردووە، ئـەمـانـە هـەمـوویان مـەترسـین بۆ سـەر جـوگـرافـیـاو جیۆپۆلیتیکی ناوچەکە.

هەوڵی دوژمـنکارانەی ئەم وڵاتـانە، هـەر ئەوە نـەبوو، کـە خـۆیان سـنوورەکـانیـان داخـسـت، بەڵکو نەیانهـێشت ئەو یارمـەتی و هـاوکـارییـانە بگەنـە کـوردسـتـان، کە لەلایەن وڵاتانی ئـەوروپی و رێکخـراوە (NGO)کان و خـێرخـوازییـەکان پێـشکێش دەکراو سـەدان کێشـەیان بۆ ئەو وەفدە ئەوروپییانە دروست دەکرد، کە دەیانویست بێنە کوردستان.

ئاشکراکردنی رێککەوتنامەی پـاریس، هـەر لەلایەن ئەم وڵاتانەوە بوو، کە کوردی دەگـەیاندە رادەی سـەرکـەوتنی پرۆسـەی سـیـاسـی یەکـجـاری، ئەگـەرچی دەسـتی لایەنێکی کوردی لەم پرۆسەیەدا هەبوو، نەیهێشت ئەم کارە مەیسەر بێت.

هـەر ئەم وڵاتانە بـوون، بە نزیکەی (٢٠٠) ئۆپۆزسـیـۆنـی کـوردی ئێـرانـی و (١٠٠) ئۆپۆزسیۆنی کوردی تورکیا و سووریایان تیرۆر کرد.

هـەر ئـەوان بوون، لایەنـە ئیـسـلامی و تـورکـمـانەکـانیـان هان دا، بۆ دژایـەتی ئەزمـوونی خـەڵکی کـوردسـتـان و حکوومـەت و زەرەرێکی زۆریان لەم ئەزمـوونە دا و زۆر دوایان خست.

هەر ئەوان بوون تـیـرۆریان لە کـوردسـتـان گەشـە پێداو تـیـرۆریسـتـانیـان تەیار دەکـردو رەوانەی کـوردسـتـانیـان دەکـردن، بۆ کـاری خـۆکـوژی و ئاژاوەو پشـێـوی نانەوە.

ئەوان هـەر بەوە نەوەستان، پیلانـی نـهێنی و سیناریۆی ژێر بەژێر بچـن، بەڵکو لە پیـلانێکی سـێکوچکەی دوژمـنکارانەدا، هاوپـەیمانیـیـەکـیـان پێکهـێنا بـۆ دژایەتی ئەزمـوونی خـەڵکی کـوردسـتـان، لە نێوان (تاران، دیمەشـق، ئەنکەرە)داو بەنهـێنی سـەدام حسێن و بەغداش لە گەڵیاندا بوون.

بەم شێوەیە ئەم لایەنانە، هەر سێ مانگ جارێک لە یەکێک لەم پایەتەختانە کۆ دەبوونەوە، بۆ تاوتوێکردنی پێشکەوتنەکانی هەرێمی کوردستان و دانانی پیلانی دوژمنکارانە بۆ بەرپێگرتنی ئەم ئەزموونە.

ئەمانەی باسم کرد ئەو سیناریۆ کەمانەیە، کە ئەم وڵاتانە دایانڕشتووە دژی خەڵکی کوردستان، بەڵام هەموویان بێ ئاکام بوون و شکستیان خوارد، لە بەرامبەر ئیرادەو ئیرادەی خەڵکی کوردستان و ئەزموونی سەرکەوتووی کوردستاندا.

ئێستاش کە پیلانێکی تریان بە دەستەوەیە، بەبیانووی دژایەتی تیرۆر، دەیانەوێت عێراقیش لەم پیلانە بگلێنن و دیسان کوردستان و حکومەتی هەرێمەکان بخەنە ناو ئەم سیناریۆیەوە، بەوەی گەلە کۆمەکێ بکەن دژی (PKK) و جەنگێک بەرپا بکەن بە دەرکردنی لە کوردستانی عێراق و لەم بارەیەوە ئێستا خەریکی دارشتنی سیناریۆیەکی وەهان، ئێمە شاهیدی ئەدەین (PKK) لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا، چەندین سیاسەتی چەوتی پیادەکردووە، دژی ئەزموونی خەڵکی کوردستان و کەوتووەتە شەڕەوە لەگەڵ لایەنە کوردستانییەکان، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە، ئێمە دوژمنایەتی (PKK) بکەین و بچینە پاڵ بەرەی دوژمنکاران و شەڕی لایەنێکی کوردستانی بکەین.

کوردەکان چ لە حکوومەتەکانی هەولێر و سلێمانی و چ لە حکوومەتی فیدراڵی عێراق، گەر پشتگیریی لەم پیلانە بکەن، هەڵەیەکی مێژوویی دەکەن.

لەم بارەیەوە دەکرێت چەند نموونە بهێنمەوە؛ کێشەی ئیسرائیل و فەلەستین، چەندین قەیرانی جۆرەوجۆری لێ کەوتووەتەوە. هەمووکات کە فشار بۆ سەر ئیسرائیل دروست دەکرێت و ئەنجوومەنی ئاسایش دەیەوێت بڕیارێک دژی تەل ئەبیب دەر بکات؛ واشنتۆن ڤیتۆ بەکار دەهێنێت بۆ پشتگیریی دۆستەکەی.

تامیلەکانی، ویلایەتی تامیل نادۆ لە هندستان، هەرگیز پشتیوانی حکوومەتی نیودەلهی ناکات، بە دژایەتی تامیلەکانی سریلانکا، کە ماوەی چەند ساڵە، کەمینەی تامیل لەلایەن سینهالەکانی سریلانکاوە قەتڵ و عام دەکرێن.

ئیتر بۆچی ئێمە بەبیانووی تیرۆر، دژایەتی PKK بکەین...؟ لە کاتێکدا ئێمە دەتوانین لە ڕێگەی حیوارو دیالۆگ و دانوستانەوە لەگەڵ PKK بگەینە ئاکام،

بەتایبەتی کورد ئێستا لەبەردەم تێپەڕکردنی چەندین هاوکێشەی سیاسیدایە، لە عێراقی فیدراڵ و کوردستاندا.

یەکەم: ئەوەی کورد لەبەردەم بە یەکجاری سەرکەوتنی پرۆسەی حکوومەت و پەرلەمان و ئەزموونی خۆ بەڕێوەبردندایە و دەبێت ئەم ئەزموونە بگەیێنێتە ئاکام و خەونی کورد بێتە دی.

دووەم: مەسەلەی فیدراتیڤەکردنی کوردستان و دروستبوونی سیستمێکی پلورال و مۆدێرن لە عێراقدا، کە بەشێکی زۆری دەکەوێتە سەر سیاسەت و رەهەندەکانی کوردی. بۆ دروستکردنی مۆدیلێکی نوێ و جوان.

سێیەم: کوردستانی باشوور و حکوومەت و خاکەکەی، خاک و حکوومەتی هەموو کوردێکە لە هەر کوێی جیهاندا بێت، گەر پێویستی کرد هاوکاری بکرێت و باوەشی بۆ بگرێتەوەو گوێی لە مەترسییەکانی هاوکاری نەبێت، بەڵام بەڕێگەی یاسایی و ئەخلاقی و دیبلۆماسی و نێودەوڵەتی.

چوارەم: خۆ بە دوورگرتن لە دژایەتی هەر سازمان و رێکخراوێکی سیاسی، لەهەر چوار پارچەکەی کوردستان و دروستکردنی دۆستایەتی و هاوپەیمانییەتی و هەوڵدان بۆ چارەسەری کێشەکانیان و هاوکاری و پشتیوانیکردنیان.

بەڵام:

لە بەرامبەر ئەم هەڵوێستانەدا. هەموو کوردێک و سازمان و لایەنێکی کوردستانی، ئەرکێکی گەورەی دەکەوێتە سەرشان و دەبێت کاری لە پێشینەی بێت بەرامبەر خەڵکی کوردستان.

ئەوەش بەوەی هاوکاری خەڵک و حکوومەت بکرێت و کێشەو قەیرانی بۆ دروست نەکرێت و هەموو کێشەکان با لە رێگەی دیالۆگەوە چارەسەر بکرێت.

زۆر لە رێکخراوە سیاسییەکان ئەم هەڵوێستەیەیان نواندووە، بەڵام پێویستە PKK ئەم سیاسەتە پیادە بکات و خوێندنەوەی نوێی هەبێت بۆ رووداوە سیاسییەکان.

بێ گومان بە پرۆتستۆکردنی حکوومەتی هەرێمەکان و کوردەکان لە حکوومەتی فیدراڵی عێراقدا، ئەم پیلانەی دژی PKK لە رێدایە پووچەڵ دەکرێتەوە، ئەمەش هەڵوێستی مێژووییە.

٥

تەنیا (٤٠٠٠٠٠) تورک لە ناوچەکانی (ڕۆدۆبا)ی باشووری وڵاتی بولگاریای سنووری تورکیا دەژین، کەچی ئەنکەرە بولگاریای هەراسان کردووە، تا مافی ئوتۆنۆمی بە هاوخوێنەکانی بدات و هاوکاری (بزووتنەوەی ماف و ئازادی) دەکات و ئەو پێشنیارەی تورکیاش لە کانونی یەکەمی (١٩٩٧) دا خستە بەردەم پەرلەمانی بولگاریاو لەلایەن پارتی سۆسیالیستەوە سەرزەنشت کرا.

کاتێکیش لە ساڵی (١٩٤٧)دا باکوری قوبرسی داگیرکردو رەئوف دەنکتاشی وەکو سەرۆکی ئەو بەشە دیاری کرد، ئەوەش وای کرد لە (١٩٩٢/١١/٢٥)دا ئەنجوومەنی ئاسایش بڕیاری (٩٨٧) دەرکات و هێزەکانی تورکیای لەو کۆمارە بە بێگانە وەسف کردو یەکێتی ئەورووپاش، لەسەر ئەم رەفتارە نیگەرانی خۆیان دەربڕی.

سەبارەت بە تورکمانەکانی عێراق و بەرەی تورکمانی و بەتایبەتی بەرە لە کەرکوکدا، لە هەڵبژاردنەکانی سەرەتای (٢٠٠٥)دا نەیانتوانی لە (١) کورسی زیاتر بەدەست بێنن، دەیەوێت هەمان رەفتار دووبارە بکاتەوە، بەوەی کە داوای ناوچەی ئوتۆنۆم و هەرێمی جیا بۆ تورکمانەکان دەکات.

هەڕەشەش دەکات، کە ناهێڵێ کەرکووک بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان و تەگەرە دەخاتە بەردەم مادەی (١٤٠).

ئەم قەیرانانەی هەر بە بولگاریاو قوبرس و کوردستانەوە نەوەستاوەو لەگەڵ کۆمارە تازە سەربەخۆکانی شوورەوی پێشوو (ئەرمەنستان، تورکمانستان و تاجیکستان و کازاخستان و ئۆزبەکستان...) هەیە، بەتایبەتی ململانێکانی لەگەڵ ئێراندا، لەسەر پێگەو نفووزی ئێران و تورکیا، لەسەر ئەو ناوچانەی کە (تورک زمانن، یان فارس زمانن).

***

ئەنکەرە بەهۆی گرفتی ناسنامەوە کە نازانێ ئاخۆ (ئەوروپییە) یان (ئاسیاییە) یان (ئیسلامییە)...؟ لەلایەک و لەلایەکی ترەوە بەهۆی گرفتی قەیرانە دەرەکییەکانی، لەگەڵ (ولاتانی تازە سەربەخۆ، لەسەر نەوت و پێگەی ستراتیجیان، لەگەڵ ئێران و سووریا لەسەر لیوای ئەسکندەروونە، یۆنان و بولگاریا ئەرمینیا...لەلایەکی ترەوە.

قەیرانە ناوخۆیەکانیشی لە بابەتی کێشەی (٢٠) ملیۆن کوردو عەلەوی...سێ قەیرانی گەورەن لەبەردەم ئەو خۆڕاپسکاندنەی کە دەیدات.

ئەوەش هەمیشە سیاسەتی وڵاتە پڕ قەیرانەکانە، کە هەمیشە دەیانەوێت قەیرانەکانی ناوخۆ بگوازنەوە دەرەوەی سنوورەکانیان، تا مەترسی کودەتاو ناڕەزایی جەماوەر کەم بکەنەوە. تورکیا هەمیشە لەسەر ئەم معادلەیە کاردەکات، هەر بۆیە ئێستا دەیەوێت گیروگرفتەکانی خۆی بگوازێتەوە دەرەوە، بۆ سەر کەرکووک و هەرێمی کوردستان و رۆژانە هەڕەشە دەکات و راگەیاندنی توند بڵاو دەکاتەوە.

***

لەگەڵ پەلامارەکانی ئیسرائیل بۆ سەر حزبوڵڵا لە لبنان، ئەنکەرە رایگەیاند" بۆچی بۆ تەل ئەبیب ئاساییە پەلاماری حزبوڵڵا بدات لەسەر خاکی لبنان، بەڵام بۆ ئەنکەرە نابێت هێرش بکاتە سەر بارەگاکانی pkk لە قەندیل"؟"

پاش بێ ئاکامی ئەم هەوڵەی، وەفدێکی لەچەند پەرلەمانتاری پارتی عەدالەت و گەشەپێدان و چەند پەرلەمانتاری تر، بەبێ پرسی پێشوەخت ناردە کەرکووک و پاش گەڕانەوەیان لە راپۆرتی خۆیان نووسیویانە" گەر تورکیا فریای خۆی نەکەوێت، کوردەکان سەربەخۆیی رادەگەیێنن و بارودۆخەکە ترسناکە، بۆیە پێویستە چی کۆمپانیای تورکی لە کوردستان کاردەکات بە پەلە بکشێننەوە".

لەوانەش خەتەرتر رۆژی (٢٠٠٦/١١/٥) عەبدوڵڵا گوڵی وەزیری دەرەوەی تورکیا، هەڕەشەی لە تاڵەبانی و بارزانی کرد کە "نابێ کوردەکان بە هیچ شێوەیەک بیر لە سێ شت بکەنەوە، ئەوانیش

١- گەڕانەوەی کەرکووک بۆ سەر کوردستان.

٢- هاوکاری pkk و بەکارهێنانیان، وەکو کارتی فشار دژی ئەنکەرە.

٣- راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان.

شوکری ئەلداغ نوێنەری پارتی گەلی کۆماریش، لە پەرلەمانی تورکیا وتی " حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە نیازە لە ماوەیەکی نزیکدا، سەربەخۆیی رابگەیەنێت و بەهاوکاری ئەمەریکاش یەکگرتن لەگەڵ کوردستانی تورکیا دروست بکات و ئەمەش گەورەترین هەڕەشەو خەتەرە"؟

لە هەفتەی رابردوودا، ئەنکەرە، بەمەبەستی تێکدانی پرۆسەی ئاسایکردنەوەی کەرکووک و مادەی (١٤٠) مالکی بانگهێشتی کردو ئەمەش دووەم جارە لەپاش سەردانەکەی جەعفەری، سەبارەت بە کەرکووک و pkk و هەرێمی کوردستان، ئەمەش دیسان مایەی سەرنجە، بەلام دەبێ مالکی ئەوە بزانێت، ئەو شەریکی کوردەو دەبێ وەزعی کەرکووک، وەکو حەقیقەت باس بکات، نەک وەکو ئەوەی تورکیا پێیخۆشە.

***

ئەگەر چی پێشتر محەمەد تاغاری سیاسەتمەدار پۆزەتیڤانە قسەی کردبوو، کە" دەبێ کورد بەشداری پرۆسەی سیاسی تورکیا بکەن" خودی عەبدوڵلا گولیش بۆ ئاسیۆشیدت پرێسی راگەیاندبوو" گەر شەڕی ناوخۆ لە عێراق رووبدات، تورکیا پشتیوانی لە کوردەکان دەکات"

ئەم دوو لێدوانە جیاوازە، هۆکاری خۆی هەیە، جگە لە سەر لێشێواویی عەبدوڵلا گوڵ نیشان دەدات، سەبارەت بە کوردو سیاسەتی ناوچەکە.

***

گریمان هەڕەشەکانی تورکیا راستن، ئاخۆ دەتوانێت پەلاماری کوردستان بدات؟ لەم بارەیەوە پیتەر گالبێرس بۆ رۆژنامەی (taz)، ئەڵمانی دەڵێت" تورکیا هەڵەیەکی گەورە دەکات، گەر بیەوێت بچێتە کوردستان، چونکە لەگەڵ (١٠٠٠٠٠) پێشمەرگە رووبەڕوو دەبێت و تووشی تێشکان دەبێتەوە و دەکەوێتە زلکاوێکەوە، کە بە زەحمەت لێی دەردەچێت، چونکە پێشمەرگە دەتوانن تورکیا بکەنە ڤێتنامێکی تر "

لە حاڵەتێکیشدا کوردەکان سەربەخۆیی رادەگەیێنێن، تورکیا نەک ناتوانێ ئەم خواستەی خەڵکی کوردستان شکست پێ بێنێت، بەڵکو واباشترە یەکەم دەوڵەت بێ، دان بە دەوڵەتی کوردستاندا بنێت، کە کۆمەڵێک بەرژەوەندی بە یەکەوە کۆیان

دەکاتەوەو جیا لەوەی سنووریکی زۆریان بە یەکەوە هەیەو دوو دۆستی نزیکی واشنتۆنن.

چونکە ئەوە ئەنکەرەیە راستەوخۆ پشتگیری لە ئەلبان و کۆسۆڤەکانی یوگسلافیا دەکات، بۆ سەربەخۆیی و کەسیش نەیتوانی ریگر بێت. هەرچی پەیوەستە بە (pkk)ەوە ئەنکەرە دەبێ تێبگات پاشی (٣٢) ساڵ شەڕ و کوژرانی (٣٠٠٠٠) کەس نەیتوانی (تورکە شاخاوییەکان...!) لەناوبەرێت و بگرە بە گرتنی (عەبدوڵلا ئوجەلانیش) سیناریۆکە وا دەرنەچوو، کە تورکیا دایڕشتبوو.

سەبارەت بەم مەسەلەیە دەبێ ئەنکەرە دوو خاڵ لەبەرچاو بگرێت.

یەکەم" کوردەکانی عێراق نە جارێکی تری شەڕی (pkk) دەکەن و نە رێگاش دەدەن تورکیا بەسەر سنووری هەرێمدا باز بدات و لە قەندیل شەڕی (pkk) بکات و ئەوەش دەبێ بزانێ، چۆن تورکیا خۆی بە وڵاتی دایک دەزانێت بۆ (٤٠٠٠٠٠) تورکی بولگاریا و تورکەکانی قوبرس و کەرکووک و هاوسۆزی لەگەڵیاندا هەیە، بە هەمانشێوە کوردەکانی عێراقیش، خۆیان بە وڵاتی دایک دەزانن، بۆ کوردەکانی تورکیاو تەنانەت ئێران و سووریاش و بەرگریشیان لێ دەکەن، بەخودی تاڵەبانی و بارزانیشەوە.

دووەم" دەبێ تورکیا تێبگات کە مەحاڵە تۆپ و تانک لە ئەستەنبوڵ و ئەنکەرەوە بێنێت بۆ قەندیل و بیەوێت pkk لەناوبەرێت"، بەڵکو ئەو سیاسەتە دروستە کە (تورکۆت ئۆزاڵ) ساڵی (١٩٩١) گرتیە بەر کە وتی" تورکیا دان بەڕاستی بوونی کورددا دەنێت" نەک هەڕەشە بێ بنەماکانی گوڵ و ژەنەراڵەکان و یەشار بیوک تورکیا.

***

ئاخۆ بۆ تورکیا رەوایە بەرگری لە تورکمانی بولگاریا و قوبرس و کەرکووک بکات، بەڵام بۆ کورد ناشێت دیفاع لە مافەکانی خۆی بکات...؟

تورکیا دەبێ ئیتر تێبگات، سەردەمی هەڕەشە نەماوەو نەهاتنەدی خەونی بە ئەندامبوونی لە ناو پەرلەمانی ئەورووپاش، یەکێک لە فاکتەرەکانی کوردە.

تورکیا هەڵە دەکات قسە بە سەرکردەکانی کورد دەڵێت و هەڕەشە لە هەرێمی کوردستان دەکات.

تورکـیـا هەڵە دەکـات (ئورهان پامـوک) دەرەنجـێنێت، لەبەرئەوەی وتوویەتی" تورکـیـا (١) ملیـۆن ئەرمەن و (٣٠٠٠) کـوردی قـەتڵ و عـام کـردووە و ئەو راستگۆیەش، پامۆکی کردە خاوەنی خەڵاتی نۆبڵ، کە تورکیا دەستخۆشی لێ نەکرد.

تورکـیـا هەڵە دەکـات "یەشـار کـەمـال" بەجـوداخـواز لە قـەڵەم دەدات و داوای دادگاییکردنی دەکات، تەنیا لە بەرئەوەی بۆ دیرشپیگڵی ئەڵمانی وتوویەتی" تورکیا دەتوانێت دەریاکان وشک بکات، بەڵام ناتوانێت ماسییەکان راو بکات".

تورکیا دەبێ بزانێ رێگای برۆکسل بە دیاربەکرو ئابووری ئەنکەرەش، بەشێکی بە هەرێمێکی کوردستانی گەشەکردوو ئازاددا تێپەڕ دەبێت...!

تورکـیـا دەبێ واز لە خەونی ئیمـپـراتۆریەتی عـوسـمـانی و دەسـەڵاتی تورک لە تورکـیـاوە بۆ دیواری چین و ئاسـیـای ناوەڕاست و کـافکاس بێنێت و خـۆشی لەو وڵاتانە بەدوور بگرێت، کـە بێـزراون لە کـۆمـەڵگای نێـو دەوڵەتیـدا، نەک لەگـەڵیـان خـەریکی پیلان و دارشتنی سـیناریۆ بێت دژی کـورد، دەبێ واز لە شـیـعە و سـوننە بێنێت، وەکو کارتی فشار لە دژی کورد.

تورکیا دەبێ مۆدیلێکی نوێ لە سیستمی سیاسی لە ناوچەکە پراکتیزە بکات، کە هەرێمی کوردستانیش پشتیوانی لێ بکات، ئەگەر نا هەڕەشەکان بۆ سەری ساحێبیانە.

با بزانین تورکیا کامەیان دەکات، ئەوکات کوردیش بڕیار دەدات، دەست بە کار دەبێت و چی دەکات؟

## ٦

بارودۆخی سیاسی عێراق هێنده ئاڵۆزه بووەته تەوەری سەرەکی هەموو میدیاو دانوستانه ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان و گەرمترین دۆسێیەی سیاسی رۆژه، بەڵام ئەوەی لەهەمووان زیاتر سەرقاڵیەتی و ئەجێنداکانی له رەهەندی جیاواز جیاوازەوه تاوتوێ دەکات، وڵاته یەکگرتوەکانی ئەمەریکایە.

هەرچەنده واشنتۆن تووشی کۆمەڵێک قەیرانی گەوره له عێراقدا هاتووه و تەنانەت کاریگەری راستەوخۆشی لەسەر رەوشی سیاسی ناوخۆی ئەمەریکا هەیه، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، تا ئێستاش تاکهێزێک که سەر له مەسەلەکان دەردەکات و نهێنییەکانی بزانێت و بیەوێت هاوکێشه سیاسییەکان عێراق بەلایەکدا بخات، هەر خودی خۆیەتی.

***

له ماوەی پازده رۆژی رابردوودا گەشتی مەکۆکی و دیپلۆماسی واشنتۆن و هاوپەیمانه ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانی بەرەو ئاکارێکی خێراو به پەلەو پڕوپڕ رۆیشت.

هەندێک پێیان وایه مەترسی ئەمەریکا له عێراق وای کردووه، ئەم گەشته دیپلۆماسییه خێرایانه ئەنجام بدرێت و هەندێکیشیان پێیان وایه هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی واشنتۆن و سەرکەوتنی دیموکراتەکان فاکتەرێکی تره، بۆچوونێکیش هەیه دەڵێ" ئاماژه سەرەکییەکانی راپۆرتەکەی (بیکەر-هاملتۆن) داینەمۆی سەرەکی ئەم جموجووڵه خێرایانەیه.

سەردانەکەی ولید موعلیم وەزیری دەرەوەی دیمەشق بۆ بەغداو چاوپێکەوتنی لەگەڵ تاڵەبانی و سەردانی عێراق پاش، بیست و پێنج ساڵ پچڕاندنی پێوەندیی دیپلۆماسی و بەڵێندان به هاوکاریکردنی حکوومەتی عێراق بۆ چەسپاندنی ئاشتی و ئارامی له عێراق، یەکێکه لەو ئاماژانەی که بیکەر پێی وایه دەبێ سووریا له

چارەسەری قەیرانەکانی عێراق رۆڵی هەبێت و سووریاش خۆی ئەم خوێندنەوەیەی پێ باشە، کە لەناو هاوکێشە سیاسییەکاندا حسابی بۆ بکرێت و واشنتۆن لەگەڵیدا لەسەر فایلە جۆرەوجۆرەکانی نێوانیان دانوستان بکەن، بەمەرجێک چۆن واشنتۆن داوای هاوکاری لەدیمەشق دەکات لە ئارامکردنەوەی عێراق و دەستهەڵگرتن لە هاوکاریی گرووپە چەکدارەکان و سوننەکان و قایمکردنی سنوورەکانی دیمەشق دەیەوێت دۆسیەکانی (لبنان و فایلی رەفیق حەریری و حزبوڵلا لەسەری نەکرێتە ماڵ و لەوە زیاتر فشاری نێودەوڵەتی نەخرێتە سەر).

سەبارەت بە ئیسرائیل لە کشانەوەی لە بەرزاییەکانی جۆلان و هەر ئەگەرێکی سەربازی نەرمی بنوێندریت.

هەرچەندە مەرجەکانی سووریا بۆ واشنتۆن قورسن، بەڵام چونکە وەزعی ئەمەریکاش لە عێراق زۆر خراپە، ناچارە لانی کەم لەگەڵ سووریا مامەڵەیەک بکات. گەر کاتی و تاکتیکانەش بێ، بەتایبەتی کە سووریا هەنگاوی ناوە و وەزیرەکەی ناردووەتە بەغدا، بەڵام ئەمەریکا دەیەوێت ئەم بەڵێنانانە بەکردار ببنە واقیع.

یەکێکی تر لەو گەشتە دیپلۆماسییە خێرایانە، سەردانەکەی تاڵەبانی بوو بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران.

راستە تاڵەبانی وەکو سەرکۆماری عێراق چووەتە تاران، بەڵام سەردانەکەی تاڵەبانی چەند ماناو مەغزای جیاوازتری هەیە.

هەرچەندەیشە نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت، ئەم گەشتەش لەدرێژەی هەوڵەکانی واشنتۆنە بۆ چارەسەری قەیرانەکان، کە بە ئاماژەی ئەو بەرێوە دەچن.

بەڵام تاڵەبانی بەوە ناسراوە، کە دبلۆماتکارێکی باشە، تارادەیەکی باشیش دۆستی ئێرانییەکانەو لە زمانی دیالۆگی ئەوان دەزانێت و ئەوانیش دانوستانەکانی لەگەڵ تاڵەبانی بەهەند دەگرن.

جگە لە رەهەندە مێژووییەکانی ئەم پێوەندییانە، دۆستایەتی تاڵەبانی سەرکۆمار، لەگەڵ لایەنە شیعەکان خاڵێکی جەوهەریە بۆ ئێران.

زۆربەی ئاماژە سیاسییەکان پێیان وایە، دوو هێز لە عێراقدا ململانێیانە، ئەوانیش ئەمەریکاو ئێرانن. ئەم قسەیە تارادەیەکی زۆر راستەو بە بەڵگەش

دەرکەوتووە، کە ئێران ڕۆڵێکی گرینگی هەیە، گەرچی زۆرجار ڕۆڵێکی نێگەتیڤە.

بەڵام لە سیاسەتدا، تەنیا هەوڵە باشەکان بە ڕۆڵی سیاسی حساب ناکرێن، بەڵکو هەموو ڕێگاکان ریزبەندی خۆیان بۆ دەکرێت.

ئێستا ئیتر بۆ هەموو دنیا بەتایبەتی بۆ واشنتۆنیش ئاشکرابوو، کە ئێران هەرچی بۆ بکرێت بۆ هاوکاری (ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی، حزبەکەی عەبدولعەزیز حەکیم، حزبی فەزیلەو حزبی دەعوا، گرووپەکەی موقتەدا سەدر و بچووکترین هێز و گرووپی شیعە) درێخی ناکات.

ئەمەش مانیفێستی کارکردنی ئێرانە، کە لەهەر کوێیەک شیعە هەبێت، دەبێ ئێران ڕۆڵ و ئامادەگی هەبێت، جا لە عێراقە، کە مۆڵگەی بەهێزی گرۆبوونەوەی شیعەکانەو شوێنە پیرۆزەکانی نەجەف و کەربەلا و کازمیە و سامەڕایە، یان لە پاکستان و بەحرێنە" ئێران خۆی بەهەڵگری ئیدیۆلۆجیای شیعەگەرایی دنیا دەزانێ و لەهەوڵی بەردەوامی ناردنە دەرەوەی ئەم فکرەدایە.

ئێستاش کە عێراق لەسەر تەرزی دیموکراسی بەڕێوە دەچێت و شیعەکان پرنفوزترین گەلی عێراقن و ئێران دەیەوێت بەڕۆڵێکی گەورەتر وازی بکات، تا لەلایەک شیعەکان وەکو کارتی گوشار بەکاربێنێت و خەونیش بەوەوە دەبینێت، کە کۆپیەکی هاوشێوەی خۆی لە نەجەف و کەربەلاو بەسرە دروست بکات.

لەوەش گرینگتر دەیەوێت ململانێی لەگەڵ واشنتۆن بکات و گۆڕەپانی عێراقیش بکاتە یەکێک لە قەیرانەکان، کە دەتوانێت ئەو گەمەیە بکات، بەتایبەتی لەهەر ململانێیەکی تر بۆ ڕاکێشان بۆ ناو بازنەی پەیمانی ناتۆی یەکێتی ئەورووپا و ئەنجوومەنی ئاسایش و شکست دەخوات، بۆیە عێراق ئەگەرێکە بۆ ئێران کە دەبێ گرەوی لەسەر بکات.

ئێران باش دەزانێ گەر لە ئێستادا لە عێراق شکست بخوات، ئەوە زۆر ئاسانتر لەگەڵ واشنتۆن و ململانێیەکانی تر تێکدەشکێت.

بۆیە دەتوانم بڵێم عێراق بۆ ئێران، مانایەکی زۆرگەورەی هەیە و دەتوانێت فاکتەرێک بێت بۆ گرەو لەسەر مانەوەی خۆی بۆ ماوەی چەند ساڵی ترو دەتوانێت خاڵێک بێت، بۆ درێژەکێشانی بەرنامە ئەتۆمییەکەیی و دواخستنی سەپاندنی سزای ئابووری و ململانێکانی لەگەڵ یەکێتی ئەورووپا.

دەتوانێت فـاکتـەرێک بێت بۆ لادانی هەمـوو ئـەو گریمانە و مـەترسـییـانەی، کە پێیان وایە ئێران لە ئەجێندای واشنتۆندایە، بۆ ئاڵوگۆڕ لە سیستمی سیاسی لەو وڵاتەدا.

واتە ((عێراق بۆ ئێران بەهەمان شێوەی عێراق بۆ ئەمەریکا گرینگە، بەڵام بەدوو ئاراستەی جیاوازدا)).

ئەویش بەو مـانایەی، واشنتۆن دەیەوێت عێراقێک بونیاد بنێت، دەسـتی وڵاتانی دەرەکی بەتایبـەتی ئێران کەم کـاتەوە، نەهێڵێت لە مەترسی گرووپی تیـرۆریست و فـەندەمێنتالیزم دووری بخـاتەوە و حکوومـەتێکی دیموکرات و پلورالْ بێتە کـایەوە، هـەرسـێ پێکهـاتـە سـەرەکـیـیـەکـەی عـێـراق، هۆمـۆجـینانـە لەناو هـاوکـێـشـە سیـاسـییـەکـاندا بـبن و سیـسـتـمێکی نموونەیی لە خۆرهـەڵاتی ناوەڕاست دروست بێت.

بەڵام هەرچی ئێرانـە، هـەمـوو هەوڵێکی بۆ ئەوەیە، عـێراق بەردەوام نا ئارام و پڕ قـەیران بێت، لەپێناو شـکسـتی بەرنامـەکـانی واشـنتـۆنداو ناشـیـشـارێتـەوە، کـە هـەمیشـە هاوکاری گرووپە شیعەکان دەکات و هـەرگیـزیش ئێران بەوە رازی نابێت، سیـستـمێکی پلوراڵ و مـەدەنی مۆدێرن لە عێراقدا بێتـە کـایەوە، بـەڵکو دەیەوێت سیـستـمێکی سیاسی ئیسلامی شیعە بێتە سـەر کار، شیـعەکان تێیدا باڵا دەست بن.

هـەرگـیـز ئێـران نایەوێت سـوننە و کـورد، لەناو ئەم هاوکـێـشـە سـیـاسـیـیـانەوە شـوێنی شیـاو بگرن، لەبەرئەوەی سونـنە سەرەڕای ئەوەی بە دوژمنی سـەرسـەختی مەزهـەبی شیـعە دەزانن، لە رووی مێژوویی و سـیاسـیشـەوە، ململانێیەکی کۆنیش لەگەڵ سوننەکان و وەهابییەکان و عـەرەبستـانی سعودیە هـەیەو هـەردوولا خۆیان بەدوو جەمسـەرو دوو قوتبی گرینگی (شیعە و سوننە)ی سـەرتاسـەری دنیا دەزانن.

زۆربەی گـرووپـە سـوننـەکـان، ئەوەش ناشـارنـەوە کـە، نەک نـایانەوێت ئێـران هـاوکـارییـان بکـات، بەڵکو هـەمـوو قـەیران و کێـشـەکـانی بـاشـوورو ناوەڕاست و کوژراوی رۆژانەی سـوننەکـان، دەخـەنە پاڵ ئێران و ئەوانیش سـعودیە و ئوردن و میسر و سووریا، بە پشتیوانی خۆیان دەزانن و ئێرانیش لەمە نیگەرانە.

هـەرچی سـەبارەت بە کوردە، ئێران راسـتە لە مـەسـەلە لاوەکییـەکاندا، هـاوکـاری

کوردەکان دەکات، بەڵام لە رووی ستراتیجییەوە، خەتەری کورد هیچ لە سوننە بە کەمتر نازانێ و پێی وایە کورد یەکێکە لەو هەڕەشانەی، کە رووبەڕووی ئێران دەبێتەوەو بەهاوکاری واشنتۆن سنوورەکانی دەخاتە مەترسییەوە،، بۆیە هیچ کات ئێران لە رووی ستراتیجییەوە هاوکاری کوردەکان ناکات.

هەرچەندە ئەگەری لێک نزیکبوونەوەی ئێران و ئەمەریکا گریمانەیەکی دوورەو یەکێکە لە ئەگەرە دوورەکان.

هەرچەندە دەستهەڵگرتنی ئێرانیش، لە یارمەتییەکانی گرووپەکانی عێراق و شیعەکان و خودی موقتەداش، کارێکی مەحاڵە.

کەواتە ئەگەری دیالۆگی دوولایەنە چۆنەو هاوکاریکردن چۆن چۆنی بەڕێوە دەچێت؟

ئەم پرسیارە وەڵامەکەی زۆر گرانە، بەڵام دەبێ هۆکاری چی بێ لەپاش فشارەکانی واشنتۆن بۆ سەر ئێران، سەبارەت بە رەوانەکردنی دۆسیەی ئەتۆمی ئێران بۆ ئەنجوومەنی ئاسایش و ئەگەری هێرشی سەربازی و گەمارۆی ئابووری و تاوانبارکردنی بەشەڕی حزبوڵلا و ئیسرائیل و پەشێوی عێراق و سازکردنی مانۆڕی سەربازی و کۆکردنەوەی هاوپەیمانی لە دژی هاوکێشەکە، گۆڕاوە بۆ دیالۆگ و دانوستان؟!

لێرەدا شتێک کە شاراوە نییە ئەوەیە، کە ئەمەریکا لە عێراقدا تووشی چەند قەیران هاتووەو لیژنەکەی (بیکەر و هاملتۆن)یش، یەکێک لە ئەگەرەکانی ئەوەیە، کە دەبێ واشنتۆن لەگەڵ ئێران لەسەر عێراق دیالۆگ بکات، چونکە دەتوانێ رەوشی عێراق ئارام کاتەوە؟!

هەرچەندە ئەمەریکا ئەم کارەی کردووە، تاڵەبانی ناردە تاران، بەڵام بەگومانە لەوەی، کە ئێران لە عێراقدا هاوکاری واشنتۆن بکات، یان لانی کەم دەست لەو فاکتەرانە هەڵگرێت، کە زۆر کاریگەرانە شوێنی خۆیان پێکاوەو ئەمەریکای ناچار کردووە، داوای دیالۆگ و دانوستان بکات.

بەتایبەتی ئەو فاکتەرەی باش دەزانێت چەندە بە قازانجیەتی دوو بەرانبەر بە زەرەریەتی، مەبەست لەوەی چەندە عێراق بۆ ئەمەریکا ئارام بێت، هێندەش ئەگەری پەلاماردانی ئێران لەلایەن ئەمەریکاوە زۆرترەو ئاسانترە.

تەنیا لە حاڵەتێکدا، گەر ئەمەریکا بەڕەسمی پرۆتۆکۆڵێکی لەگەڵ ئێران ئیمزا بکات، کە هەرگیز بیر لە پەلاماردان، یان، رووخانی یان گوشاری ئابڵووقەی ئابووری ناکاتەوە.

ئەمەش بۆ ئەمەریکا هەم ئیمزایەکی قورسە، هەم شەرمەزارییە، بچێتە ژێر داوایەکی لەو بارەوە.

بەو پێیە ئێران لە نییەتیدایە، عێراق بۆ ئەمەریکا بکاتە ڤێتنام و ئەمەریکاش دەیەوێت عێراق بکاتە نموونەیەکی باش، لانی کەم بۆ ئاڵوگۆڕ لە ناوچەکەو سیستمە سیاسییە تۆتالیتارییەکان و لەو بارەیەوە ئێرانیش بەردەکەوێت، بەڵام ئێستا زووە، بۆ بەیەکلاداخستنی ئەم کێشەیە، بۆیە عێراق خاڵێکی گرینگی یەکلاییکەرەوەیە بۆ سەرکەوتنی واشنتۆن و مانەوەی ئێران بەهەر حاڵێک بێت.

٧

له (١٢)ی ژوئی ٢٠٠٨، شەڕێکی سەخت لە نێوان دەوڵەتی تەلئەبیب و ڕێکخراوێکی ئیسلامی شیعەی توندڕەو لە لبنان (حزبوڵڵا) دەستی پێ کردووە، بەڵام لەرووی ئیعلامییەوە شەڕەکە، بەشەڕی ئەو دوولایەنە ناو دەبرێت، ئەگەر نا، خودی ئیسرائیل ئەوە باش دەزانێ، کە نایەوێت کێشەکەی لەگەڵ سازمانێکی بچووک، هێندە گەورە بکات و لەسەر زاری لێپرسراوە سیاسی و سەربازییەکانییەوە، ڕۆژانە لێدوان بدات، سوپا داوا لە سەربازە یەدەگەکانی بکات، پێوەندی بەهێزەکانەوە بکەنەوەو داوای جێبەجێکردنی مادەی (١٥٥٩) ئەنجوومەنی ئاسایش بکات.

دەمەوێت بڵێم، گەر ئیسرائیل لە ڕەهەندێکەوە، لەگەڵ حزبوڵڵا بجەنگێ، بەڵام مەبەستیەتی بڵێ" ئەم جەنگە دژی ئێران و سووریا"یە دژی حزبە شیعی و شیعەگەرایە، چونکە چۆن ئەوان بەبونیادنانەوەی ئەم گرووپە دادەنرێت، بەهەمان شێوە هەر ئەوانیش لە ڕووی مالی و چەکداری و لۆجتسێکییەوە پشتیوانی دەکەن، هەموو دنیا و تەلئەبیبیش باش دەزانێ، کە حزبوڵڵا لەکوێ و چۆن بووەتە خاوەنی (١٥٠٠٠) مووشەک و (٨٠٠٠) چەکدار و فڕۆکەی سیخوری بێ فڕۆکەوان و کاتیۆشاو چەکی دژە فڕۆکەو توانای مالی و سیاسی و خاوەنی کەناڵی (المنار)ی ئاسمانی.

بەپێی سەرچاوەیەکی هەواڵی ماڵپەڕی (BBC) بە تەنیا ئێران و سووریا، لانی کەم یارمەتی (٢٥-٥٠) ملیۆن دۆلاری، دەدەنە ئەم ڕێکخراوەو لەلایەنی سەربازیشەوە هاوکاری دەکرێن، بەڵام ئەوەی کە بۆچی تەلئەبیب بۆردومانی لبنان دەکات، ئەوە خودی ئەو پرسیارەیە؟ لەبەرئەوەی ئەم گرووپە لە ڕووی جوگرافییەوە لەسەر خاکی لبنانە، بەڵام چونکە لبنان خاوەنی سیادە و سەروەری خۆی نییە، نە دەتوانێ ئەم گرووپە دەرکات، نە دەتوانێ وەڵامی هێرشەکانی ئیسرائیل بداتەوەو نە دەتوانێ ڕەوشەکە چارەسەر بکات، بەڵام یەکەم زەرەرمەندیش هەر خودی لبنانە، پاش (٢٢) ساڵ داگیرکردنی باشووری لبنان لەلایەن ئیسرائیلەوە لە

(٢٤)ی ئایاری (٢٠٠٠)دا، هێــزەکــانی لەم ناوچەیە کــشــانەوە، بەڵام هەر زوو ناوچەکە، کەوتە دەســتی حزبوڵڵا و پێگەو نفووزی خۆی تێدا قایم کردو هەر لەو کاتەوە، کە حزبوڵڵا دروست بووە لە ساڵی (١٩٨٢) تا ئێستاش، بەدەیان جار کە هۆکاری سەرەکی حزبوڵڵا بووە لەلایەن ئەرتەشــی ئیسرائیلەوە، بۆردومانی لبنان و باشــووری لبنانی کــردووە، واتە هەر کــاتێک پەلامــاری سنوورەکــانی ئیــســرائیل درابێ، هەمــان وەڵامدانــەوەی هەبووە، بۆردومــانی باشــووری لبنان و شــوێنی تری کردووە.

بەڵام حکوومەتی بەیرووت، قەت نەیتوانی ئەم بەڵایە لە خۆی دوور بخاتەوە، ئەو وێرانەیەی لەسەر دەستی حزبوڵڵا و گرووپە ئیسلامییەکان هاتە دی، لە خۆی دوور بخاتەوە.

لە (١٤)ی مارتی ١٩٧٨ هەر بەو هۆکارەکەی، کە پەلاماری سنوورەکانی درابوو، ئیسرائیل پەلاماری باشــووری لبنانی دا و نزیکەی (٤٠٠) کەس کوژرا، تا لە (٦) ژوئەی ١٩٨٢ هەر ســەبارەت بەو کــاردانانەوە هێــزەکــانی ئیــســرائیل، پەلامــاری باشــووری لبنانیــان دا و بۆ مــاوەی (٦) مانگ، ئابڵوقەی بەیرووت دراو تا دواجار یاسر عەرەفات و (١١٠٠٠) هەزار چەکداری ئەو رێکخراوەی لە لبنان دەرپەڕاند، دەکــرێت لێــرە ئەو پرســیــارە بکرێت، ئاخــۆ ئەو دوو رووداوەی کــە لە (١٩٨٢) تا (٢٠٠٠) روویان دا، دووبارە ببنەوە.

مەبەستمە بڵێم گریمانەی ئەوە دەکرێت، جارێکی تر باشووری لبنان بکەوێتەوە ژێر کــۆنترۆڵی ئیسرائیل و بەهەمــان شێوە حکوومــەتی بەیرووت ناچار بکرێت، حزبوڵڵا لە باشووری لبنان دەرپەڕێنێت.

ئەو دوو سیناریۆیە، ئەگەری دووبارەبوونەوەیان هەیە، چونکە هەمان هەڵەی، کە رێکخــراوەی عــەرەفــات ســاڵی (١٩٨٢) کــرد و تادەگــات بەئێــســتــاش، نەیانتــوانی بەتەواوی لەگــەڵ تەلئــەبیب بگەنە رێککەوتن، بۆیە گــەر ئیــســرائیل رەوشــەکــەی بۆ لەباربێ، دوورنییە ئەو دوو هەوڵە دووبارە بکاتەوە، ئەو رەوشەی کە ئێستا لەنێوان ئیــســرائیل و حــزبوڵڵا دەست پێ کــرد تا دێت ئاڵۆز دەبێ، بۆیە یەکــێکی تر لە رەهەندەکــانی ئەم جــەنگە، دەکــرێت پەیوەست بێ ئەوەیە، کــە واشنتــۆن ئەو سیناریۆکەی داڕشتبێ.

بەو پێیەی واشنتۆن لە عێراقدا، فشارێکی زۆری لەسەرە و ڕووبەڕووی چەند قەیران بووەتەوە و خەریکە شەڕی ناوخۆی شیعەو سوننەشی دێتە سەر، بۆیە ئەمەش ئەو سیناریۆیەیە، کە زۆرجار وڵاتانی قەیراناوی دەیانەوێت سیناریۆ دروست بکەن و قەیرانەکان بگوێزنەوە دەرەوە، بۆیە واشنتۆن ڕەنگە بیەوێت سەرنجی میدیا و وڵاتانی دنیا لەسەر عێراق لابەرێت و سەرنج بدرێتە شەڕەکانی ئیسرائیل و لبنان و بەمەش ڕەهەندەکانی ئەو جەنگە وا بەرێتە پێش، گەر کوشتارو قەیرانەکانی ناو عێراق فاکتەری سەرەکیی وڵاتانی ئێران و سووریان.

ئەوا ئێستا ئەم سیناریۆیە خەریکە تەنگ بەو دوو وڵاتە هەڵدەچنێ و هەردووکیان تۆمەتبارن بەوەی، کە یارمەتی ماڵی و سەربازی پێشکێش بە حزبوڵڵا دەکەن و کردوویانە و هەر لە چەند ڕۆژی شەڕەکانیشدا ئیسرائیل رایگەیاند، حزبوڵڵا مووشەکی دروستکراوی ئێرانی بەکارهێناوە.

واتا ئەمەریکا دەیەوێت بەدنیای ڕاگەیێنێ، ئێمە و تەلئەبیب دەمانەوێت ئاشتی و ئارامی لە لبنان بەر قەراربێ، بەڵام حزبوڵڵا بە پشتیوانی سووریا و ئێران، ناهێڵێ ئەو کارە مەیسەر بێ، نە پرۆسەی ئاشتی ئیسرائیل و فەلەستین سەرکەوێت، بۆیە هەموو عاقبەتی ئەو جەنگە و ئاکامەکانی، دەکەوێتە ئەستۆی ئەو دوو وڵاتەو حزبوڵڵاوەو تەنیا و تەنیا ئەوان بەرپرسی یەکەمن.

هەر بۆیەشە سەرانی وڵاتانی (G8) لە مۆسکۆ، لەسەر زاری راوێژکاری ئەڵمانیاوە، هەمان بۆچوونی واشنتۆنیان هەبووە و رایانگەیاندووە، حزبوڵڵا و هاوکارەکانی بەرپرسی یەکەمی ئەو شەڕەن، جگە لەوەی دوو وڵاتی خاوەن نفووزو ئایدیای عەرەبی (میسرو سعودیە) پشتیوانی بۆچوونەکانی ئەمەریکا بوون.

بەو واتایەی بەهاتنەناوەوەی واشنتۆن بۆ ناو قەیرانەکە، هەم سیناریۆکە تارادەیەک شوێنی خۆی گرتووە و هەم دژایەتی حزبوڵڵاو سووریا و ئێرانیش پەرەی گرتووە، بۆیە ڕەنگە ئاکام بەدەرپەڕاندنی حزبوڵڵا لە باشووری لبنان کۆتایی پێ بێت.

یەکێکی تر لە ڕەهەندەکانی ئەم جەنگە، ڕەنگە ئەوەبێ واشنتۆن بیەوێت چەند هێرشی ئاسمانی بۆسەر دیمەشق، یان ئەتۆمییەکەی تاران ئەنجام بدات، بەو پێیەی ئەو دوو وڵاتە سەرچاوەی شەڕن لە ناوچەکە.

یان لانی کەم بیەوێت زەنگێکی ئاگادارکردنەوەی گەورەبێ، بۆ ئەو دوو وڵاتە، بەوەی گەر دەست لە نانەوەی پشێویی و قەیرانەکانی عێراق هەڵنەگرن، دەتوانێ تووشی کێشەیان بکات.

ئەگەر چی هەر دوو وڵات ئەو پەیامە باش دەزانن، بەڵام ناشتوانن دەست لە پشتیوانی گرووپەکان لە عێراق و سووریا و لبنان و فەڵەستین هەڵگرن، چونکە بوونی ئارامی لەهەرکام لەو وڵاتانە، مانای سەرکەوتنی سیاسەتی ئەمەریکا لە ناوچەکەو بردنەوەی شەڕی عێراق و تێکشکاندنی گرووپە تیرۆریستی و ئیسلامییەکان و سەدامییەکان و سەرکەوتنی رەوتی مۆدێرن و دیموکراسی و سکۆیلاریزمە، کە ئەمەش واتای سەرکەوتنی بەرچاوی بەرنامەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەو دواتریش جێبەجێکردنی بەرنامەکانی واشنتۆن دژی ئەو دوو وڵاتە.

بۆیە هەرکام لەو دوو وڵاتە، نەدەیانەوێت رەوشەکە لەوە ئاڵۆزتربێ، کە خۆیان زەرەری لێ بکەن، نەدەیانەوێت دەست لەپشتگیری نەسروڵڵاو حزبوڵڵا هەڵگرن.

بەڵام ئیسرائیل کە بەپێی ئیعازی واشنتۆن جووڵە دەکات، نایەوێت ئەو شەڕە راگرێت، بەڵکو وەکو پێشتر باسم کرد، دەیەوێت یەکێک لە سیناریۆکانی ساڵانی (١٩٨٢–٢٠٠٠) جێبەجێ بکات.

بۆیە تادێت قەیرانەکانی لبنان قوڵتر دەبێتەوە، ئەو وڵاتەی کە حەریری چەند ساڵ پێش ئێستا، لەسەر بودجەی خۆی ئاوەدانی کردووە، وردە وردە خەریکە جارێکی تر، ژێرخان و پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی ئەو وڵاتە هەڵدەوەشێتەوە.

بۆیە دەبێ حکوومەتی بیروت بە خێرایی هەنگاو بنێت، بەوەی یان حکوومەتێکی سەربەخۆ بێتە کایەوە، کە خاوەنی بڕیار بێت و لەخزمەتی گەلانی لبناندا بێت، یان دەبێ ئەوە قبوڵ بکات، کە ئەو وڵاتە خەریکە دەبێتە گۆڕەپانی یەکلاییکردنەوەی لایەنە ناکۆکەکان و گرووپی نەسروڵڵاش فاکتەری سەرەکی ئەو قەیرانەیە بەدەستی دەرەکی، بەڵام قسە ئەوەیە ئاخۆ حکوومەتی بیروت، دەتوانێ ئەو کارە بکات، بەڵام ئاخۆ قەیرانەکە چۆن چارەسەر دەکرێت و چۆن کۆتایی دێت؟

بە فۆرمێکی رووکەش تەلئەبیب دەڵێ" دەبێ حزبوڵڵا دوو سەربازە ئیسرائیلەکە بێ مەرج ئازاد بکات، واشنتۆن داوای چەککردنی حزبوڵڵا دەکات، حزبوڵڵا مەرجی

هەیە، ئێران داوای سڕینەوەی ئیسرائیل دەکات و سووریا بەردەوام و بەنهێنی مووشەکی زیاتر رەوانەی حزبزوڵلا دەکات.

لەناو ئەم هەموو لێدوان و رەهەندە سیاسییەدا، دەبێ کامیان کێشەکە یەکلا بکاتەوە؟

بەبۆچوونی چاودێران هەرچی چۆنێک بێ حزبولڵلا و سووریا و ئێران شەڕەکەیان دۆڕاندووەو دەبێ مل بۆ یەکێک لە داواکانی ئیسرائیل، یان واشنتۆن کەچ بکەن، لەکاتێکدا پێگەی سەرەکی حزبولڵلا کەوتە دەستی هێزەکانی ئیسرائیل، کە پێگەی مووشەکەکانی حزبولڵلای لێ بوو، بێ گومان ئیسرائیل وردە وردە شوێن پێی حزبولڵلا دەکەوێت، تا زۆرتر لە سنوورەکانی خۆی دوور بخاتەوە و بنکە و مۆڵگەکانی لێک هەڵبوەشێنێ و بۆ ماوەیەکی زۆر زیاتر بێ هێزی بکات و زەبری کوشندەی لێ بکەوێت. سەرەڕای ئەوەی ئێستا ئیدی خەڵکی لبنانیش کە (٦٠٠) قوربانییان داوە و (١٥٠٠٠٠) کەس ئاوارە بوون زەرەرێکی زۆر لە لوبنان کەوتووە، دەزانن گۆبەندەکە، هۆکارەکەی حزبولڵلایەو بەهۆی فاکتەرەکی دەرەکی و ئەمەش وادەکات، هەم توانای سەربازی حزبولڵلا کەم کاتەوە، هەم لایەنگران و نفووزی حزبولڵلاش بێتە خوارەوە، چونکە لەکاتێکدا خاوەن ماڵی سەرەکی فەلەستینییەکان بە(فتح و حەماس) یشەوە خەریکی دیالۆگ و گفتوگۆ و دانوستانن، لەگەڵ دوژمنەکەیان و بەڵێنیان داوە کە شەڕ راگرن، ئیدی حزبولڵلایەک، کە نە پێوەندیی بە فەلەستینەوە هەیە، نە خاوەنی سەرەکی کێشەکەیە، بۆچی واز ناهێنێت.

بۆیە ئەم خاڵە گرینگەو ئیسرائیلیش، دەیەوێت زەرەری گەورە لە لبنان بدات و هەراسانیان بکات، تا پێیان بڵێ حزبولڵلا هۆکاری سەرەکی کێشەکەیە.

هەموو دنیاش ئەوە باش دەزانن، کە پەیامەکە حەسەن نەسروڵلاو حزبولڵلا، جگە لە بانگەشەیەکی یۆتۆپی بۆ لەناوبردنی جوولەکە هیچی تر نییە.

بەو پێیەی بە هەموو عەرەب، نەیانتوانی ئیسرائیل لەناوبەرن و بگرە ئەوکات بەندەری سوێس و بەرزاییەکانی جۆلان و قودس و باشووری لبنانیشیان دۆڕاند! ئەی ئێستا کە جگە لە سووریا و ئێران، هیچ دژایەتییەک بۆ ئیسرائیل نییە، دەبێ رەوشەکە لە قازانجی کێ بێت...؟

بەهەر حاڵ ئەم کێشەیە چەندە خۆڕسکانە رووی داوە، پێ دەچێت هێندە

سـيناريۆ بۆ دارێژراوبێ، بەڵام پیادەکردن و پراکتیزەکردنی ئامـانجـەکانی چۆنە! ئەوە جارێ رەنگە پەیوەست بێ بە چەند خاڵەوە:

یەکــەم: رەوشـی عــێــراق بـەرەو کــوێ دەڕوات و قــەیرانەکــان دەگــەنـە چی، بەرنامەکەی ئەمەریکا لەکوێدایە...؟

دووەم: سـووریا و ئێران، تا چـەند مـەترسـی نزیکبـوونەوەیـان لەو شـەڕە هـەیەو تا چەند دەیانەوێت دوور بکەونەوە...؟

سێـیـەم: حـزبوڵڵاو چەکدارەکـانی چارەنووسـیـان بە چی دەگات، تـا کوێ دوور دەخرێنەوە، یان چەک دەکرێن؟

سـەرەڕای هێنـانەوەی ئەو گـریمـانـەی کـە ئێـران و سـووریا چۆن لای واشـنتـۆن فـاکتـەری ئەم قـەیرانەو زۆر بەڵای ترن کە بەسـەر ئەمەریکا دادێت، دەبێ هـەمیشـە لەژێر هەڕەشـەی واشتنتۆندا بمێننەوە؟

بۆیە ئەم هـاوکێشە سیاسییـە زۆر خوێندنەوەی تر هەڵدەگرێت، بەڵام لە هـەرچی حـاڵدا بێ، تەلئـەبیب سـەرکـەوتنێکی تری بۆ خـۆی تۆمـار کردو ئیسپـاتی کرد، کە دەتوانێ وەڵام بداتەوە و واشنتۆنی لەپشتـەو وڵاتانی عـەرەبیش، گـەر دۆسـتی نەبن ئیتر دوژمنی نین و بەپێی بەرژەوەندی گەل و وڵاتەکانیان رەفتار دەکەن.

سـەرەڕای ئەوەی یـەکێکی تر لـەو سـیناریۆیانـەی کە لەم شـەڕەدا بـەدی دەکرێت پرۆژەیەکی نهێنی ئەمـەریکا و ئەوروپا و ئیـسـرائیل بێت، تا رێگری لەو پێگەیەی شیعە بکەن، کە خەریکە لە ئێرانەوە پەرە دەگرێت و باشووری ناوەڕاست و عێراقی گـرتووەتەوە، خــەریکە دەگـاتـە باشــووری لبنـان و گـەرا دادەنێت و بەم شـێـوەیە پشـتێنەیەکی شیـعی توندو مەترسیدار دژی بەرژەوەندییـەکانی ئەمـەریکا و رۆژئاوا درێژ دەبێتەوە.

ئەم پشـتێنییـەیە (ئێـران و باشـووری عێراق+پشـتیوانی سـووریا و باشـووری لبنـان) پشــتــێنەیەکی بەهـێــزەو زۆرجــار دەتوانێ جــەمــســەرێکی دژ بە بەرژەوەندییــەکـانی واشنتــۆن بێت، وەکـو چۆن لە عـێـراق و باشــووری لبنـان دەبیندرێت، واشنتۆن هەست بەم مەترسییە گەورەیە دەکات، بۆیە دەیەوێت لبنان لە چەنگی سـووریا دەربـهـێنێت و حـزبوڵڵاش تەفـروتوونا بکات و پێگەی شـیـعی و مـەزهـەبی ئێران، لە سنوورەکـانی ئیسـرائیل دووربخـاتـەوە و شیـعـەش دەخـاتەوە

جوغزێکی بەرتەسک و ئابڵۆقەدراوەوە.

ئەم مەترسییەی کە واشنتۆن هەستی پێ دەکات، وڵاتانی سعودیەی سوننەی وەهابی و میسری سوننەی خاوەن نفووزە بڕیاری عەرەبی و ئوردنی سوننەی دۆستی ئەمەریکاشی لەپشتەوەن، بەو مانایەی ئەوانیش هەست بەمەترسی بڵاوبوونەوەی ئەو پشتێنەیەی شیعە دەکەن، دژی ئایدیا و نفووزو بەرژەوەندییەکانی خۆیان، بۆیە هەرزوو سعودیەو میسرو ئوردن حزبوڵڵایان تاوانبار کرد.

بەو پێیەی ئەوان هەست بەم مەترسییە دەکەن، کە ئەم پشتێنەی شیعە بە پشتیوانی ئێران بەشێوەیەکی خێرا دەچێتە پێش و پێگەو نفووز دادەنێ و دەتوانێ دەیان موقتەدای سەدرو نەسروڵڵا دروست دەکات، هەر بۆیە لە سەردانەکەی ئەم دوایەی مقتدی سەدر بۆ ئێران، گوایە لەگەڵ نەسروڵڵا چاویان بە یەک کەوتووەو ئێران ڕێنمایی هەردووکیانی کردووە، لەکاتی خۆیشدا، شا عەبدوڵڵای ئوردن مەترسییەکانی ئەو کۆبوونەوەو ئەو هەیمەنەی شیعەی باس کرد.

ئێستا ئیدی مەترسیی بڵاوبوونەوەی شیعەگەرایی لە سەرتاسەری دنیادا، بووەتە کێشەی واشنتۆن و هاوپەیمانەکانی، بەو پێیەی ئەم مەترسییە، پشت دەبەستێت بە ئایدیا و فکرەیەکی دینی بەهێز و کە مەرجەعی شیعەیەو بەشێکی زۆری ئەم نفووزەش لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو ناوچەدایە، کە واشنتۆن دەیەوێت دەستی بەسەردا بگرێت، یان دڵی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کە مەترسی ئەم گەرایەدایە (ئێران و عێراق و لبنان و بەحرێن و چەند وڵاتی تری کەنداو)

ئەمەش مایەی مەترسییەکی گەورەیە بۆ واشنتۆن، بانموونەیەک لەسەر کاریگەری ئایدیای شیعە بهێنمەوە لەوەڵامی ئەو پرسیارەی، کە بۆچی سوپای مەهدی چەک دانانێت؟ مقتدی سەدر دەڵێ" دەبێ ئیمامی مەهدی ئەمر بکات (ئیمامی مەهدی، یەکێکە لە دوانزە ئیمامەکەی شیعە، گوایە لەسەر دەستی عەباسییە سوننەکان، غەدری لێ کراوەو لەدوا ڕۆژدا دێتەوە سەر زەوی و حەقی شیعە دەسێنێت".

ئەو جگە لەوەی شیعە لە رووی مەزهەبییەوە، هێندەی پشت بەڕابردوو دەبەستێت، هێندە لەسەر ئایندە ناژی، لەبەرئەوە واشنتۆن هەست بەم مەترسییە

دەکات، بۆیە بەردەوام لەگەڵ ئێران لە ململانێدایە، کە وەکو مەرجەعی شیعی سەیری ئێران دەکات و ئەو بەداینەمۆو جووڵەکەری گرووپە شیعەگەراکان دەزانێت، ئەمە جگە لەوەی ئێستا، تورکیاش خەریکە دێتە ناو ئەم گەمە مەترسیدارە، واتە چەند مانگ پێش ئێستا، تورکیا بانگهێشتی موقتەدا سەدری کرد بۆ ئەنکەرە، تاوەکو سوود لە شیعە و خودی موقتەدا سەدر لە قەیرانی کەرکووکدا وەرگرێت.

ئەوەش پاش ئەوەی لە کێشەی کەرکووک، کە بەرەی تورکمانی کردە کارت، شکستی هێنا، پاش ئەوەی لەهەردوو هەڵبژاردنەکاندا، لە بەرامبەر کوردەکاندا دۆڕان و نەیانتوانی لەیەک کورسی زیاتر بەدەست بهێنن.

بۆیە ئەم گەمەیەی تورکیا، هەرچەندە لەبەر نەوتی کەرکووکە، بەڵام بیەوێت، یان نا، خزمەت بەو پرۆژەیەی ئێران دەکات، کە دەیەوێت هەیمەنەی شیعە لەناوچەکەدا بکاتە واقیع و دژی واشنتۆن بوەستێتەوە، بۆیە واشنتۆن لەم گەمەیەی تورکیا نیگەرانەو کاتی خۆیشی ئەوەی بە ئەنکەرە راگەیاندووە.

سەرەڕای ئەوەی ئەم گەرایە خەریکە دەگاتە پاکستان و نیمچە کیشوەری هندستان و لە بەحرێنیش مەترسییان هەیە، لەبەرئەوە دەکرێت شەڕەکانی ئەم دوایەی ئیسرائیل و لبنان، وەڵامدانەوەیەک بێت بۆ ئەو پشتێنە شیعەیەی، کە خەریکە لە سنوورەکانی ئیسرائیل نزیک دەبێتەوە، لە ئێران هەیمەنەی کردووەو لە عێراقیش ئەمەریکای هەراسان کردووە.

بۆیە واشنتۆن دەیەوێت لە رووی سیاسییەوە لە عێراقدا بەشێوەیەکی تاکتیکی ئەو واقیعە قبوڵ بکات، کە شیعە زۆرینەیە، بەڵام لانی کەم لە کاریگەری ئێران دووریان بخاتەوە، بیانکاتە دۆستی خۆی، وەکو چۆن مالکی خەریکە ئەو دەورە وازی دەکات.

لەگەڵ ئێراندا کێشەکەیان بەردەوامەو دەیەوێت لە رێگای گەلە کۆمەکی نێودەوڵەتییەوە، سەبارەت بە دۆسیەی ئەتۆمی بۆ شیعە، سزای ئابووری بەسەردا بسەپێنێت و زیاتر گۆشەگیری بکات و گەمارۆی بدات.

هەرچی حزبوڵلاشە، خەریکە دەبێتە قوتبێکی بەهێز لە ناوچەکەدا و مەترسی زیاتر بۆ ئیسرائیل و واشنتۆن دروست دەکات، بۆیە ئەم شەڕە هەرچەندە زۆرلایەن

وەکو شـەڕێکی بچـووک سـەیری دەکەن، بەڵام مـاناو ڕەهەندەکـانی زۆرو زیاترن و واشنتۆنیش لەمـەترسـییـەکـانی بـاش دەگات، بـۆیە ئەم شـەڕە، شـەڕی بەرگـرتنە لە پەرەگرتنی شیعەگەرایی لە ناوچەکەدا، کە ئێران داینەمۆیەتی و ئەمەریکاش بەم کارە زۆر نیگەرانە.

## ٨

هاوکێشە سیاسییەکانی عێراق تا دێت ئاڵۆز دەبێت، بەجۆرێک ئەمەریکا تووشی نیگەرانی هاتووە، لەلایەکەوە لەناوخۆی عێراقدا، رووبەڕووی دژایەتی گرووپە توندڕەو و بەعسییەکان و تیرۆریستییەکان بووەتەوە، لەناو خودی حکوومەتی عێراقیشدا، چەند گرووپ هەن، سەرەڕای بەشداربوونیان لەو حکوومەتەی، کە ئەمەریکا چاوەدێری دەکات و پشتیوانی دەکات، دژی دەزگاو دامەزراوەکانی حکوومەتیشن، لەبابەتی باڵی سەدرو فەزیلە.

سەبارەت بە پێکهاتە ناهۆمۆجینەکانی عێراقیش (شیعە و کوردو سوننە...) ئەمەریکا نەیتوانیوە میکانیزمێک بۆ کارکردنیان دابنێت، بەشێوەیەک کە جێگەی قەناعەتی هەموو لایەنەکان بێت. سەبارەت بە وڵاتانی ناوچەکەش، چەند رەوتی جیاواز هەیە، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ واشنتۆنداو میکانیزمی دەستێوەردانیان لە عێراقدا.

هەرچی ئێران و سووریایە، وەکو دوو وڵاتی ناوچەکە، دەوری نێگەتیڤ دەبینن، بەبۆچوونی واشنتۆن هەرچەندە رەنگە شیاوی باس بێت، کە ئێران هاوکاری دۆستە شیعەکانی خۆی دەکات و بەردەوام لەهەوڵی بەهێزکردن و کاراترکردنیانە لە عێراقدا. بەو پێیەی ئەو مەیلە شیعەگەرایەی، کە ئێران رابەرایەتی دەکات لە (قوم)ەوە، دەست پێ دەکات، دەگاتە نەجەف و کەربەلاو پێشاوەرو قەندەهارو بەحرێن و باشووری لبنان، مەیلێکە ئێران رێبەرایەتی دەکات و شانازیشی پێوە دەکات، بەتایبەتی لەپاش هەوڵەکانی سێ دەیەی رابردووی خومەینی رابەری کۆماری ئیسلامی ئێران و دواتریش شکستی ئەو تێزو بیرۆکەیەی، کە دەیویست رابەرایەتی گشت جیهانی ئیسلامی بکات، کە سەرکەوتوو نەبوو، لەبەرامبەر رکەبەرێکی بەهێزی سوننەی ئیسلامی (عەرەبستانی سعودیە) کە خۆی بەخاوەنی مەیل و مەدی ئیسلامی سوننە دەزانێت، لەپاڵ وڵاتانی میسرو ئەردەن.

بەڵام رێکچەی دووەم رێبەرایەتی مەیلی شیعەگەرایی دنیا، لەگەڵ قووڵبوونەوەی

قـەیرانـەکـانـی خـۆرهـەڵاتی نـاوەڕاست و کـۆنتـرۆڵی زیـاتری لەلایەن واشـنتـۆن و ململانێیە مەزهەبیـیـەکـان و بەهێـزبوونـی گـرووپە شـیـعـەگـەراو ئیـسـلامـی و تیرۆریستیـەکان و بێ ئاکامبـوونی قـەیرانی (عـەرەب- ئیـسـرائیل)، تادێت ئێران باشـتر هـەیمەنەی بەسـەردا دەکات و سوودەکـانی دەپێچێتەوە، ئەوەش کـارێکی پڕ سـوودەو ئەهمیـەتی تایبـەتی خـۆی هـەیە، بەو مـانای راسـتە ئێـران بودجـەیەکی زۆر لەو بوارەدا خـەرج دەکات و دەیکاتە دەمی حـەزیاکان و گرووپە ئیسلامییە عەرەب و شیعەکانەوە.

بەڵام سەرهەڵدانی رەوت و مـەیلی شیعـەگەرایی ناو بەحرێن، لە کـەنداوی فارس، ئەهمـیـەتێکی تایبـەتی هـەیە، کـە بەهـەمـوو شێوەکـان حکوومـەتـەکانی کـەنداو هـەوڵی سڕینـەوەو سـەرکوتکردنی شیعـەکانیـان داوەو دەرکـەوتنی هێـزێکی وەکو حزبوڵڵای لبنان، کە تـوانیویەتی کاریگەری گـەورەی هـەبێت، لەسـەر رەوتی رووداوەکـانی لبنان و کێـشـەی (عـەرەب – ئیـسـرائیل) و نانەوەی تـەنگژەو قـەیران بـۆ حکوومـەتەکـانی بەیرووت و تەلئـەبیب و واشـنتـۆن، جگە لەوەی حـزبـوڵڵا هـەم نـوێنەرایـەتیی بـاڵی شـیعـەی لبنان دەکـات، لە یەکێک لـە سێ باڵەکـانی (مـەسـیـحی- مـارۆنی، شـیـعـەو سـوننـەکـان) هـەم بووەتە نوێنـەری شـیـعـەکان لە لبنان لە پەرلەمـان و حـکوومـەت و هـاوکـێشـە سـیـاسـیـیـەکـانداو خـودی حـەسـەن نەسـروڵڵاش، خـۆی بە ئەندامـێکی قـوتابخـانـەکـەی خـومـەینی و خـامنەئی دەزانێت و ئامـادەیە دەیان جـاری تریش دەسـتـی ئەو دوو ئیـمـام و هـاوشـێـوەکـانیـان مـاچ بکات و ئەوەی لە چـەند مـانگی رابردووشدا لە لبنان بینیمان، ئەو راستیـیەی سەرەوە بووە، کە حزبوڵڵای شیعەی دۆسـتی ئێـران، تا چەند دەتوانـێ لانی کـەم ئـارامی لبنان و رەوشـی سـیـاسـی ناوچەکە و مەترسی بۆ سەر تەلئەبیب دروست بکات.

یەکێکی تر لەو گەرایشانەی لە ناوچەکەدا رۆڵیان هەیە، بزووتنەوەی حـەمـاسی فـەلەسـتـینە، نابێ ئەو لـەبەرچاو نـەگـرین، ئەو سـەرکـەوتنەی حـەمـاس لە هەڵبژاردنەکانی فەلەستین بەدەستی هێنا و ئەو بنکە جـەماوەرییەی کـە هـەیەتی و ئەو ململانێیـەی لەگـەڵ ئیـسـرائیل و فـەتح دەیکات، هێـز و بازوو و سـتـراتیج و ئایدۆلۆجیای حەماس خۆی نییە، بەڵکو ئەوە تارانە مەرجەعی فیکری و ستراتیجی و پاڵپشـتی مـادی و بەهێـزبوونـی، چونکە گەر بێتـوو ئێران دەست لە پشـتـیوانی هەڵگرێت، نەدەتوانێ دژایەتی فەتح بکات و نە بۆ ئیسرائیل دەبێتە سەرئێشە.

بۆیە ئەمەش یەکێکی ترە لەو مەیلانەی، کە تاران وەکو رەوتێکی ئیسلامی بەهێز، کاری لەسەر دەکات.

ئەوەشی کە پەیوەستە بە پاکستان و ئەفغانستان، ئێران رۆڵی کاریگەری هەیە، بەتایبەتی لەسەر شیعەکانی ئەو دوو وڵاتە.

هەرچی پاکستانە ئامادەگی ئێران لە قوتابخانە ئاینییەکان و مەکتەبەی فەقێیەکان، توانیویەتی خۆی بخزێنێتە ناویان و تارادەیەکی زۆریش توانیویەتی لەو رووداوانەی ئەفغانستان و ناوچەی نیمچە کیشوەری هندستان و کێشەکان و سنووری ئەفغانستان- پاکستان کەڵک وەرگرێت.

پشتیوانییەکانی ئێران بۆ حکوومەتەکەی بورهانەدین رەبانی، دۆستی گەورەی شیعەو دواتر حکمەتیار لەپێشووتر، یەکێکە لەو پێگەو نفووزەی کە لە ئەفغانستان کەڵکی لێ وەرگرتووە، تا ئەو رادەیەی کە لە هێرشەکانی ئەمەریکا و ناتۆ بۆ سەر تاڵیبان و قاعیدە رۆڵی گەورەی گێڕاو هاوکاری ئێران لەم بارەیەوە، مەرجێکی گرینگی سەرکەوتنی رووخانی تاڵیبان و قاعیدە بوو.

ئەوە جگە لەوەی کەم و زۆر هاوکاری ئەو هێزو گرووپانەی کردووە، کە لەچیچان و داغستان و ئەو دیوی کافکاس قوت بوونەوە، بەڵام لەهەموو ئەوانە گرینگتر، ئەو مەیلە بەهێزەی شیعەگەرایە، کە لە عێراقیدا پەرەی گرتووە، بە پشتیوانی ئێران بەتایبەتی لە دوای راپەرینی (١٩٩١) و پرۆسەی ئازادی (٢٠٠٣) رەوتێکی شیعەگەرایی بەهێز، لە عێراقدا پەیدابووە، کە لە ماوەی هەشتاو پێنج ساڵی رابردوودا لەسەر دەستی سوننەکان لە پەراوێزدا بووە.

بەڵام لەگەڵ رووخانی رژێمی بەعس و کۆتاییهاتن بە سیستمی بەعسیزم، کە سوننەکان کۆنترۆڵیان کردبوو، مەیلی شیعەگەرایی لە عێراقدا زۆر بەخێرایی پەرەی گرت، بەشێوەیەک کە هەرگیز چاوەڕوانکراو نەبووە، بەو شێوەیە مەیلی شیعەگەرایی (شیعەیزم لە عێراقدا پەرە بگرێت و کۆنترۆڵی عێراق بکەن).

راستە دوژمنایەتی شیعەو سوننە لە سەردەمی معاویەو حەسەن و حوسێنەوە، تادەگات بە ئێستا، لە شەڕو شۆڕو کێشەو ناکۆکیدا بووە.

سوننەکان هەمیشە لەماوەی حوکمی خۆیاندا، هەوڵی سڕینەوەو پەراوێزخستنی شیعەکان و کوردەکانیان داوە، بەڵام ئەو هاوکێشەیە لەگەڵ رووخانی بەعس

پێچەوانە دەبێتەوەو شیعەکان هەوڵی سڕینەوەی سوننەکان دەدەن.

کوشتنی عومەرو عوسمانەکان، ڕۆژانە لە شەقامەکانی بەغدا، هەوڵێکی نهێنی شیعەکان، کە لەم دوایەدا ئاشکرابووە بەنیازبوون سوننەکان لەبەغدا تەفروتوونا بکەن و نەهێڵن هیچ ماڵێکی سوننی لە بەغدا بمێنێت و بکوژرێن، یان دەریانپەڕێنن.

ئەو قسەیەش زیادەڕۆیی تێدانییە کە دەڵێت" شیعەکان هەمیشە لەسەر رابردوو دەژین" ئەمەش مانای ئەو قینە کۆنەیە، کە شیعە لەگەڵ سوننە هەیەتی.

هەرچی سەبارەت بە ئاماژە واقعیەکانیشە، شیعەکان لە عێراقدا (٦٠٪)ی خەڵکی عێراق پێکدێنن و لەدەزگاو دامەزراوەکان و حکوومەت و پەرلەمان زۆرترین دەنگیان هێناوەو جێگە پیرۆزەکانی (نەجەف، کەربەلا، سامەرا و کازمیە)ش لە عێراقدان، کە چوار شوێنی پیرۆزی شیعەکانی دنیان.

بۆیە ئەو مەیلە شیعەگەرایەی کە ئێستا لە عێراقدا هەیە، دوای ئێران بەپلەی یەکەم دێت، کە هەیمەنەیان تێدا کردووە و ئەگەری پەلهاویشتنی زۆریشی هەیە بۆ کوێت و سعودیە و سڕینەوەی سوننەکان، ئەمەش ئەو خاڵەیە کە ئەمەریکاو جیهانی عەرەب و بەتایبەتی سعودیە لێی دەترسن.

لە عێراقدا هێزەکانی (ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی، حزبی دەعوە، حزبی فەزیلە، رەوتی سەدر...) کە چوار هێزی گەورەو زەبەلاحی عێراق و شیعەکانن و خاوەنی زۆرترین پێگەو نفووزو کورسی پەرلەمان و وەزیری کابینەکەی حکوومەتن، دەیسەلمێنێت کە عێراق لە دەستی شیعەدایە"

بەڵام کارەکتەری سەرەکی و داینەمۆی جووڵانەوەی ئەم هێزانەو پاڵپشتی سەرەکییان ئێرانە (هەرچەندە بەقەناعەتی من، ئەمە زۆر ئاساییە، چونکە لە دنیادا، ئەم سیناریۆیە هەیە، کە هاوخوێن و هاونەتەوەو مەزهەبەکان) یارمەتی دۆستەکانیان بدەن، لەکاتێکدا هەشتا و پێنج ساڵە، سوننە حوکم دەکەن، بە پشتیوانی سوننەی جیهانی و عەرەبەکانی کەنداو، بۆیە ئەو رۆڵەی ئێران ئاساییە.

گەر دیقەت بدەین لە عێراقدا، یان لە ناوچەکەدا، کوردەکان، چونکە هیچ دەوڵەتیکی ناوچەکە هاوکارو پشتیوانیان نییە، بۆیە کوردەکانی عێراق، نەک

ناتوانن هاوکاری کوردی پارچەکانی تر بکەن، بەڵکو هەمیشە لەبەردەم هەڕەشەی لەناوچوون و مەترسیدان"

هیچ هێزو لایەن و تەنانەت ئەمەریکاو وڵاتانی ناوچەکەش، ئەو ململانێیەی نێوان شیعەو سوننە، یان نێوانی ئێران و وڵاتانی عەرەبی سوننە، باش دەزانن، کە ئەوە ململانێی دوو مەزهەبە، کە ئێران و سعودیە نوێنەرایەتی دەکەن، یان بەواتایەکی تر، ئەوە ململانێی دوو مەرجەعیەتی (قوم) و (مەککە)یە، واتە مەرجەعیەتی شیعەو سوننە.

ئەوەش باش دەزانن، کە ئێران رۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە تقویەکردنی و مەیلی شیعەگەرایی دنیادا و، خۆی بە نوێنەری ئەو باڵ و مەزهەبە دەزانێت.

بەڵام لەگەڵ ئەوەدا کە تائێستا نەخشەو پلانەکانی ئێران بۆ ئەم مەیلە باش چووەتە پێش و مەیلی شیعەگەرایی لە دنیادا لە پێشکەوتووترین ئاستی خۆیدایە.

بەڵام چوار ئاستەنگی گەورە لەبەردەم ئێراندان بۆ تێکشکاندنی ئەم مەیلەو ئەمەش شکستی باڵی شیعەگەرایە، یان زەعیفکردنییەتی.

یەکەم: ململانێی واشنتۆن – تاران

ئەمەریکا و رۆڵی تاکە جەمسەری لە جیهان و لە ناوچەکەداو دژایەتی بیست و پێنج ساڵەی ئێران و ئەمەریکاو سەیرکردنی ئێران، بەڕەقیبێکی سەرسەختی خۆی، لەبەردەم بەرژەوەندی خۆی و دۆستەکانی لە بواری مەزهەبی، دیموکراسی و نەوتدا، ئەمە وای کردووە ئەمەریکا لەگەڵ ئەوەشدا، کە کەیفی بە ئیسلامی و فەندەمێنتاڵیزم و سوننەش نایە، بەڵام لەبەرامبەر شیعەدا، هێشتا پشتیوانی سوننەکان دەکات، بە واتایەکی تر لانی کەم لەبەر نەوتی کەنداو، دۆستە سوننە عەرەبەکانی و ئیسرائیل، سوننەی لە شیعە، و سعودیەی لە ئێران پێ باشترە، هەر بۆیەش ئێستا لە ململانێیەکانی عێراقدا، دەیەوێت ئێران پەراوێز بخات، بەتایبەتی ئەمەریکا باش دەزانێت، هێندەی مەترسی لەسەر ئیسرائیل لەلایەن ئێرانەوە هەیە، هێندە ئەو مەترسییە لەلایەن سوننەکانەوە دروست نییە، لەکاتێکدا ئیسرائیل کێشەی لەگەڵ عەرەبەکان هەیە، بەڵام ئێران لە دەرگا مەزهەبییەکەوە، چووەتە ئەو ململانێیەوە، رەنگە یەکێک لەو فاکتەرانەش کە وای کردووە، کێشەی لەسەر بێت، مەیل و هەیمەنەی ئێرانە، وەکو مەیلی شیعەگەرایی دنیا، ببێتە

خاوەنی چەکی ئەتۆمی لەبەرامبەر دوژمنەکانیدا و رەنگە ئێران ئەوەندەی بەدیوە مەزهەبییەکەیدا، سەیری بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی دەکات و هەر ئەوەندەش بیەوێت لایەنە سیاسییەکەی لێک بداتەوە، دیارە هەر رێگرییەکی ئەمەریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش، لەو کارە بەزەرەری باڵی شیعەگەراییی دنیا تەواو دەبێت؟ بوونی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا، بۆ دژایەتیی ئێران، خاڵێکە وادەکات ئەو مەدە شیعەگەرایەی ئێران رێبەرایەتی دەکات، لە پاشەکشەدا بێت، بەتایبەتی گەر ئەو سیناریۆ ئەگەرانە راست دەرچن، کە دەڵێن ئەمەریکا دەیەوێت ئێران بڕووخێنێت و بەم شێوەیە ئیمپراتۆریەتی شیعە و مەرجەعیەت و ئایدۆلۆجیا و هێزی روحی و مادی بە تەواوی دەڕوخێت و تیادەچێت و ئەو مەیلە شیعەگەرایەی دنیاش دەپووکێتەوە.

بەواتایەکی تر، شیعەکان هەر لە ئێرانەوە، تا دەگاتە عێراق و بەحرێن و لبنان و ئەفغانستان، لەگەڵ هەرەسی وڵاتی دایک (ئێران) دەپووکێنەوە و ناتوانن ئەو لاف و گەزافەی ئێستا لێدەن و خودی عەرەبەکان، هەپروون بە هەپرووونیان دەکەن.

بۆیە ئەم خاڵە زۆر گرینگە، وەکو مەترسی لەسەر شیعەکانی دنیا و خودی ئێرانیش، ئەم مەترسییە باش دەزانێت، بۆیە بەشێکی زۆری ئەو گومانە دەیکات، بۆ دژایەتی ئەم بۆچوونەی سەرەوەیە.

دووەم: ململانێی عەرەب – ئێران

وڵاتەکانی ناوچەکە، جگە لە سووریا، هیچ کامیان دۆستی ئێران نین، بەتایبەتی تورکیا و ئیمارات، سعودیە، ئوردن، وڵاتی کەنداو بە میسریشەوە، ئەوەش لەبەرئەوەی لەلایەکەوە کێشەی مێژووییان هەیە. لە لایەکی ترەوە، ئێران بەمایەی هەڕەشە دەزانن بە سێ دەلیل:

یەکەم: نوێنەرایەتی مەیلی شیعەگەرایی دنیا دەکات، ئەوەش مایەی مەترسییە لەسەر سوننەکان، کە بەشێکی زۆری نیشتمانی عەرەب پێکدێنن و لەڕووی مەزهەبیشەوە، دوو ئایدیای زۆر لێکجودان.

دووەم: لە رووی سیاسی و جوگرافیشەوە، ئێران جگە لەوەی مایەی مەترسییە لەسەر عێراق و شەتولعەرەبە و کەنداوی فارس هەر ئێستا بە داگیرکاری دوورگەکانی تونبی گەورەو بچووک و ئەبو موسای ئیماراتی دەزانن و بەخاوەن

هێزێکی زەبەلاحی دەزانن لە ناوچەکەدا، کە دەتوانێت لەماوەی (٤٨) کاتژمێردا، دەست بەسەر ئیماراتدا بگرێت، ئەوەش یەکێکە لە ئەگەرە مەترسیدارەکان، گەر بێتو ئەمەریکا لە ناوچەکەدا نەبێت.

سێیەم: رکابەری سەرەکی ولاتانی کەنداوە، لەبواری بەرهەمهێنانی وزەو نەوت و گازی سروشتی، ئەمەش رۆڵی ئەوان لە ناوچەکەدا بێ هێز دەکات.

بۆیە لەم بارەیشەوە ئێران لەبەردەم گەلەکۆمەکییەکی عەرەبی و ناوچەییدایە، کە هەمیشە لەبەرامبەر ئێراندا، ململانێیەکانی خۆیان خستووەتە لاوەو ئێران بەمایەی مەترسی و هەڕەشە دەزانن، بەهەموو شێوەیەک هەوڵی بەرگرتن بەمەیلی شیعەگەرایی نفووزو تواناکانی دەدەن.

سێیەم: ململانێی ئیسرائیل – ئێران

ئیسرائیل رەقیبێکی سەرسەختی ئێرانە لە ناوچەکەدا، چ لە بواری مەزهەبیدا، چ لە بوارە سیاسی و سەربازییەوە، ئێران هەمیشە دەیەوێت ئیسرائیل بەداگیرکەری فەلەستین و خاکی موسوڵمانان بزانێت و هەمیشەش ئیمام خومەینی دەیوت "رێگای رزگارکردنی قودس، بە نەجەف و کەربەلادا تێپەڕ دەبێت".

بۆیە ئیسرائیل هەرگیز ئەم قسەیە لەبیر ناکات" ئەو یارمەتییە زۆرو زەوەندەش لەبیر ناکات، کە ئێران دەیداتە (حەماس و جهادو حزبوڵلا) بۆ دژایەتی ئیسرائیل.

سەرینەوەی ئیسرائیل لەسەر نەخشەو پێکێشانی بۆمبی ئەتۆمی، مەترسی گەورەی ئیسرائیل پێی وایە گەر ئێران نەبێت، رەنگە ئەمنییەت و وەزعیەتی زۆر باشتربن، بەو بەڵگەی حەماس و جیهاد، ناتوانن ئاشتی ئیسرائیل تێکدەن و پرۆسەی ئاشتی نەکەن، نەحزبوڵلای لبنان دەمێنێت و نەسووریاش دەتوانێ هاوکاری ئەو گروپانە بکات و هاوپەیمانی لەگەڵ ئێران ببەستێت، بۆیە ئیسرائیل پێی وایە، ئێران یارمەتیی گرووپە ئیسلامییەکانی، لە رێگای هەیمەنەی مەیلی شیعەگەراییەوە دژی ئیسرائیل دەدات، بۆیە بەردەوام هەوڵدەدات، ئەم مەیلە بەرپێبگرێت و ئێرانیش لەناو ببات.

چوارەم: کێشە ناوخۆیەکان

فاکتەرێکی تر کە مەترسی لەسەر ئێران و شکستی مەیلی شیعەگەرایی هەیە،

بوونی هەیمەنەی شیعەیەو پەراوێزخستنی پێکهاتە مەزهەبی و ئیتنی و تایفەکانی ناو ئێرانە، لە سیستمی سیاسی ولاتدا، بەواتایەکی تر شیعە لەئێراندا کۆنترۆڵی هەموو پێکهاتەکانی کردووە و هەموو لایەنەکانی تری وەک (تورک، کورد، بلوچ، عەرەب، ئازەر) پەراوێز خراون.

تەنانەت ئەم وەزعە بەشێوەیەک چووەتە پێش خەڵکی، وەکو رەفسنجانی، لەبەرئەوەی تورکە و پاسدار نییە هەرگیز ناتوانێ بچێتە شوێنی ئیمامی ئێران و شوێنی خامنەئی بگرێتەوە.

بۆیە کوردو ئازەرو بلوچ، هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدان، ئەو ستەم و بێ مافییەی لەسەریانە رابگرن کە بەهۆی مەیلی شیعەگەراییی ئێرانەوە بەسەریاندا سەپاوە.

چونکە ئێران لەسەرتاسەری دنیادا رێز لە بچووکترین تایفەو مەزهەبی شیعە دەگرێت، بەلام ناتوانێ کوردەکان وەکو سوننەو نەتەوە قبوڵ بکات.

بۆیە لەپاڵ ئەو فاکتەرانەی تر، کێشەی مافەکانی مرۆڤ و چەوسانەوەی گەلانی ئێران، فاکتەرێکی بەهێزن بۆ شکستی ئێران و مەیلی شیعەگەرایی.

بەکورتی لە ئێستادا ئەو چوار فاکتەرە، رۆڵی سەرەکی دەگێڕن لەبەرگرتن بە پەرەگرتنی مەیلی شیعەگەرا و تێکشکاندنی و کۆتاییهاتن، بەسەردەمی زێڕینی شیعەگەرایی، لەپاش کوشتنی ئیمامی عەلی و حەسەن و حوسێنەوە، کە رەنگە بۆ سەد ساڵی تریش، ئەو مەیلە نەتوانێ بەو شکڵە پەل بهاوێت و پێگەو نفووزی بەهێزبێت، هەروەکو چۆن لەگەڵ هەرەسی ئێمپراتۆریەتی عوسمانی، تورکیا بووە دەوڵەتێکی بچکۆلەو نەخۆش، لەگەڵ نەمانی ئێرانیشدا مەیلی شیعەگەرایی بەیەکجاری تەفروتوونا دەبێت و دەپووکێتەوە.

بەواتایەکی تر، دەمەوێت بڵێم بە نەمانی ئێران، شیعە لەناو دەچێت و بەتێکشکاندن و بەرگرتن لە پەرەگرتنی شیعەش، ئێران تێکدەشکێت، واتە نە ئێران بێ شیعە شتەو نەشیعەش بێ ئێران، مانایەکی هەیە.

بۆیە ئێران لەبەردەم کۆمەڵێک مەترسی ناوخۆیی و سیناریۆی سنووریی و نێودەوڵەتی گەورەیە، گەر جێبەجێ بکرێت، سەرئەنجام دەبێ خەلافەتی ئیسلامی بەرێبەرایەتی شیعە ببێتە خەون و هەرگیز ناتوانرێ تۆڵەی (حوسێن، لە مەعاویە)و (عەلی لە عومەر) بکرێتەوەو بەیەکجاری مەیلی شیعەگەرایی ئاوا دەبێت.

فۆرمی پێکهاتەی سیستمی سیاسی عێراق، لە دروستبوونییەوە، بەشێوەیەک بووە، کە کەمینەی سوننە کۆنترۆڵی عێراق بکەن.

ئەم فۆرمە زیاتر لە هەشتا ساڵ لە عێراقدا کاری پێ کرا، بەڵام لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکانی عێراق و ڕووخانی ڕژێمی بەعسی سوننەکان، لە حاکمی کەمینەوە، بوون بەشەریکە بەشی کوردو شیعە، کە ئەوەیش بۆ سوننەکان، هاوکێشەیەکی ناواقیعی بوو، کە لەگەڵ خەون و دەسەڵاتی ئەواندا نەدەگونجا.

لە کاتێکدا حەقیقەتی ژیانی سیاسی لە عێراقدا ئەوەیە، کە ئێستا هەیە، بەبێ ئەو خەونە یۆتۆپییایەی سوننەکان.

مێژووی حوکمی کەمینە لە جیهاندا دەری خست، کە حوکمێکی فاشلە، بەو مانایەی جیا لەوەی تەعبیر لە خواستی پێکهاتە ناهۆمۆجین و مۆزایکە جیاوازەکانی ناکات، وەستاوە لەسەر زوڵم و زۆر و چەوساندنەوەی زۆرینە.

ئەم ئەزموونە شکستخواردووە لە عێراقدا، لەماوەی هەشتا ساڵی ڕابردوو، بە واقعی دژی شیعەو کورد پراکتیزە کرا، ئەم پراکتیزەکردنە لە سەردەمی بەعسیزمدا، گەیشتە لووتکە، بەشێوەیەک بەعس لەهەموو هەوڵێکدا، کوردو شیعە نەک هەر لە سیستمی سیاسی و هەرەمی دەسەڵات دووربخاتەوەو پەراوێزی بخات، بەڵکو ئەوانی هەم بەمەترسی دەزانی و حسابی پلە دووی بۆ دەکردن، هەم دەیویست ئەو دوو پێکهاتەیەی تر، بەمەترسی بزانێ و وا نیشان بدات، هەرچی کوردە مایەی مەترسییە لەسەر یەکپارچەیی عێراق و هەمیشە کوردی لەچاوی پێشمەرگەوە دەبینی و هەرچی سەبارەت بە شیعەشە، جگە لەوەی بەکۆپی ئێرانی دەزانین، دەشیزانی کە ئەوان زۆرینەن.

ئەم کێشمەکێشە تادەگات بە ئێستاش بەردەوامە، بەو مانایەی سوننە هێشتا خەون بەو دەسەڵاتە ڕەهایەوە دەبینن، کە پێشتر هەیانبووەو هەم نیگەرانن لەو

پەراوێزخستنەی لە بواری سیاسی تووشی هاتوون.

بەشێکی زۆری سوننەکان کە لەناو لیستی تەوافق کۆبوونەتەوە و خاوەنی (٤٤) ئەندامی پەرلەمان و (٦) وەزارەتن لە حکوومەتی عێراقیدا.

لەچەند رۆژی رابردوودا، کشانەوەی خۆیان لە پەرلەمان و حکوومەت راگەیاند؛ بەبیانووی ناکارابوونی حکوومەتی مالیکی و گوێ نەگرتنی لەداوای سوننەکان و پەراوێزخستنیان. بەرەی تەوافق و بەرەی دیالۆگی نیشتمانی و هەیئەی عولەمای موسلمینی عێراق سێ لایەنی سەرەکی سوننەکانی عێراقن.

ئەم سێ هێزە دەیانەوێت عێراق بگەڕێننەوە بۆ حوکمی کەمینەو سیستمی ئولیگارشی و تۆتالیتاری و هەرگیز لەگەڵ ئەو هاوکێشە سیاسییە نوێیەو ئەو مۆدێلە نوێیە یەک نایەتەوە، کە عێراق لە ئێستادا کاری لەسەر دەکات، یان دەیەوێت کاری لەسەر بکات.

بەو مانایەی مۆدێلی تازەی عێراق، دەیەوێت لەسەر ئەو واقیعە کاربکات، کە عێراق بەتەنیا موڵکی (شیعەو سوننە و کورد) نییە، بەڵکو دەبێ هەرسێ پێکهاتە سەرەکییەکە یەکتری قبوڵ بکەن و ئەجێندایەکی هاوبەشی کارکردنیان هەبێت.

ئەم مۆدێلە نوێیە، دەیەوێت لانی کەم سیستمی سیاسی عێراق سیستمێکی فیدراڵی بێت بە سوننەکانیشەوە، کە ئەم مۆدێلە خواستی زۆرینەی عێراقییەکانی لەسەرەو لەناو خودی دەستووریشدا دەنگی لەسەر دراوە.

لەم سیستمە سیاسییەدا، شوێنێک نەمێنێ بۆ دەسەڵاتی مەرکەزی تاکڕەو و توندڕەو و کۆنترۆڵکەر، تابتوانێ قەتڵ و عامی هەمەوو بکات و چۆنی بوێت، وا جووڵە بەهێزەکان بکات و سەرکوتی خەڵکی مەدەنی پێ بکات.

لەم مۆدێلەدا دیموکراسی دەبێ ببێتە واقیع و سامانە سروشتییەکان بۆ گشت هاوڵاتیان بن.

دەبێ ئەوە قبوڵ بکرێت، کە شیعە هاوڵاتی پلە یەکی ئەم وڵاتەن و کۆپییەک نین لە ئێران. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئێران هاوکارییان دەکات، سەرچاوەی مەزهەبی و ئاینییان زۆرلێک نزیکە، مەرجەعی هاوبەشیان هەیە.

دەبێ قبوڵ بکرێت کە ئەوان زۆرینەن و لە سیتمی دیموکراسیشدا، گرەوی سەرکەوتن، هەمیشە زۆرینە دەیباتەوەو زۆرترین ئیمتیاز بۆ خۆی دەچنێتەوە، کە

هەقێکی مەشرووعی خۆشیانەو لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقیش، ئەم واقیعە خۆی بەسەر سیستمی سیاسی نوێی عێراقدا سەپاندووە، کە شیعە زۆربەی پێکهاتەکانی عێراقیان کۆنترۆڵ کردووە.

هەرچی کوردیشە لەگەڵ ئەوەی، کە بەزۆر خزێندراوەتە ناو عێراقەوە، بەڵام شەریکی پلە یەک و خاوەنی ئیمتیازی تایبەتن.

واتا دەبێ سوننەکان، یان بەرەی تەوافق و بەرەی دیالۆگ و هێزەکانی تریان لەوە تێبگەن.

کە نەشیعە جارێکی تر بەحوکمی کەمینەی سوننە رازی دەبێت، نەکوردیش جارێکی تر مل بۆ چەوساندنەوەی کەمینەی سوننەو زۆرینەی شیعە دەدات.

بەڵکو ئەلتەرناتیڤ ئەوەیە، کە ئێستا لە مەیداندایە، بەوەی کە فیدراڵی لەسەر ئەساسی سێ هەرێمی جیاواز بێتە دیفاکتۆ.

ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە، ئاخۆ سوننەکان لەگەڵ ئەم مۆدێلە نوێیەی عێراق، دەتوانن خۆیان بگونجێنن؟

ئاخۆ سوننەکان دەتوانن واز لەو خەیاڵە یۆتۆپییە بهێنن، کە ئەوان حاکمی هەشتا ساڵی عێراق بوون و خەون بە ئیمپراتۆریەتی مەلەکی و بەعسییەوە نەبیننەوە؟

ئاخۆ سوننەکان هاتوونەتە سەر ئەو قەناعەتەی، کە شیعە زۆرینەن و کوردیش جارێکی تر مل بۆ چەوساندنەوەو مەینەتی نەسوننەی کەمینەو نەشیعەی زۆرینە نادات؟

ئەم پرسیارانە زۆر گرینگە بۆ سوننەکان، کە وەڵامەکەی پۆزەتیڤ بێت...!

بەڵام بەچەند بەڵگەو دەلیل کە باسی دەکەم، ئاماژەکانی پشت ئەم وەڵامانە، پۆزەتیڤ نین، بۆیە ناکرێت عێراق بەخەونی ئەوان بچێتە رێوە.

سوننەکان هەر لەگەڵ رووخانی بەعس و هاتنەکایەی سیستمی سیاسی نوێ و پلورالیزم کردنی عێراق، بایکۆتی یەکەم هەڵبژاردنی عێراقییەکانیان کردووە، ئەمەش ئەو خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، کە سوننە هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ ئەم مۆدێلە نوێیە نەبوون لە عێراقدا و پرۆسەی هەڵبژاردنیش بۆ خۆیان بەمەترسی دەزانن، چونکە ئەوان هەمیشە وا ڕاهاتوون لەگەڵ کەمینەبوونی خۆشیان حاکمی زۆرینەبن.

بۆیە وەختێک سوننە، بایکۆتی هەڵبژاردنەکان دەکەن و سیستمی دەنگدانیان قبوڵ نییە. ئەوە ئەو مەترسییەیە، کە هەرزوو عێراقییەکان هەستیان پێ کرد، کە سوننە نایەوێت، بێنە کێبرکێی هێزەکانەوە، کە لە هێزی یەکەمەوە سوننە دەبنە هێزی سێیەم، بەحوکمی واقیعی نفووزو جوگرافیا، تادەگات بەئێستا سوننەکان ئەم سیستمە تازەیان قبوڵ نییەو لەدواین هەڵبژاردنیش کە بەشدار بوون، داوای هەڵوەشانەوەیان کرد، بەبیانووی ساختەبوونی هەڵبژاردنەکەوە.

جگە لەو کارانە، یەکەم هێزی عێراقی و یەکەم گرووپی چەکدار، کە دەستی دایە کاری نارەزایی و توندوتیژی دژی پرۆسەی سیاسی عێراقی نوێ، سوننەکان بوون بەناوی (مقاوەمە)، دەتوانم بڵێم چۆن مۆدێلی حوکمی کەمینەو توندوتیژی لەسەر دەستی سوننەی عێراقییەوە لە عێراق دەرکەوت.

بەهەمان شێوە دوای رووخانی بەعسیش گرووپە تیرۆریست و چەکدارییەکان، ئەوەی کە ئێستا ئەنجامەکەی دەبینن، ئەوان رێکخەرو داینەمۆی سەرەکی بوون.

ئەوەش بەو مانایەی، کە تەبعی کەمینە وایە، هەمیشە لە هەموو حاڵەتەکاندا پەنا بۆ توندوتیژی دەبات و دەیەوێت هەموو کێشەکان، لە رێگای سەپاندنی هێزی چەکدارەوە چارەسەر بکات.

سوننەکان هەر لە سەرەتاوە تا ئێستاش، دژی دەستووری نوێی عێراق بوون، کە باشترین فۆرمە بۆ پێکەوەژیانی عێراقییەکان و هاوبەشی و جیاکردنەوەی دەسەڵات و ئیمتیازەکان و سیستمێکی پلورال و مۆدێرن و دیموکراسی و ئازادو پەرلەمانی.

ئەم دەستوورە کە تا ئێستا لەمێژووی عێراقدا، لەناو ئەو (١١) دەستوورەدا، کە لەماوەی هەشتاو پێنج ساڵی رابردوودا نووسراوەتەوە، باشترینیانە، سوننەکان پێیان خراپتر، چونکە ئەوان پێیان وایە، ئەم دەستوورە مانایەک بۆ یەکپارچەیی و سەرەوەری عێراق و ناوەند ناهێڵێتەوە.

لەکاتێکدا ئەوان لەترسی دیموکراسی دژی سیستمی فیدراڵیزمن، راستە ئەو سیستمە فیدراڵییە لەرووی جوگرافییەوە بۆ سوننە مەترسییە، بەبیانووی هەرێمی جوگرافی ئەوان، وەکو کوردستان (سلێمانی، کەرکووک، هەولێر، دهۆک) ناکەوێتە سەر یەک هێڵ و هاوسنوور نییە، یان وەکو (بەسرە، رومادی، عمارە) لە رووی

جوگرافییەوە گرەنتی نییە.

لەبابەتی (دیالە، تکریت، مووسڵ) ئەمەش وادەکات، هەرێمی ئەوان زۆر یەکگرتوو نەبێت.

جیا لەوەش سوننە هەستی بە لەدەستدانی سێ پارێزگای گرینگ دەکات، کە لە عێراقدا زۆر گرینگن و هیچ کام لەو سێ پارێزگایە ناکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی هەرێمی جوگرافی ئەوانەوە.

هەرچی بەسرەیە کە بەدەروازەی عێراق دادەنرێت بۆ سەر دەریا، بەغدا کە دڵی دەوڵەتەو شوێنی کۆبوونەوەی گشتی داوودەزگاکانی دەوڵەتە، بەدەستی شیعەکانەوەیە، و هەرچی کەرکووکیشە، کە بەکۆتکەی ئابووری کوردستان و عێراق دادەنرێت، بەدەست کوردەکانەوەیە.

ئەم سێ پارێزگا گرینگە، کە لە دەست سوننەکاندا نین، جگە لەو ئەهمیەتە گرینگەی هەیانە، سەرچاوەی زۆرینەی نەوتی بەرهەم هاتوو و یەدەگی عێراقن، کە ئەوەندەی تر سوننەکانی هەراسان کردووە، لەکاتێکدا سوننەکان و هەرێمەکانیان خاوەنی کەمترین نەوتن لە ناوچەکانیان، گەر ئەوەش بزانین (٩٥٪)ی داهاتی عێراق لەداهاتی فرۆشی نەوتەوەیە.

هەر بۆیە سوننەکان هەمیشە دژی یاساکانی نەوت و سامانە سروشتییەکانن، چونکە بەقازانجی خۆیانی نابینن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەدەستووردا هاتووە، کە سامانە سروشتییەکان دەبێ بەیەکسانی بۆ گشت گەلانی عێراق بن.

خاڵێک کە زۆر مەترسیدارەو هەمیشە سوننەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، داوای دەسەڵاتی ناوەندی بەهێز دەکەن، کە کۆنترۆڵی هەموو عێراق بکات.

واتە هەمان خەونی کەمینەی بەعس، کە دەیانویست هەموو عێراق لەژێر چاودێری و کۆنترۆڵی بەغدادا بێ، شتێک نەبێت بەناوی هەرێمی سەربەخۆو جیاواز.

تائێستاشی لەگەڵدابێ، سوننەکان خەون بەم دەسەڵاتە مەترسیدارەوە دەبینن، کە نە لەگەڵ سیستەمی تازەی عێراق و دیموکراسی دەگونجێت، لەلایەن کوردو شیعەشەوە قبوڵ نییە.

جگە لەوەی سوننەکان لەم ماوەیەدا، لە حکوومەتەکەی مالکی و پەرلەمان

کشانەوە، بەچەند بیانووی نامەعقول، لەبابەتی ئازادکردنی گیراوەکان و دابینکردنی مافەکانیان کە ئەم داوایانە هێندەی بیانوون بۆ پەکخستنی حکومەت و پەرلەمانی عێراق هێندە داوای واقعیی نین.

جگە لەوەی سوننەکان خۆیان کارەکتەری سەرەکی نین لە عێراقدا، بەڵکو لەلایەن وڵاتانی سعودیە و میسرو سووریا و وڵاتانی کەنداوەوە دەجووڵێندرێن و لە گەمە سیاسییەکانی عێراقدا دژی شیعەو کورد بەکاریان دەهێنن و دەیانەوێت ئەو ململانێ و ناکۆکییە (عەرەبی و فارسییە)ی کە لەنێوان مەرجەعیەتی شیعەو وەهابییەت هەیە، لە عێراق یەکلایی بکەنەوە، ئەو کێشە ئابووری و سیاسی ئێتنیکی و تائیفەی لەنێوان شیعەو سوننە هەیانە، لە عێراقدا یەکلای بکەنەوە، ئەم قسانە ئەوکات راست دەرچوون، کە سعودیە بەئاشکرا رایگەیاند" گەر ئێران دەست لە هاوکاری شیعەکان هەڵنەگرێت، بۆ پشتیوانی لە سوننەکان، هەموو رێگەیەک دەگرنەبەر".

جیالەوەش سوننەکان تەنیا لەماوەی یەک ساڵی رابردوو لەوڵاتانی (تورکیا، میسر، سعودیە، ئوردن) پێنج کۆنگرەیان لەدژی کوردو حکومەت گرت و، کە دژی شیعەو کوردن.

هەمیشە باس لەوە کراوە، کە بەهۆی شیعەکان و ئێرانەوە سوننەکان رۆژانە لێیان دەکوژرێت و لەبەردەم مەترسی لەناوچووندان و تەنانەت لە یەکێک لە بەیاننامەکانی، کە ناونرا (بەیاننامەی ئەستەنبوڵ) لە تورکیا، کە ئەم شەڕەی ئێستا لە عێراق بەپلەی یەکەم ئێران و شیعەکان لێی بەرپرسن، جیالەوەش لەهەموو کۆنگرەکان، سوننەکان دژی ئەزموونی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و هەرێمی سەربەخۆو فیدراڵی و مادەی (١٤٠)ن، جگە لەوەی کە دژی دەستوورو گشت مافەکانی ترن، کە بۆ کورد گرینگن.

گەرچی لە ئێستا سەرۆک تاڵەبانی و لیستی هاوپەیمانی، خەریکی ئاشتکردنەوەی لیستی تەوافق و سوننەکانن، بۆ گەڕانەوە بۆ حکوومەت و پەرلەمان، بەڵام ئاخۆ ئەمە لە قازانجی کوردە؟ ئاخۆ ئەمە دەرئەنجام و دەسکەوتی پۆزەتیڤی لێی دەکەوێتەوە؟

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە، هەرچەندە بەپێی پێوانەکان و خاڵەکانی کە لە پێشەوە

باسـمـان كـردن، پێ ناچێت سـوننـه واز لـه خـەونه یۆتۆپیـیـەكانیـان بهێنێت، كورد بەدۆسـتـی خـۆیان بزانن، بەڵام بـابزانین ئەم هـەوڵە ئـەكتـیـڤـانـەی كـوردو تاڵەبانی، تاچەند لای ئەوان دەبێـتــه مــایـەی رەزامــەندی و تـاچەند وەكــو لایەنـی دۆست و درككردن بەهاوكێشە واقعیە سیاسییەكان، چاوی لێ دەكەن.

بەڵام لەگەڵ هـەمـوو ئەوانەشـدا دۆسـتـایەتی كوردو لیـسـتی هاوپەیمانـی، لەگەڵ شیعە بۆ كورد زۆر لەسوننە باشترە، ئەمەش بەو دەلیلەی، لەگەڵ زۆربەی مافەكانی گەلی كوردن، جیـالەوەی هـەردووكیـان بڕوایان بەدەسـتوور و فـیـدراڵی و ناوەندێكی بێ هێزو دیموكراسـی و یەكتـر قـبوڵكردن هەیە، سـەرەڕای چەندین ناكۆكی، بەڵام گەر دیقەت بدەین كوردو سوننە، كەمترین خاڵی هاوبەش لەنێوانیاندا نییە.

بۆیە سـوننەكان گـەر واقـعیـانە بیر لـە عێـراقی تازە نەكـەنەوە، گـەر ئـەمـجـارەش نەبێ جـارێكی تر لەگشت پرۆسـە سـیاسـییـەكانی عێراق دەچنە دەرەوە، سـەرەڕای پشـتـیوانی زۆرو زەوەندی ئـەمەریكا بەخـاتری وڵاتانی عـەرەبی سـوننی كـەنداوی پڕ نەوت.

بەڵام بۆ شـیـعـەو كـورد ئـاسـانـە، كـە عێـراق بەبێ سـوننـە بەڕێوەبـەرن، لەكاتێكدا هیچ كـام لـەم دوو هێـزە لەسـەر ئەوە ناوەسـتن، كـە عێـراق هـەنگاوی ناوەو دەیەوێت بكەوێتە سـەر سكە و سوننە دەیەوێت لەڕێرەوی خۆی لابدات.

دەبێ سـوننه واز لەو بـیـركـردنەوەیە بهێنێت، كـە جـارێكـی تر لـە عێـراقـدا حـوكم بكەوێتـە دەست كـەمـینـەوە، دەبێ خـۆی لەگـەڵ فـۆرمـە نوێیـەكـانی ئەم مـۆدێلە بگـونجـێنێت، چـونكە ئەم سـیـنـاریۆو مـانۆڕانە، دەرەكین و زادەی واقـیـعی نین و دەستی دەرەكین و بەئامانجی سیاسی بەڕێوە دەچن.

بەبێ سـوننەکـان لە ناوەڕاسـتی ئـابی ئەمـساڵدا (٢٠٠٨)، ڕێککەوتنێکی نوێ، لە نێوان دوو لایەنی کوردی و دوولایەنی شیعەی بەهێز پێکهات، ئەو پێکهاتە چوار قۆڵییەی نێوان (ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی عێراق حزبی دەعوەی ئیسلامی، یەکێتی نیشتمانی، پارتی دیموکراتی کوردستان) کە دواتر حەڤدە خاڵی گرینگ و دە خاڵی تر، وەکو میکانیزمی کارکردنی خرانەڕوو، هەرچەندە ئەم فیدراسیۆنە چوار قـۆڵیـیە، دارعـەسـایەکی سـیحـراوی نیـیە، بۆ ڕزگـاربوونـی عـێـراق لە مەینەتییەکان و نائارامی و جەنگ و کوشتار، کە زادەی فاکتەری دەرەکین، بەڵام ئەوەش شاراوە نییە، کە ئەم چوار لایەنە سەرەکییە، بەو پێیەی دوو لایەنی شیعە نوێنەرایەتی زۆرترین پێکهاتەی تائیفی شیعە دەکەن، جیا لەوەی ئەم دوولایەنە شیعەیە، خاوەنی هەیکەلی سەرەکی پێکهاتەی حکوومەت و پەرلەمانن و دوو دەنگی بەهێزی ناو بەرەی ئیئتلافن، ئەوە جگەلەوەی هەردووکیان، هاو مەزهەب و لەژێر کاریگەری یەک مەرجەعی ئاینی و لەژێر کاریگەری ئێراندان.

– هەرچی دوولایەنی کوردیشە، بە هەمان شێوە خاوەنی زۆرینەی پەرلەمان و حکوومەتی هەرێم و پشکی شێریان هەیە لە حکوومەتی عێراقدا و لەپاڵ حزبە کوردستانییە هاوپەیمانەکانیان، نوێنەرایەتی زۆرینەی خەڵکی کوردستان دەکەن.

– قسە ئەوەیە بۆچی سوننە، جارێکی تر بەشداری ئەم بەرە فراوانەی نەکرد...؟

– بۆچی سوننە جارێکی تر بایکۆتی ئەم هاوپەیمانییەی شیعە و کوردی کرد؟

– ئایە سوننە پەراوێز خران؟ یان بەویستی خۆیان پەراوێز کەوتن؟

جگە لە ئەزموونێکی مێژووی ناتەبای، نێوان سوننە لەگەڵ شیعە و کورد لە عێراقدا، لەماوەی هەشتا ساڵی ڕابردوودا، کە وەکو کەمینە حوکمی عێراقیان کردووە و تائێستاش خەون بەو دەسەڵات و ئیمتیازو ئیمپراتۆریەتەوە دەبینن، کە لە سەردەمی بەعسیزمدا گەیشتە لووتکە.

لەپاش رووخـانی بەعـسـیش، یەکـەم لایەن و تائیـفـەی عـێـراقی، کـە بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی عێراقی کرد، سوننەکان بوون...!

واتا لە سـەرەتای ئاڵوگۆڕەکانی نوێی عێراقـەوە، سوننەکان مامـەڵەی واقیعی و مەنتقییان، لەگەڵ نەزمی نوێ و سیستمی سیاسی نوێی عێراقدا نەکردو هەرگیز نەیانتوانی قـەناعـەت بەو لێک هـڵـوەشـاندنەوە سـەرتاپاگـیـرە بهـێنن، کـە عێـراق بەخۆیەوە بینی.

بۆیە چۆن لە سـەردەمی حوکمی سوننەدا، قـەناعـەتیان بە مافی کورد و شـیعـە نەهێنا، ئێستـاش نایەنـەوێت، مل بۆ ئەو واقـیعـە کـەچ بکەن، کە ئەوان کـەمینەن و دەبێ بـەپێی پێـوەرەکـانی دیموکـراسـی مل بۆ بڕیـار و راسـپـاردەکـانی زۆرینەی سیستمی پلوراڵ بدەن.

نایانەوێت ئەوە هەزم بکەن، کە ئێستا دوولایەنی سەرەکی لە عێراقدا، رۆڵی کارا و ئەکتیڤ دەگێڕن لەناو سیستمی سیاسیدا، کە ئەوانیش شیعە و کوردن...!

پێ ناچێت هـەرگیـز خـۆیان لەگەڵ ئەو مـۆدێلە نوێیـە بگونجێنن، کـە عێراق سێ لایەنی سەرەکی تێدایە کە (کورد، سوننە و شیعە) یە دەبێ هەمـوو ئیمتـازەکان بۆ هەر سێ لایەن و بەپێی رێژە و تواناکان دابەش بکرێن، بۆیە سوننە، کە ئەم مۆدێلە نوێیە هەزم ناکەن، قەناعەت بە زۆرینە و کەمینەش ناکەن.

بۆیـە جـارێک بایکۆتی هەڵبـژاردنەکـان دەکـەن و جـارێک بـایکۆتـی هـاوکـاری حکوومـەت دەکـەن و شـەش وەزیرەکـەیان لە حکوومـەت دەکێـشنـەوەو چل و چوار ئەندام پەرلەمـانەکەیان دەکشێننەوەو دواجاریش بەبیـانووی جـۆرەوجـۆر، بایکۆتی بەرەی چوار قـۆڵی دەکـەن و لەپاڵ ئـەوەشـدا، بەئاشکرا دژی سـتـراتیـجـی ئەم بەرەیەن، کە دەیەوێت بارودۆخی سیاسی و ئەمنی عێراق باش بکات و لەپێشەوەش پشتیوانی لە حکوومەتەکەی مالکی دەکات

- لە خاڵی حەوتەمدا باس لە پەلەکردن لە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) دەکات و لە بەندی هەشـتـدا، باس لە پتـەوکـردنی پێـوەندیی نێـوان حکوومـەتی بەغـدا و حکوومـەتی هەرێم دەکـات، لە خـاڵی دووەمـدا، بـاس لە پابەندبـوون بەسـیـسـتـمی فیدراڵی و دەستوورییەوە دەکات.

کەچی لەو کاتەدا، عـەدنـان دلێمی بەئاشکرا رادەگـەینێت، کە کار بۆ رووخـانی

حکوومەتەکەی مالکی دەکات، ئەمەش واتای دژایەتیکردنی ئەو بەرە چوارقۆڵییەیە.

جگە لەوەی سوننەکان، هەمیشە لەگەڵ ئەو خاڵ و بەندانە نارێکن، کە سادەترین ماف دەدات بە کورد و شیعە، لە بابەتی فیدراڵی و سیستمی دەستووری و مادەی (١٤٠).

بۆیە هیچ مایەی سەرسوڕمان نییە، کە سوننەکان جارێکی تر، بایکۆتی ئەم بەرەیە بکەن و پەراوێز بخرێن...!

ئەوەش جگە لە فاکتەرە سیاسییە ناواقیعەکانی سوننە، فاکتەری دەرەکی و دەستتێوەردانی وڵاتانی عەرەبی سوننە بۆ بایکۆتی سوننە، دیسان رۆڵێکی نیگەتیڤ وازی دەکەن و هەمیشەش باس لەوە دەکەن، کە سوننەکان لەبەردەم هەڕەشەی لەناوچوون و سڕینەوەدان و دەبێ فریایان بکەوین، ئەوەش بەدەلیلی هەیمەنەی شیعە، بەسەر عێراق و هاوکاریکردنیان لەلایەن ئێرانەوە، هەرچەندە هەندێک لایەنی سیاسی پێیان وایە، دەبێ کورد خۆی لەو کێشە و ململانێیەی، نێوان شیعە و سوننە بپارێزێت..

بەڵام ئەم بۆچوونە لە سیاسەتدا، بەتایبەتی بۆ عێراق راست نییە، چونکە ئەوەش هونەری سیاسەتە لە دنیای نوێدا، کە بەستنی هاوپەیمانی، لەگەڵ ئەو لایەنانەی کە لەرووی سیاسی و ستراتیجییەوە، لەپێناو یەک ئامانج، یان یەک ستراتیج و دوو ئامانجی جیاواز کاردەکەن، ئاساییە بەو مانایەی شیعە و کورد لە زۆر خاڵدا، هاوبەشن دەتوانن لەسەر فۆرمەڵەیەک، وەکو ئەم هاوپەیمانێتییە رێک کەون، بەڵام ئایە سوننە ئەم فۆرمەی بۆ کورد قبوڵە...!؟

بێ گومان سوننە رایانگەیاندووە، کە کێشەیان لەگەڵ کورد نییە، بەڵام لەبواری پراکتیکدا وانییە بەو بەڵگەی، ئەوان لەگەڵ خواست و مەیل و گەرایشی کورددا، نەک رێک نین، بەڵکو جوداو ناتەبان و بگرە زۆرجاریش، دژایەتی ئەو مافە سادانە دەکەن.

لەکاتێکدا ئەو ماف و ئیمتیازانەی کورد، لە دەستوور و پەرلەمان و هەڵبژاردن و هاوپەیمانێتەکان بەدەست هێناوە، هیچی لەو دەستکەوتانەی سوننە زیاتر نییە.

بەڵام ئەسڵی پرسیارەکە ئەوەیە کە سوننە قەناعەت بە دابەشکردنی ماف و ئەرک و دەسەڵات و ئیمتیازەکان ناکەن و هەمیشە لەسەر ئەو تیۆرە دۆگماییە کار

دەکەن "یان هەمووی، یان هیچ"

باشترین نموونەش بایکۆتی نوێی سوننەکانە، لەم هاوپەیمانییە چوار قۆڵییەدا، بەڵام ئەوە بەو مانایە دێت کە سوننە پەراوێز خراون، چونکە ناتوانن لەگەڵ ئەو مەیلە و مۆدیلەی، کە خێری خەڵکی عێراق و کوردستانی تێدایە، رەفتار بکەن و مامەڵەیەکی لۆجێکی بکەن، بۆیە گەر خۆشیان مەبەستیان نەبێت، بەڵام ئەوان هەر پەراوێز دەخرێن.

## ١١

بەپێی ئامـــارێک لە ئاداری (٢٠٠٣) تا حـــوزەیرانی (٢٠٠٦) (٦٥٥٠٠٠) هەزار عـێــراقی کـوژراون واتـا (٢,٥٪)، لەکـاتێکدا تائەو کـاتە (٢٧٤٩) ســەربازی ئەمــریکیش کـوژراون و(١٨٤٩٠) ســەربازی ئەمــریکیش بریندارببوون، (٢١٤) سـەربازی (١٦) دەوڵەتی تری هێزەکانی هـاوپەیمانان کوژراون، هەروەها (٤٨٠٦) پۆلیسی عێراقی کوژراون (١٤٧) رۆژنامەنووسیش کوژراون، زیاتر لە (١٠٠٠٠٠) خێزانیش ئاوارە بوون.

تازەترین ئامـاریش کە لـە (٧-١٠-٢٠٠٦ تا ١٣-١٠-٢٠٠٦) واتا تەنیا لەمـاوەی (٧) رۆژدا (٣٩٢) عـێـراقی کـوژراون و زۆرترین ژمـارەی ئەو قـوربانیـیـانـەش لە بەغدای دڵی دەوڵەتدا بووە.

***

زۆربەی گـریمانە و ئەگـەرەکـان بەوانەی ئەمـەریکاشـەوە راسـتـدەرنەچوون، کـە پێیان وابوو پاشی رووخـانی رژێمی، بەعس عێراقێکی مۆدێرن و پلورال و ئارام و یەکگرتوو دێتە کایەوە.

مـەبەسـتـمـە بڵـێم، ئەو ئامـارە مـەترسـیـدارانەی سـەرەوە، باشـتـرین بـەڵگەی بەتاڵکردنەوەی ئەو ئەگەر و گریمانانەیە گەر قسەش دێتە سەر فاکتەرەکانی ئەو کارەسـاتەو، هەموو لایەک گشت ئۆباڵەکەی دەخـەنە پاڵ گرووپ و لایەن و دەسـتە و تاقمێک کە ناونراوە (گرووپە تیرۆریستەکان...!)

لـە کــاتێکدا بـەشــێکی ئـەم گــرووپـانـە، لەنـاو خــودی دەوڵەت و دەزگــا و دامـەزراوەکـاندان و ئەوانیش لە بەشێکی ئەو کوشـتـارانە بـەرپرسن، کـە رۆژانـە لە شەقامەکانی بەغدا و بەسرە و کەرکووک روودەدات.

***

ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە، گرووپی تیرۆریستی ئەلقاعیدە و کۆنە بەعسییەکان و

چەند گرووپی وەکو سوپای مەهدی و جهاد و ئەنسارئیسلامی سوننە و سوپای تشرین... بەئاشکرا رایانگەیاندووە، کە دژی حکوومەتن و ساغ بووەتەوە کە ئەوانە گرووپی تیرۆریستن.

ئەی ئەو گرووپەی کە بەگرووپی مەرگ ناسراون، جل رەشەکانی (سوپای مەهدی) شیعە، لەکاتێکدا خاوەنی (٢٠) کورسی پەرلەمانن رۆژانە لە ناوەڕاستی بەغدا، دەیان کەس، تەنیا لەسەر ئەوەی ناویان (عومەر)ە دەکوژن و پەلاماری هێزەکانی پۆلیسی و ئەمەریکا دەدەن، چێ پێدەڵێن، ئەو گرووپە سوننەیەی رۆژانە، خەریکی کوشتنی (عەلی و حسێن و حەسەن) و تەقاندنەوەی (حوسێنییەکان)ن و بەناوی بەرەی دیالۆگ و حزبی ئیسلامی و تووافقەوە، بەچەند فۆرم بەشداری حکوومەتن چییان پێ دەوترێت، ئەوە باسی سوپای بەدر و حوبی فەزیلە ناکەین، لەوەشی خەتەرتر، خودی تیرۆریستەکان، پۆلیس و ئاسایشن لەناو خودی حکوومەتدا.

بۆیە خاڵی مەترسی ئەوەیە، چەند لایەنێک بەناو دەیانەوێت حکوومەتی مۆدێرن دروست بکەن، بەڵام خۆیان بەشێوەیەک بەشدارن لە پەشێوی کوشتار و ئارامی لە وڵاتدا.

***

هەر لەو کاتەوە لە ساڵی (١٩٢١) عێراقێکی ناهۆمۆجین، کە مۆزائیکێکی جیاوازی هەبوو لەڕووی ئیتنیکی و تائیفی و مەزهەبیی، لەسەر دەستی ئینگلیزەکان دروست کراو مەلیک فەیسەڵی سوننە کرایە مەلیکی.

چەوساندنەوەی کورد و شیعەی زۆرینە لەلایەن کەمینەی سوننەوە، بۆماوەی (٢٢) ساڵ درێژەی کێشاوە لە سەردەمی بەعسیشدا ئەم چەوساندنەوەیە، گەیشتە لووتکە بە جینوسایدو قەتڵ و عامی شیعە و کورد، ئەمەش هەمان ئەو سیناریۆیە بوو کە ستالین دژی کۆمارەکانی پێشووی سۆڤیەت پیادەی کرد.

پاش رووخانی بەعس لە (٢٠٠٤)دا ئەو خۆڵەمێشە ژێر سکڵەدا.... (٨٢) ساڵی رابردوو، تەپوتۆزەکەی دەرکەوت و، وردە وردە بەپێچەوانەوە گەشایەوە و ئێستاش پەرەی گرتووەو هیچ کام لەلایەنەکانی، ناتوانن چارەسەری بکەن، چونکە چەندە باگراوەندی مێژووی هەیە، بەوەی شیعە و کورد هەستیان بەپەراوێزبوون کردووە،

لەبەرامبەر ئەو خاڵێکی تر، کاریگەری ئیدیۆلۆجیای مەزهەبی شیعەو سوننەیە، بەلام بەرگێکی سیاسی کراوەتەبەر، لەپێناو بەرژەوندییەکاندا و تادێت، پەرەسەندنی ئەم رقە کۆنە، دەگاتە واقیعی خۆی و خەریکە شەڕێکی ناوخۆیی لێ دەکەوێتەوە.

پیتەرگالێریس پێی وایە، دابەشبوونی عێراق بۆ سێ هەرێمی کورد و سوننە و شیعە، تاکە چارەسەری ئاشتییە.

جیمس بیکەر، دەڵێ " دەسەلاتی هەرێمەکان فراوانتر بکرێت و فیدراڵی بچەسپێندرێت"، بەڵام جۆزیف بایدەن و لێس گلیسپس لەتازەترین کتێبدا، کار لەسەر ئەوە دەکەن " پیلانێک بۆ دابەشکردنی عێراق" ئەو بۆچوونانەی سەرەوە، هەرکامیان لانی کەم کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی واشنتۆن هەیە و رەنگە دواین سیناریۆی واشنتۆن بن بۆ عێراق.

بۆیە دەکرێت بپرسین رێگا چارە کامەیە، تاعێراق بگەیێنێتە دواوێستگە، رەنگە لە ئێستادا، بە بەڵقانکردنی عێراق (لەپاش هەڵوەشانەوەی یۆگسلافیا) نەبووبێتە، سیناریۆیەکی پڕ چانس، لە کاتێکدا سیستمی فیدراڵیش نابتوانی عێراقییەکان پێکەوە کۆبکاتەوە و تا ئەم ساتەش، لە فیدراڵی باشترین فۆرمی پێکەوە ژیان نییە، بەو پێیەی، کوردەکان، سەربەخۆیی بە باشترین ئەلتەرناتیف دەزانن و هەرێمەکەشیان، هەموو پایەکانی ئەم سەربەخۆیەی تێدایە و یەکەم ساتی لێکهەڵوەشانەوەی یەکجارەکی عێراقیش لە داهاتوودا، دڵنیام بەجاڕدانی سەربەخۆی کوردستان لە عێراقدا دەست پێ دەکات، وەکو چۆن یەکەم ساتی عێراقی یەکگرتووی لە کوردستانەوە راگەیەندرا، بەڵام جیاوازی ئەو دوو بۆچوونە، کات و سەردەم گۆڕاوەو هەموو کارتەکان لەبەردەم عێراقی یەکگرتووی فیدراڵ و پلوراڵ و مۆدێرن شکستیهێنا و کوردیش خۆی بە بەرپرسی بچووکترین کێشە لەو بارەیەوە نازانێت و خودی واشنتونیش هەڵوێستی کورد باش درک دەکەن.

– شیعەکان، هێشتا دابەش بوون بەسەر دوو بۆچووندا

بۆچوونێک کە باڵی میانڕەوی شیعی (مجلس اعلی و باڵێکی دەعوەو خودی سیستانی) پشتیوانی دەکەن، دروستکردنی هەرێمێکی شیعەیە لە باشوور، بەڵام باڵی توندڕەوی سەدرو بەشێکی فەزیلە، دەیانەوێت فەوزاو هەرێمی بچووک بچووک

پێکبێت، ئەگەر چی هەیمەنەی ئێران لەهەر جووڵەیەکی شیعەکان لە عێراقدا، نابێ لەبەرچاو نەگیرێت.

ئەمە خاڵێکە کە هەمیشە واشنتۆن بەنیگەرانییەوە سەیری دەکات، کە هەرێمێکی ئیسلامی. شیعەی هاوشێوەی ویلایەتی فەقیهی ئێران دروست بێت.

– سوننەکان، لاوازترین گرووپی ناو هاوکێشەکەن و تێکدەرترین و زۆرترین چالاکی تیرۆریستی لەسەر دەست و لە ناوچەکانی ئەواندایە و دەیانەوێت دەسەڵاتێکی مەرکەزی هەبێت. نە فیدراڵی و نە هەرێمەکان قبوڵ نەکرێت، بەڵام بۆچوونەکانیان یۆ تۆ پیانایە، بۆیە هەموو کەس دەبێ باش بزانێت، لەناو ئەو سێ مەیلە جیاوازەی ناو سێ ئەتنیک و مەزهەبیدا، کامیان واقعی و دیفاکتۆیە، دڵنیام واشنتون باش لەمە دەگات.

***

کۆنگرەی مەککەو دانوستانی ئوردن و سعودیە و کۆنگرەکانی تر هەموویان شکستیان هێنا ئێستا دوو سیناریۆی تر لە گۆڕێدایە:

یەکەم: گرووپی باڵای کار، لەنێوان حکومەتی مالیکی و ئەمەریکادا، بەتایبەتیش کە مالیکی نەیتوانی بەرنامە (٣٣) خاڵەکەی جێبەجێ بکات.

دووەم: پیلانەکەی جیمس بیکەر بۆ دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤ لە عێراقدا.

ئەم دوو سیناریۆیە، دوای کاتی ئاڵوگۆڕەکان، گەر سەرنەگرێت، تەنیا و تەنیا بۆچوونەکەی پیتەر گابرێس دەبێتە واقع، پارچە پارچە بوونی عێراقە و رەنگە ئەم دابەشبوونەش، ئەو مەترسییە دروست دەکات، کە زۆر لا چاوەڕوانی دەکەن، چونکە زۆر نموونەی نزیک هەیە کە لە شێوەی عێراقن.

"ڕێگای نوێ بۆ پێشەوە" ناوی ئەو ستراتیجە نوێیەیە، کە جۆرج بۆش لە عێراقدا بەنیازە بۆ ڕزگاربوون لەکێشەو قەیرانەکانی عێراق پیادەی بکات، بەتایبەتی کە لەماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا واشنتۆن نەیتوانی عێراقێکی ناهۆمۆجین، بکاتە وڵاتێکی پێکەوە ژیان، نەیتوانی لە جێی ستەم و سیستمی تۆتالیتاری بەعسیزم، سیستمێکی نوێ دابمەزرێنێت، کە گەلانی عێراق تێدا بحەسێنەوە، ئەگەر نا بۆ دەبێت چارەنووسی عێراق، لە یۆگسلاڤیا باشتر نەبێت، بۆ دەبێت یۆگسلاڤیا دابەش بکرێت بۆ چەند دەوڵەت، بەڵام لە عێراقدا ئەم پرۆژەیە، کە دەیتوانی بۆ یەکجاری عێراق لەکێشەو قەیران ڕزگار بکات نەیکرد؟

ئاخۆ بۆ ئەوە بوو دڵی وڵاتانی عەرەبی سوننەو تورکیا نەڕەنجێت؟ بۆیە سەرئەنجام ئەوە چارەنووسی عێراقە، یاخود باش وایە ئەمەریکا لە ئەوپەڕی هێزدا ئەوە بکات، نەک کاتێک کە عێراق لە کۆنترۆڵی دەردەچێت.

بۆیە ستراتیجی نوێی ئەمەریکا لە عێراقدا بەزیادکردنی (٢١٥٠٠) سەربازو چەند ملیار دۆلارێک، ناتوانێت بارودۆخی قەیراناوی عێراق چاک بکات، گەر کێشە سەرەکییەکان چارەسەر نەکات.

گەر ئەمەریکا بە (١٤٧٠٠٠) سەربازەوە نەتوانێ ستراتیجەکەی جێبەجێ بکات، بەم زیادکردنەش ناتوانێت، بەڵام ئەمە دەکرێت وا خوێندنەوەی بۆ بکرێت، بۆ پەلاماردانی ئێران و سووریا بێت، بەچەند بەڵگەیەک، ئێران لە هەوڵی بەدەستهێنانی چەکی ناوەکیدایە و ئەمەریکا هەم لەم ئەگەرە دەترسێت و هەم دەیەوێت دەستی ئێران لە عێراقدا، بەیەکجاری کورت بکاتەوە، چونکە باش دەزانێ یەکێک لە فاکتەرەکانی پەشێویی و نائارامی و ڕێگری لەبەردەم ستراتیجی ئەمەریکا، خودی ئێرانە، یان خودی (شیعە)یە.

دووەم: زۆربەی ئەو فەرماندانەی جۆرج بۆش، لەم ماوەیەدا ئاڵۆگۆڕی بەسەردا

هێنان، جگە لەوەی کەسانی سەربازین، شارەزان لەکاروباری ئێران و سیاسەتی ئێران، لەوانە " رۆبەرت گیتس" لەشوێن رامسفێلد و "رایان کرۆکەر" لەشوێن خەلیلزاد و خەلیلزادیش بۆ ئاستی باشتر، بۆ شوێنی جۆن بوڵتن لە UN سەرەڕای ولیام فالۆن و دێڤید پێتراوس، ئەمەش ئاماژەیەکی خەتەرناکە بۆ سەر ئێران و کۆکردنەوەی هێزە سەربازییەکانیش لە ئاوەکانی کەنداو و سنوورەکانی کوردستان، خەتەرێکی ترە لەسەر ئێران و پیلانە نوێیەکەی واشنتۆن.

خاڵی سێهەمیش گەشتە خێراکانی رایس بۆ ئیسرائیل و وڵاتانی میسرو سعودیە و ئوردن و عەرەبی، ئاماژەیەکی داواکارییە بۆ پشتیوانی، بۆیە چۆن ئەمەریکا، ئێران بە پلەی یەکەم بە تێکشکاندنی ستراتیجەکەی دەزانێت لە عێراقدا، بەهەمان شێوەش تەنیا بە تێکشکاندنی ئێران، ئەمەریکا جارێکی تر دەتوانێ ستراتیجەکەی بەدەست بهێنێتەوە، خۆ ئاشکرایە گەر ئێران و سووریا نەبوونایە، هەرگیز ئەمەریکا تووشی ئەو شکستەی ئێستا نەدەبووەوە، بەڵام ئامانجی سەرەکی ئێرانیش شکستی ئەمەریکایە لە عێراقدا.

هەر بۆیە داوای (١٠٠-١٦٠) ملیار دۆلار دەکرێت، بۆ زیادەی بودجەی وەزارەتی بەرگری، ئەوانەش چەند ئاماژەیەکی مەترسیدارن بۆ سەر ئێران و سووریا، هەرچی سووریاشە پەیامێکی نوێ و خەتەری پێدراوە لەناو ستراتیجە نوێیەکەیدا.

ناردنی ئەو (١٧) (CD)یەی ئەمەریکا و حکوومەتی عێراق لەلایەن سیاسییەکی عێراقییەوە لەمانگی رابردوودا بۆ دیمەشق و سەلماندنی ئەو راستییانەی، کە دەیسەلمێنێت چۆن سووریا رۆڵی لە خراپکردنی بارودۆخی ئەمەریکا و کوژرانی سەربازی ئەمەریکادا هەیە، ئەوە دواین پەیامی ئەمەریکا و دواین کارتی دیمەشقە لەم گەمە سیاسییەدا، کە دەبێ بەخۆیدا بچێتەوە، بەڵام ناردنی ئەو (CD)یانە، ئاماژەیەکن بۆ پێدانەوەی کاتی زیاتر بۆ سووریا بۆ بەخۆداچوونەوە.

سەبارەت بەناوخۆی عێراقیش، واشنتۆن لەهەوڵی ئەوەدایە، کوژراوەکانی لە (٣١٠٠) سەرباز راگرێت و چۆن ئەو (٧٠٠٠٠٠) کوژراوە عێراقییە زیاد نەبێت، چۆن عێراق ئارام بکاتەوە؟

جۆرج بۆش پەیامێکی توندی داوەتە مالیکی، کە دەبێ خۆی یەکلا بکاتەوە، لەوەی ئەو سەرۆکی حکوومەتی عێراقە، نەک هی شیعەکان، ئەو دەبێ هەوڵی

راگرتنی کوشتارەکانی شەقامەکانی بەغداو کەرکووک بدات.

دەبێ میلیشیاکان نەمێنێت، ناکرێت تاقمی سەدر لەلایەکەوە لەحکوومەت و پەرلەماندا بێت و لەلایەکی تریشەوە خەریکی کوشتنی سەربازی ئەمریکی و تەقاندنەوەو دزی و راوڕووت بێت، نابێت لایەنە سیاسییەکان لە پەرلەماندا بن، بەڵام نهێنی کۆبوونەوەکان و زانیارییەکان بدەنە وڵاتانی دراوسێ.

جۆرج بۆش داوای کردووە، گەر مالیکی تا سەرەتای بەهار، نەتوانێ چارەسەری کێشەکان بکات، کەسێکی تر دەخرێتە شوێنی، کە رەنگە عەلاوی بێت و ئەگەری لادانی مەشهدانیش، ئاماژەیەکە بۆ رازیکردنی سوننەکان و قایلکردنیان بەوەی کە نە لە مالیکی و نە لەمەشهدانی رازی نین، چونکە هەم سوننەکان و هەم بۆش باش لەوە تێدەگەن، کە لەپلانە ئەمنییەکەی مالکیدا نییەتی باش بەدی ناکرێت، چونکە لەجیاتی پشکنین و پەلاماردانی گەڕەکی سەدری مۆڵگەی تیرۆر و تەقاندنەوەکانی بەغداو سەدر، کەچی لەخوارووی بەغداوە، خەریکی پشکنین و سوپاو پۆلیس خۆی بەشتێکی ترەوە خەریک کردووە، واتە مالیکی ناتوانێ وەکو سەرۆک وەزیری عێراقی رەفتار بکات، بەڵکو وەکو شیعەیەک مامەڵە دەکات و ئەمەش ئەو شتەیە، کە ئەمەریکا نایەوێت، ئەگەر نا یەکەم گرووپ کە دەبێ چەک بکرێت، میلیشیای سەدرو گرووپێکی مەرگە و سوپای بەدرە، بەڵام مالکی خۆی لەم ئەرکە دەدزێتەوە.

لەبەرامبەر ئەوانەدا، ئەمەریکا دەیەوێت هێزەکانیش لەهێرشبەرەوە بکاتە بەرگریکەر، واتە لەناو شارەکان دووریان بخاتەوەو ئەو ئەرکە بداتە پۆلیس و پێشمەرگە، سەرەڕای ئەوەی دەیەوێت بنکەی سەربازی لە کوردستان و سنوورەکانی ئێران دروست بکات و پەلاماردانی کۆنسوڵگەری ئێرانیشە لە هەولێر لەناو ئەو پرۆسەیەدایە و لەم ستراتیجە نوێیەشدا، تورکیا رۆڵی رۆڵپێدانی پێ دراوە، بەو بەڵگەی تورکیا هێزێکی زۆری لەسەر سنوور کۆ کردووەتەوە، تا لەگەڵ هەر ئاڵوگۆڕێکی نوێ لە ستراتیجە نوێیەکەی واشنتۆندا، بتوانێ پەلاماری (PKK) بدات و بەو بیانووشەوە چەند ئیمتیاز لە کوردستان و کەرکووک و عێراق بچنێتەوە، بەتایبەت لەکاتی پەلاماردانی ئێران لەلایەن ئەمەریکاوە.

سراتیجی نوێی ئەمەریکا، هەرچەندە باس لە پیادەکردنی لە عێراقدا دەکرێت، بەڵام ئەوە بەشێکی ستراتیجەکەیە و بەشێکی تری، پەیوەستە بە جێبەجێکردنی

ستراتیجەکە لە دەرەوەی سنوورەکانی عێراق، چونکە هەڕەشەکان چەندە لەناوخۆی عێراقەوەن، ئەوەندەش لە دەرەوەن..

لەگەڵ سەرەتای پیادەکردنی ستراتیجە نوێیەکەشدا، هێشتا پێ ناچێت شایانی ئەوە بێت بە سەرکەوتوو لە قەڵەم بدرێت، لەکاتێکدا لانی کەم پێویستی بەوەیە زوو بەزوو ئامانجەکانی پێکبێت، چونکە جۆرج بۆش و کۆمارییەکان، لەبەردەم فشاری دیموکراتییەکانیشدان، بەڵام رەنگە ئەمەریکاش بیەوێت، بە بیانووی سەرنەکەوتنی ستراتیجە نوێیەکەیەوە، قسەیەکی تری دڵی بکات، ئەویش پارچەپارچەبوونی عێراقە، گەر ئەوەشی ویست بێ سێ و دوو ستراتیجەکەی بەدیوە شکستەکەیدا دەخاتە روو، تا ئەوکاتە ئەوەی ئەو دەیەوێت سەر بگرێت و کەسیش گلەیی پارچە پارچەبوونی لێ نەکات، کە دوو پێکهاتەی سەرەکی (کورد و شیعەش) لەگەڵ ئەم ئەگەرەدان و ئەمەش هێندەی تر کارەکە ئاسان دەکات و ستراتیجە نوێیەکەش دەگەیەنێتە ئامانج.

بەپێی ئەو راپۆرتەی حکوومەتی ئەمەریکا سالّی (١٩٩٤) لەژێر ناوی (دەستنیشانکردنی ئەمنی قەومی و بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا) ئامادەی کردووە.

یەکێک لەو پێگە جوگرافییانەی سەرتاسەری دنیا، کە لەناو بەرژەوەندییە ژیانییە، پلە دووەکاندا دایەو مەترسی لەسەر ئاسیای رۆژهەلاّتە، بە پلەی یەکەم کۆریای باکورە.

لەو راپۆرتەدا هاتووە" تاکە هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکاو ئاسیای رۆژهەلاّت، کۆریای باکورە" لە راپۆرتەکەدا، گەر هاتوو کۆریای باکور، بە سەر کۆریای باشووردا سەربکەوێت، ئەوا ئەمەریکا هاوپەیمانێکی بە نرخی لە ئاسیا لەدەست دەچێت و ئارامی ژاپۆنیش دەشێوێنێت و رەنگە کێشەی بلاّوبوونەوەی چەکە ئەتۆمی و مووشەکی بالستی و دوورهاوێژ ئالّۆز بکات.

ئەم راپۆرتە نیشانی ئەدات، کە کۆریای باکور چەندە مایەی هەڕەشەیە لەسەر جیهان، بەتایبەتی لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە ئاسیای رۆژهەلاّتدا.

بەلاّم پاش تاقیکردنەوە ئەتۆمییەکەی (٢٠٠٦/١٠/٩)ی پیۆنگ یانگ، جارێکی تر مەترسیداربوونی کۆریا بەڕوونی خۆی نیشان دا، ئەوەش بەو پێیەی، تا ئێستا نەتوانراوە ئەو ئحتیوایەی کە واشنتۆن کاری لەسەر دەکات، جێبەجێ بکات.

ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ماوەی چەند سالّە، سێ ولاّتی وەکو بەرەی شەڕ ناساندبوو، هەولّی جلّەوگیری دوو لایەنەی دەدا (احتواء المزدوج) ئەوانیش (کۆریای باکور، عێراق، ئێران) بوون، بەلاّم پاش رووخانی رژێمی عێراق هێشتا ئەجێندای ئەم دوو ولاّتەی تر روون نییە.

دیارە ئەو جلّەوگیرییەو ناساندنەی ئەو سێ ولاّتە بە (تەوەری شەڕ) لە دوو خالّەوە سەرچاوەیان گرتووە.

یەکەم؛ هەرسێ رژێمەکە، خاوەنی چەکی ئەتۆمی و کیمیاوی و بایۆلۆجی

مـەترسـیـدار بوون، یان لە هەوڵی بەدەسـتـهـێنانی ئەو چەکـانەدا بـوون، ئەمـەش واقعییە.

دووەم: هەر کـام لـەم سێ دەوڵەتە، مـایەی هـەڕەشـەن لەسـەر بەرژەوەندییـەکـان ئەمەریکا لە جیهان و بەتایبەتی لە ئاسیا، یان خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەو پێیەی کۆریا خـاوەنی ئیدیۆلـۆجییـەکی چەپی توندڕەوی بەنـاو مـارکسییـە و یەکێکە لە پاشـمـاوەی بیـر دۆگمـاکـانی شـوورەوی و بەخێـرایی هەوڵی بڵاوبـوونەوەی چەکی ئەتۆمی دەدات لە جیـهانداو خۆیشی بە رەقیبی سـەرسـەختی واشنتۆن دەزانێت، لەلایەکی ترەوە، هـەوڵی دەسـتبـەسـەرداگرتنی کۆریای باشـوور دەدات و لە هەوڵی نانەوەی پەشێویدایە، دژی ژاپۆن و هاوپەیمانەکانی واشنتۆن.

هەرچی ئێرانە جیا لەوەی هەڵگری ئیدیۆلۆجییەکی مەزهەبی شیعەگەراییە و بەسـەرچاوەی هەناردەی ئیدیۆلـۆجیای ئیسلام و بەتایبەت شیعەگەرایی دەزانێت، جیا لـەوەی لە حاڵی حازردا، لە هەوڵی پیتـاندنی یۆرانیۆم و وەدەستخستنی چەکی ئەتۆمیدایە، هەرچی عێراقیشە ئەجێندەکاری بەجۆرێکی تر کاری لەسەر دەکرێت.

ئێستا رووداوەکان و هـاوکێشـە سیاسییەکان ئاڵوگۆڕێکی جدییان بەسـەردا هاتووە.

راستە یەکێک لە وڵاتانی تـەوەری شـەڕ، کە عێراقـە رووخـاوەو کۆتایی هاتووە، بەڵام واشنتۆن لە یەک کاتدا، سـەرەڕای قەیرانەکانی عێراق، تووشی دوو کێشـەی گەورە بـووەتەوە. ئەوانیش کێشـەی ئەتۆمی و چەکە نەوەوییەکانی ئێران و کۆریای باکورە.

تاقیکردنەوە ئەتـۆمییەکانی ژێر زەوی کۆریای باکور لە (٢٠٠٦/١٠/٩) هاوکاتە لەگەڵ ئەو ملمـلانێیە سـەرسەختەی نێوان ئەمەریکاو کۆمـەڵگای خۆرئاوا لەلایەک و ئێران لەلایەکی ترەوە، بەتایبەتی پاش چەند مـانگ لە دیالۆگ و دانوستـان لە نێوان وڵاتانی یەکێتـی ئەورووپاو لاریجانی گەورە وتووێژکـاری ئێرانیدا، پاش رانەگرتن و بەرهەمـهێنان و بەردەوامی پیتـاندنی یۆرانیـۆم، هـەموو هـەوڵەکان شکستی هێناو حـاڵی حـازر پێ دەچێت، پاش دەرکـردنی بڕیاری ژمـارە (١٧١٨)ی ئەنجـوومـەنی ئاسایش لە (٢٠٠٦/١٠/١٤) دژی کۆریای باکور بە سەپاندنی سزا.

جارێکی تر ئەنجـوومـەنی ئاسـایش ناچار بکرێت، بەهەمـان شـێوە بڕیارێکی تر

دژی ئێران و سەپاندنی سزا بەسەر ئەو وڵاتە دەربکات. یەکێک لە فشارەکانیش، گەلە کۆمەکێی نێودەوڵەتی و مانۆڕی هاوبەشی سەربازییە لەئاوەکانی کەنداو دژی ئێران.

بەڵام دەکرێت بپرسین، بۆچی کۆریا لەم کاتەدا ئەو تاقیکردنەوەی ئەنجام دا؟ بۆچی کۆریا مل بۆ دیالۆگ نادات؟ بۆچی کۆریا نایەوێت لە سیستمێکی تۆتالیتار بەناو مارکسییەوە، ببێتە خاوەنی سیستمێکی مۆدێل خۆرئاوایی و چەمکەکانی ئازادی و دیموکراسی و هەڵبژاردن و بازاڕی ئازادو گەشە پێ بدات؟

بۆچی دەستبەرداری چەکە ئەتۆمییەکانی نابێت؟ بۆچی دۆستایەتی وڵاتانی ریفۆرمیست و گەشەکردنی ئاسیای رۆژهەڵات بەتایبەتی کۆریای باشوور و ژاپۆن و چەند وڵاتی تری وەکو تایوان...ناکات؟

سەرەتا دەبێ بڵێم، لەماوەی ساڵانی (١٩٩٣-١٩٩٥) کۆریای باشوور زۆر هەوڵی دا، سوود لە ئەزموونی یەکگرتنەوەی هەردوو ئەڵمانیا وەربگرێت و چەند تیمی رەوانەی ئەڵمانیا کرد، تا ئەو کارە سەر بگرێت، بەڵام سەر ئەنجام شکستی خوارد.

پاش ئەو هەوڵەی کۆریاو ئەمەریکا، ویستیان سوود لە ئەزموونی ئەڵمانیا وەربگرن، بەوەی لە رێگای چەند رێککەوتنامەیەکەوە پێوەندییەکانیان بەرنە پێش، بەڵام چەندجار بەهاوکاری چین و ژاپۆن و روسیا، یان لیژنەی شەش قۆڵی، بەڵام کۆریای باکور هەموو هەوڵەکانی بێ ئاکام هێشتەوە، بەتایبەتی پاش تاقیکردنەوە ئەتۆمییەکەی کە بە (٤ , ٣) پلە ژاپۆنی دراوسێی هەژاند.

جیا لەوەش هەریەکە لە واشنتۆن و تۆکیۆو سیئۆل، زۆر هەوڵیان دا پیۆنگ یانگ لە ریفۆرمی سیاسی و ئابووری نزیک بکەنەوە، بەڵام نە لە بواری سیاسییەوە ریفۆرم و چاکسازی کردو وازی لە سیستمی دیکتاتۆری هێناو ئازادی بۆ خەڵکی فەراهەم کرد، نە لە بواری ئابووریشەوە سوودی لە ئەزموونی بازاڕی ئازاد وەرگرت و وازی لە مۆنۆپۆڵکردنی بازاڕ هێناو دەستبەرداری ئەو پرۆژە ئەتۆمییە زەبەلاحە بوو، کە زۆربەی بوجەی ئەو وڵاتە هەڵدەلووشێت.

کۆریای باکور، بەئاشکرا رایگەیاندووە، کە دەیەوێت، بەسەربەخۆیی بمێنێتەوە و مل بۆ ئەو داواو گوشارو تاکتیکانە نەدەدا کە واشنتۆن و سیئۆل و تۆکیۆ هەوڵی

یەکگرتنەوەی هەردوو کۆریا دەدەن، لە دانیشتنەکانیشدا هەمیشە یەکێک بووە لە مەرجەکانی پیۆنگ یانگ، بەڵام تەوقیتی تاقیکردنەوەکان، پەیوەستە بەو گوشارەی کە بەم دوایانە واشنتۆن لەسەر پیۆنگ یانگی توند کرد، بەهۆی راگرتنی دانیشتنەکانەوە، یەکێکی تر لە فاکتەرەکان خراپی بارودۆخی ئەمەریکایە لە عێراق، رووبەڕووبونەوەکانییەتی لەگەڵ ئێران لەسەر هەمان کێشەی ئەتۆمیدا، هەروەها بەڕەسمی راگەیاندنی توانای ئەتۆمیی پیۆنگ یانگە، کە دەبێتە نۆیەمین دەوڵەتی خاوەن چەکی ئەتۆمی لە جیهاندا.

بێ گومان ئەو وڵاتانەی لە تەوەری شەڕ ناسێنراون، بەوانەشەوە کە لە لیستی تیرۆر ناوزەد کراون لەپاڵ ئەوانەش کە بەمیلیتارو تۆتالیتار و سەرکوتکەرو پێشێلکاری و مافەکانی مرۆڤ ناسراون، بەوانەشەوە کە واشنتۆن فشاری خستوونەتە سەرو دەیەوێت ئاڵوگۆڕ لە سیستمە سیاسییەکانیاندا پێکبێنێت، کە کۆریاو ئێران لە پێشەوەی ئەو ئەجێندایەدان، هەر بۆیە ئاساییە کە دژی بڕیارو بەرژەوەندییەکانی واشنتۆن بن لە ناوچەکەدا.

ئەوەی کە پەیوەستە بەپیۆنگ یانگەوە ئەوەیە، هەر ئاڵوگۆڕێکی پۆزەتیڤ لەو سیستمە سیاسییەدا بەدی بێت، سەرئەنجام بە قازانجی واشنتۆن و سیئۆل کۆتایی دێت، بەو مانەیەی وازهێنانی باکور لە ئیدیۆلۆجیا و مانیفێستی سیاسی و چەکی ئەتۆمی و تۆتالیتاریەت ملدان بۆ بازاڕی ئازاد و هەڵبژاردن و سیستمێکی ئازادو مۆدێرن، وادەکات کۆریایەکی نوێ دروست ببێت، کە بەدڵی واشنتۆن بێت، سەرئەنجامیش ئەو پرۆسەیە سەر بگرێت، کە کۆریایەکی یەکگرتوو کە دانیشتوانەکەی ببێتە (٨٠) ملیۆن کەس بێتە کایەوەو شتێکیش نەمێنێت بەناوی کۆریای باکورەوە، بێ گومان هەم پیۆنگ یانگ و هەم واشنتۆن و سیئۆل ئەم سیناریۆیە باش دەزانن، بەو پێیەی واشنتۆن سوودی لە یەکگرتنەوەی هەردوو (ڤێتنام و ئەڵمانیا و یەمەن) وەرگرتووە، کە چەندە پۆزەتیڤ بووە، بەتایبەت کە هەموو یەکگرتنەوەکان بە قازانجی دۆستەکانی واشنتۆن شکاوەتەوە و باڵی دژ و ئیدیۆلۆجیا و سیستمە سیاسییەکەی، پێگە و نفووزیان نەماوە، لەلایەن لایەنی سەر بە باڵی خۆرئاوا هەیمەنە کراوە، توانراوە کیانێکی نوێ بێ کێشە دروست بێت، پیۆنگ یانگیش باش دەزانێ، کە ئەو ئەزموونانەی باسمان کرد، چەندە بە زەرەری سیستمی سیاسی ئێستا تەواو دەبێت و تاکە هۆکارێکیش بۆ مانەوەی

خۆی بەو شکڵەی ئێستا، دەست ڕاگەیشتنی بە چەکی ئەتۆمی دەزانێ.

هەرچەندە واشنتۆن واز لە فشارەکانی خۆی ناهێنێت و سەرەتای فشارەکانیش بە دەرکردنی بڕیاری (١٧١٨) ئەنجوومەنی ئاسایش دەستی پێ کرد و بێ گومان دەتوانێ فشاری زیاتری بخاتە سەر لەو ڕێگای سنوورەکانی هۆنگ کۆنگ و سیئۆل، بەڵام دەبێ لانی کەم ئەو هەڕەشەش لەبەرچاو بگرێ، کە پیۆنگ یانگ بانگەشەی بۆ دەکات بەهێرشی چەکی ئەتۆمی بۆ سەر نیۆیۆرک و واشنتۆن، گەر ئەمە ڕاستیش نەبێ، خۆ دەتوانێ نیمچە کیشوەری کۆریاو وڵاتانی کۆریای باشوور و ژاپۆن و تایوان بخاتە مەترسییەوە، ئەو بنکە سەربازییانەی ئەمەریکاش لە ناوچەکە وێران بکات، کە پاش شەڕی ساڵانی پەنجاکان لە نێوان هەردوو کۆریا لەوێ ماونەتەوە...!

بەڵام مادام ئێستا پیۆنگ یانگ، بووەتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی و نۆیەمین ئەندامی یانەی ئەتۆمییە، کەواتا مایەی هەڕەشەیەو دەبێ زۆر زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەڵام سەردانە خێراکەی کۆندالیزارایس وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ ناوچەکە، یەکێکە لەو ئاماژانەی، کە ڕەوشەکە خەتەرەو دەبێ ڕێوشوێنی بەپەلە بگیرێتە بەر.

ئەوەش بەخستنە ئامادەباشی هێزەکانی واشنتۆن لەسەر زەوییەکانی سیئۆل و سازدانی مانۆڕی سەربازی لەلایەن هێزەکانی کۆریای باشوورەوە، هەر دوابەدوای ئەمەش کۆریای باکور، بەئامادەبوونی (١٠٠) هەزار سەرباز مانۆڕێکی گەورەی بە بۆنەی تاقیکردنەوە ئەتۆمییەکەوە ئەنجام دا، کە هەردوو مانۆڕەکە بەدرێژاییی بیست ساڵی ڕابردوو نەکراوە.

هەرچی ژاپۆنیشە ترسی لێ نیشتووە، بەتایبەتی کە هێزی تەقینەوەکە لە یابان (٣,٤) پلە بووەو گەر دوو ئەوەندە بوایە لانی کەم هاوشێوەی بوومەلەرزەکەی پاکستان، یان (بەم) لە ئێران زیانی لێ دەکەوتەوە.

بۆیە دەبێ ژاپۆن جارێکی تر چاو بە بەرنامە سەربازییەکانی خۆیدا بخشێنێتەوە، بەتایبەتی کە پاش جەنگی دووەمی جیهانی خەریکی پەرەپێدانی بەرنامەی مەدەنی و تەکنەلۆجیای نوێ و ئاشتیخوازانەیە لە ناوچەکەدا، بەڵام ئەم قەیرانەی نیمچە کۆریا وا دەکات، ژاپۆنیش خۆی بە چەکی ئەتۆمی چەکدار بکات،

بەتایبەتی گەر چارەنووسی پیۆنگ یانگ بەزووترین کات بەلایەکدا نەخرێت.

دوو مەسەلەی تر کەپەیوەستن بە کێشەو قەیرانەکانی ناوچەکەو سنووردارکردنی تواناو دەسەلات و سەرەڕۆییەکانیان وادەکات، بچنە یەک تەوەرەوە و رۆڵی واشنتۆن لە ناوچەکە وازی دەکات، ناردنی دۆسیەی دوو وڵاتی (ئێران و سودان)ە، یەکەمیان بە تۆمەتی، پیتاندنی یۆرانیۆم لە بەرهەمهێنانی ئەتۆمی و سودانیش بە تۆمەتی قەتل و عامی دارفۆرییەکان و ملنەدانی بە رەوانەکردنی هێزی ئاشتی نێو دەوڵەتی بۆ سودان.

بەم شێوەیە، دەتوانین بڵێین، جگە لەوەی ئەمەریکا هێشتا وەکو رێبەری تاک جەمسەری دنیا مامەڵە دەکات و دەتوانێ رۆڵی گرینگ وازی بکات، لە هەمان کاتدا دەستپێشکەری هەر سێ ئەو رەشنووسە دەبێت کە دەیداتە ئەنجوومەنی ئاسایش، بۆ سەپاندنی سزای بەسەر هەر سێ وڵات (کۆریای باکور، ئێران و سودان).

نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێت، لەم قەیرانە تازانەی ناوچەکەدا واشنتۆن پشتگیری و هاوکاری هەموو وڵاتانی گەورەی خۆرئاوا و بەتایبەتی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا یان (G8) یان وڵاتانی خاوەن سوپاو بڕیار لەوانەش گرینگتر ئەوەیە، هەر دوو وڵاتی (چین و روسیا) کە رکەبەری واشنتۆنن، لەم کێشانەدا لایەنگری واشنتۆنیان کرد، ئەمەش وادەکات جارێکی تر هەم بەرنامەکانی ئەمەریکا باشتر بچنە پێش، هەم سیستمە تۆتالیتارەکان جڵەو بکرێن و مەترسی چەکی ئەتۆمی بەری پێ بگرێت و ئاشتی و ئارامی زیاتر بچەسپێت و ئازادی و دیموکراسیش باشتر گەشە بکات.

بێ گومان دەبێ ئەوەش بزانین، کە لەم هەموو کێشانەدا واشنتۆن بێ گرفت نابێت، بەتایبەتی کە واشنتۆن هەر ئێستا لە عێراقدا، لەبەردەم هەڕەشەی گرووپە تیرۆریستەکاندایەو دەیانەوێت عێراق بکەنە ڤێتنامێکی تر، بۆ ئەمەریکا و وڵاتانی ناوچەکەش، بۆ پشتگیری و دنەدانی ئەم هەوڵانە درێغی ناکەن و هەرچی چۆنێک بێت، دەیانەوێت ئەمەریکا پاشەکشە بکات یان شکست بخوات و لانی کەم نەپرژێتە سەر ئەو وڵاتانە.

ئەمە جگە لەوەی واشنتۆن، هەر ئێستا لە ئەفغانستان لەگەڵ قاعیدە و تاڵیبان لە ململانێدایە، لە پێناو سەرکەوتنی یەکجارەکی بەسەر قاعیدە و پراکتیزەکردنی

سیستمێکی پلورال و مۆدێرن لە ئەفغانستان.

لەگەڵ سووریا لە لایەکەوە، دەیەوێت گۆشەگیرتری بکات، بەهۆی دەستێوەردان و داڵدەدانی گرووپە سوننەیە تیرۆریستەکانی عێراق و حزبوڵڵای لبنانی و تێکدانی رەوشی ئاشتی فەلەستین و یارمەتی حەماس....

سەبارەت بە لبنان، دەیەوێت سەربەخۆیی بگەڕێتەوە وڵات و سیستمی سیاسی دیموکراسی بگەڕێتەوە سەر کار.

چاوەدێری وردی پرۆسەی بەرەو لانی کەمی پراکتیزەکردنی دیموکراسی لە سعودیە و میسرو یەمەن و کوێت دەکات.

لە خەمی سۆماڵدایە، تا نەبێتە پێگەیەکی تری گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکان و هەر بۆ راستکردنەوەی هاوکێشەکان ئەسیوبیا هاتووەتە ناو هاوکێشە سیاسییەکانەوە، دەبێ رۆڵی ناوبژیوانی بگێڕێت، لە نیمچە کیشوەری هندستان، تا هندو پاکستان نەکەونە وێزەی یەکتری، دەبێ لە خەمی حکوومەتی سریلانکادا بێت، تا گرووپە مارکسیەکان و پڵنگەکانی تامیل کۆنترۆڵی وڵات نەکەن.

دەبێ بەردەوام لەسازکردنی مانۆڕو هاوکاری سەربازیدا بێت، بۆ حکوومەتی مانیلا لە فلپین، تا چەکدارە ئیسلامییەکان و گرووپی ابو سیاف، وڵات تووشی قەیران نەکەن و گەرای تیرۆریزم چێ نەکەن و رێگا لەو کودەتایانە بگرێت دژی حکوومەتەکەی خاتوو ئاریۆ روودەدات.

دەبێ چاوەدێری وردی سنوورەکان بکات لەگەڵ هاڤانا، نەکا کاسترۆ کێشە دروست بکات و دەبێ لە هەوڵی هاوکارییەکانی رێکخراوە مەدەنییەکانی هاڤانا بێت تا کاسترۆ دەمرێت.

دەبێ زۆر بەوردی پیلانی هەبێت بۆ رێگرتن، لە هەناردەی زیاترو زۆرتری تلیاک و مادە بێهۆشکەرەکان لە کۆلۆمبیاوە بۆ ئەمەریکاو ئەوروپا، لە هەمان کاتدا دژایەتی فارک بکات تا چیتر حکوومەت هەراسان نەکەن.

دەبێ مەترسییەکانی شافێز لە ڤەنزویلا زۆر بە جدی بگرێت، کە دەیەوێت قەیرانی نەوت دروست بکات.

ئەو هەنگاوانەی لە بەلتیک دەنرێن، لەپێناو دیموکراتیزەکردنی بەلتیک و ئاسیای ناوەڕاست و ئەودیوی کافکاس رێگا خۆشکەرن بۆ بونیادنانی سیستمێکی

سیاسی پلورالّ لەپالّ روسیا، کە تا ئێستا واشنتۆن لە مامەڵەی مۆسکۆ، لەگەڵ دیموکراسی و ئازادییەکان گرفتی هەیە دەبێ پشتگیرییان بکات.

دەبێ بەر بەو هەڕەشە چکۆلانە بگرێت، کە لە چیچان و داغستان هەیە، لەلایەک چەند گرووپی ئیسلامی توندڕەوە گەرچی دەبێ جاروبار وەکو کارت لەدژی مۆسکۆ بەکاریان بهێنێت.

دەبێ سەرنج لەسەر ولاتە تازەکانی یۆگسلافیاو ئەوروپای رۆژهەلات بدات و لەهەوڵی وەرگرتن و نزیکبوونەوەیاندا بێت لە یەکێتی ئەوروپا و پەیمانی ناتۆو پشتگیری سەربازییان بکات و پشتیوانی لە دیموکراسییان بکات.

دەبێ لە خەمی مەترسییەکانی سەر تورکیا بێت، چ لەلایەن PKKوە لەناوخۆ چ لە دەرەوە، لە هەمبەر کێشەو قەیرانەکانی، لەگەڵ یۆنان و قوبرس و بولگاریا و عێراق، بەتایبەتی لەگەڵ هەرێمی فیدراڵی کوردستاندا.

دەبێ لە کوردستانی باشوور، پێگەکانی خۆی بەهێزکات و پشتگیری کوردەکان بکات، لەو پرۆسەیەی دەیانەوێت لە ناوچەکەدابە پاڵپشتی ئەمەریکا ئازادی و دیموکراسی تقویە بکەن و بگەنە مافەکانیان.

ئیسرائیل ناوچەیەکی حەساسە بۆ واشنتۆن و دەبێ لە هەوڵی پاراستنی ئەم دۆستە جوولەکەیدا بێت و لەمەترسی ئیسلامی ئسوڵی و گرووپەکانی حەماس و جیهاد بیپارێزێت و لەگەڵ فتح و عباس بیانگەیێنێتە ئەنجام و ئاشتی بەرقەرار بێت.

لەگەڵ پەکین لەسەر زۆر مەسەلە لەهەوڵی گۆڕینەوەی کارتەکاندایە، گلەیی لە پەکین هەیە لەسەر مافەکانی مرۆڤ و هەڕەشەکانی لە تایوان و تبت.

واتا ئەمەریکا لە ئێستادا بە تەنیا کێشەی چەکە ئەتۆمییەکانی کۆریاو ئێرانی نییە، بەڵکو دەیەوێت وەکو زلهێزێک چاودێری وردی سەرتاسەری جیهان بکات، تا پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی و دۆستەکانی بکات و رێگریش لە مەترسییەکانی دوژمنەکانی بکات.

بەلام بێ گومان هەرکام لە کێشەکان، هەم پەیوەستن بە یەکەوە و هەم پێویستییان بە رۆڵی ئەمەریکا هەیە، نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێت، زۆربەی ئەو ئاڵوگۆڕانەی پاش جەنگی ساردو بە قازانجی ولاتانی ژێر دەستە هاتنە دی

واشنتـۆن داینەمـۆو دیسـپلینکردنەوەی وەزعـەکـەیان بووە، واشنتـۆن هۆکـاری سەرەکی پۆزەتیڤی هەنگاوەکان بووە.

خـاڵێک کـە زۆر گرینگە لە پەیوەست بەم مـەسـەلانەوە کێشـەی گـەلی کـورد لە پێوەندیی بە ئاڵوگۆڕەکان و کێشـەکانی جیـهان و ناوچەکەوە ئەویش ئەوەیە، کە کورد سەد دەر سەد قازانج دەکات. بەو مانایەی.

یەکەم: کێشەی کورد دیفاکتۆیەو پێویستی بە چارەسەرێکی واقیعی هەیە.

دووەم: کورد لەگەڵ بەرژەوەندییـەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا یەکدەگرێتـەوەو پاش جەنگی سارد دۆستایەتییەکی گەورەی واشنتۆنی کردووە.

سـێیـەم: بزاوتـی سـیـاسی کـوردسـتـان هـەم لەگـەڵ ریفـۆرم و ئازادی و دیموکراسیدایە کە واشنتۆن هەوڵی بۆ دەدات و هەم دژی گەرای تیرۆرو گرووپە تیرۆریستییەکانە، کە واشنتۆن دژایەتییان دەکات.

بۆیە پێموایە هەموو ئەم کێشە تازانە دەورو نەخشیان لەسەر کورد دەبێت، لە روانگەی سیاسەتی نوێی جیهان و بەتایبەتی ئەمەریکاوە.

بەڵام دەمـەوێت بە کـورتی بڵـێم سـیـاسـەتی واشنتـۆن لە سـەرتاسـەری دنیـادا بەئێستاشەوە، لەم چەند خاڵەدا، خۆی دەنوێنێت، کە خودی ئەم کێشانەش، لەگەڵ ئەم خاڵ و فاکتەرانە ئاوێتەیە.

یەکەم: بەرژەوەندییـەکانی ئـەمەریکا، لە پێشـەوەی ئەجێندای واشنتـۆنە، بۆ هەر ئاڵوگۆڕو جووڵەیەک و رووداوێک لە سەرتاسەری دنیادا.

دووەم: نەوت وەکو سەرچاوەیەکی گرینگ چاو لێ دەکات، ئەو ناوچانەی کە پڕ لە نەوت و یەدەگن، لە شـوێنە پلە یەکەکان بۆ واشنتۆن، بەتایبـەت کەنداوی فـارسی، دەریای قەزوین و ئەمەریکای لاتین و کوردستانیش لەو ناوەندەدا.

سێیـەم: تیرۆریزم یەکێکە لەو مەترسییانەی، کە لە ئەجێندای واشنتۆندا جێگەو شـوێنێکی تایبـەتی هـەیەو دنیـاشی لەسـەر دوو ئاسـتـی گـرووپی تیـرۆریسـتی و گرووپی دژی تیرۆریزم دارشتووە، ئەمـەش بەپلەی یەکەم گرووپە ئیسـلامییـەکان تێدا ریزبەند کراون.

چوارەم: کـێشـەی چەکی ئەتۆمـی و بڵاوبوونەوەی تەکنەلۆجـیـای مـەترسـیـدار، جێگەی گرینگی هەیە لای واشنتۆن و دەیەوێت رێگری بکات لە وەدەستخستنی ئەو

وڵاتانەی، کە مەترسییان هەیە لەم بارەیەوە.

پێنجەم: گرنگیدان بە چەمکەکانی ئازادی و دیموکراسی و مەدەنییەت، یەکێکە لەو خاڵانەی کە واشنتۆن دەیەوێت جێگەی سیستمە تۆتالیتار و میلیتارە تاکڕەو و مەترسیدارەکان بگرێتەوە، زۆر هەوڵ دەدات لە سەرتاسەری دنیادا ئەم چەمکانە لەلایەن کۆمەڵگاوە قبووڵ بکرێت.

شەشەم: ئاڵوگۆڕ لەو سیستمە سیاسییانەدا، کە لەلایەکەوە چەندەها ساڵە خۆیان سەپاندووە بەسەر دەسەڵاتداو دیکتاتۆرییەت تێیاندا رواوەو دانانی سیستمی نوێ.

حەوتەم: بەردەوام کارکردن بۆ مانەوەی واشنتۆن وەکو تاک جەمسەرێکی بێ رەقیب، بەڵام لەسەر ئەساسی هاوکاری ئەوروپا.

هەموو ئەو ڕووداوانەی ڕۆژانە لە بەغدا و شارەکانی تری عێراق ڕوودەدەن و دەیان کەس دەکوژرێن (جا شیعە، یان سوننە)ن ناوی جۆرەوجۆری لێ دەنرێت.

چەمکی تیرۆرو تیرۆریست، کە بەهەموو کوشتارو تەقینەوەو توندوتیژییەک لە عێراق دەوترێت ئەم چەمکە داتاشراوی ئەمەریکایە لە عێراق و هەرچی هێزە هاوپەیمانەکانی واشنتۆنیشە دەیڵێنەوە.

بەڵام ئیتر ئەم چەمکەو ئەم قسەیە بۆ کوژرانی (٢٠٠) کەس لە ناوچەی سەدر (١٠٠) کەس لە مووسڵ و (٥٠) کەس لە کەرکووک و دیالە ڕۆژانە شتێکی بێ مانایە.

بێ مانایە بەو مانایەی، ناکرێت واشنتۆن و عێراقییەکان ئیدی درۆ بکەن و دان بەوەدا نەنێن، کە ئەوە شەڕی تائیفی و مەزهەبییە، ئەوە شەڕی شیعەو سوننەیە!

ئەوە شەڕی هەشتا ساڵی ڕابردووەو ئێستا زەمینەکەی ڕەخساوە، تا شیعەو سوننەکان بە بەرچاوی ئەمەریکاوەو بە پاڵپشت و یارمەتی هێزە دەرەکییەکان بکەونە وێزەی یەکتری.

***

دەبێ ئەمەریکا لەپێش هەموو لایەنەکانەوە، چەند ڕاستی هەیە بیزانێت و بیڵێت:

یەکەم: داننان بەوەی عێراق بووەتە گۆڕەپانی ململانێی نێوان هێزە دەرەکییەکان لە نێوان (واشنتۆن و تاران و دیمەشق)و هێزە ناوخۆییەکانی (شیعەو سوننەو کورد).

دووەم: حکوومەت تووشی شکست هاتووە، مالکی لە بەرنامە (٣٣) خاڵییەکەی سەرەتای دەست بەکاربوونییەوە، نەیتوانیوە کەمترین خاڵ جێبەجێ بکات و ئامادە نییە هێزەکانی حکوومەتەکەی بەگژ میلیشیاو سوپاکەی موقتدا سەدر و فەزیلە و بەدردا بکات و تۆمەتباریان بکات، بە سەرچاوەی ئاژاوەو پەشێوی.

سێیەم: واشنتۆن هەمیشە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە دەبێ عێراق بە

یەکگرتوویی بمێنێتەوە، کە ئەمە گەورەترین درۆیەو عێراق چیدی ناتوانێ بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، چونکە ئەوەندەی خاڵە جیاوازەکان زۆرترن، خاڵە هاوبەشەکان گرینگییان نەماوە.

چوارەم: کوژرانی (٦٦٠٠٠٠) کەس لەماوەی سێ ساڵدا کێ لێی بەرپرسە؟ کە واشنتۆن دەیخاتە ملی تیرۆریستەکانەوە، حکوومەت خۆی لێ بێ ئاگا دەکات و هێزەکانیش حساب بۆ حکوومەت ناکەن.

دەبێ واشنتۆن رایبگەیەنێت ئەم شەڕە ناوخۆیە، بەشێکی لە ئەستۆی خۆیدایەو هێزە دەرەکییەکان سەرچاوەی پەشێوین و عێراقییەکانیش دەبێ خۆیان یەکلا بکەنەوە، لەنێوان لایەنگری حکوومەت و دۆستە دەرەکییەکانیان.

***

تەقینەوەکانی سەدر نیشانی دا سوننەکان و (حارث ضاری) لەو کوشتارە خۆش نابن، کە شیعەکان بەرامبەریان دەکەن، سەدریش داوای کورتکردنەوەی دەسەڵات و پێوەندیی سوننە و قاعیدە و حەرامکردنی کوشتنی شیعە دەکات و هەڕەشەش دەکات لە سوننەکان.

ئێرانییەکان یارمەتیی شیعەکان دەدەن و هاوسۆزییەکی گەورەیان لە گەڵیاندا هەیە و سعوودی و سووریاییەکانیش یارمەتیی سوننەکان دەدەن و دەیانەوێت ئەو هاوسەنگییە راگرن.

ئێرانی و سووری و سعودییەکان، خۆیان رێک نین، ئەمەش رەنگدانەوەی لەسەر سیاسەتی دەرەوەشیان هەیە، بە تایبەتی لە عێراقدا، بەبێ ئەوەی خۆیان راستەوخۆ بەشداربن، بەڵام ئەوان بەلایانەوە ئاساییە چەند عەرەب (شیعەو سوننە) دەکوژرێن، گرینگ ئەوەیە بارودۆخی ئارامی عێراق تێکچێت و واشنتۆن تووشی شکست بێت لە عێراق، تووشی کێشەو قەیران بێت و ئەم وڵاتە جێ بهێڵێت.

ئەو سێ لایەنەو لایەنەکانی تریش لەسەر ئەوە رێکن، با عێراقییەکان بکوژرێن بە پارەو چەکی ئەوان، بەڵام گرینگ ئەمەریکا بە پلەی یەکەم زەرەر بکات.

***

ئەمەریکا بۆ وەڵامی ئەم کێشانە زۆر تاکتیکی لە ستراتیجی خۆیدا

بەکارهێناوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە، بۆیە یەکێکی تر لەو هەنگاوانە چاوەڕوانی راپۆرتەکەی (بیکەر-هاملتۆن)ە. کە پێ دەچێت ئەنجامەکانی ئەم راپۆرتە درێژە بکێشێت، بەتایبەتی دوای رووداوەکانی سەدرو ئاڵۆزبوونی عێراق، رەنگە راپۆرتەکە بەو خاڵانەدا بچێتەوە، کە پێشنیاری کردووە، بەتایبەتی پاش سەردانەکەی موعەلم بۆ بەغدا، مالکی بۆ تورکیاو سەردانی تاڵەبانی بۆ ئێران، کە پێناچێت ئەنجامەکانی پۆزەتیف بێت، بەو مانایەی مەرجەکانی تاران سەبارەت بە دەستتێهەڵگرتنی واشنتۆن و فشارەکانی بۆ سەر ئێران و هەڵگرتنی چەند گەمارۆیەک و تەحویلدانەوەی سازمانی موجاهدینی خەلق، دەسەڵاتی فراوانتر بۆ شیعەکان و کشانەوەی لە عێراق و مەرجەکانی دیمەشق بە چۆڵکردنی بەرزاییەکانی جۆلان لەلایەن ئیسرائیل و داخستنی فایلی کوشتنی رەفیق حەریری و دەرهێنانی ئەجێندای رووخانی رژێمی سووریا لەلایەن واشنتۆنەوە.

ئاخۆ واشنتۆن دەتوانێت ئەم مەرجانە لە بەرامبەر دەستتێهەڵگرتنی تاران و دیمەشق لە قەیرانەکانی عێراق قبوڵ بکات؟ بێ گومان نەخێر! ئەی کەواتا راپۆرتەکەی بیکەرو پلانەکانی واشنتۆن چی دەبێت؟

***

فەرید زەکەریا لە دواین بۆچوونی خۆیدا دەڵێت" دەبێ چۆن واشنتۆن پشتگیری لە سەربەخۆیی تایوان دەکات و چۆنیش کاتی خۆی پاش کوژرانی چوار ملیۆن کەس نەیتوانی رێگری بکات لە جیابوونەوەی کۆریای باکور و باشوور.

دەبێ وەهاش مامەڵە لەگەڵ عێراق و بەتایبەتی کوردەکان بکات"

تازەترین بۆچوونیش، بۆچوونەکەی پیتەر گالبرێسە کە دەڵێت" تا پێنج ساڵی ئاییندە، کوردەکان سەربەخۆیی خۆیان بەدەست دێنن و دەبێ واشنتۆن پشتگیرییان بکات".

ئێستا واشنتۆن دەبێ دان بە هەڵەکانی پێشوودا بنێت و لە خەمی چارەسەری ئێستاشدا بێ، تا کێشەکان لەدەست دەرنەچوون، چونکە لەپاش هەڵبژاردنەکانی دیموکراتەکان لە دەورەی پێشووتردا، واشنتۆن بە پەلە لە سۆماڵ کشایەوە.

پرسیارەکە ئەوەیە ئێستا عێراق لە مەترسیدایە، لەوپەڕی مەترسیدایە، ئاخۆ واشنتۆن بەرنامە و ئەجێندای کارکردنی چییە؟

# بەشی سێیەم

# ٢٠١٠- ٢٠٠٩

## ١

پاش کۆتایی هەڵبژاردنەکانی عێراقی، ڕۆژ بەڕۆژ هاوکێشە سیاسییەکان ئاڵوگۆڕی نوێ بەخۆیەوە دەبینێت و دەردەکەوێت کە ململانێکە بەتەنیا لەنێوان پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق و ئیتنیک و تائیفە جیاوازەکان و لیستە براوەکاندا نییە. بەڵکو وڵاتانی ناوچەکە و بەتایبەتی ئەمەریکاش لەم ململانێیەدا بێ لایەن نین.

بۆیە دەکرێت وا سەیری ئەم هەڵبژاردنە بکەین، کە جیاوازترە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو و بەتایبەت (٢٠٠٥) و ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەنجامەکان بۆ زۆر لە چاودێرانی سیاسی چاوەڕوان نەکراو بوون. بەتایبەتی ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی کە ئەیاد عەلاوی بەدەستی هێنا.

واتا کۆکردنەوەی (٩١) کورسی لەلایەن لیستەکەی عەلاوییەوە هەموو هاوکێشە داڕێژراوەکانی هەڵوەشاندەوە، وەکو دەوترێت ئەم هەڵبژاردنە و ئەنجامەکانی ئێران و سوپای قودسی تووشی تێکشکان کرد و نەخشەکەی عەرەبستانی سعودیەی سەرکەوتوو کرد، هەر ئەمەش ڕەنگە قەیرانەکان قووڵتر بکات و پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتیش دوا بکەوێت.

لە پاش ڕووخانی بەعس لە ساڵی (٢٠٠٣) وڵاتانی ناوچەکە کە بەشێک لە کێشەکانی خۆیان گواستەوە بۆ عێراق و هەندێک لەوانە وەکو ئێران بەهۆی باری دیمۆگرافی و جیۆگرافی و مێژوویی و مەزهەبییەوە هەیمەنەی زۆری کردبوو بەسەر عێراقدا. بەتایبەتی کە ئەوە بزانین کە زۆرینەی عێراقییەکان شیعەن.

بۆیە عەرەبستانی سعودیە وەکو مەرجەعی سوننەکان و وەهابیەت. ئەم مەترسییەی نەشاردووەتەوە، بۆیە ئەمجارە پێشتر عەلاوی و هاشمی بانگ کردە سعودیە و هەموو دەرگاکانی ئاوالا کرد بۆ سەرکەوتنی بەرنامەکەیی و دەرکەوت کە سعودیە ژمارەیەکی وا ئاسان نییە لە لایەن ئێرانەوە پەراوێز بخرێت و

عێراقیش ئەو پارووە چەورە نییە. کە لێگەڕێن ئێران بەتەنیا بیخوات.

بەتایبەتی کە هەیمەنەی ئێران لە عێراقدا تا دەهات وڵاتانی عەرەبی سوننە و وڵاتانی تری ناوچەکەی تووشی نیگەرانی کردبوو. بۆیە ئەمجارە وڵاتانی میسر، ئوردن، سووریا و بگرە تورکیاش هاتنە پشت سعودیە و لیستی ئەلعراقیە و هەموو تواناکانی خۆیان خستەگەڕ بۆ بردنەوەی ئەم لیستە.

وەکو باس دەکرێ عەرەبستانی سعودیە بە (٢) ملیار دۆلار پشتیوانی لەم لیستە کردووە.

لیستی ئەلعراقیە کە پێکهاتووە لە گرووپەکانی (عەلاوی، نوجێفی، موتڵەگ، تاریق هاشمی، زۆر لە سوننەکان، بەعسییەکان و...) توانی لە کۆی (٣٢٥) کورسی (٩١) کورسی بباتەوە و پێش لیستی مالیکی بکەوێت و لەکۆی (١٨) پارێزگای عێراقدا لە (٥) پارێزگادا یەکەم ببێت و لە (١٢) پارێزگا دەنگ بێنێت و لە پارێزگا زەبەلاحەکەی عێراق لە دڵی دەوڵەتدا (بەغدا) (٢٤) کورسی بەدەست بێنێت و بەتەنیا (٢) کورسی لەدوای لیستەکەی مالیکیەوە بێت.

واتا لیستەکەی عەلاوی لە پارێزگاکانی (کەرکووک، مووسڵ، سەلاحەدین، ئەنبار و دیالە) واتا پارێزگاکانی سوننەنشین و لایەنگرانی سعودیە توانیویەتی یەکەم بێت و بەتەنیا لەو ناوچانە (٥٣) کورسی بەدەست بێنێت.

بەم شێوەیە دەردەکەوێت لیستەکەی عەلاوی کە خودی خۆی شیعەی، عیلمانی، عێراقییە، تەعبیر لە پێکهاتەی زۆرینەی سوننییەکان دەکات کە پێشتر پەراوێز خرابوون، واتا تەعبیر لە سیاسەت و هەڵوێستی وڵاتانی عەرەبی، سوننی و بەتایبەت عەرەبستانی سعودیە و میسر و سووریا و تەنانەت تورکیا و بەشێک لەوڵاتانی کەنداو دەکات.

وە بەسەیرکردنی لیست و قەوارەکانی ناو ئەم لیستەی عەلاوی، سەرەڕای ئەو دوو تەعبیرە، بەئاسانی هەست دەکرێت. ئەم لیستە پێکهاتە سوننییە پەڕگیر و شۆڤێنی و بەعسییەکان و مەترسیدارەکانی لەخۆ گرتووە.

واتا لەئاستی ناوخۆ، ئەو پێکهاتە مەترسیدارەی هەیە، لە ئاستی ناوچەیی تەعبیر لە سیاسەتی وڵاتانی سعودیە و ناوچەکە دەکات و بێ گومان ئەمەریکاش پێی ناخۆشحاڵ نییە و رەنگە هاوکاریشی بکات.

له ئێستادا هاوکێشەکان وردە وردە دەچنە پێش، وڵاتانی ناوچەکە و بەتایبەتی واشنتۆنیش. شەو و ڕۆژیان خستووەتە دەم یەک تا پلان و نەخشەی دڵخوازی خۆیان بۆ لایەنگرانیان پراکتیزە بکەن. ئێران تووشی شۆک بووە. کە خەریکە ریسەکەی لێ دەکەن بەخوری و جارێکی تر سوننەیەک یان لایەنگرانی سعودی دەبێتە سەرەک وەزیران، بۆیە هەر زوو لە پاش سەردانەکەی تاڵەبانی بۆ تاران بۆ یادی نەورۆز بانگهێشتی هەردوو لیستە شیعەکەی (لیستی دەوڵەتی یاسای مالیکی و ئیئتیلافی نیشتمانی عەمار حەکیمی) کرد بۆ تاران، لەلای خۆیەوە سعودیە رەقیبەکەی تاران و سەرۆکی نەخشەی گردبوونەوەی وڵاتانی عەرەبی سوننی و تورکیا دژی ئێران و پاڵپشتی عەلاوی کەوتووەتە خۆ.

ئەمیر مقرن بن عەبدولعەزیز بەرپرسی دەزگای هەواڵگری سعودیە لە کۆبوونەوەیەکی نهێنی لەگەڵ عەلاوی رایگەیاندووە" کە سعودیە دژی هەڵبژاردنەوەی مالیکیە و هەتا بۆی بکرێت ڕێگا نادات جارێکی تر سوننەکان لەسەر دەستی مالیکی دۆستی ئێران پەراوێز بخرێن و ئەگەر ئەوەش ڕووی دا. مانای وایە پێوەندیی نێوان سعودیە و عێراق هەرگیز ئاسایی نابێتەوە.

ئێستا زووە بزانین، هەواڵگری سعودیەی، سوننی، عەرەبی، دەتوانێ سوپای قودسی، شیعی، فارسی بەدانانی عەلاوی لە شوێنی مالیکی هاوکێشەکە بەرێتەوە.

کە ئەمەش ڕووی دا، ئەمە مانای گەڕانەوەی بەشێکە لە حوکمی بەعس و فەلسەفەی بەعسیزم. کە لەهەر حاڵدا لاوازترین ئەگەرە لە عێراقدا. نەک هەر بۆ ئەمجارەی هەڵبژاردنەکان. بەڵکو بۆ داهاتوویەکی دووریش.

٢

روون نییە کێ دەبێتە سەرەک وەزیرانی داهاتووی عێراق، لە بەرئەوەی لایەنی براوە کە لیستی ئەلعراقیەی عەلاوییە بە تەنیا (٩١) کورسی بردووەتەوە، بەڵام بەپێی دەستوور لیستی براوە پێویستی بە نیوە زیاتر یان (١٦٣) کورسی پەرلەمان هەیە بۆ پێکهێنانی کابینە.

گەر لەڕووی مەزهەبییەوە وەکو فاکتەری سەرەکی هاوکێشەکان سەیری عێراق، بکەین عەلاوی لە سادەترین حاڵەتدا دەبێ بۆ تەواوکردنی ڕێژەی یاسایی پەنابەرێتە بەر هاوپەیمانی کوردستانی کە خاوەنی (٤٣) کورسیە و ئەمەش دەکاتە (١٣٤) کورسی، بەڵام سەرەڕای ئەوەی ڕێژەکە تەواو ناکات گرفتی زۆر لەنێوان ئەم دوو لیستە هەیە.

لیستەکەی عەلاوی کە خەڵکانی وەک نوجێفی، موتڵەگ و بەعسییەکانی لەخۆگرتووە پێشتر و ئێستاش بەئاشکرا دژایەتی خۆیان لەگەڵ خواستەکانی کورد و مافە دەستووری و یاساییەکانی دەربڕیوە سەرەڕای مەسەلەی ناوچە جێناکۆکەکان، فیدراڵی و پێشمەرگە.

جگە لەوەی تەنیا چەند ڕۆژ دوای کۆتایی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان، تاریق هاشمی دژایەتی خۆی لەگەڵ مام جەلال بۆ پۆستی سەرکۆماری ڕاگەیاندووە و نوجێفیش چەند لێدوانی بە دژی کورد دا.

واتا لیستی ئەلعراقیە لەسادەترین حاڵەتیدا کە پەنابەرێتە بەر هاوپەیمانی کوردستان. تووشی دەیان کێشە و گرفت و بۆچوونی جیاجیا دەبێتەوە. کە پێناچێت ئەم جۆرە ئیئتلافە ببێتە واقیع.

هەرچی ئەگەری دووهەمە. دەبێ عەلاوی پەنا بۆ لیستە ڕەقیبەکانی تری بەرێت واتا (لیستی دەوڵەتی یاسای مالیکی و ئیئتلافی نیشتیمانی عەمار حەکیم) چونکە گەر بیەوێت لەگەڵ ئیئتلاف هاوپەیمانی بکات دەکاتە (١٦١) کورسی، لیستی

عـەمـار حـەکـیم خـاوەنی (٧٠) کـورسـی پەرلەمـانە، بەڵام لە هەر حـاڵدا لەگـەڵ لیستەکەی مالیکی دەتوانێ ڕێژەکە تەواو بکات کە خاوەنی (٨٩) کورسیە.

بەڵام باگراوندە مـەترسییـەکانی نێوان لیستەکـەی عەلاوی و ئەو دوو لیسـتەی تر هێندە زۆر گەورەن ڕێگا نادەن ئەم هاوپەیمانییە بکرێت.

لە رووی سـیاسـیـیـەوە دوو بۆچوونی جـیاوازیان هەیـە بۆ بەڕێوەبردنی عـێراق، لەڕووی مـەزهەبەوە دابەش بوون بەسـەر دوو پێکهـاتەی شـیعی و سـوننی کـە ئەم فۆرمە قورسترین کێشەی عێراقیەکانە و مـێژووی چەند ساڵی رابردووش شاهیدی ئەو هەموو قەیران و کوشتارەیە کە لەنێوان ئەم دوو مەزهەبە بەخۆیەوە بینیوە.

جگە لەوەی هەرکام لەم سێ لیستە لە ژێر کـاریگەری ئێران، سـعودیە، سـووریا، مـیسـر و وڵاتانی عـەرەبیدان، واتا ملمـلانێی قـورسـی نێوان ئێران و سـعودیە وەکو دوو مەرجەع فاکتەرێکی گرینگە، کە رێگا نادەن ئەم هاوپەیمانییە سەرکەوتووبێ.

هەرچـی ئێـرانە لەهـەر حـاڵدا سێ کـاندیدی بۆ ئەم پۆسـتـە هەیە کـە (عـادل عەبدولەهدی، جـەعفەر سـەدر و دوایانیش مـالیکیـیـە) تا بەهەرچی شێوەیەک بێت ئەم پۆستە نەچێتە دەست سوننەکان یان وردتر بڵێم دۆستی سعودیە.

بۆیە لەم حـاڵەدا گەر ژمارەی کورسیەکانی دۆستەکانی ئێران کۆبکەینەوە بەم شـێـوەیەی لێ دێت (دەوڵەتی یاسـا ٨٩+ ئیـئـتـلافی نیـشـتـیـمـانی ٧٠+ کـۆمـەڵی ئیسلامی ٢+ واتا (١٦١) کورسی)

بێ گومان هاوپەیمـانی کوردسـتـانیش بە (٤٣) کـورسـیـیـەوە لـەهەردوو حـاڵەتدا لەگـەڵ شـیعـەکان و ئێران بەتایبـەتی ئەنجـوومـەنی باڵا و حـزبی دەعوا نزیکە تا سوننییەکان و سعودیە و گردبوونەوی نیشتیمانی و نوێبوونەوە.

کەواتا ئێستا لیستی شیعەکان و لایەنگرانی ئێران زۆرینەن و دەبنە خاوەنی (٢٠٤) کورسی و ئەمەش ژمارەیەکی یەکلاکەرەوەیە بۆ دروستکردنی حکوومەت.

گەر ئـەوەش بزانین لەو (٩) لیسـتـە براوەی ناو (٢٩٧) قـەوارە سـیـاسـیـیـەکەی عێراق زۆرترین و بەهێزترین لیستـەکان لە ئێرانەوە نزیکن تا وڵاتانی سـعودیە و عەرەبی بە هاوپەیمانی کوردستانی و گۆڕان و کۆمەڵیشەوە.

بەدەر لەمانە دوو حـاڵەت هەیە، کە دەکرێت هاوکێشـەکان بەقازانجی عـەلاوی و لیستی سـوننییـەکان تەواو ببێت، ئەویش یەکەم دەرچوونی لیستی ئەحرارە یان

رەوتی سـەدری، موقـتـەدا سـەدرە لە ناو ئیـئـتـلافی نیـشـتـیمـانی حـەکیم، کە لایەنی هـەرە بەهـێزی ئـەم ئیـئـتـلافـەیە و لانی کـەم خـاوەنی (٣٨) کـورسـیـە لە ناو (٧٠) کورسیەکەی ئەم لیستەدا.

بێ گومان سەدر کە ئێستا لە شاری قومـە لە ئێران، پێ دەچێت مەرج و داوای زۆری هـەبێت بۆ دروسـتکردنی حکوومـەت و بـە ئاشکراش رایگەیاندووە لەگـەڵ کاندیدکردنـەوەی مالیکی نییـە بۆ پۆسـتی سـەرەک وەزیران، چونکە تـەنیا کاری بۆ حزبەکەی خۆی کردووە.

واتـا لەم حـاڵەتەدا بـە قـازانجی عـەلاوی تـەواو دەبێت. کـە ئەمـەش دژی بەرژەوەندییەکانی ئێرانە.

حـاڵەتی دووەم وەکو کـارتی ئەسـاسـی کـە رەنگە هەمـوو هـاوکێشـەکان سـەرە و خـوار بکاتـەوە. ولاتە یەکگرتووەکـانی ئەمـەریکـایە. ئەگـەر بیـەوێت دەتـوانێ زۆر لەهاوکێشەکان بە قازانجی یەکێک لە لایەنەکان کۆتایی پێ بێنێت.

هـەرچەندە ئەمـەریکا رایگەیـاندووە کە رێز لە ئیرادەی خـەڵکی عێراق دەگرێت و دەست وەرناداتە ئەو کارەوە.

ئەگەر چی ئەمەریکا بـە دۆستایەتی شیعـەکان و ئێران زۆر خۆشحاڵ نییە، بەڵام رێز لەوەش دەگـرێت کـە زۆرینەی عـێراق شـیـعـەیە و زۆرینەی براوەش لیـسـتی شـیعەکانە، ئەوە لەکاتێکدا مـالیکی پێشتر باش لەگەڵ سیاسـەتەکانی ئەمـەریکا خۆی گونجاندبوو.

بەپێـچـەوانەوە هـەرچەندە پشـتـیـوانی لـە لیسـتی ئەلعراقیـە و عـەلاوی دەکات و پێوەندیی لەگەڵ سـعـودیە باشـە، بەڵام نایـەوێت جـارێکی تر شـیـعـەکان زیز بکات، گرووپی وەک سـەدر بکاتەوە دژی خۆی و جارێکی تر شـەقامەکانی بەغدا بکرێنەوە گۆڕەپانی کوشتنی سـەربازە ئەمەریکییەکان.

بەتایبەتی کە واشنتۆن بەنیازە لە مانگی ئابی ٢٠١٠، وردە وردە دەست بکات بە پاشـەکشـەی سوپاکەی لە عێراق و نایەوێت قەیرانی زیاتر بۆ خۆی بخوڵقێنێت.

## ٣

ئێستا روون بووەوە کە پێناچێت پراکتیزەکردنی دیموکراسی لە عێراقدا بەئاسانی لە لایەن وڵاتانی ناوچەکەوە بچێتە سەر سکەی خۆی. چونکە کەم و زۆر لە زۆربەی پرۆسە سیاسییەکانی عێراقدا لە نزیکترینیان هەڵبژاردنەکانی (ئازاری ٢٠١٠) ئەمساڵ و دەستخستنە ناو کاروباری ئەم هەڵبژاردنەوە و پشتگیریکردنی یەکێک لە لیست و لایەنەکان و زیندووکردنەوە و قووڵکردنەوەی سەر لەنوێی دابەشبوونی تایەفی و مەزهەبییەوە لە نێوان سوننە و شیعەدا.

پرۆسەی دیموکراسی لە دوای رووخانی بەعس لە عێراقدا. هەنگاوێکی گرینگە بۆ عێراقییەکان بە پشتگیری واشنتۆن، بەڵام مایەی مەترسییە بۆ وڵاتانی عەرەبی و ناوچەکە بەگشتی جگە لە تورکیا، گەر دیقەت بدەین لە وڵاتانی عەرەبی سنووری عێراق بە خودی عەرەبستانی سعودی و ئێرانیشەوە بەتایبەتی میسر و سووریاش شتێک نییە بەناوی ئازادی سیاسی و راگەیاندن. شتێک نییە بەناوی دیموکراسی و دەستا و دەستکردنی دەسەڵات وجوودی نییە. یان گەر هەیە سیناریۆی گاڵتە جارییە بۆ چەواشەکردنی هاوڵاتیانی ئەو وڵاتەیە.

کەواتا دەستتێوەردانی ئەم وڵاتە لایەنێکی پەیوەستە بەوەی کە نایانەوێت عێراقیەکان خۆیان خاوەنی ئیرادەی سیاسی بن و دەیانەوێت هەمیشە خۆیان بەفریادرەسی سوننە و شیعە بزانن. کە دەکرێت لێگەرێن خۆیان بریار بدەن، بەڵام بێ گومان ئەوان زیرەکانە هێز و لایەنە سیاسییە عێراقییەکانیان خستووەتە ژێر کاریگەری بریارەکانی خۆیانەوە.

لایەنێکی تری بۆ خوڵقاندنی پشێوی و نائارامی و سەرنەکەوتنی پرۆسەی دیموکراسییە لە عێراقدا. کە بەقازانجیان نییە، خۆ هەر ئەوانن بەرپرسی یەکەمی تەقینەوە و نائارامی و کوشتن و کوشتارەکانی عەلی، حسێن و حەسەن و عومەرەکانن لە بەغدا، نەجەف و کەربەلا.

بەڵام ئەگەر ئەمجارە سەیری پیلانەکانی ئەم وڵاتە بکەین جیاوازترە لە پێشوو، نەخشە و بەرنامەکانیان گۆڕیوە لە ئێستادا کە وڵاتانی سعودیە، میسر، ئوردن، سووریا و کەنداو تورکیاش پشتگیری لە لیستی ئەلعراقیە دەکەن. ئەم هاوبەندییە ناوچەییە، بەتەنیا مانای ئەوەنییە پشتیوانی لە سوننە و بێ مافییەکانی یەکێک لە ئیتنیکە سەرەکییەکانی عێراق دەکەن. بەڵکو گەر سەیری ئەو لیستە بکەی دەزانی کە (شیعەیەکی عیلمانی، عەرەبی، ناسیۆنالیست سەرۆکایەتی لیستێک دەکات و یەکێکە لە لایەنە بەهێزەکانی، لایەنێکی سوننی، شۆڤێنی، راسیزم، هەڵگری ئایدیای بەعسیزم، وەک نوجێفی تێدایە، ساڵح موتلەگی خاوەنی تێزەکان بەعس و گەڕانەوەی بەعس و دوژمنی سەرسەختی ئێران و شیعە و دۆستی پلە یەکی مجاهیدینی خەڵقی نەیاری ئێرانی تێدایە، کە دەیان جار رایانگەیاندووە دژی فیدراڵی و پێشمەرگە و مافەکانی خەڵکی کوردستانە. حارس زاری سوننی، شۆڤێنی تێدایە کە لەلایەن وڵاتانی کەنداوی فارس و بەتایبەتی ئیماراتەوە پشتیوانی دەکرێت، تاریق هاشمی سوننی، ئیسلامی توندڕەو کە نوێنەرایەتی سیاسەتەکانی سعودیە لە سووریا و ئیخوان مسلمین دەکات و دژی گشت پرۆسە سیاسییەکانی عێراقە و ئەمەشی بە ئاشکرا راگەیاندووە. لایەنە تورکمانییەکانی تێدایە کە تورکیا پشتیوانییان لێ دەکات و پێیان وایە کەرکووک و هەولێر و نیوەی مووسڵ خاکی تورکمانە)

واتا ئەم لیستە بە تەنیا نوێنەرایەتی پێکهاتەیەکی ئیتنی، سوننە ناکات. بەڵکو نوێنەرایەتی لیستێک دەکات کە چەند پەیامی هەیە.

یەکەم؛ ناهۆمۆجینی پێکهاتەی ئەم لیستە لە شیعە و تورکمان، سوننی دژایەتییە لەگەڵ لایەنی مەزهەبی شیعە و وردتر بڵێم ئێران و کەمکردنەوەی رۆڵی ئێرانە لەو هەیمەنەی لە عێراقدا کردوویەتی لە ناو حکوومەت و پەرلەمان و سوپا و دەزگا هەواڵگیرییەکان وەکو خۆیان دەڵێن دژایەتی سوپای قودس و سەردار سلێمانییە.

دووەم؛ دژایەتیی خواستەکانی گەلی کورد و فیدراڵی و گەڕانەوەی ناوچە جێناکۆکەکانە.

- سەرکردە سیاسییەکانی ئەم لیستە زۆربەیان، بە بەرنامە و بێ بەرنامە

ئەوەیان ڕاگەیاندووە کە ئەوان دژی گەڕانەوەی کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکانن و دژی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)ن.

–دژی فیدراڵی و دەستەبەرکردنی ئەو مافانەن کە لەناو دەستووردا بەکورد دراوە.

– دژی هێزی پێشمەرگە بوون و بە میلیشیا ناوی دەبەن، زۆرجار کوشتاری مەسیحییەکان و نائارامییەکانی شارێکی وەک مووسڵیان خستووەتە ئەستۆی کورد و پێشمەرگە.

– دژی یاسای نەوت و غاز بوون کە پێیان وابوو ئەوە لە قازانجی کوردە.

– هەمیشە بانگەشەی ئەوەیان کردووە کە کەرکووک بەدەست کوردەوەیە و پێکهاتەکانی تر هیچ ئیمکانیات و دەسەلاتیان نییە و داوای دەرکردنی پێشمەرگەیان لەو شارە کردووە.

– هەمیشەش رایان گەیاندووە کە پۆستی سەرکۆماری پێویستە بدرێ بە عەرەبێک و زۆرجار گرفتیشیان بۆ سەرکۆماری کورد دروست کردووە.

سێیەم؛ جیا لەوانە ئەم لیستە مەترسییەکەی لەوەدایە. کە نەک هەر سەرکردەکانی هەڵگری ئایدیای بەعس و فەلسەفەی بەعسیزمن. بەڵکو بەشێکی زۆر لە بەعسییەکان لەناو ئەم لیستەدا خۆیان ڕێک خستووەتەوە و ئەوەش شاراوە نییە کە ئەم لیستە لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەدا زۆرینەی دەنگی بەعسییەکان بە ناوخۆ و دەرەوە و وڵاتانی سووریا و ئوردن و میسر و ئەورووپاش بەدەست هێناوە.

کەواتا ئەم لیستە و کۆبوونەوەی هێزە سیاسییەکانی ناوی و بەرنامە و ئیدیۆلۆجی و کۆبوونەوەی وڵاتانی عەرەبی و تورکیا لە پشتی و نییەت و بەرنامەی سیاسی داهاتوویان بەسەیرکردنی پێشینەیان مەترسیدارە و چاوەڕێی ئەوەی لێ ناکرێت. بتوانێ گەر حکوومەتیش پێک بێنێ کە ئەگەرێکی بێ هێزە، حکوومەتێکی کراوەبێ و زیان لە ئەزموونی دیموکراسی نەداو دژایەتی ماف و بەندەکانی دەستوور و دەستکەوتەکانی کورد و شیعە نەکات.

چونکە ڕەنگە مەترسیدارترین شت ئەو بیرکردنەوەیە بێت کە هێشتا خەون بە ئیمتیازەکانی سەردەمی بەعس و گەڕانەوەی سیستمێکی هاوشێوەی بەعس ببینەوە کە سوننە سەردەستی سیستمی سیاسی عێراق بووە.

بۆیە بەم بەڵگانەی سەرەوە ئەگەرێکی زۆر دوورە کە هەم ڕێگا بدرێ ئەم پۆستە گرینگە وەربگرێت. نە کورد و شیعەش ئامادەبن لەگەڵ ئەم لیستە مەترسیدارە پێکەوە حکوومەت پێک بێنن.

لەهەرحاڵدا گەر سەیری دەنگی لیستەکان بکەین دیارە کە چانسی لیستی ئەلعراقیە یان لیستی سوننەکان یان لیستەکەی سعودیە، سووریا و تورکیا زۆر کەمە بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرەک وەزیران لە لایەن شیعەیەکی، عیلمانی، سعودیە و کۆی دەنگی لیستی سوننییەکان و وڵاتانی عەرەبی.

(ئەلعراقیە ٩١+ ئەلتوافق ٦+ وحدة العراق ٤+ گەر یەکگرتووی ئیسلامیش وەکو دۆستی حزبی ئیسلامی و کاریگەری سعودیە حساب بکرێ ٤ = ١٠٥ کورسی)

لە بەرامبەر کۆی دەنگی شیعەکانی وڵاتانی ئێران (دەوڵەتی یاسا ٨٩ + ئیئتلافی نیشتیمانی ٧٠+ کۆمەڵی ئیسلامی کە وەک سوننی دۆستی ئێران ٢ = ١٦١ کورسی)

گەر ئەوەش بزانین لیستی هاوپەیمانی کوردستان، هەرچەندە وەک سوننە حسابی بۆ دەکرێت، بەڵام دەکرێت وەک دۆستی شیعەکان و نزیکە لەوان و دۆستی ئێران سەیر بکرێ.

واتا (١٦١+ ٤٣ هاوپەیمانی = ٢٠٤) ئەمەش کۆتایی هاوکێشەکەیە.

٤

ئێستا کورد لەناو هاوکێشە سیاسییەکانی عێراقدا بووەتە ژمارەیەکی گرینگ، بەڵام گرینگ ئەوەیە چۆن دەتوانێ لەئێستادا ئیمتیازەکانی خۆی بپچڕێت.

ئێستا سوننەکان، یان لیستی ئەلعراقیە، هەموو تواناکانی خۆیان خستووەتە کار بۆ بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆک وەزیران و وڵاتانی عەرەبی و تورکیاش هاتوونەتە سەر خەت بۆ پچڕینی ئەم پۆستە بەکاندیدە بەهێزەکەیان عەلاوی.

بەڵام لێدوانەکانی ئەم لیستە کە ئەوان تاریق هاشمی کاندید دەکەن بۆ پۆستی سەرکۆمار، دوو خوێندنەوە هەڵدەگرێت:

یەکەم؛ لەلایەکەوە لیستی ئەلعراقیە، دەیانەوێت فشار بخەنە سەر لیستی هاوپەیمانی بەوەی کە گەر هاوپەیمانی لەگەڵ ئەلعراقیە هاوپەیمانییەتی بۆ پێکهێناتی حکومەت نەکات. لیستەکەیان لەحاڵەتی وەرنەگرتنی سەرۆک وەزیراندا، ناچارن داوای پۆستی سەرکۆماری بکەن.

دووەم؛ لەهەموو حاڵێکدا لیستی ئەلعراقیە ناتوانێ پۆستی سەرکۆماری بەدەست بهێنێت، بەتایبەتی کە کاندیدێکی بەهێزی وەک مام جەلال توانیویەتی کۆدەنگییەکی باش لەسەر ئەو پۆستە بۆ کورد و بەتایبەتی بۆ خۆی دروست بکات، خۆ ئەگەر مام جەلال نەبێ رەنگە هەوڵەکانی لیستی ئەلعراقیە و ئەگەرەکانی داهاتووش ئەم پۆستە لەدەست کورد دەربێنێت.

واتا لەپاش بێ ئومێدبوون لەم پۆستەش ئەم لیستە لەنێوان دوو ئەگەر دایە، یان وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان کە دەبێ سوننی بێ، رەنگە تاریق هاشمی چانسی زیاتری هەبێت، یان ئۆپۆزسیۆن بن و هیچ پۆستێکی حکومی وەرنەگرن.

کەواتا کورد دەتوانێ چی بکات لەو کاتەدا بۆ بەدەستهێنانی یەکێک لە سێ پۆستە سیادییەکە کە سەرکۆماری لەئێستا باشترینیانە، لەناو سێ پۆستەکەدا؟ دەکرێ بڵێین هەموو ئاماژەکان روونە کە پۆستی سەرکۆماری هەم بۆ کورد و مام

جەلالە و هەم یەکلابووتەوە.

ئەمەش گرینگە کە هێشتا پۆستی سەرۆک حکوومەت و پەرلەمان نادیارە و زۆربەی لایەنەکان ناکۆکن لەسەریان، بەڵام کورد پۆستەکەی خۆی یەکلا کردووەتەوە، بۆیە وەرگرتنی ئەم پۆستە هەم گرینگە و هەم یەکلابووەتەوە، هەم دەکرێت وەکو ئیمتیازی گەورەی بێ رکابەر سەیر بکرێت، ئەمەش دەلالەتە لە سیاسەتی مام جەلال و کۆدەنگی لەسەر کاندیدکردنی پۆستی جێگری سەرۆک وەزیران و جێگری سەرۆکی پەرلەمان، ئەم دوو پۆستەش گرینگن و دەبێ کورد لەمەشدا رۆڵی هەبێت و ئەم دوو ئیمتیازەش وەربگرێت.

پۆستە سیادییەکان، یان وەزارەتە گرینگەکان لەناو کابینەی حکومەتدا(٥) وەزارەتن کە (وەزارەتی دارایی و ئەمنی گرینگن کە (ناوخۆ،بەرگری، دارایی، نەوت و دەرەوە)ن کە لانی کەم دەبێ کورد یەکێک لەم پێنج وەزارەتە وەربگرێ بەتایبەتی گەر بکرێ نەوت یان بەرگری وەرگرێ و واز لەوەزارەتی دەرەوە بێنێت باشترە.

سەرەڕای وەرگرتنی چەند وەزارەتێکی تر و بریکار و سەفارەت و بەڕێوەبەری گشتی.

ئەمانە وەکو پۆست و پلەی حکومی و وەزاری، بەڵام لەسەر ئاستی سیاسی و دیالۆگی راستەقینە بۆ هاوپەیمانی لەگەڵ لیستە براوەکان.

وا باشە کورد پێداگری لەسەر چەند خاڵی گرینگ بکات، یاسای نەوت و گاز، بکاتە مەرجی سەرەکی کە دەتوانێ کاریگەری گەورەی هەبێت لەسەر داهاتووی حکوومەتی هەرێم لە بواری سیاسی و ئابووری، دەبێ پێداگری بکات لەهەر حاڵێکدا شەهرستانی نابێ ئەو پۆستەی پێ بدرێتەوە.

مادەی (١٤٠) و ناوچە جێناکۆکەکان، هەرچەندە رەهەندی نێودەوڵەتی هەیە، بەتەنیا لەدەستی حکوومەتی عێراقیدا نییە، بەڵام لەهەموو حاڵەتەکاندا پێداگری لەسەر ئەم مەسەلەیەش بکرێ.

بەڵام لەناو ئەم هاوکێشە سیاسیانەدا کەرکووک خاڵێکی جەوهەرییە کە رەنگە کێشە و گرفتی زۆرتری بۆ دروست بکرێ بەوەی کورد زۆرترین دەنگەکانی ئەم شارەی بردووە، ئەمەش وادەکات هەندێ لایەنی شۆڤێنی عێراقی و زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە بەتایبەتی تورکیا و تەنانەت (UN)یش ئەمە بەمەترسی بزانن کە ئیتر

گەر کورد زۆرینەی کەرکووک چ پێویستی بەراپرسی و سەرژمێر دەکات و ئیتر بووەتە دیفاکتۆ، بۆیە رەنگە ئەم هەڵبژاردنە و زۆرینەی دەنگی کورد و دیفاکتۆبوونی کوردبوونی ئەم شارە کێشە و گرفتی زۆرتری بۆ دروست بکەن، کە دوور نییە بەقەدەر پێکهاتنی حکوومەت کێشەی بۆ دروست بکرێ بەڵام ئەمە باشترین بەڵگە و دیکۆمێنتە لەسەر کوردبوونی کەرکووک.

خاڵێکی تر سەردانی وەفدی لایەنە سیاسییەکان و لیستەکانی دەوڵەتی یاسا، ئیئتلاف و ئەلعیراقیە بۆ هەولێر هەرچەندە ئاماژەمان بۆ گرینگی کورد لە پرۆسەکەدا، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە، ئەم لیستانە بەهەموو مەرج و داواکانی کورد رازین و بگرە هەندێکیان نەک ئامانجیان نییە، بەڵکو دەیانەوێت بەشێک لە بەندەکانی دەستوور بگۆڕن کە بەقازانجی کوردن.

بەڵام لەناو ئەو لیست و کەسایەتییانە تائێستا مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق لە هەموویان درەنگتر هات کە لە کاتی بەستنی کۆنگرەی شیعەکان هاتە هەولێر و سلێمانی (٢٠١٠/٦/١)، بەڵام نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ پێوەندیی نێوان حکوومەتەکەی مالیکی و حکوومەتی هەرێم کابینەی پێنجەم، پێوەندییەکی باش نەبووە کە بێ گومان کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر هەرێم و بەغدا هەبووە.

بۆیە ئەوەی ئێستاش لەمیدیاکان باس دەکرێ کە پارتی پێی باشە لەگەڵ ئەلعیراقیە هاوپەیمانی بکات، پێ دەچێت پێوەندیی هەبێ بە چەند فاکتەری تایبەتەوە، بەڵام بەپێچەوانەوە پێوەندییەکانی (ی.ن.ک) یان کورد و شیعە، یان وردتر بڵێم پێوەندی لەگەڵ هێزە سیاسییە شیعەکان باشتر بووە، بۆیە ئەم بەئاشکرا هەست پێدەکرێ و بێگومان پێوەندیی باشی د. بەرهەم ساڵح سەرۆکی حکوومەت لەگەڵ مالیکی و حکوومەتی عێراقی، لە کابینەی شەشەم کاریگەری پۆزەتیڤی دەبێت لەسەر پێوەندیی هەرێم و بەغدا، ئەم سەرەڕای پێوەندیی زۆر باشی مام جەلال لەگەڵ مالیکی و حەکیم و سیستانی، واتا هێزە شیعەکان باشترە.

گەر هاوکێشەکە بکەینە نێوان کورد، سوننە و شیعە، دەکرێت بڵێین گەشەکردنی پێوەندییەکان لەگەڵ شیعەکان و لایەنە شیعەکان باشترە تا سوننەکان.

ئەگەرچی ئوسامە نوجێفی لە لیستی ئەلعراقیە رایگەیاندووە؛ کە ئەوان لەگەڵ پارتی کێشەیان هەیە، نەک لەگەڵ یەکێتی، ئەگەرچی رەنگە مەبەستیان بێ بەو لێدوانانە کێشە بۆ هاوپەیمانی یەکێتی و پارتی و کورد دروست بکەن.

ئێستا دەبێ بزانین کورد لەگەڵ کێ حکوومەت دروست دەکات لەگەڵ شیعە، یان سوننە؟ راستە هێزە سیاسییەکان دابەش بوون بەسەر چەند لیست کە (٩) لیستی براوە هەن، بەڵام ناکرێت لە هەموو حاڵەتەکاندا قسە لەسەر سێ پێکهاتەی سەرەکی ئیتنی و مەزهەبی نەکرێت لە عێراقدا کە کورد و سوننە و عەرەبن، بێ گومان هاوپەیمانی لەگەڵ هەر کام لەسوننە و شیعە کۆتایی هاوپەیمانیەتەکە نییە، بەڵکو رەهەندەکانی تریش هۆکارن، واتا کە هاوپەیمانی لەگەڵ سوننە دەکرێ، واتا پشتیوانی لەوڵاتانی عەرەبی دۆستی سوننەی وەک سعودیە، میسر، سووریا و ئوردن دەکەی، کە هاوپەیمانی لەگەڵ شیعە دەکەی واتا پشتیوانی لە کۆماری ئیسلامی ئێران دەکەی.

ئەمە هەقیقەتێکە ناکرێت قسەی لەسەر نەکرێ. بەڵام لەنێوان ئەم دوو رەهەندەدا رەهەندێکی بەهێزتر و کاریگەرتر هەم کە ئەمەریکایە و رۆڵی یەکەم و یەکلاکەرەوە هەیە، لەم کێشانەدا، بەڵام لەگەڵ دژایەتی قووڵی مێژوویی نێوان ئەمەریکا و ئێران بەتایبەتی لە عێراق، بەڵام هێشتا ئەمەریکا دواین قسەی جدی خۆی نەکردووە، لەم مەسەلەیەدا.

بەڵام لەهەر حاڵدا ئەمەریکا بە ئێران و سیاسەتەکانی خۆشحاڵ نییە، بەڵام ناشتوانێ رێز لەو دیفاکتۆیەی شیعە نەگرێ کە هەم زۆرینەن و هەم لیستی براوەن.

بەڵام لەهەر حاڵدا بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا، هاوپەیمانی کورد لەگەڵ لیستی شیعە و کۆماری ئیسلامی ئێران ئاکامێکی پۆزەتیڤی هەیە و دەتوانی ئەمجارە سەرەتایەکی باش بێ لەگەڵ شیعەکان بۆ چارەسەری کێشە هەڵوسراوەکانی نێوانیان، بەتایبەتی گەر ئەوەش بزانین تائێستا ئێران و زۆر لە لیستە شیعەکان، دژایەتی مادەی (١٤٠) ناکەن، کە یەک لیستی سوننی و یەک دەوڵەتی سوننی دراوسێ عێراق نابینی کە دژی (١٤٠) نەبێت و ئەمەش خاڵێکی جەوهەری نێوان کورد و شیعەیە. بانگهێشتە رەسمییەکانی عەرەبستانی سعودیە

بۆ بەڕێزان مام جەلال سەرکۆماری عێراق و کاک مەسعود بارزانی ئاماژەن بۆ دوو خاڵ:-

یەکەم؛ کە کورد بووەتە ژمارەیەکی گرینگ لە هاوکێشەکاندا و دەتوانێ رۆڵێکی گرینگتر وازی بکات و کاریگەری لەسەر ئاکامی پێکهاتی حکوومەت دەبێت و وەهیچ کام لەلیستە شیعە و سوننەیەکان و تەنانەت وڵاتانی سعودیە و ئێرانیش ناتوانن پەراوێزی بخەن، ئەگەرچی چوارەم لیستی براوەی هەڵبژاردنەکانە، بەڵام یەکێکە لەپێکهاتە گرینگەکانی عێراق و خودی مام جەلالیش بۆ خۆی گرینگییەکی تایبەتی هەیە لەناو ئەم هاوکێشە سیاسییانەدا کە باوەڕ ناکەم هیچ بەرپرسێکی عێراقی ئەوەندەی مام جەلال توانیبێتی لای گشت هێزە سیاسییە عێراقییەکان لەوڵاتانی ناوچەکە و ئەمەریکاش قبوڵ بێ، ئەمە سەرەرای رۆڵی کاریگەری بارزانی سەرۆکی هەرێم کە سعودیە دەزانێ چەندە گرینگە، کە ئەمە قسەی هەموو ئەو لایەنانەیە، بۆیە بانگهێشتەکە پێوەندی بەو دوو رەهەندەوە هەیە لەم سەردانەی بەڕێزان بارزانی و تاڵەبانی، رەنگە میوانداری تاڵەبانی وەک سەرکۆمار ئاسایی بێت، بەڵام میوانداری بارزانی و خەڵاتکردنی دەکرێت مانا و مەغزای سیاسی گرینگی هەبێت.

بەتایبەتی کە ئەوە یەکەمین جارە عەرەبستانی سعودیە سەرۆکی هەرێم میوانداری بکات و بەوشێوە رەسمییە مامەڵەی لەگەڵ بکات.

ئەوەش ئاماژەیە بۆ بەڕەسمی ناسینی هەرێمی کوردستان و سەرۆکەکەی کە ژمارەیە لە هاوکێشە سیاسییەکاندا و دەبێ حساباتیان لەسەر بکرێت.

گەر ئەوەش بزانین سعودیە بەهێزترین وڵاتی عەرەبی سوننەیە کە زۆرترین کاریگەری لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامی هەیە و بەتایبەتیش لە عێراقدا کاریگەری گەورەی هەیە.

دووەم؛ عەرەبستانی سعودیە جیاتر لەجارەکانی تر بەگەرمییەوە هاتووەتە ناو هاوکێشە سیاسییەکانی عێراقەوە، گەر پێشتر دوورتر و لەرێگای ناڕاستەوخۆ و هاوکاری هەندێ گرووپە سوننی و هەندێک گرووپە تیرۆریستی بەنهێنی کردبێ و لەپشت چەند هەوڵی ئەو گرووپانە دەبێ، بەڵام ئەمجارە بەجدی و بەئاشکرا هاتووەتە سەر خەت و بۆ گێرانی رۆڵ و پێگەی خۆی نەک هەر لەسەر سوننە،

بەڵكو لەگەڵ كوردیش، واتا دەیەوێت بەهەر شێوەیەک بێ، ئەمجارە بتوانێ قسەی خۆی بكات و رێگری لە هەیمەنەی زیاتری ئێران بكات.

هەرچەندە سعودیە جیا لە كورد پێشوازی لە لیستە براوەكانی تریش كردووە، بەڵام جگە لەلیستی ئەلعراقیە و هەندێ لایەنی توركمانی و سوننە پێم وانییە سعودیە بتوانێ هیچكام لەكورد و شیعە بەلای خۆیدا راكێشێت.

واتا سعودیە بەتایبەتی بۆ كورد درەنگ هاتە سەر خەت، سەرەڕای پێوەندی باشی بەعس و سعودیە دژی كورد لە ساڵانی هەشتاكان و خراپی هەڵوێستی سعودیە بەرامبەر كێشەكانی خەڵكی كوردستان.

بۆیە سەردانەكانی مام جەلال و كاک مەسعود لەسەر ئاستی دیبلۆماسی كارێكی باشە، بەڵام لەسەر ئاستی سیاسی سعودیە ناكرێت بەدۆستی كورد و خواست و مافەكانی بژمێردرێت.

لەكاتێكدا عێراق بەتایبەت لەم هەڵبژاردنانەدا بەواقیعی بووەتە سێ هەرێم (كورد، شیعە و سوننە) واتا هەر كام لەم سێ پێكهاتەیە لەناوچە خاوەن نفووزە نەتەوەیی و مەزهەبیەكانی خۆیان دەنگیان هێناوە.

بۆیە دەبێ ئەمە لەبەرچاو بگیرێ لەهەر حاڵێكدا كە حكوومەت نەتوانی پێكبێت، یان لەهەر ئەگەر و گریمانەیەكی داهاتوودا دەبێ ئەوە بزانرێ كە رەنگە هەر كام لەم سێ لایەنە پەنا بەرنە بەر راگەیاندنی جیابوونەوە و هەرێمی سەربەخۆ.

وەک چۆن لەگەڵ كۆتایی هەڵبژاردنەكان جارێكی تر پارێزگای بەسرە دەستیاندایەوە بانگەشەی بەهەرێمكردنی بەسرە وەكو هەرێمێكی فیدراڵ، یان سوننەكان بیانەوێت ئەو كارە بكەن.

بەتایبەتی گەر ئەوەش بزانین، ئەمجارە سوننەكان باشتر لەجارەكانی تر خۆیان هەست بەمەترسیی گەورە دەكەن لەبەردەم شیعە و ئێراندا.

واتا ترس لەئێران و دوو لیستە شیعەكە، سوننەكانی یەک خست، نەک قەناعەتی كۆتایی بەوەی كە هێزە سوننەیەكان لەسەر هەموو شتەكان هاوبۆچوونن، خۆ بێ گومان ئەمە بۆ شیعەكانیش راستە كە لە كۆمەكی وڵاتانی عەرەبی و توركیا، بەناچاری دەبێ لەهەموو كاتدا شیعەكان دۆستی ئێران و نەیاری ئێرانیش یەكخات.

ئەم ترسە لای کوردیش کاریگەری خۆی هەیە، بەڵام هێشتا ئۆپۆزسیۆن بەهەر سێ لایەنەکەیەوە، نەگەیشتووەتە قەناعەت بەو مەترسییە (گۆڕان، یەکگرتوو و کۆمەڵ).

بەڵام دواجار پێ دەچێت ئەوانیش، یان کوردیش لەبەردەم ئەم دوو سیناریۆ مەترسیدارەی سوننە و شیعە، گوتار و هاوپەیمانێتیان یەک بخەن کە ئێستا ئیئتلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکانیان پێکهێناوە.

بەتایبەتی لیستی گۆڕان کە زۆرینەی کورسیەکان ئۆپۆزسیۆنی هەیە، دەبێ باشتر لەسەر ئەم مەترسییە بوەستێ و بەشداری چالاکی هەبێت، لە مافەکانی خەڵکی کورد و مەترسییەکانی سەر هەرێمی کوردستان.

ئەگەر چی یەکگرتووی ئیسلامی وەکو هێزێکی ئیسلامی بۆ مەسەلە نەتەوەیی و سیاسییەکان دەڕوانی و بۆی گرینگ نییە کێشەی کورد وەکو نەتەوە یان ئیتنی سەیر بکرێ بەڵام گرفتەکە ئەوەیە کە بەناوی کوردەوە لە بەغدایە.

بۆیە لەپاش گۆڕینی ئەدای کاری سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی، لەپاش گرتنی عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵ و ئەجێندای نوێ کارکردنی ئەم حزبە ئیسلامییە کە پێشتر زۆر توند بوو، زۆر رادیکاڵ بوو لەبارەی ئیسلام و ئیسلامی سیاسییەوە... کە خەریک بوو وەکو گرووپێکی توندڕەو دەناسرا.

بەڵام لەئێستادا هەنگاوی گەورەی ناوە بەوەی کە لەزۆرینەی هەڵبژاردنەکانی کوردستان و عێراق بەجیا دابەزیوە و توانیویەتی دەنگی باش بێنێت، بۆیە چاوەڕوان دەکرێ لەداهاتوویەکی نزیکدا یەکگرتووی ئیسلامی پەراوێز بخات و ببێتە یەکەم دەنگی هێزە ئیسلامییەکانی کوردستان و نوێنەرایەتی باڵی ئیسلامی سیاسی کوردستان بکات.

بەوەی کە وردە وردە دەیەوێت لەسەر مەلەسە نەتەوەییەکان بوەستێت و مەسەلەی نەتەوایەتی کورد باشتر بناسێ و لەپاڵ مەسەلەی دینی و مەزهەبی گرینگی زیاتر بدات بەمەسەلەی نەتەوایەتی و مافی خەڵکی کوردستان بڕوابوونی بەکوردبوونی دۆستی و لایەنگرانی.

جگەلە گۆڕینی کار و راگەیاندنی ئەم حزبە کە ئێستا زۆر لەپێش هەر دوو هێزە ئیسلامییەکەی تری (یەکگرتووی ئیسلامی، بزووتنەوەی ئیسلامییە)وەیە، واتا

ســـەرەڕای ئـەو گـــوتـارە كـــوردییـــەی بەڕاگـــەیـاندكـــەیەوە دەبینرێ لـەڕووی پڕۆڤیشناڵیشـەوە زۆر چووەتە پێش و دەكرێ بوترێ یەكەم ڕاگەیاندنی ئیسـلامی كـوردی، دەزگـاكـانی ڕاگـەیاندنی كـۆمـەڵی ئیـسـلامی نوێنەرایەتی دەكـات، كـە یەكگرتوو پێشتر دەیكرد، بۆیە چاوەڕێ دەكرێ لەهەڵبژاردنەكانی داهاتوودا كۆمەڵ براوەی یەكـەم بێ و ببـێتـە هێـزی یەكـەمی ئیـسـلامی و نوێنەرایەتی و قـسـەی ئیسلامی سیاسی بكات و دەرس لە شكستەكان و هەڵەكانی پێشتر وەربگرێ.

ئەمـەش بێ گـومـان لەژێر كـاریگەری دەرەكـیدا نیـیـە بەتایبـەتی كە كـۆمـاری ئیسـلامی ئێران كۆمـەڵی ئیسـلامی بەدۆسـتی خـۆی دەزانێ و پێی وایە كـەكۆمـەڵ نوێنەرایەتی هێزی ئیسلامی سیاسی دەكات.

بۆیە دەبینـین پێوەندییـەكانـی كۆمـەڵی ئیسـلامی لەگەڵ (ی.ن.ك و پ.د.ك) زۆر چووەتە پێش و تەنانەت عەلی باپیر هـەوڵی میـانگیری دەدات لەنێـوان یەكێـتی و گۆڕان... كەواتا ئەمەش گرینگە گەر كۆمەڵ بۆ لەمەودوا كوردانەتر بیر بكاتەوە.

بێ گـومـان لەم هاوكـێشـە سـیاسـییـانـەدا كـۆمـەڵ و بزووتـنەوە دەكرێ نزیكـتر لەلیسـتی هاوپەیمانی كوردسـتـان دابنرێ تا یەكگرتووی ئیسـلامی بەهۆی ئەوەی زیاتر لەژێر كاریگەری سعودیە و ئیخواندایە.

واتا بەمیـانڕەوی كۆمـەڵ، ئەو گریمانەیەی كە یەكگرتـوو شانازی پێوە دەكرد، كە هێـزێكی مـیـانڕەوی، بێ مـەترسـیـیـە و كـۆمـەڵ هێـزێكی چەكـدارێكی توندڕەوو مەترسیداری دۆسـتی ئێرانە، واتا داكۆكیكردن لەمەسەلـەی كوردە و تێڕوانین وەكو مـەسـەلەی نەتەوەیی بووەتە ئـەركێكی ئیـجـباری بۆ هـەمـوو هێـزەكان، لەبەردەم ئەو مـەترسییـەی كە شـیعـە و سوننە هـەیانـە لەسـەر كورد و هـەیمـەنەی ئەم دوو هێـزە و مەترسی وڵاتانی ناوچەكە.

٥

له پاش (٢٠١٠/٣/٧) نزیکەی پێنج مـانگ تێـپەڕ دەبێ بەسـەر هەڵبـژاردنەکـانی عـێراقـدا، بەبێ ئەوەی لایەنە سـیاسـیـیەکـان بگەنە دەرئەنجـامێک بۆ پێکهـاتنی حکوومەت و دەستنیشانکردنی کەسێک بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران.

بەهۆی بەدەسـتـهێنـانی (٩١) کورسـی لەلایەن لیـسـتی عێـراقیـەی عـەلاوییـەوە، وابڕیار بوو حکوومـەت ئەو پێک بێنێت. بەڵام بەو پێیـەی ڕێژەکە تەواو ناکات و ئەو کوتلەی ئەکسەریەت نییە ڕێگای پێ نەدرا.

لەکاتێکدا گەر ڕێگاشی پێ بدرایە، جیالەوەی کە ڕێژەی پێویستی نەبوو. عەلاوی کـەوتە هـەڵەیەکـەوە کـە نەدەبـوو بیکات، بەوەی خـۆی کـردە قـائیـدی لیـسـتێک و ئیئـتلافێک کە لەناو پێکهاتەکەیدا ئەوانەی تێدان کە خۆشەویست نین لای کورد و شیعە.

بەواتایەکی تر کەسایەتی پەڕگیر، شۆفێنی، ڕاسیزم، بەعسی، ناسیۆنالیست، سوننی مەزهەبی و ئیسلامی و فەندەمێنتالیزمی توندڕەو لەپێکهاتە سەرەکییەکانی لیستەکەی ئەو بوون.

بۆیە هیچ کام لە لیستەکانی (دەوڵەتی یاسا، هاوپەیمانی کوردستانی، ئیئتلافی نیشتمانی بەهەردوو باڵی سەرەکی حەکیم و سەدر) نەک هەر ئامادە نەبوون بڕیار لەسـەر دەنگدان بەعـێـراقـیـە بدەن، بگرە هیـچ هاوپەیمانیـیـەکی کـاتی و هـیچ دۆکیۆمێنتێکی سادە و کاتیش لەنێوان عێراقیە و سێ یەلانەکەی تر ڕووی نەدا...؟

ئاخۆ عەلاوی لە خۆی پرسیوە بۆ؟ ئاخۆ عەلاوی نەدەکرا لەگەڵ هێزەکانی تر هاوپەیمانی بکات؟

جیالەوەی کە زۆرینەی عێراق شیعەیە. کارتی هاوکاری ئێرانیش بارتەقای ژمـارە و ڕێژەی دەنگەکـانیـان کـاریگەری هەیە، چ لەڕووی مـەزهەبی چ لەڕووی سیاسی و مێژووییەوە.

بۆیە سەرئەنجام بە بەراورد لەگەڵ شیعەکان عەلاوی کارتەکانی بێ هێز تر و پێکهاتەکانی ناو ئیئتلافەکەشی بۆی بوونە کێشە و سەرئەنجامیش هەر ئەم فاکتەرانە چانسی پۆستی سەرۆک وەزیرانی لەدەست دەدات...!

***

ئەوە شیعەکان خۆیان بوون تائێستا رەوتی گرتنەدەستی پۆستی سەرۆک وەزیرانیان دواخستووە، بەوەی گرفتەکە لەکێشەکانی ناو ماڵی شیعە خۆیاندایە.

چەند سادە و ئاسان دەبوو دوای پێکهاتنی ئیئتلافی نیشتمانی یەکگرتوو لەنێوان (ئیئتلافی نیشتمانی حەکیم (٧٠) کورسی دەوڵەتی یاسای مالیکی (٨٩) کورسی)

پاش پرۆسەی دانانی سەرۆکایەتیی پەرلەمان و سەرکۆمار، لانی کەم مالیکی دووساڵ ئەو پۆستەی وەرگرتایە و دووساڵی تر عادل عەبدولمەهدی لەبەرامبەر ئەو پۆستە بۆ مالیکی سێ پۆستی سیادی بۆ حەکیم و سەدر و چەند پۆستی تر کێشەکە چارەسەر دەکرا، بەڵام نارێکیی ماڵی شیعەکان کە ئەم سێ حاڵەتەیە گەر ئێران نەبێت، ئەم پۆستەیان لەکیس چووبوو یان دەچێت؟

یەکەم؛ مالیکی جیا لەوەی پێی وایە حزبی دەعوە ئێستا نوێنەرایەتیی باڵی شیعە دەکات بەپلەی یەکەم لە عێراقدا. پێی وایە ئەو لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان جیا لەوەی یەکەم بوو لەسەر ئاستی عێراق و لەدڵی دەوڵەت لەبەغدا براوە بوو، لە شارە گرینگەکانی وەک بەسرە یەکەم بووە و لەقووڵایی بنکە و دڵی ئیئتلافی حەکیم و فەزیلە و سەدر و دەعواکانی تر لەپێشەوە بووە، (واتا لە نەجەف و کەربەلا و..) جیا لەوەی مالیکی پێی وایە لە هەڵبژاردنەکاندا جگە لە عەلاوی هیچ کەس بەقەدەر ئەو دەنگی نەهێناوە، کە بەتەنیا نزیکەی (٧٠٠٠٠٠) هەزار دەنگی هێناوە، کە بەرامبەرە لەگەڵ (٢٠) کورسیی ئیئتلاف، بەراورد لەگەڵ جەعفەری تەنیا (١) کورسی هێناوە، عادل عەبدولمەهدی تەنیا (٢٧٠٠٠) دەنگی هێناوە، بێ گومان بۆچوونەکانیش راستن.

دووهەم؛ رەوتی سەدر (بزووتنەوەی ئەحرار) کە موقتەدا سەدر رێبەرایەتی دەکات، جیالەوەی لەناو ئیئتلافی نیشتمانی خاوەن (٧٠) کورسی، بەتەنیا (٣٨) کورسی هێناوە و پێی وایە ناکرێت مالیکی وەک کەسی یەکەمی شیعە بناسێت.

جگەلەوەی سـەدر پێی وایە ئەوان دەنگ نادەنە کـەسێک کـە لە سـەردەمی دەسەڵاتیدا لایەنگرانی سەدری گرتووە و کوشتوونێن و خستونیەتە زیندان.

لە بەرامبەردا مالیکی بێ منەتە لەدەنگی سەدر و پێی وایە ئەو بەئەرکی یاسایی خۆی هەڵساوە و ئەوانەی گیراون تۆمەتی تیرۆر و تۆقاندن و کێشەی سیاسییان هەبووە و پێی وایە لەداهاتووشدا دژی هەر کەس و گرووپێک دەبێت کە دژی یاسا بن.

سێهەم؛ ئەگەر چی ئیئتلافی حەکیم هاوپەیمانی لەگەڵ مالیکی کردووە، بەڵام لەڕووی مێژووییەوە کێشەی توند هەیە لەنێوان بنەماڵەی حەکیم و مالیکی یان لەنێوان ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی عێراق و حزبی دەعوە.

چونکە ئەنجوومەنی باڵا پێی وایە، ئەوان هێزی شاخ و ئەسڵی و شۆڕشگێڕ و مەزهەبی شیعە بوون، بەڵام مالیکی ئەمە ناسەلمێنێ.

جگەلەوەی مالیکی پێی وایە ئێستا دەنگ تەحەکوم دەکات و بڕیار دەدات، واتا مالیکی پێی وایە چۆن دەکرێت (٨٩) کورسیی دەعوە بەراورد بکرێ بە (١٧) کورسی ئەنجوومەنی باڵا.

کەواتا بەم سێ خاڵە جەوهەرییە پڕ لەناکۆکییە، چی وا دەکات لانی کەم شیعەکان و مالیکی بکەنە سەرۆک وەزیران؟ سەدر و حەکیم رازی بن و هاوپەیمانی بکەن؟ سەرەڕای گۆشت خواردنی یەکتری، ئێسقانەکان نەشکێنن؟ پێم وایە سێ خاڵ گرینگن.

یەکەم؛ رۆڵی کۆماری ئیسلامی ئێران بێ حەد گرینگە و کاریگەری هەیە لە یەکخستنی و لێک نزیکبوونەوەی ئەم سێ گرووپە شیعەیە، کە لە ناوەڕۆکدا دژن، واتا ئێران کاریگەری گەورەی هەیە لە چارەسەری گرفتەکان بەتایبەتی کە ئێران کاریگەری گەورەی هەیە بەسەر سیاسەتی عێراق و عێراقیەکانەوە.

واتا دوو هێز ئەمەریکا و ئێران و عێراقیان کۆنترۆڵ کردووە و دوو گەمەکەیی سەرەکی گۆڕەپانی سیاسی عێراقن.

دووهەم؛ ململانێی مێژوویی نێوان (شیعە و سوننە) و کوشتنی حسێن و حەسەن، غەدری عەلی و درێژەکێشانی تائێستاش وای کردووە کە شیعەکان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی هەرچی کێشەیەکی نێوانیانە، نابێ ببێتە هۆی ئەوەی

سوننە لێی سوودمەند بێت.

بۆیە لەئێستا شیعەکان گەر لەسەر هیچ رێک نەکەوتن لەسەر ئەوە رێکن کە نابێ پۆستی سەرۆک وەزیران بۆ عەلاوی و سوننە بێت و لای شیعەکان بووەتە مەحاڵ.

واتا مەزهەب رۆڵی گەورەی هەیە لە هاوپەیمانی سێ لیستی ناکۆک لەگەڵ سوننەکان.

سێهەم؛ کاریگەری و دوژمنایەتی وڵاتانی عەرەبی و سوننە دژی شیعە و ئێران کارتێکی یەکجار گرینگە، کێشە و ململانێی نێوان مەرجەعیەتی (قوم و ریاز) یان (شیعەی ئیمامی و سوننەی وەهابی) بەتەنیا کێشەی (سعودیە و ئێران) نییە بەڵکو رەهەندی مەزهەبی، ئایدۆلۆجی و سیاسی هەیە.

جیا لەوانە شیعەکان باش دەزانن کە هەر (٢٢) دەوڵەتی عەرەبی لەپشتی سوننەکانەوەن و بەئیزافەی تورکیاش کە پشتیوانی لە عەلاوی دەکەن.

واتا (رۆڵی ئێران، ململانێی مەزهەبی شیعە و سوننە، ناکۆکییەکانی ئێران و سعودیە، یان ئێران و عەرەب) سێ فاکتەرن کە ناکۆکی شیعەکانی لە رابردوو و داهاتووشدا پەک خستووە، یەک دەخات و هەر ئەمەش چانسی عەلاوی و سوننەکان بەرەو شکست دەبات.

***

ئێستا پاش پێنج مانگ، هەموو لایەک هیلاک و ماندووبوون بەدەست قەیرانەکانی عێراقەوە، ئەمەریکییەکان تەنیا ئۆبامای سەرۆکیان نەهاتە عێراق، بەڵام سەرئەنجام سیناریۆکانیان نەیتوانی ببێتە واقیع و سووریشن لەسەر کشانەوەی هێزەکانیان لە کۆتایی (٢٠١١) و تاکۆتایی ئەگستۆسی ئەمساڵیش تەنیا (٥٠٠٠٠) سەرباز لە عێراق دەهێڵنەوە.

بەڵام ئێستا پێ دەچێت کۆشکی سپی گەیشتبێتە ئەو قەناعەتەی کە لەگەڵ سیناریۆکانی ئێران هاو هەڵوێستن، کە هەردوولایان لەسەر کاندیدکردنەوەی مالیکی یان کاندیدێکی دەعوا رێک بکەون.

بێ گومان ئەمەریکاش دەیەوێت ئەو پەیامە بداتە مالیکی کە دواجار ئەوە ئەمەریکایە پشتیوانی لە سەرکەوتنی دەکات، بۆیە دەبێ لە خولی ئەمجارەی

سەرۆکایەتیی حکوومەتدا. باشتر لە پێشوو گوێڕایەڵتر و باشتر لەگەڵ ئەجێنداو سیناریۆکانی واشنتۆن رێ بکات.

ئێران هەرچی چۆنێک بێ دەیەوێت شیعەیەک پۆستی سەرۆک وەزیران بەرێت و نەهێڵێ بۆ سوننەیەک بێت، کە سعودیە و میسر و سووریا و ئوردن پشتیوانی دەکەن.

پێ دەچێت هەموو کارت و فشارەکانی خۆیشی بەکارهێنابێت دژی هەر سێ لایەنی (حەکیم، سەدر و مالیکی) و تاگەیشتە ئەوەی بەحەکیم و سەدری راگەیاند "بەهەرچی شێوەیەک بێت دەبێ رازی بن بەکاندیدکردنی مالیکی، لانی کەم وەک (شیعە)" بۆیە پێ دەچێت هەر سێ لا گەیشتنە قەناعەت کە ئەمە لە قازانجی شیعەکاندایە.

سعودیە و وڵاتانی عەرەبیش خەریکە بەتەواوی بێ ئومێد دەبن لەوەی کە کاندیدەکەیان چانسی ئەوەی نەماوە ئەو پۆستە وەرگرێ.

بەتایبەتی کە پێ دەچێت بەهاتنەدەری زوبەیعی و چەند پەرلەمانتارێکی تری ناو لیستەکەی عەلاوی سەرەتایەکن کە سیناریۆکانی مالیکی و شیعە و ئێران بەهێزترن، سعودیە لەوەش تێگەیشتووە کە ئەوەندەی ئیمتیاز ئەم لایەنە سوننەیانەی لەناو لیستی ئەلعراقیە کۆکردووەتەوە سەرەڕای سەپاندن و فشاری زۆرەملێی دەرەکی بووە و لەگەڵ کارتی ترس شیعە بووە و ئەوەندە مەسەلەی مەزهەبی و نەتەوەیی و ئایدۆلۆجی رۆڵی خۆی نەگێڕاوە.

بۆیە سعودیە و عەرەبەکان، گەرچی لە عەلاوی بێ ئەمەل بوون، بەڵام پێناچێت رێگا بدەن مالیکیش بەئاسانی سوننە بهاڕێت و بەئاسانی ئەو چوار ساڵە بخوات کە پێشتر مقرن بن عەبدولعەزیز وتبووی" ئەوان رێگا نادەن مالیکی ببێتەوە سەرۆک وەزیران".

***

کورد وەکو یەکێک لە پێکهاتەکانی عێراق، هاوپەیمانی کوردستانیش وەکو چوارەم لیستی عێراق و لیستی کوردی یەکێکە لە ژمارەکان، بەڵام لەسەر ئاستی ئیتنی ژمارەیەکە لەپاڵ ژمارەیەکی عەرەبی، بەڵام ئاخۆ کورد لەناو هاوکێشە سیاسییەکانی ئێستادا، دەتوانێ چی بکات و چی بڵێ و چی بپچڕێ؟ و کامەیە

بۆچوون و سیناریۆکانی؟ پشتیوانی لەکێ و کام لیست و گرووپ دەکات؟

کورد لە ئێستادا لە عێراق دەیەوێت هاوڵاتی پلە یەک بێت و وەکو رەگەزێکی ئیتنیکی سەرەکی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، کورد تائەو کاتەی مافەکانی لەدەستوور و پرۆسەی سیاسیدا جێبەجێ دەکرێت عێراقیە و هەوڵەکانیشی بەردەوام دەبێت، بەڵام کورد دەیەوێت هاوبەش بێت، نەک بەشدار کورد دەیەوێت پۆست و ئیمتیازو دەسەڵاتی هەبێت، نەک پەراوێز بخرێت.

پۆستی سەرکۆمار مادەی (١٤٠) و کێشەکانی تر، لەداواکانی کوردن و بگرە سەرکۆمار هێڵی سوورە، وەکو هاوپەیمانی کوردستان رایگەیاندووە، لەگەڵ ئەوەدا کە پۆستی سەرکۆمار بۆ کورد و بەڕێز مام جەلال تاکە پۆستە کە هەموو لایەنەکان لەناو عێراق شیعە و سوننە و کورد و ئەمەریکا و ئێران و عەرەبییەوە، لەسەری رێکن و کێشەیان نییە، ئەمە هەم دەستکەوتێکی گەورەیە هەم سیاسەتی واقیعە کە لایەنە عێراقی و ناوچەیی نێودەوڵەتییەکان باش حاڵی بوون.

سەبارەت بە(١٤٠) لە ئێستا چەند هەنگاوی تازە نراون و پێ دەچێت مالیکیش بەنهێنی چەند بەڵێنی دابێت گەر کورد دەنگی پێ بداتەوە و پێ دەچێت مالیکی کورد و دەنگی هاوپەیمانی زۆر بەلاوە گرینگ بێت و ئەمجارە زۆر باشتر لەپێشوو لەگەڵ کورد بێتە پێشەوە.

چونکە ئەوە سیاسەتی کوردە کە ئەو بۆیە عێراقی فیدراڵی و تەوافقی سیاسی قبووڵە کە مافەکانی خۆی تێدا پارێزراو بێت، ئەگەرنا با عێراق هەر سیستمێک بێت، بەشی خۆی دەپچڕێ.

گەرئەوەش بزانین پیلانی ناوخۆیی و ناوچەیی و دەرەکیش دژی کورد و خواستەکانی بەردەوامن، بەڵام هەوڵە سیاسی و دیبلۆماسییەکانی کورد زۆر ئەکتیڤانە بووە.

گەر دیقەت بدەین لەکاتێکدا کە عێراق نغرۆی قەیران و شەڕ و کوشتاربووە، هەرێمی کوردستان زیاتر گەشەی کردووە و بووەتە شوێنی کۆبوونەوەی لیستەکان و کردنەوەی چەندین کۆنسوڵگەری تازە و عەرەبی و سەردانی چەندین وەفدی ئەمەریکا و بیانی، سەردانی چەندین وەزیری دەرەوەی وڵاتانی عەرەبی و بیانی و هەنگاوی تازەی ناوە.

هەوڵی کوردی بەپێی بۆچوونی چاودێرانی تائێستاش باش هاتووە و لایەنگراتی کەسی نەکردووە و دژایەتی کەسیشی دەرنەبڕیوە.

بەڵام ڕەنگە خاڵێک کە بووەتە دیفاکتۆ ئەوەبێت کە هەموو لایەک گەیشتوونەتە ئەوەی کە (عێراق بێ کورد ناتوانی حکوومەت دروست بکات و لەگەڵ بەشداریکردنی دەبێ هاوبەش بێت نەک بەشدار).

ئێستا کورد ئەوەی دەبێ بیکات دوو خاڵە:

یەکەم؛ هەوڵی یەکخستنی ماڵی شیعە بدات و قەناعەتیان پێ بکات کە بۆ عێراقییەکان و خۆشیان و کوردیش وا باشە کە یەک بن و عێراق لەکێشە و قەیرانەکان دەرباز بکەن بەتایبەتی کە پێوەندی کورد و شیعە، دەتوانێ عێراق بەرەو باشتر بەرێ.

دووەم؛ کورد دەبێت پشتیوانی لە کتلەیەک بکات کە ئەکسەریەت بێ و ئەمەش دەکاتە شیعە.

***

هەموو ئاماژەکان وا پێ دەچێت کە دوای ڕەمەزان حکوومەتی نوێی عێراق پێکدێت و عێراق لە قەیرانی پۆستی سەرۆک وەزیران نەجاتی دەبێت.

سەبارەت بەکاندیدی بەهێز زۆربەی بۆچوونەکان وا دەڵێن کە مالیکی باشترین و زۆرترین چانسی هەیە و لەهەر حاڵێکیشدا کەسێکی تر لە ئیئتلافەکەی رادەسپێرێ بۆ ئەو شوێنە.

واتا ئیئتلافی شیعەی (مالیکی، سەدر و حەکیم) گرەوەکە دەبەنەوە ئەوەش کە لە عێراق رووی دا، ئەزموونێکی زۆر گرنگ و بەکەڵک بووە کە عێراق ئەوەیە کە گوزەرا نەک ئەوەی کە لەسەری دەوترا و چاوەڕوان دەکرا...

ئەوەی رووی دا ئەزموونێکی تازە بوو لە بواری سیاسەتی عێراقی و ناوچەییدا، کە قەیرانەکانی چۆن دەتوانن پرۆسەی سیاسی پەک بخەن. ئەوەی رووی دا عێراقی خستە بەردەم چەند ئەگەری چاوەڕواننەکراوی داهاتووی هاوشێوەی یۆگسلافیا کە رەنگە جارێ کاتەکەی زوو بێ دیاری بکرێت.

## ٦
## دابەشکردنی کورسییەکانی پەرلەمانی نوێی عێراق
## ئازاری ٢٠١٠

دابەشکردنی کورسییەکانی پەرلەمانی نوێی عێراق بەو شێوەیەی کە لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوە راگەیەنراوە، بەپێی ئەو ئەنجامانە لیستی ئیئتیلافی عێراقییە بە بەدەستهێنانی (٩١) کورسی لە پلەی یەکەمدایە، لیستی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا(٨٩) و ئیئتیلافی نیشتیمانی عێراقی (٧٠) و لیستی هاوپەیمانی کوردستانی بە (٤٣) کورسی لە پلەی چوارەمدایە.

هەولێر ١٤

---

هاوپەیمانی کوردستانی ١٠
لیستی گۆڕان ٢
لیستی یەکگرتووی ئیسلامی ١
لیستی کۆمەڵی ئیسلامی ١

سلێمانی ١٧

---

هاوپەیمانی کوردستانی ٨
لیستی گۆڕان ٦
لیستی یەکگرتووی ئیسلامی ٢
لیستی کۆمەڵی ئیسلامی ١

دهۆک ١٠

---

هاوپەیمانی کوردستان ٩
لیستی یەکگرتووی ئیسلامی ١

کەرکووک ١٢

---

ئیئتیلافی عێراقییە ٦
هاوپەیمانی کوردستانی ٦

نەینەوا ٣١

---

ئیئتیلافی عێراقییە ٢٠
ئیئتیلافی نیشتمانی عێراقی ١
هاوپەیمانی کوردستانی ٨
لیستی تەوافوقی عێراقی ١
ئیئتیلافی یەکێتی عێراق ١

بەغدا ٦٨

---

ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا ٢٦
ئیئتیلافی عێراقییە ٢٤
ئیئتیلافی نیشتمانی عێراقی ١٧
لیستی تەوافوقی عێراقی ١

بەسرە ٢٤

---

ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا ١٤
ئیئتیلافی عێراقییە ٣

ئیئتیلافی نیشتمانی عێراقی٧

بابل ١٦

---

ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا ٨
ئیئتیلافی عێراقییە ٣
ئیئتیلافی نیشتمانی عێراقی ٥

کەربەلا١٠

---

ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا ٦
ئیئتیلافی عێراقییە ١
ئیئتیلافی نیشتمانی عێراقی ٣

نەجەف١٢

---

ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا ٧
ئیئتیلافی نیشتمانی عێراقی ٥

موسەننا ٧

---

ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا ٤
ئیئتیلافی نیشتمانی عێراقی ٣

واسیت ١١

---

ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا ٥
ئیئتیلافی عێراقییە ٢
ئیئتیلافی نیشتمانی عێراقی ٤

زیقار١٨

---

ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا ٨
ئیئتیلافی عێراقییە ١
ئیئتیلافی نیشتمانی عێراقی ٩

سەلاحەدین ١٢

---

ئیئتیلافی عێراقییە ٨
لیستی تەوافوقی عێراقی٢
ئیئتیلافی یەکێتی عێراقی ٢

ئەنبار١٤

---

ئیئتیلافی عێراقییە ١١
لیستی تەوافوقی عێراقی ٢
ئیئتیلافی یەکێتی عێراق ١

دیالە ١٣

---

ئیئتیلافی عێراقییە ٨
ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا ١
ئیئتیلافی نیشتمانی عێراقی ٣
هاوپەیمانی کوردستانی ١

قادسیە ١١

---

ئیئتیلافی نیشتمانی عێراقی ٥
ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا ٤

ئیئتیلافی عێراقییە ٢

مەیسان ١٠

---

ئیئتیلافی نیشتمانی عێراقی٦
ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا ٤

کورسی کەمە نەتەوایەتییەکان ٨

---

بزووتنەوەی یەزیدی بۆ چاکسازی و پێشکەوتن ١
موحەمەد شەبەکی ١
خالید ئەمین (سائیبی) ١
لیستی رافیدەین ٣
ئەنجوومەنی گەلی کلدانی ئاشووری ٢

کورسی قەرەبوو ٧

---

ئیئتیلافی عێراقییە ٢
ئیئتیلافی نیشتمانی عێراقی ٢
ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا٢
هاوپەیمانی کوردستانی

| لیستەکان | کورسی |
| --- | --- |
| ئیئتیلافی عێراقییە | ٩١ |
| ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا | ٨٩ |
| ئیئتیلافی نیشتمانی عێراقی | ٧٠ |
| هاوپەیمانی کوردستانی | ٤٣ |
| لیستی گۆڕان | ٨ |
| لیستی یەکگرتووی ئیسلامی | ٤ |
| لیستی کۆمەڵی ئیسلامی | ٢ |
| لیستی تەوافوقی عێراقی | ٦ |
| ئیئتیلافی یەکێتی عێراقی | ٤ |
| بزووتنەوەی یەزیدی بۆ چاکسازی و پێشکەوتن | ١ |
| موحەمەد شەبەکی | ١ |
| خالید ئەمین (سائیبی) | ١ |
| لیستی رافیدەین | ٣ |
| ئەنجوومەنی گەلی کلدانی ئاشووری | ٢ |
| | ٣٢٥ |

**ئەو سەرچاوانەی کە بۆ ئەم بابەتانە سوودی لێ وەرگیراوە:**

١- سعد البزاز، الاكراد في المسالة العراقية "احاديث وحوارات". الاردن، ١٩٩٦.
٢- فەرید ئەسەسەرد، کوردستان و مەسەلەکانی ئەمنی قەومی، لە بلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، ١٩٩٨.
٣- وزارة الداخلية، الموسوعة الاحصائية عن التقسيمات الادارية في جمهورية العراق، بغداد ١٩٦٢.
٤- گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژ ٢٦ ساڵی ١٩٩٨ ل ٢٠.
٥- بنك المعلومات العراقي، الاثارات الطائفية في العراق، ١٩٩٩.
٦- تقرير عن التحولات الديمقراطية في العراق-مسودة من ويبقة العمل لمؤتمر المعارضة العراقيه اعد أعضاء مجموعة عمل المبادىء الديمقراطية-نوفمبر- ٢٠٠٢.
٧- الفيدرالية والحكم الذاتي، اللامركزية الادارية الاقليمية د. محمد هماوند-مؤسسة موكريان للطباعة والنشر-٢٠٠١
٨- مجلة الوطن العربي، عدد ١٤٢٦، تموز، ,٢٠٤ ص١٦- ,١٧
٩- خليل اسماعيل محمد، اقليم كردستان العراق، اربيل، ,١٩٩٨
١٠- الشرق الاوسط.
١١- دیدارێک لەگەڵ بەختیار ئەمین، کوردستانی نوێ ژ. ٣٢٧١
١٢- ئامارەکانی وەزارەتی مافی مرۆڤ و ئاوارە و ئەنفال.
١٣- ڕاپۆرتی کەناڵی الجزیرة لەسەر بۆسنیا و سربستان.
١٤- وزارة الداخلية، الموسوعة الاحصائية عن التقسيمات الادارية في جمهورية العراق - بغداد ١٩٦٢.
١٥- تاريخ تركيا المعاصر - مجموعة من الباحثين السوفيت - ترجمة د. هاشم صالح تكريتي - ٢٠٠٧
١٦-الديمقراطية بين العلمانية والاسلام - د. عبدالرزاق عيت و د. محمد عبدالجبار دار الفكر. دمشق - سوريا - ٢٠٠٠

١٧–ئەجێندای ئەمەریکا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەپاش ١١ی سێپتێمبەر. برادلی. أ. تایر، وەرگێڕانی حەسەن سەید محەمەد ٢٠٠٦.
١٨–الدستور الفيدرالي– ئاريان محەمەد عەلی – مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية _ ٢٠٠٩.
١٩–جريدة الشرق الاوسط ساڵی ٢٠١٠.
العدد ١١٤٣٣ ١٨/٣/٢٠١٠، ١١٤٤٢، ١١٤٤٣، ١١٤٤٦، ١١٤٤٧، ١١٤٥٢، ١١٤٧٣، ١١٤٥٨، ١١٤٥٩، ١١٤٦١، ١١٤٦٣، ١١٤٧٠، ١١٤٩٨، ١١٥٠١، ١١٥٠٢، ١١٥١٣، ١١٥١٧,